# هەژان

## ناوەندی هەژان بۆ فیکر و مەعنەویەت


سەرنووسەر: ئەحسین حەمە غەریب

سکرتێری نووسین: نوعمان محمد ئەڵماس

دەستەی نوسەران

سەلمان نادر

موسعەب ئەدهەم

یاسین حەمەسەعید

کارزان ئەحمەد

ئاری عەلی



پەیوەندیەکانی گۆڤار لە ڕێگەی سکرتێری نووسینەوە دەبن

٠٧٧٠١٩٢٧٨٨٧

hazhan.mag@gmail.com

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ١- چەمکی تەزکیە لە دیدگای مامۆستا(ناصری سوبحانی)یەوە | ٣ |
| ٢- مەرگناسی دەوازەیەک بۆ ژیانناسی | ٢٥ |
| ٣- لە حەقیقەتەوە بۆ تێگەیشتن | ٣٥ |
| ٤-گۆڕانکاری کەلتوری؛ پڕۆژەیەک بۆ گۆڕانکاری | ٦١ |
| ٥-بنەماکانی بیناسازی.. و دیزاینی شاری ئیسلامی.. | ٨٧ |
| ٦-ئەخلاقی کرداری | ١٠٣ |
| ٧-هونەر و مەعنەویەت؛ هونەری ئیسلامی وەک نمونە | ١١١ |
| ٨-دیموکراسی و بابەتی مافە گروپیەکان | ١٢٩ |
| ٩-چی گۆڕا؟ چی دەبێت بگۆڕێت؟ میزۆژینیا لە فیقهی رابردوودا | ١٤٠ |
| ١٠- رۆشنبیری؛ نوێنەری فەرهەنگی یان داوەری فەرهەنگی | ١٥٨ |

# چاوی هەژان

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پەیداکردنی نان و دابینکردنی ئاسایش و دابین نەبوونی پێویستییە سەرەتاییەکان بە شێوەیەکی گشتی ببێتە هەمی یەکەمی هاوڵاتیان، ئەوا بزانە ئەو کۆمەڵگەیە لەبارێکی خراپی کلتوری و مەدەنیدا دەژی، بە زمانی فەلسەفەی زانستە مرۆییەکان لەهەر کۆمەڵگەیەکدا قوربانی هەبوو ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە نەگەیشتۆتە باری جێگیربوونی خۆی، ئیتر ئەو کۆمەڵگەیە هەرگیز ناتوانێت ئاوڕلە بابەتە رۆحی و مەعنەوی و فەرهەنگیەکانەوە بداتەوە. هەروەک مەولانای رۆمی دەڵێت: سەرەتا دەبێت گەدە پڕ بێت. ئەمە حاڵی کۆمەڵگەی ئێمەشە کە تاکی کوردی لە ژێر باری گرفتە ئابووری و ئاسایشی و هەستنەکردن بە بەختەوەری، واتە مسۆگەرنەبوونی هەر سێ پایە بنەڕەتیەکەی مەعنەویەت (ئارامی و ئومێد و رەزامەندی) دەناڵێنێت، ئیدی ناتوانێت بیر لە پرۆژە و بابەتە مەعنەویەکان بکاتەوە. بەڵام ئەمە بابەتێکی دوو لایەنەی سەیرە، چونکە وەک ئەوەی فەیلەسوفەکانی ئەو بوارە بۆی رۆشتوون دروستبوونی دۆخی لەو شێوەیەش ئەنجامی نەگرتنەبەری رێگەی مەعنەوی و فەرهەنگسەنتەریە. واتە رێگەی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە بریتی نیە لە رێگەی شۆڕشانە و لە بنەوە دەرهێنان، بەڵکو بریتیە لە گۆڕانی ناوەکی و فەرهەنگ سەنتەریانە.

ئەمە بانگەشەی زۆربەی بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی هەژانە( گۆڕانی فەرهەنگی). بێگومان لە رێگەی جیاواز و لە فێڵدی مەعریفی جیاوازەوە، جا هەرکام لە کایەکانی وەک هونەر و ئەخلاق و فەلسەفە و شارسازی و ئایین و فەلسەفەی سیاسەت بێت، کە کاری لەم شێوەیە بۆ دونیای رۆشنبیری کوردی تەواو تازە و نایابە، بە مەرجێک ئەم دۆخە خراپە بهێڵێت خوێنەوارە جیدیەکان بیخوێننەوە (چ پارادۆکسێکی سەیرە)، هەرچەند من دڵنیام بابەتە شێلگیرەکان هەر کە لە دایکبوون ئیدی قەد نامرن و رۆڵی خۆیان هەر دەبێت و خۆیان بە شوێن خوێنەری خۆیاندا دەگەڕێن، هەروەک دکتۆر سروش دەڵێت: سروشت مرۆڤەکانی خۆی بانگ کرد تا گوڵەکانی خۆیانی پێ بناسێنێت. گرنگ ئەوەیە لای خوا قەبوڵ بێت!.

سەرنووسەر

٧/ ٢٠١٨/٧ سلێمانی



نوعمان محمد ئەڵماس

# چەمکی تەزکیە
# لە دیدگای مامۆستا ناصری سوبحانیەوە

پێشەکی:

چەمکی تەزکیەی نەفس، یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتیەکان لای مامۆستا ناصر و لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاماژەی بۆ دەکات و پەیوەستی دەکات بە شوناسی مرۆڤ و ئەرکی سەرەکی لە ژیاندا. مامۆستا ناصر لەو بەرهەمانەی کە باسی ئەم بابەتەی تێدا کردووە، جەختی لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ کردۆتەوە و کردوونی بە بنەمای تەزکیە، بەڵام ئەم باسە لای سوبحانی چەند خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی هەیە:

**یەکەم:** لەباسی تەزکیە و پەروەردەی ئیمانیدا راستەوخۆ پشتی بە قورئان بەستووە، سەرجەم شیکردنەوەکانی لە دەقە قورئانیەکانەوە وەردەگرێت، و ئاماژەیەکی ئەوتۆ بە ئەدەبیاتی عیرفانی پێش خۆی ناکات، زۆر بەکەمی نەبێت.

**دووەم:** لە و زانایانەی کە لە بواری تەزکیەدا سوودی لێ بینیون و باسي کردوون (ئیبنولقەییمی جەوزی)ە، بە تایبەت کتێبی (مدارج السالکین)ەکەی کە زۆر تر بۆی دەگەڕێتەوە و لە وانەکانی تەزکیەدا کە بە زمانی فارسی و عەرەبی تۆماری کردوون، بەشێك لە و کتێبە راڤە دەکات. هەروەها خودی ئەو کتێبەی پوخت کردۆتەوە بە ناوی (تلخیص التذهیب).

**سێیەم:** بابەتی تەزکیە و پلە و پێگەکانی، لە زۆرێك لە بەرهەمەکانیدا پەخش و بڵاوە و ئەگەر کەسێك بیەوێت لەم بارەوە توێژینەوە بکات، پێویستە بۆ زیاتر لەیەك بەرهەمی مامۆستا ناصر بگەڕێتەوە. نمونەی وانەکانی بانگەواز و قیتال و بەندایەتی و خوداناسی و کتێبی (رسالة فی علوم الحدیث)، سەلمێنەری ئەوەن کە مامۆستا ناصر چەندین بابەتی گرنگی دەربارەی تەزکیە لەو بەرهەمانەدا باسکردووە.

لە لایەکی ترەوە گرنگی باسکردنی ئەم چەمکە لای سوبحانی دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك:

١- مامۆستا ناصر بۆ خۆی نمونەیەکی سەرکەوتوو بووە لە مەیدانی تەزکیەدا، تەنانەت ئەوانەی مامۆستایان ناسیوە و لەگەڵیدا ژیاون، پێش ئەوەی بە زانستەکەی کاریگەر ببن، سلوك و خوڕەوشتی بۆتە مایەی سەرسامی بۆیان، ئەو پێش ئەوەی ئەهلی فیکر بێت ئەهلی زیکر، و پێش گوفتار، ئەهلی کردار بوو. هەموو ئەو بیر و بۆچونانەی کە دەریدەبڕین، پێشتر لای خۆی جێبەجێکراو بوون. تەنانەت ئەم هەناسەیە لە وتارەکانیشیدا هەستی پێدەکرێت. هەروەها نهێنی کاریگەری هزر و بۆ چوونەکانی لەسەر کەسێکیش کە هەرگیز چاوی پێی نەکەوتبێت، بە پلەی یەکەم، هەر لەم هەناسە ئیمانیەدا دەبینرێتەوە.

٢- پەیوەستکردنێکی توندی بابەتی تەزکیە بە بابەتەکانی ئیمان و بەندایەتی و بانگەوازەوە، یەکێکی ترە لە رووە گرنگەکانی ئەم بابەتە لای مامۆستا ناصر، ئەو بڕوای وایە کە تەزکیە کرۆکی بەندایەتی خودایە و بەبێ تەزکیە بەندایەتی خودا ناکرێت. هەروەها لە چەندین شوێندا جەخت دەکاتەوە کە کاری بانگەواز وتاربێژی نیە و پێویستە بانگخوازی ڕێگەی خودا، بۆ خۆی نمونە و پێشەنگ بێت. هەروەها بۆ کەسی بانگکراو زەمینەساز و ئاسانکار بێت. تا ئەویش بتوانێت بە پلەکانی تەزکیەی نەفسدا سەرکەوێت.

مامۆستا ناصر لە بواری تەزکیەدا بەرهەمی زۆری بەجێ هێشتووە، چونکە لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ئاوڕی لەم بابەتە داوەتەوە، لە هەندێک لەو بەرهەمانەدا چەند بەشێکی تایبەت کردووە بەم بابەتەوە، وەك: وانە تایبەتیەکانی

**مامۆستا ناصر بۆ خۆی نمونەیەکی سەرکەوتوو بووە لە مەیدانی تەزکیەدا، تەنانەت ئەوانەی مامۆستایان ناسیوە و لەگەڵیدا ژیاون، پێش ئەوەی بە زانستەکەی کاریگەر ببن، سلوك و خوڕەوشتی بۆتە مایەی سەرسامی بۆیان،**

دەربارەی بانگەواز کە ئێستا بە ناوی (بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەواز) کراوەتە کتێب و چاپکراوە. هەروەها چەند بەرهەمێکی تایبەتیشی هەیە:

١.پوختکردنەوەی کتێبی (مدارج السالکین) بە ناونیشانی (تلخیص التهذیب)کە چاپکراوە.

٢.وانە دەنگیەکانی (تزکیە النفس) بە زمانی عەرەبی کە (٧) کاتژمێرە.

٣.وانە دەنگیەکانی (تزکیە النفس) بە زمانی فارسی کە (٦) کاتژمێرە.

لەم بابەتەدا هەوڵدراوە بە کورتی بۆچوونە سەرەکیەکانی مامۆستا ناصر بخرێتەڕوو، بەبێ بەراوردکردن یان هەڵسەنگاندن، ئامانجی سەرەکی توێژەر خستنەڕوویەکی دروستی ڕێکخراوی مانادارە، بۆ ئەمەش بابەتەکەی لەحەوت تەوەردا پێشکەش کردووە، بێجگە لە پێشەکی و کۆتایی.

**تەوەری یەکەم: مانای تەزکیە.**

تەزکیە لە زمانی عەرەبیدا لە فیعلی (زکا یزکو)ە، بە مانای زیادکردن و گەشەکردن(١). هەروەها بە مانای گەشەکردنێك دێت کە لە بەخشندەیی خوداوە بەدەستهاتبێت، بەو بەشە

## تەزکیەش دەبێتە گەشەدان بە تواناکانی نەفس و دەروون، گەشەپێدان و گەشەکردنێکی تەواو و پڕاوپڕ.

ماڵ و سامانەش کە موسڵمانی دەوڵەمەند پێویستە ساڵانە لە سامانەکەی دەربکات و بیداتە پێ شیاوانی، دەوترێت (زەکات)، بەو هیوایەی ببێتە هۆی گەشەکردنی سەروەت و سامانەکەی، یان ببێتە هۆی تەزکیەی نەفسی،: واتە گەشەپێدانی نەفس بە کارە چاکەکان(٢).

مانای زاراوەیی ئەم وشەیە دوور نیە لە مانا زمانەوانیەکەی، تەزکیە بریتیە لە: (گەشەپێدانی دەرون و پاککردنەوەی و بەرزکردنەوەی بۆ لای بەدیهێنەرەکەی و دورخستنەوەی لە خراپە، پارێزگاریکردن لە (فیترەت) سروشتی رەسەنی) (٣). لەم رووەوە وتراوە کە تەزکیە سێ مانای سەرەکی لە خۆ دەگرێت: (پاکژ کردنەوە، گەشەکردن، ساڵح بوون)(٤).

مامۆستا ناصری سوبحانی تەزکیە زۆرتر بە مانای گەشەپێدان بەکار دێنێت، ئەو پێی وایە کاتێك سەبارەت بە تەزکیەی نەفس دەڵێین گەشەپێدان، ئەوا مانای پاککردنەوەش لە نێو گەشەپێداندا بوونی هەیە(٥). هەروەها لە چەند شوێندا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ماناکردنی (تەزکیە) بە (تطهیر) پاکژکردنەوە، هەڵەیە و ستەمێکە کە لە سەرچاوەکاندا لەو چەمکە کراوە. چونکە تەزکیە تەنمیە و گەشەپێدانە و لایەنی ئیجابیە و تەحلیە بە فەزائیلە، نەك تەخلیە لە رەزائیل کە لە (تطهیر) ەوە وەردەگیرێت(٦).

مامۆستا زیاتر لەسەر ئەم چەمکە دەوەستێت و بە شیکردنەوەیەکی وردی زمانەوانی، دەگاتە ئەوەی کە تەزکیە تەنها مانای گەشەپێدان لە خۆ ناگرێت، بەڵکو ئەگەر تێبینی بکرێت ئەو وشانەی لە زمانی عەرەبیدا بە (ز، ك) دەست پێدەکەن وەك: ( زکب، زکم) مانای پڕبوون (إمتلاء) دەگەیەنن، بۆیە تەزکیەش کە چاوگ (مصدر)ەکەی (زکاة) ە و بنەڕەتەکەی کرداری (زکی یزکو)ە، هەمان مانای پڕبوون لە خۆ دەگرێت، بۆ نمونە کاتێك دەڵێین (زکت الشجرە) یانی درەختەکە گەشەی کرد بەڵام پڕ بە پێستی، دواجار تەزکیەش دەبێتە گەشەدان بە تواناکانی نەفس و دەروون، گەشەپێدان و گەشەکردنێکی تەواو و پڕاو پڕ(٧).

بەڵام لە لایەکی ترەوە مامۆستا ناصر بڕوای وایە کە تەزکیە خۆی خوازیار (مستلزم) ی پاکژکردنەوە (تطهیر)ە، چونکە کاتێك مرۆڤ سەرکەوتوو دەبێت لەوەدا کە ئاکار و بەها بەرز و خوازراوەکان لە خۆیدا گەشەپێبدات، هەر خودی دەرکەوتن و بەهێز بوونی ئەو ئاکارە بەرزانە دەبێتە هۆی لابردنی دژەکانیان. بۆ نمونە: لە کاتێکدا کەسێك ئاکارێکی وەك (ئارامگرتن) لە خۆیدا گەشە پێدەدات ئیدی ئەم ئاکارە بۆ خۆی دەبێتە هۆی پاککردنەوەی دەروونی ئەو کەسە لە (ئارام نەگرتن). یان کەسێك (ئازایەتی) لە خۆیدا گەشە پێدەدات ئیدی (ترسنۆکی) بۆ خۆی لە ناو دەچێت(٨).

مەبەست لە تەزکیەی نەفس بریتیە لە گەشەدان بە توانابەخشراوەکان بە دەروون (نەفس)ی مرۆڤ، بە جۆرێك كە تواناكانی لە حاڵەتی (بالقوة)وە ببات بەرەو (بالفعل) (٩)، واتە مرۆڤ كۆمەڵێك توانای سەرەتایی گەشەنەكردووی تێدایە، پێویستە لە پرۆسەی تەزكیەدا ئەو توانا سەرەتاییانە گەشە بكەن و ڕێگە بگرنەبەر بەرەو كامڵبوون. بە كورتی تەزكیە بریتیە لەوەی كە مرۆڤ توانا و ئیستیعدادەكانی لە حاڵەتی سەرەتایی و (بالقوة)وە گەشە پێبدات و بیانكات بە كردە و بە خیصال لە خۆیدا(١٠).

بۆ ڕوونكردنەوەی ئەم بابەتەش زۆر مامۆستا ناصر نمونەی دانە گەنمێك یان دانەی گوێزێك دەهێنێتەوە، ئەو دەڵێت: لەو دانە گەنمە یان گوێزەدا ڕووەكێك یان درەختێكی تەواو و كامڵ بوونی هەیە، بەڵام (بالقوة) نەك (بالفعل)، واتە دانە گەنمەكە توانای تێدایە ببێتە ڕووەكێكی تەواوی گەنم كە پێكهاتووە لە ڕەگ و قەد و گەڵاو گوڵ، هەروەها دانە گوێزەكەش درەختێكی تەواوی گوێزی تێدایە. بەڵام ئەم پێگەیشتن و كامڵبوونە بەندە لەسەر ئامادەبوونی هەلومەرجی لەبار تا ئەم دانە گەنم یان گوێزە گەشە بكات و بگاتە حاڵەتی كامڵ بوونی خۆی.

**تەوەری دووەم: واتای ڕۆح و نەفس.**

ڕۆح لە ڕووی زمانەوە لە وشەی (روح، روح) ە بەمانای ئەو بەشە دێت كە ژیان و جوڵەی لەسەر بەندە، هەر بۆیە قورئانیش بە ڕۆح ناودەبرێت چونكە هۆكارە بۆ ژیانی دواڕۆژ(١١). هەروەها نەفس بە مانای ڕۆح دێت هەروەك بە مانای كۆی شتێك یان هەقیقەتەكەی یان بە مانای (زات - خود)ی شتێكیش دێت(١٢).

مامۆستا ناصر پاش ڕوونكردنەوەی ریشەی زمانەوانی ئەم دوو وشەیە و جیاوازیی نێوانیان(١٣)، ڕۆح بەوە لێكدەداتەوە كە بریتیە لەو هێزە ژیان بەخش و جوڵێنەرەی، كە دەبێتە مایەی جوڵە و ژیان بۆ جەستە، بەڵام تا ئەو كاتەی نەهاتۆتە نێو جەستەوە، (ڕۆح)ی پێ دەوترێت، بەڵام پاش هاتنە نێو جەستەی مرۆڤ، پێی دەوترێت (نەفس).

ئەو بڕوای وایە كە لە بارەی (ڕۆح) ەوە، مرۆڤ شتێكی وەها نازانێت، بەڵام كاتێك داخڵ دەبێت بە لاشە، بە كارلێك لە نێوان ڕۆح و جەستەدا شتێكی تر دروست دەبێت كە بریتیە لە (نەفس)، كەواتە (نەفس) شتێكە كە پێكهاتووە لە ئاوێتەبوونی تایبەتمەندیەكانی ڕۆح و جەستە. بە دەربڕینێكی تر: (نەفس) بریتیە لە ڕۆح بە ئیزافەی كۆمەڵێك توانای سەرەتایی و سیفات كە لە كارلێكی نێوان ڕۆح و جەستەدا پەیدا دەبن(١٤).

لە زۆرێك لە باسەكانیدا مامۆستا ناصر باسی تواناكانی نەفسی مرۆڤ دەكات و بڕوای وایە كە مرۆڤ جیاواز لە بوونەوەرەكانی تر، خاوەنی دوو هێزە: هێزی زانست و هێزی ئیرادە (ویست).

هێزی زانست خۆی دەبێتە سێ هێز:

**یەكەم: هێزی بینین:** بە هۆی ئەم هێزەوە، مرۆڤ سەرنجی جیهانی بینراو دەدات نیشانەكانی ئافاق و ئەنفوس دەبینێت و لێیان ورد دەبێتەوە و یاساكانی ئەم جیهانە بینراوە كەشف دەكات.

**دووەم: هێزی دڵ (قەلب):** كاری ئەم هێزە لە دوای هێزی بینینەوە دەست پێدەكات، كە بریتیە لە كەشفی جیهانی نەبینراو (عالم الغیب) و ناسینی خودا، كاری ئەم هێزە بەو جۆرەیە ڕاستیە بەدەستهاتووەكانی هێزی بینین دەكاتە بەڵگە و جیهانی

پشت ئەم جیهانە بینراوەیان پێ کەشف دەکات.

**هێزی سێیەم: هێزی بیستن:** بە هۆی ئەم هێزەوە مرۆڤ بڕیار و راسپاردە دروستەکان لە وەحی خودا و لە ڕێگەی نێردراوەکانیەوە وەردەگرێت، چونکە مرۆڤ بۆ خۆی ناتوانێت بڕیاری دروست بدات دەربارەی هەر مەسەلەیەك لە مەسەلەکانی ژیانی، چونکە (ئەبێ و نابێ)یەو ئەمانەش شتی ئیعتیبارین و بە ڕێگەی ئیستیدلال بەهۆی هێزی بینین و قەلبەوە بەدەست نایەن.

هێزی دووەم هێزی ئیرادەیە، کە تایبەتمەندیەکەی ئەوەیە مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێت لە نێو چەند بژاردەیەکدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، واتە لە نێوان ڕێگەی خێر و شەڕ، یان چاکە و خراپەدا ڕێگەیەك هەڵبژێرێت.

دواجار تەزکیە دەبێتە ئەوەی کە ئەم تواناییانەی مرۆڤ لە حاڵەتی سەرەتاییەوە دەربێن و گەشە بکەن و بگەنە حاڵەتی کامڵ بوونی خۆیان، بە جۆرێك کە (هێزی زانست) بە هەر سێ بەشەکەیەوە ئەوەندە گەشە بکەن بتوانن ئەو وەزیفەیەی کە بۆیان دانراوە ئەنجامی بدەن لە کەشفی جیهانی بینراو و یاساکانی و ئیستدلال بەم یاسا و راستیانە بۆ کەشفی جیهانی نەبینراو و دواتر وەرگرتنی فەرمانە ئیلاهیەکان لە بواری بڕیاردانەدا.

هەروەها هێزی ئیرادە ئەوەندە گەشە بکات تا وای لێ بێت کە لە نێوان بژاردە جیاوازەکاندا هەمیشە خێر و چاکە هەڵبژێرێت و بژاردە خراپەکان وەلا بنێت(١٥).

## تەوەری سێیەم: گرنگی تەزکیە.

گرنگی تەزکیە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە پەیوەندی راستەوخۆی بە وەزیفە و هەروەها پێگەی مرۆڤەوە هەیە، چونکە دواجار پرۆسەی تەزکیە بریتیە لەو پرۆسەیەی مرۆڤ پێی گەشە دەکات و بەرەو کەماڵ هەنگاو دەنێت، هەر بۆیە تەزکیە دەبێتە کاری سەرەکی مرۆڤ.

مامۆستا ناصر بڕوای وایە چەمکی تەزکیە لەو پەیوەندیەدا دەبینرێتەوە کە لە نێوان مرۆڤ و خودا دا هەیە، ئەو پێی وایە بە تێڕوانین لە سورەتی فاتیحە دەردەکەوێت پەیوەندی مرۆڤ و خودا، پەیوەندی (حەمد) سوپاسگوزاری و (ربوبیەت) خواوەندیە(١٦).

کەواتە پێگەی مرۆڤ لە بەرامبەر خودای پەروەردگاردا بریتیە لە وەی کە (حەمد) سوپاسگوزاری بکات، چونکە مرۆڤ دەرکی ئەوە دەکات کە خودا خاوەنی سیفاتی جەلال و ئیکرامە، هەم بەخشندەیە و هەم سەرەنجامی مرۆڤی لە دەستدایە، بۆیە هەست بە بەرپرسیارێتی بۆ دروست دەبێت و فەرمانەکانی خودا جێبەجێدەکات، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە خودا دەبەستێت و داوای یارمەتی هەر لە ئەو دەکات(١٧).

کۆی ئەم پرۆسەیەش بریتیە لە بەندایەتی (عبودیەت)، ئەمەش بەو مانایەی کە مرۆڤ پەیمان بە خودا دەدات فەرمانەکانی جێبەجێ بکات لە بارەی تەزکیەی نەفسی خۆی، تەزکیەکەش بە سوودوەرگرتن لەو ئیمکاناتە دەبێت کە خودا بۆ مرۆڤی ئامادەی کردووە، بەم شێوەیە تەزکیەی نەفس لە پەیوەندیەکی توند دایە لەگەڵ عبودیەتدا و لێی جیا نابێتەوە. چونکە دەتوانرێت بوترێت: (بەندایەتی و عبودیەتی خودا بریتیە لە تەزکیەی نەفس بە سوودوەرگرتن لە ئیمکانات و نیعمەتەکان بەپێی هیدایەتی خودا) (١٨).

هەروەها مامۆستا ناصر دەڵێت: (بەندایەتی خودا بە تەزکیەی نەفس بەجێ دەهێنرێت) (١٩).

هەروەها لێرەوە لەوەش تێدەگەین کە پێگەی حەمد هەموو پرۆسەی (عبودیەتی مرۆڤ بۆ خودا) دەگرێتەوە، واتە (حەمد) سوپاسگوزاریەك بەبێ تەزکیەی نەفس، لە واقیعدا وجودی نیە، و مرۆڤ کاتێك دەتوانێت لە پێگەی (حەمد) سوپاسگوزاری لە بەرامبەر خودا خۆی ببینێتەوە، کە تەزکیەی نەفسی کردبێت.

لایەکی دیکەوە گرنگی تەزکیەی نەفس لەوەدایە کە خاڵێکی سەرەکی جیا کەرەوەی مرۆڤە لەگەڵ سەرجەم بونەوەرەکانی تردا، چونکە لە تەزکیەدا مرۆڤ لایەنی ئیرادی و روحی زاڵ دەکات بەسەر ئیحساس و ئارەزووەکانی نەفسیدا و بە ویستی خۆی، خۆی لە هەندێک شت دەگرێتەوە کە لە بنەڕەتدا مەیلی بۆی هەیە. ئەمەش بە روونی لە پەرستشێکی وەك رۆژوودا دەبینرێتەوە، چونکە هەرچەندە مرۆڤ حەزی لە خواردن و خواردنەوەیە و بێزارە لە برسێتی و تینوێتی، بەڵام بە ویستی خۆی جڵەوی نەفسی خۆی دەکات، لێرەوە رۆژوو رێگایەکە بۆ خۆ ڕاهێنان لەسەر خۆگرتن و ملکەچ نەبوون بۆ خواستە سروشتیە سەرەتایەکان. ئەم توانایەش لە بونەوەرەکانی تردا نیە، بەتایبەت ئاژەڵەکان ملکەچن بۆ غەریزە و ئیحساسەکانیان(٢٠).

لایەنێکی دیکەی گرنگی تەزکیەی نەفس ئەوەیە کە رزگاری و سەرفرازی مرۆڤی پێوە بەندە، چونکە بەندایەتی راستەقینەی خودا لە پرۆسەی تەزکیەی نەفسدا دەردەکەوێت، (قد أفلح من تزکی) هەر بۆیە کارێکی سەرەکی پێغەمبەر

**بەندایەتی و عبودیەتی خودا بریتیە لە تەزکیەی نەفس بە سوودوەرگرتن لە ئیمکانات و نیعمەتەکان بەپێی هیدایەتی خودا**

و نێردراوی خودا تەزکیەی مرۆڤەکانە. هەروەك دەفەرموێت: (هو الذی بعث فی الأمیین رسولا منهم یتلوا علیهم آیتە و یزکیهم....) (٢١).

**تەوەری چوارەم: پەیوەندی نێوان زانست و تەزکیە.**

پەیوەندی نێوان زانست و تەزکیە، پەیوەندی هۆکار و ئامانجە، زانست رێگە و هۆکارە بۆ پرۆسێسی تەزکیە و بەبێ زانست تەزکیە ناکرێت، هەروەها زانستێکیش تەزکیە بە دوای خۆیدا نەهێنێت، بەناو زانستە و خاوەنەکەشی شایستەی ناوی (زانا) بە مانا قورئانیەکەی نیە.

مامۆستا ناصر لەمبارەیەوە دەڵێت: (لە رووی کاتەوە، {تەعلیم} پێش {تەزکیە}یە و {تەزکیە} لە دواوەیە، بەڵام لە رووی گرنگیەوە، تەزکیە لە پێشەوەیە، یانی چی؟ یانی خودی فێرکردنەکە و شارەزایی لە کیتاب مەبەستی سەرەکی نیە، بەدەستهێنانی عیلم و وەحی رێگان بۆ گەیشتن بە مەرتەبەی بەرزی تەزکیە، کەواتە هەدەف تەزکیەیە، بەڵام مرۆڤ لە رێی تەعلیمەوە پێی دەگات، هەرچەند لە رووی زەمانەوە تەعلیم لە پێشەوەیە، بەڵام لە رووی ئەوەوە کە کامیان

# هەر زانا و دانشمەندەکانن دنیا وێران دەکەن، چونکە بێ پەروەردەن، زانای بێ پەروەردە، وێرانکەرە

هەدەفن، تەزکیە لە پێشەوەیە و ئامانجە، تەعلیم ڕێگە و ئامراز و وەسیلەیە بۆ ئەو) (٢٢).

مامۆستا ناصر زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەدوێت و باسی نزاکەی ئیبراهیم پێغەمبەر (سەلامی خودای لێبێت) دەکات و پەیوەستی دەکاتەوە بە هاتنی پێغەمبەر محەمەد (د.خ)ەوە، ئەو دەڵێت: (ئیبراهیم (علیە السلام) نزیکەی (٣٠٠٠) ساڵ بەر لەدایك بوونی پێغەمبەر دوعا دەکات و دەڵێت: (ربنا وابعث فیهم رسولا منهم یتلوا علیهم آیاتك و یعلمهم) (٢٣) دوای تەعلیم دەڵێ: (و یزکیهم) تەعلیم دەخاتە پێش تەزکیە، بەڵام لە وەڵامەکەیدا کاتێک خودا دوعاکەی قبوڵ دەکات و ، لە دوای (٣٠٠٠) ساڵ محمد پێغەمبەر (د.خ) دەنێرێت، ئەوەیە دەفەرموێت: (و یزکیهم و یعلمهم) (٢٤)، تەزکیە پێش دەخات، کە یانی تەزکیە هەدەفی سەرەکیە، تەعلیم خۆی بە تەنها سوودی نیە...) (٢٥)

دواجار مامۆستا ناصر بڕوای وایە زانستێك کە پەروەردەی لەگەڵدا نەبێت، مەترسی لە خاوەنەکەی دەکرێت و دەڵێت: (... هەر زانا و دانشمەندەکانن دنیا وێران دەکەن، چونکە بێ پەروەردەن، زانای بێ پەروەردە، وێرانکەرە) (٢٦).

**تەوەری پێنجەم: بنەماکانی تەزکیەی نەفس لای مامۆستا ناصر**

بە سەرنجدان لە بەرهەمەکانی مامۆستا ناصر لە بارەی تەزکیەی نەفسەوە دەکرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە دوو دەستە بنەمای باسکردووە:

**١- بنەما تیۆریەکان:**

بریتین لەو چەمکە سەرەکیانەی کە بۆ ڕوونکردنەوەی تەزکیە و، وەك چوارچێوەیەکی فیکری بۆ بابەتەکە، باسیان دەکات، چونکە وادیارە بەپێی بۆ چوونی مامۆستا ناصر هیچ پرۆسەیەکی تێر و تەواو لە بارەی تەزکیە وە ڕوو نادات ئەگەر ئەم چەند بنەمایە ئامادە نەبن:

**أ. هەبوونی ئیمکانات:** هیچ زیندەوەرێك بە بێ زەمینەیەکی لەبار و بەبێ هەبوونی ئیمکانات، ناتوانێ گەشە بکات و بەرەو کامڵ بوون و پێگەیشتوویی هەنگاو بنێت. واتە ڕەهەندێکی سەرەکی گەشە کردنی هەر زیندەوەرێك بریتیە لە پشت بەستن بە هەندێ شت لە دەرەوەی خۆی بۆ ئەوەی وەریان بگرێت و لە ڕێگەی گەشەکردنیدا وەك (وزە) بە کاریان بهێنێت.

ئەم خاڵە سەبارەت بە زیندەوەرەکان و بە تایبەت لە ڕووی بایۆلۆژیەوە شتێکی بەدیهی و حاشا هەڵنەگرە، دەکرێت نمونەی درەختێك لە بەرچاو بگیرێت، درەخت تا ئەو کاتە لە گەشەکردن بەردەوامە کە زەمینەی لە باری هەیە و ئیمکاناتێك لە گڵ و ئاو و مادە خۆراکیەکانی بۆ فەراهەمکراوە. هەرچی پەیوەندی بە مرۆڤیشەوە

هەیە ئەوەیە کە ئەویش لەم یاسایە بەدەر نیە، بەڵکو مرۆڤ لە ئاستێکی تریشدا سوود لە ئیمکانات وەردەگرێت، ئەویش ئەو ئاستەیەکە پەیوەندی بە لایەنی مەعنەوی و رۆحیەوە هەیە، واتە مرۆڤ تەنها گەشەکردنی جەستەیی و مادی نیە، بەڵکو گەشەکردنێکی تری لە ئاستێکی تردا هەیە کە ئەویش گەشەکردنی رۆحی و مەعنەویە و ئەوەیە کە پێی دەوترێت تەزکیەی نەفس. هەر بۆیە هەبوونی ئیمکانات پێویستی هەر جۆرە پرۆسەیەکی گەشەکردنە جەستەیی یان مەعنەوی.

ئیمکانات و نیعمەتەکان، کە لە سیفەتی (رەحمەت)ی خوداوە سەرچاوە دەگرن، دوو روویان هەیە: روویەکیان بریتیە لە دەستخستن و دابینکردنی سوود (جلب المنافع)، رووی دووەمیان بریتیە لە لادان و لابردنی رێگر و زیان (دفع المضار). دابینکردنی ئەم نیعمەتانەش بە هەردوو رووەکەیەوە، بەشێکی گرنگی خودایەتی کردن (ربوبیەت)ی خودای گەورەن بەسەر مرۆڤەوە(٢٧). بەرمەبنای ئەمە، گشت پرۆسەیەکی گەشەکردن و تەزکیە، خوازیاری دابینکردنی سوودەکان و لابردنی رێگر و زیانەکانە، چونکە بەبێ ئەم دووانە پرۆسەکە بەردەوام نابێت و شکست دەهێنێت.

ئیمکانات و نیعمەتەکانی خودا کە بۆ مرۆڤی دابینکردووە زۆر و فراوانن و پێویست بە باسکردن ناکات، بەڵام بەشێکی گرنگ لەو ئیمکانات و نیعمەتە کە دراوە بە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە پرۆسەی تەزکیەی نەفسدا سوودی لێوەربگرێت، ئەو بەرنامەیە کە لە لایەن خوداوە بۆ مرۆڤ نێردراوە(٢٨).

**ب. هەبوونی ئامادەیی (استعداد):** پاش فەراهەم بوونی ئیمکانات، لە پرۆسەی گەشەکردن یان تەزکیە دا ئەبێ ئەو مە خلوقە یان مرۆڤە خاوەنی ئامادەیی و توانا (استعداد) بێت بۆ گەشەکردن، چونکە ئەگەر خاوەنی (ئامادەیی بۆ گەشەکردن) نەبێت، هیچ سودێك لە ئیمکانات وەرناگرێت و پرۆسەکەش تووشی گرفت دەبێت. بۆیە خودای گەورە مرۆڤی وەك کۆمەڵەیەك لە توانا و ئامادەیی خولقاندووە و هەموو جیهانی وەك ئیمکانات خستۆتە بەردەست تا گەشە بکات، کەواتە خودای گەورە دەیەوێت و ویستی لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مرۆڤە گەشە بکات(٢٩).

مامۆستا ناصر لە زۆربەی باسەکانیدا ئەم چەمکە وەك بنەمایەکی سەرەکی باس دەکات، ئەو بڕوای وایە ئامادەیی و توانای مرۆڤ بۆ پرۆسەی تەزکیە دەتوانرێت لەو دوو هێزەدا ببینرێتەوە کە دراوە بە مرۆڤ و دروستکراوەکانی تر وەك مرۆڤ لێیان بەهرەمەند نین، کە ئەویش هەر دوو هێزی (زانست و هێزی ئیرادە) یە، هەر بەو دوو هێزەشە کە دەتوانێت وەزیفەی بەندایەتی خودا و خیلافەت لەسەر زەویدا بە باشی ئەنجامبدات (٣٠).

گرنگی زانست و ئیرادە کە بە مرۆڤ بەخشراوە، لەوەدایە مرۆڤ توانای دەرك و تێگەیشتنی هەیە دەربارەی خۆی و دەورو بەری، هەروەها بەهۆی ئەم هێزەوە دەتوانێت پەی بە جیهانی نەبینراو ببات. لە لایەکی دیکەوە هێزی ئیرادەی هەیە کە بەهۆیەوە توانای ئەوەی هەیە لە نێوان دوو شت یان زیاتر دا یەکێکیان هەڵبژێرێت. لێرەوە توانای دەرککردن و توانای بڕیاردان پایەیەکی بنەرەتین لە پرۆسەی گەشەکردن و تەزکیەدا.

لە پەیوەندی نێوان ئیمکانات و ئامادەییەکاندا مامۆستا ناصر ئاماژە بە مەسەلەیەکی گرنگ دەکات، ئەویش بریتیە لەوەی ئەگەر مرۆڤ بە دروستی سوود لە ئیمکانات و نیعمەتەکان

وەرنەگرێت، نەك هەر خۆی لەو نیعمەتانە مەحروم دەکات، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی توانا و ئامادەیەکانیشی لە ناو بچێت و زایە ببێت. مامۆستا ناصر دەڵێت: (...بۆ ئەوەی ئینسان بتوانێ زیاد بکات، خوای بەخشندە هەرچیەك لازمە لە ئیمکانات لە دەسترەسیا قەراری داوە، ئەگەر دروست کەڵکیان لێوەرگرێ، بەو رێیەدا ئەچێ، زیاد ئەکاو ئەگا بە حاڵەتی کامڵ و تەواو بوونی، بەو جۆرەی کە خوا ئەیەوێ. هەروەها ئەگەر دروست کەڵکی لێوەرنەگرتن، و ئیستفادەی لێنەکردن، ئەبێ بە سەبەبی ئەوەی ئەو ئامادەیەی هەیەتی لە بەین بچێ...) (٣١).

**ج. هەبوونی پێویستی (حاجە):** بنەمای سێیەم لە پرۆسەی تەزکیەدا بریتیە لە وەی دەبێت ئەو کەسە یان مەخلوقەی کە ئیمکاناتی بۆ دابینکراوە، و ئامادەیی تێدایە بۆ گەشەکردن و کامڵبوون، (حاجە- پێویستی) بەو گەشەکردنە هەبێت و موحتاج بێت بۆی، چونکە ئەگەر دوو بنەماکەی تر هەبوون بەڵام (حاجە- پێویستی) بەو گەشەکردنە نەبوو، وەك ئەوەی هەر لە سەرەتاوە بە کامڵی خەلق ببوو، پرۆسەکە دەوەستێت و تەزکیەیەك روونادات(٣٢).

بەڵام بە سەرنجدان لە گیانەوەران و لە نێویاندا مرۆڤ بە تایبەتی، ئەوە بە ئاسانی دەبینرێت کە ئەمانە لە سەرەتاوە لە لاوازترین و بچوکترین خاڵەوە دەست پێدەکەن و وردە وردە بەرەو کامڵبوون دەڕۆن. واتە توانا و ئامادەیی سەرەتاییان هەیە و هێشتا ئەو توانایانە نەبونەتە کردەیی، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم مەخلوقاتە پێویستی (حاجە)ی بە گەشەکردن و کامڵبوون هەیە(٣٣).

لە لایەکی ترەوە هەر خودی هەستکردن بە پێویستی بەدەستهێنانی سوودەکان و خۆ لادان لە زەرەر و زیانەکان، کە بەشی ئیمکانات پێکدەهێنن، ئەوە دەسەلمێنێت گیانەوەران —بە تایبەت مرۆڤ— ئاتاجی جوڵەن بەرەو گەشەکردن و کامڵ بوون. ئەمە جگە لەوەی هەر خودی پەروەردگار (رب) بوونی خودای گەورە بۆ گیانەوەران و بە تایبەت مرۆڤ، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمانە ئاتاج (موحتاج)ن بۆ گەشەکردن و پەروەردە بوون، چونکە گەر وانە بێت، ئیتر مانای نیە خودا پەروەردگاری (رب) ی مرۆڤ بێت. چونکە پێویستە کاتێك پەروەردگار هەبوو، پەروەرکراو (مربوب)یش هەبێت(٣٤). هەربۆیە خودای پەروەدگار مرۆڤی وەك کۆمەڵەیەك لە توانا و ئامادەیی دروستکردووە، کە ئامادەیە بۆ گەشە کردن و پێویستیشی پێیەتی(٣٥).

لێرەوە دەکرێت لەوەش تێبگەین گرنگی ئاتاجی (موحتاج بوون) لە پرۆسەی تەزکیەدا بۆ مرۆڤی بڕوادار لە ئاستێکدایە کە لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا هەست بە موحتاجی کردن بە پوختەی تەسەوف دادەنرێت و لە کۆتاییدا مرۆڤناسی عاریفانە لە چەمکی (فقر) هەژاری و ئاتاجیدا کورت دەبێتەوە، چونکە لە دیدگای عاریفە وە، مرۆڤ لە خودی خۆیدا هەژار و ئاتاجە(٣٦).

## ٢- بنەما پراکتیکیەکان (یان قۆناغەکانی تەزکیە):

بریتین لەو بنەمایانەی کە کردەی تێبەربوون و جوڵەی نەفسی مرۆڤ لە لاوازی و کەموکورتیەوە بەرەو کەماڵ رووندەکەنەوە

و نەخشەی گەشەکردن و تەزکیە بە کردەیی دەخەنە ڕوو،کە بریتین لەمانە(٣٧):

**أ. (کردەی وەرگرتن):** بریتیە لەو قۆناغەی نەفسی مرۆڤ ئەو جیهانبینی و زانیاریانە وەردەگرێت کە لە زەمینەی تەزکیە و گەشەکردنیدا پێویستی پێیەتی و ملکەچ دەبێت بۆیان، ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ گەشەکردنی ئەو نەفسە. هەروەك دانە گەنمێك یان گوێزێك، لە یەکەم هەنگاوی پرۆسەی گەشەکردنیاندا پێویستیان بەوە هەیە هەندێک مادەی خۆراکی تایبەت بە خۆیان وەربگرن تا بتوانن بیکەنە دەسپێکی بزاوتیان بەرەو گەشەکردن و کامڵ بوون.

لەمبارەیەوە مامۆستا ناصر بڕوای وایە نەفسی مرۆڤ پێویستە ئەو جیهانبینی و بیرو بڕوایانە وەربگرێت کە لە ڕێگەی هەردوو هێزی (بینین و دڵ)ەوە بەدەستی هێناون، پاش وەرگرتنی جیهانبینی و ئیعتیقادیات، ئینجا ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتنی ئەو بڕیار و ئەحکامانەش کە بەهۆی هێزی (بیستن)ەوە لە وەحی خودایەوە پێی دەگات.

بێجگە لە بڕیار و ئەحکام، هەر لەوەحی خوداییدا مرۆڤ ڕێنمونی گەلێکی زۆریش لە بواری جیهانبینی و بیر و بڕوادا وەردەگرێت، کە جۆرێکە لە ڕەحمەتی تایبەتی خودا بۆ مرۆڤ، تا هەردوو هێزی (بینین و دڵ) یش بە دروستی کاری خۆیان بکەن. تەنانەت سەیر دەکەیت زۆربەی ئایەتەکانی قورئان تایبەت کراوە بە بابەتی جیهانبینی و ئەو بابەتانەی کە کاری (بینین و دڵ)ن، لە هەمانکاتدا بەشی کاری (بیستن) کە بریتیە لە بڕیار و ئەحکام کەمترین بەشی قورئان پێکدەهێنن.

**زۆربەی ئایەتەکانی قورئان تایبەت کراون بە بابەتی جیهانبینی و ئەو بابەتانەی کە کاری (بینین و دڵ)ن، لە هەمانکاتدا بەشی کاری (بیستن) کە بریتیە لە بڕیار و ئەحکام کەمترین بەشی قورئان پێکدەهێنن.**

هەروەها مامۆستا جەخت دەکاتەوە کە نەفسی مرۆڤ ئامادە (موستەعید)ە بۆ وەرگرتنی ئەم بابەتانە و ئاتاجیشە پێیان، چونکە بەبێ ئەم قۆناغە پرۆسەی تەزکیە روونادات. هەروەها بەهێزی نەفسی مرۆڤ لەم قۆناغەدا هۆکارێکی گەورە و ئاسانکار دەبێت بۆ ئەوەی لە قۆناغەکانی دواتردا بە بەهێزی بمێنێتەوەو پرۆسەی تەزکیە باشتر و بەهێزتر ئەنجام بدرێت، بەهێزی نەفسی مرۆڤیش لەم قۆناغەدا بەندە لەسەر گەشەکردنی پێویست و پێشتری هەر سێ هێزی (بینین، دڵ، بیستن) کە پێکەوە هێزی زانستی مرۆڤ پێکدەهێنن، پێویستە بە جۆرێك گەشەیان کردبێت (موتەزەکی بوو بن) کە هەرکات بیانەوێت بتوانن بەباشی کاری خۆیان ئەنجام بدەن.

**ب. کردەی گۆڕین:** پاش کردەی یەکەم کە بریتی بوو لە وەرگرتن، کردەی گۆڕین دەست پێدەکات، واتە هەر شتێك کە مرۆڤ وەریگرتووە لە قۆناغی یەکەمدا، پێویستە بیگۆڕێت، واتە تێکەڵ بە نەفسی خۆی بکات و بیکاتە بەشێك لە شەخسیەتی خۆی، هەروەك چۆن مرۆڤ خۆراکێك دەخوات دەیگۆڕێت و هەرسی دەکات و

**بۆچوونی مامۆستا ناصر، وەرگرتنی زانستی ئایینی، بە بێ ئەوەی ئەو زانستە ببێت بە ئەخلاق و مەلەکە، هیچ نیە و مرۆڤ بەو کارە هیچی نەکردووە و شایانی دڵ پێ خۆشکردن نیە.**

دەیکاتە بەشێك لە خۆی تا گەشەی پێبکات.

واتە ئەو زانست و زانیاریانەی کە نەفسی مرۆڤ لە هەر سێ هێزەکە (بینین، دڵ، بیستن) ی وەرگرتووە، بیانگۆڕێت و هەروا بێگانە و وەك شتانێکی جیا لە خۆی نەیانهێڵێتەوە، و بیکات بە سیفەت بۆ خۆی. بۆ نمونە: ئەگەر زانستی دەربارەی سیفاتی جەلال و ئیکرامی خودای گەورە وەرگرتووە، دەبێت ئەو زانستەی کە وەریگرتووە لەو بارەیەوە، خەسڵەت و سیفەتێکی جێگیری تێدا بروێنێت، لەم نمونەیەدا خۆشەویستی خودا و ئومێدە بە ئەو (رەغبەت) هەروەها ترس لە خودا و شەرمە لە ئەو (رەهبەت).

مامۆستا سوبحانی زۆر بە راشکاوی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر کەسێك زانیاریەکان وەربگرێت بەڵام لە نێو خۆیدا نەیانگۆڕێت و نەیانکات بە بەشێك لە خۆی، وەك ئەوە وایە خۆراکی خواردبێت بەڵام هەرسی نەکردبێت، یان وەك ئەو کەسەی پێناسەیەکی وردی (برسێتی) بزانێت، بەڵام برسی نەبێت، مانای عەشق بە جوانی روون بکاتەوە، بەڵام بۆ لەحزەیەکیش عاشق نەبوو بێت.

کەواتە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان دوو کەسدا کە یەکێکیان دەزانێت عەشق چیە و زۆر بە وردی پێناسەی عەشق دەکات، بەڵام هەرگیز عاشق نەبووە و عەشق نەبۆتە حاڵ و سیفەت بۆی، لەگەڵ ئەوی دیکەدا کە رەنگە نەزانێت بە جوانی پێناسەی عەشق بکات بەڵام عاشقە و عەشق بۆتە حاڵ و سیفەت بۆی. بەرمەبنای ئەمە، بە بۆچوونی مامۆستا ناصر، وەرگرتنی زانستی ئایینی، بە بێ ئەوەی ئەو زانستە ببێت بە ئەخلاق و مەلەکە، هیچ نیە و مرۆڤ بەو کارە هیچی نەکردووە و شایانی دڵ پێ خۆشکردن نیە.

بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت زانیاری و زانستەکان بگۆڕێت و بیانکات بە سیفەت و ئاکار لە خۆیدا - مامۆستا زۆرتر زاراوەی (مەلەکە) بەکار دەهێنێت- پێویستە نەفسی مرۆڤ دوو کار ئەنجام بدات:

**یەکەم:** وەبیر هێنانەوەی بەردەوامی ئەو زانیاری و وێناکردنانەی کە وەریگرتوون تا لە بیر نەچنەوە.

**دووەم:** ئەنجامدانی چەند کردار و رەفتارێك کە بۆ جێگیر بوونی ئەو زانیاری و وێناکردنە وەرگیراوانە لە نێو نەفسدا پێویستن. تا ئەو زانیاریانە ببنە (حاڵ) و دواتر ئەو حاڵانە جێگیر ببن تا دەبنە سیفات و مەلەکە وئەخلاق.

نمونەی فێربوونی (بەرگدروویی-خەیاتی) ئەو نمونەیە کە مامۆستا ناصر بۆ رونکردنەوەی ئەم بابەتەی سەرەوە دەیهێنێتەوە: ئەگەر کەسێك بیەوێت فێری خەیاتی ببێت، یەکەم شتێك پێویستە ئەو کەسە ئەنجامی بدات بریتیە لەوەی چەند وێنەیەك لە کارو باری بەرگدروویی وەربگرێت، پاشان پێویستە ئەو وێنانە بهێنێتەوە پێش چاوی و لێیان ورد ببێتەوەو ئەو کارانەی کە پێویستە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا ئەنجامی

بدات، تا وای لێدێت بە زۆر لە خۆکردن کراسێك دەدورێت، یان هەر کارێکی تری پەیوەست بە بەرگدوورینەوە، بەڵام هێشتا هەر نەبووە بە خەیات، چونکە ئەگەر بۆ ماوەیەك نەچێتەوە بەلای کارەکەیدا، ئەوەشی وەریگرتووە لە بیری دەچێتەوە، بەڵام پاش ماوەیەك راهێنان و وردبوونەوە و تێڕامان لە هونەرەکانی ئەو پیشەیە، ئیدی ئەو کەسە وردە وردە مەلەکەی خەیاتی بۆ دروست دەبێت و بەرگدوورین دەبێتە سیفەت بۆی، بە جۆرێك هەرکات ویستی دەتوانێت بەرگ بدورێت، هەروەها ئەگەر ماوەیەکیش بەرگدووری نەکات، لە بیری ناچێتەوە. ئیدی لێرەدایە کە دەکرێت بوترێت: ئەو کەسە توانا و ئیستیعدادی خەیاتی (موتەزەکی بووە) گەشەی پڕ بە پێستی کردووە.

هەرچەندە مامۆستا ئاماژەی بۆ نەکردووە، بەڵام رەنگە ئەم قۆناغە، لە هەموو قۆناغەکانی تر گرنگتر و هەستیار تر بێت، چونکە هەر لەم قۆناغەدایە مرۆڤ مەلەکە و ئەخلاقی بۆ دروست دەبێت و گەر سەرکەوتووانە لەم قۆناغە تێپەر ببێت، قۆناغی سێیەم بە ئاسانتر گوزەر دەکات. خۆ ئەگەر لەم قۆناغەدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا قۆناغی سێیەم کە بریتیە لە ئەنجامدانی کاری چاك، هیچ بەهایەکی نابێت، چونکە کارەکەی پشت ئەستوور بە سیفات و مەلەکەیەك نیە کەلە دەروونیدا جێی گرتبێت، وەك ئەوەی کەسێکی نەخوێندەوار، کتێبێکی پێ بخوێنرێتەوە، بەڵام بەو خوێندنەوەیە نابێتە خوێندەوار، هەر بە نەخوێندەواری ماوەتەوە.

پرسی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەو پاڵنەرانەی نەفسی مرۆڤ دەبزوێنن بۆ ئەوەی ئەم (کردەی گۆڕین)ە ئەنجام بدات، هەر دەبێت لە ناخی مرۆڤەکە خۆیەوە بێت، هەر پاڵنەرێکی تری دەرەکی وەك: زۆر لێکردن و هەڵخەڵەتاندن و هتد...، ئەم کردەی گۆڕینە بەرهەم ناهێنن، بەڵکو دەیشێوێنن. هەر بۆیە ئەوەی وا دەکات مرۆڤ ئەم کردەیە ئەنجام بدات، مەیل و ئومێدێکە کە بە رەحمەت و بەخششەکانی خودا بۆی دروست دەبێت (رەغبەت)، پاشان ترس و خۆ پارێزیەکە کە لە سزا و تۆڵەی خودا بۆی دروست دەبێت (رەهبەت).

**ئەوەی وا دەکات مرۆڤ ئەم کردەی گۆڕینە ئەنجام بدات، مەیل و ئومێدێکە کە بە رەحمەت و بەخششەکانی خودا بۆی دروست دەبێت (رەغبەت)، پاشان ترس و خۆ پارێزیەکە کە لە سزا و تۆڵەی خودا بۆی دروست دەبێت (رەهبەت).**

واتە لە (قۆناغی وەرگرتن)دا پاش ئەوەی مرۆڤ سیفاتی ئیکرامی خودا دەناسێت (رەغبەت)ی بۆ دروست دەبێت، ئەگەر ئەو رێگەیە بگرێت خودا بۆی دیاریکردووە، پاداشتی دەست دەکەوێت. هەروەها سیفاتی جەلالی خودا دەناسێت و (رەهبەت)ی بۆ دروست دەبێت، دەزانێت ئەگەر ئەو رێگەیە نەگرێت کە خودا بۆی دیاریکردووە، تووشی سزای سەخت و سەرەنجامی خراپ دەبێتەوە. ئیدی هەر ئەم رەغبەت و رەهبەتەش بەسن بۆ ئەوەی مرۆڤ ببزوێنن و ببنە پاڵنەر تا (کردەی گۆڕین) ئەنجامبدات و زانیاری و وێناکانی (قۆناغی وەرگرتن) لە خۆیدا بگۆڕێت و بیانکات

بە مەلەکە و سیفات و ئەخلاق لە خۆیدا.

دواجار دەبێت ئەوە لە بیر نەکرێت (خۆڕاهێنان و ئەنجامدانی کردار و دووبارە کردنەوە) پاش ئەو (رەغبەت و رەهبەت)ەی لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبوونی مەلەکە و سیفات و ئەخلاق لە دەروونی مرۆڤدا. واتە بۆ دروستبوونی مەلەکە و ئەخلاقێکی دیاریکراو، پێویستە چەندین جار کارو کردەوەیەك، کە ئەو مەلەکە و ئەخلاقە لە دەروندا جێگیر دەکەن، ئەنجام بدرێت، تا مرۆڤ ببێتە خاوەنی ئەو مەلەکەیە، و دواتر هەرکات ویستی ئەو کارە ئەنجام بدات بێ زۆر لە خۆکردن، بتوانێت ئەنجامی بدات. مامۆستا ناصر بەدەق لەمبارەیەوە دەڵێت: (دروستبوونی مەلەکە بەندە لەسەر کردار، بەڵام پاش جێگیر بوونی مەلەکە لە دەروندا، کردار لەوەوە دروست دەبێت)(٣٨).

**ج. کردەی بەخشین:** مەبەست لە (کردەی بەخشین) ئەوەیە دوای ئەوەی نەفسی مرۆڤ قۆناغی یەکەم و دووەم تێدەپەڕێنێت، واتە زانست وەردەگرێت و پاشان لە کردەی گۆڕیندا دەیگۆڕێت و دەیکات بە بەشێك لە کەسایەتی خۆی، مەلەکە و سیفات و ئەخلاقی بۆ دروست دەبێت، ئیدی بۆ تەواو بوونی پرۆسەی تەزکیە، پێویستە بەرهەم بدات و ببەخشێت.

لێرەدا مەبەست لە (بەخشین) کە دوا قۆناغی پرۆسەی تەزکیە یە، ئەنجامدانی کاری چاك (عمل صالح)ە، بەو مانایەی کە (کاری چاك) دەبێتە بەرهەمی ئەو سیفات و ئەخلاقەی لە قۆناغی دووەمدا لە نەفسی مرۆڤدا جێگیر بووە. کەواتە کارێك بە (چاك) وەسف دەکرێت کە ریشەی ئەخلاقی ئەو کارە لە دەرونی مرۆڤدا جێگیر بوو بێت، و پاڵنەری ئەنجامدانی ئەو کارە لە ناخی مرۆڤەوە -نەك لە دەرەوە- سەرچاوە بگرێت.

سروشتی ئەو کارە چاکانەی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، بە جۆرێکە کە گونجاوە لەگەڵ ئەو مەلەکە و سیفات و ئەخلاقەدا کە لە نێو نەفسیدا جێگیر بووە، بۆیە لە لایەکەوە کردار دەربڕی سیفەت و ئەخلاقەکانی نەفسە، لە لایەکی دیکەشەوە، مرۆڤ ئەو کارە بەباشی ئەنجامدەدات، کە ریشە ئەخلاقیەکەی لە نێو نەفسیدا بوونی هەیە.

بۆ نمونە: کاتێك مرۆڤ سیفەت و مەلەکەی (جود: بەخشندەیی) لە نەفسیدا دروستبوو، ماڵ دەبەخشێت. کاتێك سیفەت و مەلەکەی (شجاعە: ئازایەتی) بۆ دروستبوو، بەرگری لە هەق دەکات و هیچ شتێك ناتوانێت بیگەڕێنێتەوە لەو کارە. کاتێك سیفەت و مەلەکەی (تەقوا) ی بۆ دروستبوو، لە گوناه خۆی دەپارێزێت.

**تەوەری شەشەم: چەند بابەتێکی تایبەت بە قۆناغەکانی تەزکیە و پلەکانی ئیمان.**

١- کۆی ئەو سێ قۆناغەی پێشتر باسکران، پرۆسەی تەزکیە پێکدەهێنن، کە پرۆسەیەکی بەردەوامە و لە ئاستێکی دیاریکراودا ناوەستێت، هەر بەم پرۆسەیەشە مرۆڤ سوپاسگوزاری (حەمد)ی خودا دەکات، واتە: سوپاسگوزاری ئەوەیە مرۆڤ بە کردەیی نەك بە زمان، قەدردانی لە خالیقی خۆی بکات، قەدردانیەکەش بریتیە لە و پرۆسەیەی کە تیایدا مرۆڤ لە نەقسەوە بەرەو کەماڵ دەبزوێت لە پلە جیاوازەکانی بەرەو کامڵ چووندا خۆی نیشاندەدات.

هەروەها تەسبیح کردنی خودا کە مانای دوورخستنەوەی خودایە لەوەی نیسبەتی ناشایستە

بدرێتە لای، لە دیدگای مامۆستای ناصرەوە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم پرۆسەدایە، تەسبیح لەم میانەیەدا بریتییە لە گەشەکردنی بەردەوام و بەردەوامبوونی پرۆسەی بزاوتی نەفسی مرۆڤ لە نەقسەوە بەرەو کەماڵ، و نەوەستان لە هیچ قۆناغێکدا، تا بەزمانی حاڵ نیسبەتی نەقص و ناشایستەیی نەدرێتە لای خودا. کەواتە (تەسبیح)ی خودا بەکردەیی دەبێت نەك تەنها بەزمان، کە ئەویش ئەوەیە: مرۆڤ لە هیچ قۆناغێکی گەشەکردن و بزاوتی نەفسیدا لە نەقسەوە بەرەو کەماڵ نەوەستێت و بەردەوام بێت لە گەشەکردن(٣٩).

٢- پرۆسەی تەزکیە لە پەیوەندی لەگەڵ کاری بانگخوازدا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، ئەو سێ قۆناغە لە لای بانگخواز بۆ بانگکراو دابین بکرێت. واتە کاری بانگخواز لەوەدا کورت دەبێتەوە کە یارمەتی کەسی بانگکراو بدات و زەمینەی بۆ فەراهەم لەم سێ بوارەدا: بانگی بکات بۆ وەرگرتنی جیهانبینی دروست بکات، بانگی بکات کردەی گۆڕین ئەنجام بدات بۆ ئەوەی مەلەکات و سیفاتی چاك لە خۆیدا دروست بکات، هەروەها بانگی بکات بۆ ئەوەی کردەی بەخشین ئەنجام بدات کە بریتییە لە ئەنجامدانی کارە چاکەکان.

لە میانەیەشدا هیچ جۆرە زۆرلێکردن و ئیلزام کردنێك رۆڵی نیە و ناتوانێ کەمترین کاریگەری تێدا هەبێت، تەنها کاری بانگخواز بریتی دەبێت لە زەمینە فەراهەمکردن و ئامۆژگاری چاك، ئەمەش دەکاتە هاندان و ترساندن (ترغیب و ترهیب). لێرەدا لەوەش تێدەگەین کە بانگخواز بوون بۆ رێگەی خودا بە وتاردان بەدی نایەت، و خوتبە خوێندنەوەو وتاردان مرۆڤ ناکات بە بانگخواز(٤٠).

**کارێك بە (چاك) وەسف دەکرێت کە ریشەی ئەخلاقی ئەو کارە لە دەرونی مرۆڤدا جێگیر بوو بێت، و پاڵنەری ئەنجامدانی ئەو کارە لە ناخی مرۆڤەوە -نەك لە دەرەوە- سەرچاوە بگرێت.**

٣- پلەکانی ئیمان و تەقوا لە یەك ئاستدا نین و لە دابەشکردنێکی گشتیدا و بەپێی بەهێزی و لاوازی مەلەکەی ئیمان و تەقوا، دەکرێن بە دوو بەشەوە:

**یەکەم:** پلەیەکی نزمە کە ئەندازەیەك مەلەکەی ئیمان لاوازە و جار جار دژەکەی زاڵ دەبێت بەسەریدا، لێرەدا مەلەکەی ئیمان لاوازە بە جۆرێك شەهوەت زاڵ دەبێت بەسەریدا و تووشی گوناه دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی مەلەکەی ئیمان بوونی هەیە، پاش ئەوەی شەهوەتەکە لاواز دەبێت یان نامێنێت، لە نزیکترین کاتدا تەوبە دەکات و دەگەڕێتەوە. بەم جۆرە نەفسە دەوترێت نەفسی سەرزەنشتکار (النفس اللوامە) (٤١). زۆرینەی موسڵمانان خاوەنی ئەم جۆرە نەفسەن.

**دووەم:** پلەیەکی بەرزترە، کە مەلەکەی ئیمان ئەوەندە بەهێز دەبێت، ئیدی شکستخواردوو نابێت لە بەرامبەر دژەکەیدا، و بە گشتی پارێزراو دەبێت لە تووش بوون بە گوناه. بەم جۆرە نەفسە دەوترێت نەفسی ئارامگرتوو (النفس المطمئنە) (٤٢). هەروەها خاوەنی ئەم نەفسە لە (السابقون) (٤٣). پێشڕەوانە(٤٤).

**کردەوەی چاك کاتێك گرنگی هەیە و بەکەڵکی خاوەنەکەی دێت کە مەلەکەی ئەو کردەوەیە، لە نەفسیدا جێگیر بووبێت، بەڵام کردەوەیەك کە مەلەکە و مەقامەکەی لە نەفسدا دروست نەبوبێت، مرۆڤ ناکاتە خاوەنی ئەو سیفەتە چاکەی کە لەکردەوەکەدا هەیە، و دواجار سوودی لێ نابینێت.**

لە لایەکی ترەوە مامۆستا ناصر بڕوای وایە موسڵمان خاوەنی نەفسی فەرمانکەر بەخراپە (الأمارە بالسوء) (٤٥) نیە و کەسی بڕواداری راستەقینە دوورە لەم نەفسە، ئەو نەفسە هی بێ بڕوا و کافرانە و، ناکرێت لە یەك کاتدا نەفسێك هەم مەلەکەی ئیمان و تەقوا و هەم مەلەکەی کوفر و گوناهی تێدا بێت. بەڵام دەکرێت جار و بار نەفس گوناە بکات و دواتر لۆمەی خۆی بکات، بەڵام ئەمە نەفسی ئەممارە نیە. لێرەوە ئەوەش کە لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا هاتووە کە موسڵمان باسی نەفسی ئەممارەی خۆی دەکات، رەخنەی لێدەگرێت و بە نادروستی لە قەڵەم دەدات(٤٦).

## تەوەری حەوتەم: بیروڕای مامۆستا ناصر لەسەر تەسەوف یان زانستی تەزکیە:

لە بەرهەمەکانی مامۆستا ناصردا کە لە بارەی تەزکیەوەن، بابەتێکی سەربەخۆ نابینرێتەوە قسەی لە سەر تەسەوف، یان عیرفان و قوتابخانەکانی کردبێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێڕەوی مامۆستا، کە زۆرتر بە دوای ئەوەوە بووە، روانگەیەکی تر دەربخات و دەلاقەیەکی نوێ بکاتەوە بە رووی بابەتەکانی نێو زانستە ئیسلامیەکاندا، نەك بیروڕاکانی پێش خۆی بخاتەڕوو و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات، وەك ئەوەی لە دونیای ئەکادیمیادا باوە.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە هیچ قسەیەکی لە سەر پێش خۆی نیە و هیچ رەخنەیەك یان هەڵسەنگاندنێکی بۆ بیر و بۆچوونە گشتی و جوزئیەکانی نێو زانستە ئیسلامیەکان پێشکەش نەکردووە، بە پێچەوانەوە، لە زۆربەی ئەو بابەتانەی پێشکەشی کردوون بەدەر لە بابەتی تەزکیەش، کە زۆربەیان وانەی تۆمارکراوی دەنگین، رەخنە و تێبینیەکانی خۆی ئاراستە کردووە. بەڵام رەخنە و تێبینیەکان بابەتی سەربەخۆ نین و لە سیاقی پێشکەشکردنی بیر و بۆچوونەکانی خۆیدا ئەو کارەی کردووە.

سەبارەت بە بابەتی تەسەوف یان زانستی تەزکیە، وەك ئاماژەی پێکرا، لە هەندێک جێگەدا و لە میانەی بابەتەکانی خۆیدا، سەرنج و تێبینیەکانی لەو بارەیەوە خستۆتە روو، بەڵام لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە لەو وانە دەنگیانەی بەزمانی فارسی لەبارەی تەزکیەوە پێشکەشی کردووە، لە کۆتایی کاسێتی یەکەمدا سەرباسێك دەکاتەوە دەربارەی تەسەوف کە بڕیارە قسەی لەسەر بکات، بەڵام لەوێدا کاسێتەکە تەواو دەبێت، لە کاسێتی دووەمدا لە سەرەتاوە باسێکی تر دەستپێدەکات کە راڤەی چوار مەنزڵگە (منزلە) سەرەکیەکە دەکات لە کتێبی (مدارج السالکین). بەمەشدا دیارە کە پچڕانێك لەو تۆمارەدا هەیە و بەداخەوە من نەمتوانی ئەو بەشەم دەست بکەوێت.

بەرمەبنای ئەوە، لێرەدا هەندێك لە بیرو بۆچوونەكانی مامۆستا ناصر لە بارەی زانستی تەزكیە و تەسەوفەوە لە چەند خاڵێكدا كورت دەكەینەوە:

١- پێڕەوی مامۆستا ناصر، پێڕەوێكی تەحقیقیی پشت ئەستور بە قورئانە، هەر بۆیە لە هەر بابەتێك لە بابەتەكاندا بەبێ بەڵگە قسە لەكەس وەرناگرێت، لە مامەڵەشی لەگەڵ تەسەوفدا، ئەم پێڕەوەی هەیە و لای ئەو هەر شتێك بتوانرێت بەڵگەی لە قورئان و فەرمووده بۆ بهێنرێتەوە و گونجاو و تەبا بێت لەگەڵ رۆحی قورئان و شەریعەتدا قبوڵە و هەرچی وانەبێت قبوڵ نیە. بۆیە دەبینین مامۆستا لە دوورەوە خەتێكی راست و چەپ بەسەر تەسەوفدا ناهێنێت، هەروەك تەسلیمی بۆچوون و ئەدەبیاتی تەسەوفیش نەبووە. واتە بەو پێوەرە زانستیانەی كە توانای بەسەریاندا هەبووە، لایەنە ئیجابیەكانی تەسەوف دەبینێت، هەروەها ناتەواوی و خەوشەكانیش روونده‌كاتەوە بەبێ بریندارکردن و ناولێنان. هەروەك دەزانرێت مامۆستا ناصر لەسەرەتای تەمەنیەوە سەر بە رێبازی تەسەوف بووە و پاش وازهێنانی لەو رێبازەش، پێوەی دیار بووە كە سوودی باشی لە تەسەوف وەرگرتووە(٤٧).

٢- لایەنە ئیجابیەكانی تەسەوف و زانستی تەزكیە، ئاماژە بۆكراو و بینراوە لە بەرهەمەكانی مامۆستادا، هەر خودی باسی (مەلەكە) و (حاڵ) و (مەقام)كە لە بەباتە ئیمانی و دەعەویەكانیدا، زاراوە و بابەتی سەرەكین، سەر بە هەرێمی تەسەوف و عیرفانن، و لەوێوە وەریگرتوون.

هەروەها لە پەروەردەكردندا ئاماژە بۆ ئەوەدەكات كە ئەهلی تەریقەت بە كردەیی كاریان لەسەر دروست كردنی مەلەكەی چاك و ریشەكەنكردنی مەلەكەی خراپ كردووە،ئەمەش وەك خاڵێكی ئیجابی بۆ تەسەوف باسی دەكات. چونكە مامۆستا بڕوای وایە كە تەزكیەی نەفس و تەربیەی دینی بە گۆشەگیری ناكرێت و دەبێت لە نێو واقیعیەتی ژیاندا بێت(٤٨). بەمەشدا دیارە كە مامۆستا ناصر زۆرتر سوودی لە بەشە كردەیەكانی تەسەوف و عیرفان وەرگرتووە، نەك بەشە تیۆریەكان.

بۆ نمونە ئەگەر مامۆستایەك، شێخێك، لە خوێندكارەكەیدا لوتبەرزی (غرور)ی بینی بێت، مۆڵەتی نەداوە بچێتە ماڵەكەیەوە، لەبەر دەرگاكەیدا كەوتووە، دوو رۆژ، سێ رۆژ، شەو سەری ناوەتە سەر ئەو خاك و خۆڵە و خەوتووە، چۆتە دەرەوە لای لێنەكردۆتەوە، تا وای لێهاتووە نەفسی شكاندووە و غروری نەهێشتووە، دوای ئەوە مۆڵەتی پێداوە(٤٩).

یەكێكی تر لەو بابەتانەی كە بەباشی دادەنێت لای ئەهلی تەسەوف و پشتگیری لێدەكات، ئەو بۆچوونەیە كە لە باسی گرنگی جێگیربوونی مەلەكە و سیفاتە چاكەكان لە نەفسی مرۆڤدا ئاماژەی بۆ كراوە. ئەویش بریتیە لەوەی كە: كردەوەی چاك كاتێك گرنگی هەیە و بەكەڵكی خاوەنەكەی دێت كە مەلەكەی ئەو كردەوەیە، لە نەفسیدا جێگیر بوویێت، بەڵام كردەوەیەك كە مەلەكە و مەقامەكەی لە نەفسدا دروست نەبوبێت، مرۆڤ بەو كردەوەیە نابێت بە خاوەنی ئەو سیفەتە چاكەی كە لەكردەوەكەدا هەیە، و دواجار سوودی لێ نابینێت. بۆ نمونە: ئەهلی تەزكیە وتوویانە كەسی وا هەیە بە كردەیی نوێژ دەكات، بەڵام لە مەقامی ئیقامەی نوێژدا نیە،

ڕەنگە تەنانەت لە کاتی نوێژەکەدا، وەك غافڵێك حسابی بۆ بکرێت. بەڵام یەکێکی تر دانیشتووە، خەریکی نوێژ نیە، بەڵام موقیمی نوێژە، چونکە مەلەکەی ئیقامەی نوێژی تێدا دروستبووە.

تەنانەت مامۆستا ناصر گرفتی لەگەڵ ئەو گوتەیەش دانیە، کە هەندێ لە ئەهلی تەسەووف وتوویانە (بە حاڵ سلوك دەکەن)، واتە بەو مەلەکە ومەقامەی کەلە نەفسدا جێگیر بووەسلوك دەکەن و بە بەرز کردنەوەی پلەی ئەو مەلەکە و مەقامە ئیمانیانە لە دەروونـدا. لێرەوە مامۆستا بڕوای وایە لە ڕۆژی دواییدا مرۆڤ بەپێی ئەو پلەیەی کە لە مەلەکە و مەقامی ئیماندا پێی گەیشتووە حسابی لەگەڵدا دەکرێ، نەك لەگەڵ تاك تاکی ئەو کردەوە چاکانەی کە ئەنجامی داون، واتە دوایین پلە و قۆناغ لە ئیمان و تەقوا، کە پێش مردن پێی گەیشتووە، ئەوە دەبێتە بنەرەتی لێپرسینەوەی.

بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بۆچوونەش نمونەی کەسێك دەهێنێتەوە کە لە منداڵیەوە دەچێتە قوتابخانە و لە ئەلف و بێ و یەك و دووی بیرکاریەوە دەست پێدەکات تا چەندین قۆناغ دەبڕێت و دواتر بروانامەی دکتۆرا لە پسپۆڕیەکدا وەردەگرێت، ئەم کەسایەتیە کاتێك مامەڵە و حیسابی لەگەڵ دەکرێت، بۆ نمونە موچەی بۆ دەبرنەوە، خۆ نایەن حسابی ئەو قۆناغانەی کە بە درێژایی ئەو چەند ساڵە بڕیویەتی، بە جیا بۆی بکەن، بڵێن ئەوە بۆ قۆناغی سەرەتاییت و ئەوە بۆ قۆناغی ناوەندی و هتد... بەڵکو مامەڵە و حساب لەگەڵ شەخسیەتێکدا دەکرێت کە خاوەنی دکتۆرایە، واتە مامەڵە لەگەڵ دوایین قۆناغی پێشکەوتن و هێزی زانستی ئەودا دەکرێت(٥٠).

٢- لایەنە سلبیەکانی تەسەووف، کە لەهەندێ لە بەرهەمەکانی مامۆستا ناصردا ئاماژەی بۆ کراوە و ڕەخنەی لێگیراوە، لە چەند بوارێکدایە: هەندێکیان پەیوەندییان بە باوەڕ و عەقیدەوە هەیە، هەندێکی تریان بابەتی کردەیی پەیوەست بە کایەی زانستی تەزکیەن، یان پەیوەستن بە هەڵویستی هەندێ لە ئەهلی تەسەووفەوە.

لێرەدا لەسەر بابەتە عەقیدیەکان ناوەستین، چونکە ڕەنگە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بابەتەکەوە نەبێت، هەروەها ئەو ڕەخنانەی مامۆستا ناصر لە بوارەدا ئاراستەی کردوون، تەنها ڕوو لە ئەهلی تەسەوف نین و تەنانەت ناوی ئەهلی تەریقەت یان تەسەوفی نەهێناوە، ڕەخنەکە ئاراستەی موسڵمانان کراوە بە گشتی(٥١).

لە بابەتە کردەیەکاندا و پەیوەست بە زانستی تەزکیەوە، دوو لە و ڕەخنانە ئاماژە پێدەکەم کە مامۆستا ناصر ئاراستەی کردووە:

مامۆستا سلوکی گۆشەگیری و خەڵوەتکێشان کە لای هەندێك لە ئەهلی تەسەوف هەیە، ڕەخنە دەکات و بە جۆرێك لە غەفڵەت وەسفی دەکات. چونکە وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا مامۆستا ناصر بڕوای وایە پرۆسەی تەزکیە لە نێو جەرگەی مەشغەڵەت و واقیعیەتی ژیاندا بەرهەم دێت، نەك بە گۆشەگیری و خەڵوەت کێشان، نمونەی کەسێك دەهێنێتەوە کە بۆ ئەوەی ببێتە (موتەوەکیل) سی ساڵ خەریك بووە! بۆچی سی ساڵ؟ چونکە زەمینەی (تەوەکول)ی نەبووە و گۆشەگیر بووە، کات و ساتێکی بۆ نەهاتۆتە پێش کە حاڵەتی (تەوەکول) لە دەروونیدا گوزەر بکات تا بتوانێت بە دوبارە کردنەوە، مەلەکەی تەوەکولی دەست کەوێت، و ببێتە موتەوەکیل.

ئەم بۆچوونەشی لە ئایەتی (و ما کان المؤمنون لینفروا کافە فلولا نفر من کل فرقە منهم طائفە لیتفقهوا فی الدین) (٥٢)ەوە وەرگرتووە(٥٣).

مامۆستا ناصر بڕوای وایە هەر مەقام و مەلەکەیەك لە ئیمان و تەقوا و تەوەکول و ئارامگرتن و هتد...، پلەی جیاوازی هەیە، بۆ نمونە: ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە خاوەنی نەفسی ئارامگرتوو (مطمئنە)ن، هەزار کەس بن، نزمترینیان لە رووی پلەوە ئەوەیە کە دەکەوێتە سەرووی دوایین پلە لە پلەکانی نەفسی سەرزەنشتکار (لوامە)وە، ئەوانی دیکەش هەریەك لە پلەیەکدان. کەواتە پلەکانی ئیمان کۆتایی نیە و سلوکی بەرەو خودا چوون دوایی نایەت.

لێرەدا رەخنەیەك ئاراستەی ئەهلی تەسەوف دەکات، هەندێکیان لەمە تێنەگەیشتوون کە پلەکانی ئیمان و تەقوا بێ کۆتایە، پاش ئەوەی ماوەیەك خەریکی تەزکیەی نەفس بوون، دواتر وتوویانە: ئیتر ئێمە گەیشتوین (واصل بووین) و تەکلیف لەسەرمان هەڵگیراوە، ئیتر پێویست ناکات ئەرکە ئاینیەکانی وەك: نوێژ و رۆژوو و هتد...، ئەنجام بدەین.

بە بۆچوونی مامۆستا ناصر، ئەم رێگەیە، رێگەی بەندایەتی خودایە، و مومکین نیە مرۆڤ بگاتە جێگەیەك کە بڵێ ئیتر بەسمە، چونکە بەندایەتی بریتیە لە دروست سوود وەرگرتن لە ئیمکانات بۆ تەزکیەی نەفس، دەی تا ئەو کاتەی دەگاتە سەرەمەرگ، هەر لەنێو ئیمکانات و ناز و نیعمەتی خودای میهرەباندایە، دواجار تا ئیمکانات و نیعمەت هەبێت، هەم بەندایەتی و هەم سلوك بەرەو خودا بەردەوام دەبێت. هەر بۆیە لە وەڵامی ئەو گوتەیەی سەرەوەدا کە وترا (واصل بووین)، لەسەر زمانی هەندێك لە زانایانەوە دەڵێت: راستەکەن گەیشتوون، بەڵام بەرەو دۆزەخ (٥٤).

**بەندایەتی بریتیە لە دروست سوود وەرگرتن لە ئیمکانات بۆ تەزکیەی نەفس، تا ئەو کاتەی دەگاتە سەرەمەرگ، هەر لەنێو ئیمکانات و ناز و نیعمەتی خودای میهرەباندایە، دواجار تا ئیمکانات و نیعمەت هەبێت، هەم بەندایەتی و هەم سلوك بەرەو خودا بەردەوام دەبێت.**

### کۆتایی و دەرەنجام:

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا کە گەشتێکی کورت بوو بە جیهانی فراوانی مەعنەوی مامۆستا ناصری سوبحانیدا و تیایدا بۆ چەند ساتێك تێرامان لەسەر چەمکی تەزکیە ئەنجامدرا، دەکرێت چەند خاڵێك تۆمار بکرێت و وەك دەرەنجام جەختی لێبکرێتەوە:

١- مانای چەمکی تەزکیە لای مامۆستا ناصر بریتیە لە گەشەکردن و گەشەپێدان، ئەمەش بەو مانایەی کە تەزکیە بریتیە لە گەشەدان بە توانابەخشراوەکان بە دەروون (نەفس)ی مرۆڤ، بە جۆرێك تواناکانی لە حاڵەتی (بالقوة) ەوە ببات بەرەو (بالفعل)، بە سوودوەرگرتن لە و ئیمکاناتەی کە خودا بۆی دابینکردووە و بە پێی ئەو بڕیار و راسپاردانەی کە بەهۆی هێزی بیستنەوە لە وەحی خودایی وەریدەگرێت.

٢- لە نێوان ئەو دوو رێبازەی کە لە زانستی تەزکیەدا هەیە کە ئایا لە رێگەی تەزکیەدا داڕنین لە خراپەکان (تەخلیە) لە پێشەوەیە،

## مامۆستا ناصر هەڵسەنگاندنی بۆ تەسەوف و زانستی تەزکیە بە شێوەی سەربەخۆ نەکردووە، بەڵام لە نێو بابەتەکانیدا ئاماژەی بۆ هەندێك خاڵی ئیجابی و سلبی کردووە.

یان رازاندنەوە بە چاکەکان (تەحلیە)، مامۆستا ناصر زۆرتر بە لای رێبازی دووەمدا کەوتووە، و پێی وایە کاتێك چاکە دەبێتە مەلەکە، ئیدی خودی ئەو چاکەیە، دژەکەی لە ناو دەبات. بۆ نمونە: چاکەی (ئازایەتی) دەبێتە هۆی لە ناو چوونی (ترسنۆکی)، چونکە ناکرێت ئەم دوو سیفەتە وەك مەلەکە کە دژی یەکن، پێکەوە لە یەك کاتدا لە دەروونی مرۆڤدا هەبن.

٣- سەبارەت بە زانست و تەزکیە، بڕوای وایە کە پەیوەندی ئەو دووانە پەیوەندی هۆکار و ئامانجە، زانست رێگە و هۆکارە بۆ پرۆسێسی تەزکیەو بەبێ زانست تەزکیە ناکرێت، هەروەها زانستێکیش تەزکیە بە دوای خۆیدا نەهێنێت، بەناو زانستە و خاوەنەکەشی شایستەی ناوی (زانا) بە مانا قورئانیەکەی نیە.

٤- مرۆڤ نابێتە خاوەن ئیمان و تەقواو سەرجەم ئاکارە جوانەکان، تا ئەو ئاکارانە نەبن بە (مەلەکە) بۆی. ئەمەش لە رێگەی پرۆسەیەکەوە دەبێت کە سێ قۆناغە: وەرگرتن، گۆڕین و ئەزموون کردن، بەخشینی بەرهەم، و تەنها لە قۆناغی سێهەمدا مرۆڤ دەبێتە خاوەنی مەلەکە و ئەو ئاکارانە دەبنە خەسڵەت و سیفات بۆی. لەم رێگەیەشدا کە مرۆڤ دەیگرێتە بەر، (خۆڕاهێنان) و (دوبارەکردنەوە)، وەك دوو هۆکار سوودیان لێ دەبینرێت، بۆ دروستبوون و جێگیر بوونی مەلەکە و سیفاتە جوانەکان لە دەروندا.

٥- مامۆستا ناصر هەڵسەنگاندنی بۆ تەسەوف و زانستی تەزکیە بە شێوەی سەربەخۆ نەکردووە، بەڵام لە نێو بابەتەکانیدا ئاماژەی بۆ هەندێک خاڵی ئیجابی و سلبی کردووە. وادیارە بە گشتی سوودمەند بووە لە بەشە کردەیەکەی تەسەوف، بەڵام بەشە تیۆریەکەی زۆر بەلاوە پەسەند نەبووە، و وەك زۆربەی ئەهلی سوننەت ئەو بەشەی تەسەوفی وەك شتێکی بێ سوود سەیر کردووە. رێبازی ئەو، جەختکردنەوە بووە لە رێبازی قورئان لە تەزکیەی نەفسدا.

٦- لە لایەکی دیکەوە مامۆستا ناصر لە نێوان بابەتی تەزکیەی نەفس و لەمپەرەکانی ئەم سەردەمەدا هیچ پەیوەندیەکی باس نەکردووە، هەروەها هیچ بەراوردێك لە نێوان کۆن و نوێی مرۆڤایەتی لە پەیوەندی بە بابەتی ئیمان و تەزکیەوە ئەنجام نادات، کارەکەی ئەو لەم بوارەدا وەك زۆربەی کارە زانستیەکانی دیکەی، تەحقیق و توێژینەوەیەکی وردە لە کلتوری ئیسلامیدا بە گەڕانەوە بۆ قورئان و خستنە رووی بەرەنجامی ئەو توێژینەوەیە، نەك درێژەی توێژینەوەکە، لێرەشدا هەست بەوە دەکرێت کە مامۆستا زۆرتر بەو بارەدا کەوتووە زانستی کردەیی و بەسوود و دەرمانی پێشکەش بکات، نەك تەنها شتانێکی تیۆری کە بەرەنجامە کردەیەکەی دیار نیە. ئەمەش لەو هەناسە بانگخوازیەوە سەرچاوەی گرتووە کە باڵی بە سەر سەرجەم بەرهەمەکانیدا کێشاوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەكان:


١). لسان العرب، ابن منظور الإفريقي، دار صادر –بيروت، الطبعة الثالثة (١٤/٣٥٨).

٢). المفردات في غريب القرآن، الراغب الأصفهاني، تحقيق: صفوان عدنان الدوادي، دارالقلم الدار الشامية –دمشق بيروت، الطبعة الأولى. (١/٣٨١).

٣). أصول التربية الإسلامية و اساليبها في البيت و المدرسة والمجتمع، عبدالرحمن النحلاوي، دار الفكر، الطبعة ٢٥ لسنة ٢٠٠٧، ص: ١٣٩.

٤). منطلقات طالب العلم، أبو العلاء محمد بن حسين السلفي المصري، المكتبة الإسلامية- القاهرة، الطبعة الثانية، سنة ٢٠٠٢. ص: ١٧٢.

٥). وتارەكانی تەزكیە بە زمانی فارسی. كاسێتی یەكەم.

٦). بانگەواز و قۆناغەكانی بانگەوازكردن، مامۆستا ناصری سوبحانی، ئا: ئارام محەمەد و سەروەت عەبدوڵڵا، چاپی یەكەم ٢٠١١، لل ٧٥ و ١٥٤.

٧). هەمان سەرچاوە، ل ٨٥.

٨). هەمان سەرچاوە. هەروەها وتارەكانی تەزكیە بە زمانی فارسی. كاسێتی یەكەم.

٩). محاضرات في التزكية، (باللغة العربية) الأستاذ ناصر سبحاني، الشريط الأول.

١٠). بانگەواز بانگەواز و قۆناغەكانی بانگەوازكردن، سەرچاوەی پێشووتر. ل١٥٤.

١ ). المفردات في غريب القرآن (ص: ٣٦٩).

٢ ). لسان العرب، (٦/٢٣٣).

١٣). خەلقی ئادەم، مامۆستا ناصری سوبحانی، دەزگای بەرهەم بۆ بڵاوكردنەوەی بەرهەمەكانی سوبحانی، چاپی یەكەم، ٢٠١٢، ل ١١٣. هەروەها: وتارەكانی تەزكیە بە زمانی فارسی، كاسێتی یەكەم.

١٤). سەرچاوەكانی پێشوو: بانگەواز و قۆناغەكانی بانگەوازكردن، ل١٤ و ١٣٦، و هەروەها وتارەكانی تەزكیە بە زمانی فارسی.

١٥). سەرچاوەكانی پێشوو: وتارەكانی تەزكیە بە زمانی فارسی. كاسێتی یەكەم، هەروەها محاضرات في التزكية، (باللغة العربية) ناصر سبحاني. الشريط الأول.

٦ ). وتارەكانی تەزكیە بە فارسی و عەرەبی، كاسێتی یەكەم. هەروەها خوادناسی، ناصری سوبحانی، ئا: ئارام محەمەد -ئیسماعیل باقی، چاپی یەكەم ٢٠١١، ل٧٢.

١٧). هەمان سەرچاوە.

١٨). محاضرات في التزكية باللغة العربية، للأستاذ ناصر سبحاني. الشريط الأول.

١٩). هەمان سەرچاوە.

٢٠). وتارەكانی مامۆستا ناصر تایبەت بە رۆژوو، بە زمانی كوردی، كاسێتی یەكەم.

٢١). هەمان سەرچاوە.

٢٢). سیستمی سیاسی ئیسلام، مامۆستا ناصری سوبحانی، دەزگای (بەرهەم) بۆ بڵاوكردنەوەی بەرهەمەكانی سوبحانی، چاپی یەكەم، ساڵی ٢٠١٤. ل ٣٩٦.

٢٣). سورەتی( البقرة)، ئایەتی (١٢٩).

٢٤). سورەتی (الجمعة) ئایەتی (٢).

٢٥). سیستمی سیاسی ئیسلام، هەمان سەرچاوە، لل ٣٩٦- ٣٩٧.

٢٦). هەمان سەرچاوە، ل٣٩٧. لێرەدا مامۆستا ئاماژە بە بابەتێکی گرنگ دەکات کە مەعنەویەتگەراکان زۆر باسی دەکەن، ئەویش بریتیە لە گرنگی مەعنەویەت بۆ مرۆڤ لە سەردەمێکدا کە بەهۆی زانستەوە زۆر دەسەڵاتدار بووە و توانای ئازار گەیاندنی بە دەوروبەری زۆرتر بووە، بۆ درێژەی ئەم بابەتە و وەك نمونە خوێنەر دەتوانێت بڕوانێتەکتێبی (العقلانیة و المعنویة) لە نووسینی: (د. مصطفى ملكيان).

٢٧). سەرچاوەکانی پێشوو: وتارەکانی تەزکیە بە زمانی فارسی. کاسێتی یەکەم، هەروەها محاضرات في التزكية، (باللغة العربية) ناصر سبحاني. الشريط الأول.

٢٨). بەندایەتی، مامۆستا ناصری سوبحانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٦. ل٤٨.

٢٩). سەرچاوەکانی پێشوو: وتارەکانی تەزکیە بە زمانی فارسی. کاسێتی یەکەم.

٣٠). بۆ نمونە وتارەکانی (قتال) کاسێتی یەکەم، هەروەها دەستنوسی پێشەکیەك بۆ تەفسیری قورئان لەگەڵ پوختەی تەفسیری سورەتی فاتحە تا سورەتی یونس، بە زمانی فارسی، لل ١و٢، هەروەها بە دوور و درێژی ئەم بابەتەی لە کتێبی (خەلقی ئادەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، لل ١١٨- ١٢٧) باسکردووە.

٣١). بەندایەتی، مامۆستا ناصری سوبحانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٦. ل٤٣.

٣٢). سەرچاوەی پێشوو: وتارەکانی تەزکیە بە زمانی فارسی. کاسێتی یەکەم.

٣٣). سەرچاوەی پێشوو: بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەوازکردن، ل٢٠.

٣٤). هەمان سەرچاوە، ل ١٤.

٣٥). سەرچاوەی پێشوو: وتارەکانی تەزکیە بە زمانی فارسی. کاسێتی یەکەم.

٣٦). آينه جان، آرش نراقي، نشر نگاه معاصر، چاپ دوم، سال ١٣٩٠هـ ش، ص: ١٤٥. دیارە پلەی( فقر) کە لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا هەیە، جیاوازە لەم بابەتەی کە مامۆستا ناصر، باسی دەکات، چونکە مامۆستا باسی رێسا و بنەمایەکی گشتی دەکات کە سەرجەم بونەوەران دەگرێتەوە، بەڵام پلەی (فقر) لە عیرفاندا بابەتێکی سلوکیە و یەکێکە لە مەنزڵەکان.

٣٧). درێژەی ئەم بابەتەی لەم سەرچاوانەدا باسکردووە: وتارەکانی تەزکیە بە هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی، کاسێتی یەکەم، هەروەها بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەواز، لل ٨٥-٩٤ و ١٤٨- ١٥٧، هەروەها (رسالة في علوم الحديث) صص ١٢- ١٩.

٣٨). محاضرات في التزكية باللغة العربية، للأستاذ ناصر سبحاني. الشريط الأول.

٣٩). خوداناسی، ناصری سوبحانی، ئا: ئارام محەمەد- ئیسماعیل باقی، ل٢٤١.

٤٠). بڕوانە: بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەواز، ل ١٥٥ و دواتر، هەروەها وتارەکانی تەزکیە بە زمانی فارسی، کاسێتی یەکەم.

٤١). ئاماژەیە بە ئایەتی (فلا أقسم بالنفس اللوامة). سورەتی (القيامة) ئایەتی (٢).

٤٢). ئاماژەیە بە ئایەتی (يا أيتها النفس

المطمئنة..). سورەتی (الفجر) ئایەتی (٢٧).

٤٣). ئاماژەیە بە ئایەتی (و السابقون السابقون أولئك المقربون). سورتی (الواقعة) ئایەتی (١٠-١١).

٤٤). سەرچاوەی پێشوو: بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەوازکردن، لل ٩٤- ٩٥.

٤٥). ئاماژەیە بە ئایەتی (و ما أبريء نفسي إن النفس لأمارة بالسوء). سورەتی (یوسف) ئایەتی (٥٣).

٤٦). سەرچاوەکانی پێشوو: وتارەکانی تەزکیة بە فارسی و عەرەبی، کاسێتی یەکەم. بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەوازکردن، لل٩٦- ٩٧.

٤٧). بەشێك لە وتاری مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین لە کۆنفراسی زانستی ناصری سوبحانی کە لە رۆژانی ٢٨ و٢٩ /٢٠١٥/٣ لە سلێمانی گرێدرا. مامۆستا سەلاحەدین یەکێك بووە لە هاورێ نزیکەکانی مامۆستا ناصر و وەك شایەتحاڵێك ئەوەی وتووە.

٤٨). سەرچاوەی پێشوو: بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەوازکردن، ل٩٤.

٤٩). هەمان سەرچاوە، لل ٩٠ -٩١.

٥٠). هەمان سەرچاوە، لل ٩٩ و ١٠٠.

٥١). سەرچاوەکانی پێشوو: خوداناسی، ناصری سوبحانی... و هەروەها (کتێبی بەندایەتی، مونازەرەی عیلمی -تۆماری دەنگی، رسالەی آلام... و هتد).

٥٢). سورەتی (التوبة) ئایەتی (١٢٢).

٥٣). سەرچاوەی پێشوو: بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەوازکردن، ل٩٢ -٩٤.

٥٤). هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩٧.

**مامۆستا ناصر بڕوای وایە هەر مەقام و مەلەکەیەك لە ئیمان و تەقوا و تەوەکول و ئارامگرتن و هتد...، پلەی جیاوازی هەیە، بۆ نمونە: ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە خاوەنی نەفسی ئارامگرتوو (مطمئنە) ن، هەزار کەس بن، نزمترینیان لە رووی پلەوە ئەوەیە کە دەکەوێتە سەرووی دوایین پلە لە پلەکانی نەفسی سەرزەنشتکار (لوامە)وە، ئەوانی دیکەش هەریەك لە پلەیەکدان. کەواتە پلەکانی ئیمان کۆتایی نیە و سلوکی بەرەو خودا چوون دوایی نایەت.**



موسعەب ئەدهەم

# مەرگناسی، دەروازەی ژیاننناسی

**پێش باس:**

بە بۆچوونی ئەو کەسانەی کاریان لە مێژووی ئەندیشە و فەلسەفەدا کردووە، پێیان وایە هیچ شتێك بە ئەندازەی چەمکی (مەرگ) و (عیشق) قسەیان لەبارەوە نەکراوە، بە بڕوای فەیلەسوفێکیش زۆرترین چەمکێک بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی قسەیان لەبارەوە کرا بێت و جێگەی باسی مرۆڤەکان بووبن، بریتین لە چەمکەکانی (خودا) و (مەرگ) و (عیشق). ئیدی لێرەوە سەدەها و هەزاران کتێب و نووسراو و وتار و بۆچوونی جیاواز و فرەجۆر لەمەڕ ئەم چەمکانە و روانینی مرۆڤەکان بۆیان هاتۆتەکایەوە.

کەواتە (مەرگ) ئەو چەمك و دیاردەیەیە زۆر قسەی هەڵگرتووە و گەلێک قسەی دیکەی هەڵدەگرێت. ئەوە دەهێنێت مرۆڤ بە درێژایی تەمەنی بیری لێبکاتەوە و لێی رابمێنێت، بەجۆریك دەشێت لە ڕێگای مەرگ و روانینی مرۆڤەکانەوە بۆ ئەم چەمکە و ئەو دیاردە و رووداوەی بەسەر هەمواندا دێت مێژووی مرۆڤایەتی بخوێنینەوە، ئەویش تەنها بە وردبوونەوەیەکی خێرا بەناو شارستانیەتیەکاندا ئەم بابەتە بە روونی نومایان دەبێت، بە نیگایەکی خێرا بۆ شارستانیەتێکی وەکو شارستانیەتی دێرینی (میسر) و شارستانیەتی (یۆنان) دەردەکەوێت، ئەوەی یەکەمیان باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن و مەرگ هەبووە و مۆمیاکردنی جەستە مردووەکانیان و گواستنەوەیان بۆ رۆژئاوای وڵات ئاماژەی ئەم باوەڕەیە، بەڵام لە دووەمیاندا لەبەرنەبوونی باوەڕی بە ژیانی پاش مەرگ و مردن، دیاردەیەکی لەمجۆرە بەدی ناکرێت (١).

تەنانەت هەندێك فەیلەسوف و بیرمەند ژیانی خۆیان بۆ قسەکردن و وردبوونەوە لەم رووداوە حەتمیەی ژیانی هەریەکەمان داناوە. بیهۆ نیە کتێبە پیرۆزە ئاسمانیەکان هێندە و بەو فراوانیە لەبارەیەوە باسیان

کردووە، تۆ سەیری کتێبێکی پیرۆزی وەکو قورئان بکە، مەرگ و بابەتی مەرگ و بەڵکو پێشاندانی مەرگ، بەشێکی بنەڕەتی و سەنتەری ئەم کتێبە پیرۆزەیە.

سەردەمی نوێ گەلێک شتی هێنایە کایەوە و گەلێک شتانی تری پیچەوانە کردەوە، یاخود هەندێک بابەت پێشتر و لە سەردەمی پێش مۆدیرنەدا سەنتەری و گرنگ بوون، لە ئێستادا فەرامۆشکراون و لە بیر و زەینی مرۆڤەکاندا کاڵ بوونەتەوە. تەنانەت وتراوە یەکێک لە جیاکەرەوەکانی مرۆڤی نوێ لەگەڵ مرۆڤی پێش ئیمە بریتیە لە روانینمان بۆ مەرگ، بە جۆریك، مرۆڤی پێش ئێمە دەیویست بمرێت، بەڵام نەیدەزانی کەی دەمرێت چۆن دەمرێت، بابەتی نووسینی وەسێتنامە دەکرێتە بەڵگەی ئەم وتەیە، بەڵام مرۆڤی نوێ دەزانێت دەمرێت، بەڵام نایەوێت. وەك ئەوەی لە زانستی پزیشکیدا کات دادەنرێت بۆ نەخۆشەکان و دیاریکردنی کاتی مردنیان، بەڵام خۆی لەقەرەی باسی و بابەتی مردن و مەرگ نادات. لێرەدا لە پای راستبوون و هەڵەبوونی سەردەمی ئێستا یان کۆندا نین، هێندەی دەمانەوێت لە رێگەی یەکێک لە گرنگترین بابەتە وجودیەکانی مرۆڤەوە بچینەوە نیو ژیانناسی ، پەنجەرەیەکی داخراو بکەینەوە بە رووی ژیانناسی و لەوێشەوە ناسینی خودی خۆمان، ئەو بابەتەش بابەتی مەرگ و مردنە.

ئەگەر لەم سەردەمەدا ژیان ناشیرین و تاڵ بوو بێت، مرۆڤەکان پەنا بە خۆکوشتن و لەناوبردنی خودی خۆیان بەرن کە ئەمە کەمتر لە سەردەمەکانی پێشوودا بینراوە، ئەوا بە باوەڕی بیرمەندانی سەردەمی نوێ، ئەوە ژیان بێ رۆح

**ئەگەر لەم سەردەمەدا ژیان ناشیرین و تاڵ بوو بێت،ئەوە ژیان بێ رۆح و بێبەها نەبووە، بەڵکو ئەوە مەرگ و مردن بەهای نەماوە.**

و بێبەها نەبووە، بەڵکو ئەوە مەرگ و مردن بەهای نەماوە، بۆیە بە بەهادارکردنی مەرگ و گێڕانەوەی نرخ و بەها بۆی، پێش هەموو شتێک گیرانەوەی نرخ و رێزە بۆ مرۆڤ خۆی و جارێکی تر ناسینی خۆی و جیهانە مەزنەکەی و گێڕانەوەی حورمەت و رێز و قەدرە بۆ ئەم بوونەوەرە مەزنە و سەرداری بوونەوەران و قەدرزانینی گرانبەهاترین و سەرمایەترین سەرمایەی کە تەمەن و ژیانیەتی، لەوێشەوە ناسینی باشتری ژیان و ژیانناسی، بۆیە لای گەلێک لە عاریفان و مەعنەویەتگەراکانی مرۆڤایەتی، رێگای ناسینیئەوە ژیان بێ رخ و بێبەها نەبووە، بەڵکو ئەوە مەرگ و مردن بەهای نەماوە، ژیانیش لە ناسینی مەرگ و مردنەوە دەست پێدەکات.

دەوترێت سەردەمی نوێ نەك هەر باس لە بابەتی مەرگ ناکات، بەڵکو و بە بۆچوونی هەندێك بیریار باسکردن لەم بابەتە خۆ فریودان و خۆسەرقاڵکردنە بە شتێکەوە کە شتێکی راستەقینە نیە و جۆریك لە جۆرەکانی بوونی نیە، بۆیە دەبێت خۆمان لە باسکردنی

**لەڕاستیدا باسكردن لە مەرگ نەك هەر نەخۆشی دەروونی نیە، بەڵكو مەرگ شتێكی راستەقینە و حەتمیەتی ژیانی هەر زیندەوەرێكە و ساتێك لە ساتەكان دێت و لەگەڵ خۆیدا دەمانبات، بۆیە خۆ لادان لێی، خۆلادانە لە شتێكی راستەقینە.**

لابدەین و تەنانەت دەروونناسیكی گەورەی وەك (فرۆید) باوەڕی وایە باسكردن لە مەرگ و بیركردنەوە لێی بەهۆی نەخۆشی دەروونیەوەیە، و ئەو كەسەی كە ساغ و سەلامەتە لە رووی دەروونیەوە، بیر لە مەرگ ناكاتەوە(٢).

بەڵام چەندین فەیلەسوف و عاریف و ئیلاهیزانی گەورە و مەزن باسیان لە بابەتی مەرگ كردووە، هەرچەندە (فرۆید) بە یەكەم كەس دادەنرێت بابەتی مەرگی خستە نێو دەروونناسیەوە، بەڵام روانینی سەلبی و نەرێنی بۆ ئەم بابەتە هەبوو. دیارە بەڵگەی خۆی هەبوو بۆ ئەم وتەیەی خۆی كە لێرەدا جێگای ئەوە نیە باسیان لێوە بكەین، لەدوای خۆیشیەوە راستەوخۆ لە لایەن كچەكە و قوتابیەكانیەوە رەخنەی لێگیرا. تەنانەت بزوتنەوەیەك دروستبوو پاش دەركەوتن و بڵاوبوونەوەی دەروونناسی بەناوبانگ (ئێرنست بێكر) كە پێی دەوترێت بزوتنەوەی (ئاگایی لە مەرگ)، ئەو باوەڕی وایە لە سەردەمی پێشوودا ترس لە مەرگ كەمتر بوو، تاكو سەردەمی نوێ ئەمەش لەبەرئەوە بوو زیاتر باس دەكرا و لە هەموو لایەكەوە باسی مەرگ دەباری، بەڵام لەم سەردەمەدا بۆیە خۆمان لە قەرەی بابەتی مەرگ نادەین، بۆیە زیدەتر لێی دەترسین، هەروەها دەڵێت، باشترین شاكارە ئەدەبییەكانی جیهان، دەربارەی مەرگ و مردنن، لە كاتێكدا ئێمە ئەم شاكارانەمان لە كتێبەكانی خوێندن و وانەكاندا نەهێشت و لە جیاتی ئەمەش شاكارەكانی عیشق و ژیان و ئومێدمان خستە جێگەیانەوە، ئەمەش ترس لە مەرگی لە ئێمەدا زیاتر و زیاتر كردووە و مەرگمان بایكۆت كردووە(٣).

لەڕاستیدا باسكردن لە مەرگ نەك هەر نەخۆشی دەروونی نیە، بەڵكو مەرگ شتێكی راستەقینە و حەتمیەتی ژیانی هەر زیندەوەرێكە و ساتێك لە ساتەكان دێت و لەگەڵ خۆیدا دەمانبات، بۆیە خۆ لادان لێی، خۆلادانە لە شتێكی راستەقینە و دیاردەیەكی گرنگ و حەتمی ئێمەی مرۆڤیش، هەر بۆیە مرۆڤی ژیر و وریا و ژیانناسی وردیش خۆی لە بابەتێك نادزێتەوە كە راستەقینە و واقیعیە، نەك هەر ئەوەش، بەڵكو واقیعیترین واقیعیەتەكان و بەڵگەنەویسترینیانە.

ئەگەر گوتەكانی (بێكر) بە هەند وەربگرین، دەشێت بڵێین مرۆڤەكان جەخت لەسەر سێ بابەت بكەنەوە و سێ بابەت جێگەی گرنگیان بێت، ئەوانیش:

دەبێت لە پێوەری ترس لە مەرگ تێبگەین و بزانین ئامادەیی ترس لە مەرگ لە مرۆڤەكاندا چەندە؟.

دۆزینەوەی هۆكاری ترس لە مەرگ، لە رێگەی لێكۆڵینەوەی دەروونناسیەوە تێبگەین، بۆچی مرۆڤ لە مەرگ دەترسێت؟.

كەمكردنەوەی ترس لە مەرگ، دەبێت بزانین چ

شتانێك دەبنە هۆی ئەوەی لە مەرگ نەترسین؟.

## مەرگ چیە؟

دیوی دووەمی ژیان مەرگە، بە مانایەکی تر، هەموو زیندەوەران کاتێک دەژین و ژیانیان هەیە، مانای وایە رۆژێکیش دێت دەمرن، ئەویش بەکۆتایی هێنانی ئەو ژیانەی کە لەم سەرزەویەدا دەیکات، ئیدی چەندین ساڵ بێت، یاخود چەند ساتێک بێت. بۆیە بە هەبوونی ژیان، بەدڵنیاییەوە مەرگیش بوونی هەیە، بەڵام کاتی روودانی دیار نیە، کەواتە مەگەر شتێک نیە رووبدات، بەڵکو لەگەڵ خودی ژیان و لەناو ژیاندایە. بۆیە وەك بیرمەندان و فەیلەسوفان دەڵین، هیچ شتێک هێندەی ژیان دژەکەی خۆی هەڵنەگرتووە، هەر ئەو کاتەی ئێمە دەژین، ساتێکیش لە مەرگ و مردن نزیك دەبینەوە، هەر ساتێکیش زیاتر بژین، ساتێک زیاتر لە مەرگ نزیکبووینەتەوە.

کەواتە، **یەکەم:** مردن خاڵی وەرچەرخان نیە لە ژیانی مرۆڤدا.

**دووەم:** مردن بابەتێکە بە ستوونی لەگەڵ ژیاندا کەوتووە، نەك بە ئاسۆیی، واتە مردن ساتێک نیە ئێمە پێی بگەین، بەڵکو لە پشت ئێمە و ئەو دیومانەوەیە و لەگەڵ هەموو چرکەیەکماندایە. ئەگەر کات دیوی ئەودیوی ئێمە بێت، ئەوا هەر چرکەیەك لەو کات و زەمەنە، مەحکومە بە مەرگ(٤).

"رێلکە" شاعیری بەناوبانگی فەرەنسی، وێنایەکی لەمجۆرەی بەرامبەر مەرگ دەربڕیوە: "لە سکی ژنی سکپڕدا، لە پشت روخساری ماندوو و میهرەبانیەوە، دوو میوە شەرەفی دروست بوون و پێکهاتنیان هەیە: یەکێکیان مەرگ و ئەوی دیکە ژیان"(٥).

(داریوش شایگان) فەیلەسوفی ناودار بۆچوونی وایە، کە مەرگ بەشێکە لە ژیان، مەرگ و ژیانی جووتی یەکترن و هەر ساتی پێخستنە نێو ژیانەوە، مەرگ دەست پێدەکات. لە راستیدا هەر رۆژێك کە زیندووین، رۆژێکمان لە مەرگ دزیوە، ساتی گەنجی و لاوی، هەرگیز بیر لە مەرگ ناکەیتەوە، وا بیردەکەیتەوە تاکو هەتایە بوونت هەیە، کە پێیەکانت دەخەیتە ناو تەمەنی پیریەوە، دەرکی مەرگ دەکەیت و لێی تێدەگەیت(٦).

## حەقیقەتی مەرگ:

گەر ئێمەی مرۆڤ گومانمان بەرامبەر بە گەلێک لە شتەکان هەبێت و بە گومانەوە لێیان بڕوانین، ئەوا مەرگ حەقیقیترین و یەقینترینی ئەو گومانانەیە، بە مانایەکی دی، مەرگ و مردن ئەو شتەیە کە زۆر گومانمان لێی هەیە، لە کاتێکدا زۆر یەقینی و تەنانەت بە گوتەی فەیلەسوفەکان و زانایانی ئەندێشە یەقینترین یەقینەکان و حەقیقیترینی حەقیقەتەکانە.

لە نێو هەموو ئەو حەقیقەتانە لە مەرگ و مردندا هەن، سێ حەقیقەت باس دەکەین، ئەوانیش:

**یەکەم:** نەك تەنها هەمووان دەمرن، بەڵکو منیش بەشێکم لە هەمووان یان گشت (کل). بۆیە مەرگ بەشێکی دانەبڕوا جیاواز و جیا نیە لە من و تەنها بە ئەوانیترەوە نیە و لە ئەواندا روونادات، بەڵکو منیش وەکو تاکێک و مرۆڤێك دەمرم و بەشێکی دانەبڕاو و جیانەبووی منیشە و ئەو رووداوەم بەسەر منیشدا دێت.

**دووەم:** مەرگ و مردن شتێکە ناتوانین لێی رابکەین و دەبێت قبوڵی بکەین، بەدڵنیاییەوە هەمووان

دەمرین و راکردن لەم رووەوە بوونی نیە و نابێت.

**سێیەم:** دەبێت بزانین دەشێت مەرگ هەر ساتێک دەتوانیت بێت و بگاتە لامان. کاتی مەرگ پێشتر دیاریکراو نیە، تەنانەت گەر دیاریکراویش بێت، ئێمە هیچ زانیاریەکمان لەبارەیەوە نیە. تاکو ئەو جێگەیەی بە ئاگاییمانەوە پەیوەستە، مومکینە مەرگمان لە هەر ساتێکدا بگات. رەنگە هیچ مرۆڤێك ئینکاری لە راستیەتی ئەم حەقیقەتانە نەکات و گومانی لە راستیان نەبێت، بەڵام کەمترینمان ئەم حەقیقەتانە بە هەند وەردەگرین و ژیانی راستەقینەمان لەسەر دەرککردنی بنەمای قووڵی ئەم حەقیقەتە بونیاد نابێت و ژیانمان لەسەر ئەم حەقیقەتە بەرەو پێشەوە بردبێت(٧).

## روانین بۆ مەرگ:

دەتوانین ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە مەرگەوە بۆ دوو دەستەی دەرەکی "objective" و ناوەکی "subjective" دابەشیان بکەین، ئەمەش بەو مانایەیە کۆمەڵیك لە بابەتەکان کە بە مەرگ و مردنەوە پەیوەستن، مەرگ بەناونیشانی دیاردەیەکی دەرەکی سەیر دەکەن و ئەمەش بە تەنها مرۆڤەوە پەیوەست نیە، بەڵکو لەمەدا ئاژەڵەکان و رووەکەکانیش هاوبەشن. کۆمەڵێکی تر لە بابەت و باسەکان تایبەتن بە مرۆڤەوە و لەوەی کە مرۆڤ تەنها بوونەوەرێکە لە مەرگی خۆی بەئاگایە و بیری لێدەکاتەوە، بەڵام بوونەوەرانی دیکە کە دەمرن، لە مەرگی خۆیان بێئاگان و لەمەڕ مەرگ و مردن ئاگاییان نیە و بیری لێ ناکەنەوە.

بابەتە دەرەکیەکان دەبن بە سێ بەشەوە و لەسێ کۆمەڵەی گشتیدا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لەمەڕ دەکرێت، ئەوانیش:

ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە پاش مەرگەوە هەیە، ئەوەی ئایا جیهانی پاش مەرگ بوونی هەیە؟ مرۆڤ گەر ئەم جەستەیەی نەبێت دەتوانێت بژی؟ و...هتد.

دەستەی دووەم مەرگ بەناونیشانی دیاردەیەکی دیار و بەرچاو سەیر دەکرێت، ئەو دیاردە و رووداوەی لە کۆتایی تەمەنی هەر بوونەوەرێکی زیندوودا روودەدات، کۆمەڵێک جێکەوت و نیشانەیەکی هەیە و لە زانستی پزیشکیدا توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت و باس لە چیەتی مەرگ دەکەن لەو رووەوە.

ئەو بابەتانەی باس لە مردن دەکەن، مەرگ جیاوازە لە مردن. مردن شتێکە بۆ هەر زیندوویەك لە هەر سات و کاتێک و هەر شوێنێکدا روودەدات و ساتێک ناوەستیت، تا ساتێک زیاتر بژین، زیاتریش لە مردن نزیکبووینەتەوە.

بەڵام بابەتە ناوەکیەکان یاخود روانینی ناوەکی بۆمەرگ دەبێت بە دوو بەشەوە:

**دەستەی یەکەم** بە مەرگئاگایی ناو دەبرێن.

**دەستەی دووەم:** بە مەرگئەندێش و بیرکردنەوە لە مەرگ ناودەبرین.

ئەگەر مرۆڤێك بەلایەنی کەمەوە ئاگایی لە یەکێک لەو سێ بابەتەی سەرەوە هەبێت، ئەوە پیی دەوترێت مەرگ ئاگا و ئاگابوون لە مەرگ، بەڵام ئەگەر تاکێک کەڵکەڵەی یەکێک لەو بابەتانەی هەبێت، ئەوە پێی دەوترێت مەرگ ئەندێش و بیرکەرەوەی لە مەرگ. بۆیە مومکینە کەسێك بەئاگا بێت لە مەرگ، بەڵام کەڵکەڵەی بیرکردنەوەی لە مەرگی نەبێت و مەرگ ئەندیش نەبێت(٨).

## مەرگ و نەمری:

هەرچەندە بابەتی نەمری شتێکە بە درێژایی تەمەنی پیری مێژووی مرۆڤایەتی جێگای گرنگیدان بووە و هەر جۆرێك بووە مرۆڤ ویستویەتی بە نەمری بمێنێتەوە، هەر لە مۆمیاکردنەوە تاکو دەگاتە گەڕان بەدوای شتێکەوە بەناوی ئاوی نەمری و لە سەردەمی نوێشدا دۆزینەوەی ئەو بۆ هێلانەی لەسەر شریتی ناوکە ترشی ناو خانەی مرۆڤەکان کە پەیوەندیان بە پیری و درێژکردنەوەی تەمەنەوە هەیە، بەمەبەستی دەستکاریکردنیان و مانەوەی مرۆڤ بەنەمری و یان بەلایەنی کەمەوە درێژکردنەوەی تەمەنی بۆ ماوەیەکی زێدەتر، باس لە چیرۆکی نەمری و جاویدان بوونە و لێرەدا بە خێرایی بەسەریدا رادەبوورێن، بەڵام بەگشتی مرۆڤەکان لە رێگەی سێ بابەت و دیاردەوە ویستوویانە بە نەمری بمێننەوە و جاویدان بن، ئەوانیش:

لە رێگەی منداڵ و وەچەکانیانەوە.

لە رێگەی کردارەکانیەوە، کاری چاك و بونیاتنانی شوینیك و ...هتد.

لە رێگەی بەرهەمە هونەریەکانەوە، وەك ئەدەبیات، تابلۆی هونەری و ...هتد(٩).

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە بۆچی ژیانی نەمر و هەمیشە ناکرێت هی مرۆڤ بێت، یان ژیانی نەمری، مرۆیی بێت؟ ژیانی مرۆیی بە سیفەتی -مرۆڤبوون- کام تایبەتمەندیە جیاکەرەوانەی هەیە کە بەهۆی نەهیشتنی و لابردنی مەرگ و مردنەوە، لەناو دەچێت؟ لەم رووەوە بۆچوونی زۆری جیاواز هەن، لێرەدا بە کورتی ئەو بۆچوونە جیاوازنە کورت و پوخت دەکەینەوە کە ئەمانەن:

ئەو کەسانەی باوەڕیان وایە، کاروبارەکان بە

**بیرمەندان و فەیلەسوفان دەڵین، هیچ شتێك هێندەی ژیان دژەکەی خۆی هەڵنەگرتووە، هەر ئەو کاتەی ئێمە دەژین، ساتێکیش لە مەرگ و مردن نزیك دەبینەوە، هەر ساتێکیش زیاتر بژین، ساتێك زیاتر لە مەرگ نزیکبووینەتەوە.**

سنووردرابوونیان دیاری دەکرێن و پێناسە دەکرێن، ئەگەر سنوور چوارچێوەکانی شتێک لابەرین، ئەو شتە نامێنێت. ژیانی مرۆڤیش بەو پییەی لەسەر کۆمەڵە سنوور و چوارچێوەیەك وەستاوە، ئەگەر سنوور و چوارچێوەکانی لابەرین، چیەتی "ماهیت"ەکەی ون دەبێت. ژیانی نەمریش بە مانایەك سنوورەکانی لەناو دەچن، کاتێک سنووری مەرگ نەمێنێت، ئەوەی دەمێنیتەوە ئیدی پەیوەندی بە (ژیانی مرۆیی)ەوە نامێنێت.

ئێمەی مرۆڤ خود ئاگا یان ناخود ئاگا، بەئاگاین، واتە دەزانین کە دەمرین. ئیمکانی مەرگ حەقیقەتێکی قەتعیە لە ژیانماند، مەرگ ئاگایی تەنهاوتەنها ئاگاداربوون نیە لە کۆتایی ژیان و ئاگابوون لە کۆتایی ژیانێکی دیاریکراو، بەڵکو شیوەیەکی تایبەت بە ژیانمان دەبەخشیت. ئەم ئاگاییە شێوە بە شتە گرنگ و بەهاکانی ژیانمانیشمان دەبەخشێت. بە گوتەی (هایدگەر) ئیمکانی ژیانێکی رەسەنمان بۆ فەراهەم دەکات، هەر لەبەرئەمە ئەو کەسانەی لە مەرگی خۆیان بێئاگان، دەرکێکی راست و

**زۆریك لە بەها باڵا و فراوانە ئەخلاقیەکانمان بە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ریسکی مەزنی مەرگ دروست دەبن، بۆ نموونە، ئەگەر مەترسی مەرگ نەبووایە، ئازایەتی بێمانا دەبوو.**

دروست و قوڵیان لە حەقیقەتی ژیان نیە، لە لایەکی ترەوە زۆریك لە بەها باڵا و فراوانە ئەخلاقیەکانمان بە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ریسکی مەزنی مەرگ دروست دەبن، بۆ نموونە، ئەگەر مەترسی مەرگ نەبووایە، ئازایەتی بێمانا دەبوو. کەواتە فەزیلەتێکی وەکو فەزیلەتی ئازایەتی لەم کاتەدا مانادار دەبێت و بوونی هەیە.

کەسانێکی تر باوەڕیان وایە لە راستیدا ژیان جۆرێك (ریوایەت)ە و، مانای ژیانیش لە دوو توێی ریوایەتێکەوە دروست دەبێت. ئەگەر ئێوە ژیان بە مانادار دەزانن، ئەوە لە راستیدا جۆرێك تایبەتمەندی ریوایەت و گێڕانەوەتان بە گریمانە داناوە، بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندیە بنەڕەتیەکانی گێڕانەوە ئەوەیە کە خاڵی کۆتایی هەیە. ئەمەش مانا بە ژیانی هەموو گێڕانەوەکە دەبەخشێت. ئەگەر کۆتاییەکەی وەلا بنێین و لابەرین، ئیدی بێمانا دەبێت، لە راستیدا ژیانی مرۆڤیش بە لابردنی کۆتاییەکەی بێمانا دەبێت و بە کۆمەڵە رووداوێکی بێواتا و لەخۆوە دەگۆڕێت.

وێناکردنی ژیانێکی کۆتا نەهاتوو لە تەواوکاریەکەیدا، نامومکینە، چونکە هیچ رێگەیەك بۆ بەراوردکردن و پێوانەکردنی لەگەڵ ژیانێکی کۆتاهاتوودا بوونی نیە.

(بێرنارد ڤیلیامز) فەیلەسوفی دیاری ئەمریکی باوەڕی وایە خواستنی نەمری و جاویدانی لەگەڵ سێ قەیراندا رووبەڕووە، ئەوانیش، قەیرانی شوناسی تاکەکەسی، قەیرانی شونایی گشتی و کۆیی و نەمانی سەرنج راکیشی و جوانی ژیان(١٠).

**ترس لە مەرگ:**

لە نێو هەموو ئەو ترسانەی لە ژیاندا دەوری مرۆڤیان داوە، بەهێزترین و گەورەترینیان ترس بووە لە مەرگ و مردن.

یەکێک لەو کتێبانە کتێبی مەرگی (ئیڤان ئیلیچ)ی (تۆلستۆ)ی بوو. (ئیڤان) لەم کتێبەدا خەریکە دەمرێت و لە بیری ئەوەدایە ئێستا کە کە خەریکە دەمرێت، لە ژیاندا چی کردوە. پەیامەکەی ئەوەیە کە رەنگە ناگونجاوی لە نێوان ژیان و مەرگدا ببێتە هۆی ئەوەی لە کاتی مەرگدا هەست بە غوبن بکەین. ئەو شێوەیەش کە (رێلکە) لە رووبەڕوونەوەی لەگەڵ مەرگدا باسی دەکات و رووبەڕووی دەبێتەوە، دەتوانین بە قارەمانێتی ناوی ببەین. مرۆڤێك کە بە خستنەڕووی بەردەوامی بابەتەکان و دڵەڕاوکێکان و کێشەکان، هۆشیاریەکەی دەگەیەنێتە ئاستی شێتی و رەسەنێتی و راستگۆیی خۆی تاکو ئاستی جۆریك لە نەخۆشی و شێوە نەخۆشی دەگەیەنێت...

(رێلکە) لە دیوانە شیعریەکەیدا دەڵێت: "خودایا مەرگی رەسەن بە هەموو کەسێك ببەخشە، مەرگێك سازگار لەگەڵ ژیانی". واتە

مەرگی هەرکەسێك بە جوانی ژیانی بێت. ئەمە باشترین ئارەزوویەکە کە دەتوانرێت هەبێت(١١).

## چۆن لە مەرگ نەترسین؟

ئەگەر یەکێک لە دیارترین ئەو ترسانەی دەوری مرۆڤیان دابێت و ژیانیان تەنی بێت لە نێوان هەموو جۆرەکانی ترسدا، ترس مەرگ بێت ، ئەوا ئایینەکان و عاریفان و مەعنەویەتگەرایان و بیرمەندانی و مرۆڤە ئەخلاقیەکان، کۆمەڵێك خاڵی گرنگیان باس کردووە کە دەشێت بە یاسا و ڕێسای ئاڵتونی ناوزەدیان بکەین، بۆ ئەوەی ئێمە ئەو ترسەمان نەمێنێت، یان بەلایەنی کەمەوە کەم و کاڵ ببێتەوە، ئەو یاسا و ڕێسا ئەخلاقی و مەعنەویانەش دەشێت زۆر بە کورتی ئاماژەیان پێبکەین کە ئەمانەن:

**یەکەم:** پەیوەست نەبوون و دڵوابەستەنەبوون بە شتانێکەوە کە ترسی لە دەستدانتان هەبێت، چونکە مەرگ دەبێتە هۆی دوورخستنەوەمان لەو شتانەی پێیانەوە پەیوەستین و دڵیان پێوە دەبەستین. واتە بە جۆریك بژین دڵ بە شتەکانەوە پەیوەست نەکەین. ئەمە بۆچوونی، عاریفی مەزن (مەولانای ڕۆمی)یە.

**دووەم:** بەجۆریك سوود لە تەمەنی خۆتان وەربگرن، کە لە کاتی مەرگ و مردندا هیچ بواریك بۆخۆشکردن و چاکەکردن نەمابێتەوە. بەڵام ئەگەر بواری ئەوە مابێتەوە کە خۆشیەك بکەیت، یان چاکەیەك بکەیت، ئەوا ترس لە مەرگت بۆ دروست دەبێت. بۆچوونی دەروونناسی دیاری ئەمریکی، (ڕۆلۆمی)ە. هەرچەندە کەسێکی وەکو (ئیمامی غەزالی) بۆچوونی پێچەوانەی هەیە و باوەڕی وایە مرۆڤ نابێت زۆر چێژ لە شتەکان وەرگرێت بۆ ئەوەی پێیانەوە پەیوەست نەبێت و لە لەدەستدانیان ترس و غەمی بۆ دروست نەبێت.

**سێیەم:** دوورکەوتنەوە لە سەرسوڕمان بە خود، هەرچەندە ئەم سیفەتە خراپە لە خۆماندا زیاد بکەین، ئەوە ترس لە مەرگ تیاماندا زۆرتر دەبێت، بۆیە دەبێت هەرچی زیاترە بەها و نرخ بە ئەوانی تر ببەخشین و خۆمان وەکو ئەوانی تر و تەنانەت کەمتر لە مرۆڤەکانی تر بزانین.

**چوارەم:** بەرگەگرتنی ڕەنج و ئازار، (مەولانا) پیمان دەڵیت، ڕەنج و ئازار پارچەیەکە لە مەرگ، ئەگەر ئێوە لەگەڵ پارچە پارچەی مەرگدا ئاشتی بکەن، ئەوا لەگەڵ هەموو پارچەکاندا کە ناوی "مەرگ"ە ئاشت دەبنەوە و ئاشتی دەکەن. بۆیە لێرەدا مەرگ ڕووداوێك نیە لە کۆتایی ژیاندا ڕوودەدات، بەڵکو و هەر ڕەنج و ئازارێك کە بۆمان دێتە پێشەوە، بەشێک لە مەرگ دەبێت.

**پێنجەم:** ژیانی ئەخلاقی، جارێکی دی (مەولانا) پێمان دەڵێت، تاکو زێدەتر ئەخلاقیانە بژین، ترسمان لە مەرگیش کەمتر دەبێتەوە. ئەگەر هەر کارێك ڕاست و دروستە ئەنجامی بدەن و هەر کارێکی خراپ و نادروست ئەنجام نەدەن، ئەو کاتە ڕوخسار و ڕووتان جوان جیلوە دەکات و نومایان دەبێت و لە خۆتان ناترسن و بەدوای ئەویشدا لە مەرگ و مردن ناترسن.

**شەشەم:** گۆڕینی زانینەکان بە کردەوە، تاکو ئەو کاتەی نەزانینەکانمان بە زانین دەگۆڕین، نەزانینەکان بە کردەوە بگۆڕین، ترسمان لە مەرگ زیاتر دەبێت، عاریفێکی وەکو (مەولانای ڕۆمی) باوەڕی وابوو کاتێک زانینەکانمان بە کردار دەگۆڕین، ترسمان لە مەرگ نابێت.

**حەوتەم:** عیشق بە خودا، تاکو عیشق لە دڵماندا بەرامبەر بە خوا زیاتر بێت و —نەک تەنها باوەڕبوون بە خودا- ئەوا ترسیشمان لە مەرگ کەمتر دەبێتەوە.

**هەشتەم:** باوەڕبوون بە جیهانێکی تر، باوەڕبوون بە جیهانیکی دی، ترس لە مەرگمان کەمتر دەبێتەوە.

**نۆیەم:** تاکو باسی مەرگ زیاتر بێت، ترسمان لە مەرگیش کەمتر دەبێتەوە، بە پێچەوانەی باوەڕی پێشووتری مرۆڤەکان کە پێیان وابوو نابێت باس لە مەرگ بکرێت، توێژینەوەی دەروونناسی نوێ ئەوەی دەرخستووە، باسکردنی هەر شتێک و مەرگیش یەکێک لەو باسانە، وا دەکات ترسمان لە مەرگ کەم ببێتەوە(١٢).

**ئەنجامگیری:**

ئەگەر مرۆڤایەتی بەهۆی سەردەمی نوێوە بیر و زەینی بەلای چەندین بابەتدا گوزەر دەکات و بەتەنیشتیانەوە تێدەپەڕێت و گەلێك لە حەقیقەتەکانی نابینێت، یان لێیان ورد نابێتەوە، ئەوا مەرگ یەکێکە لە حەقیقەتیترینی ئەو حەقیقەتانە کە زەینی مرۆڤی ئەمڕۆ زۆر لێی وردنابێتەوە و بەرامبەری ناوەستێت، لە کاتێکدا مەرگ و مردن شتێک نیە لە دەرەوەی ئێمەوە، بەڵکو هەموو ساتێکی ژیانمان ساتێکی مردنیش لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و لەناو خودی خۆماندایە نەك لە دەرەوە. چونکە لە راستیدا ئێمەی مرۆڤی شاشەکان و بینەری رووکەشی گەلێك شتەکانی دونیا کە دەزانین، یان دەتوانین بزانین لە هەموو جیهاندا چ شتانێك دەگوزەرێت، بەڵام ئەمە لە دیوە رووکەش و دیارەکەیدا، تەنانەت دەزانین چەند کەس دەمرن و هۆکارەکانی مەرگ و مردن دەزانین، بەڵام مەرگ و مردن ناناسین، ئەمەش بۆ روانینی رووکەشی و دەرەکی ئێمە دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا دەبێت جارێکی دی روانینی خۆمان بۆ روانینێکی ناوەکیانەش بگۆڕین، لە دەرەوە نەوەستینەوە و بۆ ئەمەش جارێکی دی سەیری جیهانە ناوەکیەکەی خۆمان بکەین و ئەو شتانەی لە دەرەوەماندا روودەدەن، لە ناخ و جیهانی ناوەکیشماندا لێیان رامێنین، نەك هەر ئەوەش، بەڵکو هەست بە بوونیان بکەینەوە و بچینەوە حزوریان و ببینەوە مرۆڤیکی ناخ نشین، بە کۆمەڵە بەڵگەیەکیش باس لەوە کراوە کە ژیانی نەمری و جاویدانی ژیانێکی خوازراو نیە، لەبەرئەوەی ئێمە مرۆڤین و مرۆڤیش چوارچێوە و سنووری هەیە، هەر شتێکیش چوارچیوە و سنووری هەبێت، نەمر و جاویدان نابێت.

مەرگ تەنها رووداویك نیە بیزانین و پێمان وابێت لە کۆتایی تەمەنماندا روودەدات، بەڵکو و هەر ساتێکی ژیانمان، هەڵگری ساتێکی مەرگیشە و لەگەڵماندایە، ئیدی لێرەوە تاکو زیدەتر مەرگ بناسین، ژیانیشمان زیاتر ناسیوە، چونکە ژیانی ئێمە لەم دوو دیوە پێکهاتووە و دوو دیوە تەواوکارەکەی ئێمەن.

هەموو مرۆڤیك ترسی لە کۆمەڵە شتانێك هەیە، بەڵام لە نێو هەموویاندا ترس لە مەرگ و مردن و گەورەترینیشیانە، بۆیە، بە کۆمەڵە یاسا و رێسایەکی زیرین دەشێت ئەم ترسە کاڵ بکەینەوە.

دواخاڵ و کۆتا وتەش ئەوەیە، ئەم بابەتە درێژکراوە یان لەسەر نووسینی کۆرسیکی زیاتر (٥) کاتژمێر بوو لە ناوەندی (هەژان)ی هاوینی (٢٠١٧) و ئامانجی نەك جوانکردنی (مەرگ و مردن)ە، بەڵکو ناسینی (مەرگ)ە، (مەرگناسی)، (نەك

مـەرگ دۆسـتی)، بـۆ ئـەوەی لـە (مـەرگناسـی) شـەوە بـەرەو ژیانناسـی هەنـگاو هەڵگریـن.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان

– ———— –


١). فلسـفه المـوت، د. امـل مبروك.الناشـر: التنويـر للطباعـة والنشـر ، بيـروت، لبنـان ٢٠١١.

٢). مجموعـه مباحـث مـرگ، موسـتەفا مەلەکیـان، سـایتی موسـتەفا مەلەکیـان، ل٦.

٣). سـەرچاوەی پێشـوو ل٩.

٤). جوانیناسـی پەرسـتن، تەحسـین حەمەغەریـب، چـاپ و پەخشـی ڕێنمـا، چاپـی یەکـەم، ٢٠١٨، لاپەڕەکانی ١٤٩-١٥٠.

٥). بۆچـی تـرس لـە مـەرگ، نووسـینی، مهاتمـا گانـدی، و. موسـعەب ئەدهـەم، چـاپ و پەخشـی ڕێنمـا، چـاپ دووەم، ٢٠١٠.

٦). سـایتی فارسـی (صدانـت)، هەروەهـا ئـەم گفتوگۆیـە لـە (اندیشـەی پویـا) سـاڵی (١٣٩٣) بڵاوبۆتـەوە.

٧). ئەخـلاق و مەعنەوییـەت، کۆمەڵـە نووسـەر، و. موسـعەب، فاتیمـە ئەدهـەم، چاپـی یەکـەم، ٢٠١٣، ل١٢٥-١٢٦)

٨). مـرگ اندیشـی از گیـل گمیـش تـا کامـو، مهـدی کمپانـی زارع، نشـر نـگاه معاصـر، چـاپ اول، ١٣٩٠، ل٧-٨.

٩). مولانا و معنـای زندگـی، مهـدی کمپانـی زارع، نشـرنگاه معاصـر، چـاپ اول، ١٣٩.

١٠). سـایتی آرش نراقـی، وتـاری میتافیزیـك مـەرگ، بەشـی یەکـەم و دووەم، ٢٠١٨، ، هەروەهـا سـایتی (صدانـت).

١١). سـایتی فارسـی (صدانـت)، هەروەهـا ئـەم گفتوگۆیـە لە (ئەندیشەی پویا) ساڵی (١٣٩٣) بڵاوبۆتەوە.

١٢). مجموعـه مباحـث مـرگ، موسـتەفا مەلەکیان، سایتی موستەفامەلەکیان ل ١٥-١٧.


**تا باسی مەرگ زیاتر بێت، ترسمان لە مەرگیش کەمتر دەبێتەوە، بە پێچەوانەی باوەڕی پێشووتری مرۆڤەکان کە پێیان وابوو نابێت باس لە مەرگ بکرێت، توێژینەوەی دەروونناسی نوێ ئەوەی دەرخستووە، باسکردنی هەر شتێك و مەرگیش یەکێك لەو باسانە، وا دەکات ترسمان لە مەرگ کەم ببێتەوە**



سەلمان نادر

# لە حەقیقەتەوە بۆ تێگەشتن
# دەروازەیەک بۆ قبوڵکردنی فرەیی

**پێشەکی** :

پیش ما سوختگان مسجد و میخانه یکیست      حرم و دیر یکی، سبحه و پیمانه یکیست

این همه جنگ و جدل حاصل کوته نظر یست      گر نظر پاك كنى كعبه و بتخانه يكيست

ئەگەر لەو دەروازەیەی دۆرکهایمەوە بمانەویت قسە لەسەر فرەیی بکەین، دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین کە پێداویستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆ ئەو پرسەی خولقاندوە، لەو رووەوە نزیکبوونەوەی کۆمەڵگەکان و بەهێزبوونی ئامرازەکانی پەیوەندی و دروستبوونی شارە گەورەکان و دەوڵەتی نەتەوەیی وایان کردوە هیچ شارێک نەبێت فرەیی تێیدا بوونی نەبێت، دانی پێدا بنێین یان نا، فرەیی ئایینی، فرەیی مەزهەبی، نەژادی، رەنگ، ئایدۆلۆجی و ئەخلاقی، ئالێرەوە پێداویستی کۆمەڵگەکان کاریگەریی خۆی دەبێت لەسەر بیروباوەڕ و هەستی تاک، بۆیە لەسەردەمی نوێدا پێش ئەوەی لەناو بیروباوەڕی ئێمەدا فرەیی چەسپیبێت لە واقیعدا ئەو فرەییە بەرجەستە بووە.

ئەگەر لەو دەروازە وجودیەوە بڕوانینە بابەتی فرەیی کە(ئێمە فڕێدراوینەتە ناو مێژوویەکەوە پێش ئێمە بوونی هەبووە.)، مێژوو هەمان ئەو بوونەیە کە لە پێش ئێمەوە هەبووە، ئێمە هاتوینەتە ناویەوە، بۆیە پێش ئەوەی ئێمە دانی پێدا بنێین یان نا فرەیی لە ئاسۆکانی مێژووی ئێمەدا بوونیان هەیە و کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەی ئێمە هەیە بۆ ژیان، لەگەڵ ئەوەشدا بە پاساوی جیاواز باسی قەبوڵکردنی فرەیی

و فەرهەنگ دەکرێت، پاساوی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، بەڵام پێمان وایە دەبێت فرەیی بە تایبەتیتریش فرەیی فەرهەنگی دەبێت پێش پاساوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکان پاساوی ئیپستمۆلۆژیانەی هەبێت، واتە پێش ئەوەی قەبوڵکردنی فرەیی بۆ بەدەستهێنانی جێگیریی سیاسی و ئارامی بێت وەک ئەوەی پلۆرالیستە سیاسیەکان داوای دەکەن، پێش ئەوەی بۆ هێنانەدی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بێت، لەو روانگەوە کارەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان داوای دەکەن، پێش ئەوەش وەک مافێکی ئەخلاقی و ئازادی، وەک بانگەشەکارانی ئەخلاق بۆی دەکۆشن، دەبێت دیدەکە مەعریفەتناسیانە بێت، ئەگەرنا، فرەیی یان بەشێک دەبێت لە تاکتیک یان بەشێک دەبێت لە بەزەیی پێداهاتنەوە، ئێمە لەم بابەتەدا دەمانەوێت تیشک بخەینە سەر ئەو تێڕوانینە میتۆدییەی کە دەروازەی فرەیی فەرهەنگیمان بۆ دەکاتەوە لە روانگەیەکی مەعریفەتناسیانەوە.

ئێمە لە دیدێکی مەعریفەتناسیانەوە دەست دەکەین بە قسەکردن لەسەر پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەی فرە کەلتور و قەبوڵکردنی جیاوازی لە نێو کۆمەڵگەدا لە لایەک و توانای تێگەشتن و دەرککردنی مرۆڤەکان کە پرسیارێکی بنەڕەتی و سەنتەریە، هەم لە فەلسەفەی سیاسیدا و هەمیش لە کۆمەڵناسیدا، بگرە لە دینناسی و مامەڵەکردن لەگەڵ کەلتوریشدا ئەم بابەتە جێگەی مشتومڕی سەرەکیە، پێدەچێت سەرەتاییترین پرسیار لێرەوە دەست پێبکات؛ ئایا کۆمەڵگەی کراوە و خاوەن فەرهەنگ دەتوانێت ببێت بە داینەمۆی ئیرادەیەکی گشتی

**فرەیی فەرهەنگی دەبێت پێش پاساوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکان پاساوی ئیپستمۆلۆژیانەی هەبێت.**

کە ئەو ئیرادەیە پارێزەری فرەیی و جیاوازی بێت؟ یان دەسەڵاتێکی باش دەتوانێت وا بکات کۆمەڵگەیەک توانای قبوڵکردنی جیاوازی ئەخلاقی و مەعریفی هەبێت؟ یان نەخێر، هەم مەعریفەو هەمیش دەسەڵات دەرهاویشتەی دۆخێکی ئابوورین و بێ گوێدانە ئابووری ناتوانین هەم دەسەڵاتێکی باشمان هەبێت و هەمیش کۆمەڵگەیەکی باشمان هەبێت.

ئەمە رووە جیاوازەکانی بابەتەکەیە، ئەگەر لیبراڵێک داوابکات و بڵێت سیستمێکی سیاسی باشم پێبدە، من کۆمەڵگەیەکی باشت پێدەدەم، بەو مانایەی دایکی هۆکارەکان سیاسەتە، لە بەرامبەردا چەپێک جەختی لەسەر ئابووری بێت، ئەوا کەسایەتیەکی وەک تۆماس نیگڵیش(Thomas Nagel) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە فەرهەنگ خولقێنەری ئابووری و سیاسەتیشە، لەم رووەوە نامەکەی تاگور بۆ غاندی لەمەڕ چۆنێتی دروستکردنەوەی کۆمەڵگەی هیندی شایستەی ئاماژە پێدانە.

## حەقیقەت و فەرهەنگ:

بۆ مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ فەرهەنگدا ناچارین باسی حەقیقەت بهێنینە ئاراوە، دواجار فەرهەنگ کاتێک دەتوانێت قەبوڵی فرەیی فەرهەنگی بکات بتوانێت لەناو بازنەی شەبەنگە جیاوازەکانی حەقیقەتدا دیدە جیاوازەکان جێبکاتەوە، ئەمەش لە لایەکەوە سەردەکێشێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خودی حەقیقەتدا، لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ جێکردنەوەی جیاوازیەکان لەناو بازنەی چییەتی حەقیقەتدا، بۆیە پرسیاری بنەڕەتی لێرەوە دەست پێدەکات؛ ئایا حەقیقەت چیە؟

ئەڵبەتە من دەزانم زۆرێک لە خوێنەران باوەڕیان وایە حەقیقەت یان حەق چەمکێکی بەدیهیە و پێویستی بە پێناسەکردن نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستمان بە سەرنجدانە لەو جیاوازیانەی لەو بارەوە هەن، بۆیە دیدە جیاوازەکان دەخەینە روو، کە خۆیان لە سێ تیۆریای جیاوازدا دەبیننەوە ئەوانیش تیۆریاکانی ( گونجاوی.. موتابیق )، ( سازگاری )، ( پراگماتیزم)ن.

## یەکەم: تیۆریای گونجاوی:

تیۆریای گونجاوی باوەڕی بە ئۆتۆرەتی و تاکایەتی حەقیقەت هەیە، دواجاریش حەقیقەت یەکلاکەرەوەی جیاوازیەکانە، لەسایەی ئەم تیۆریایەدا باوەڕبوون بە فرەیی کەلتوری سەخت دەبێت، ئەم تیۆرەش بە کۆنترین تیۆر لە بواری حەقیقەتدا هەژمار دەکرێت، دێرینیەکەی وای کردووە بڵاوترین دیدگا بێت لەو بارەیەوە.

دەبێت دان بەو راستیەشدا بنێن ئەم تیۆرە لەڕێگەی دیکارتەوە، لە فەلسەفەی کلاسیکەوە دێتە دونیای مۆدێرنەوە، بەتایبەتی لە زانستی ئەزموونیدا بە قوڵی رەنگدەداتەوە، لەوانەیە ئەمەش نهێنی هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هەڵگرانی بڕوانامە زانستیەکان بێت لەناو گروپە پەڕگیر و توندڕەوە دینیەکاندا، کە زۆرجار دەیانەوێت جیاوازی و کەلتورە جیاوازەکان لەناو جۆرێک لە کەلتور و فەرهەنگدا بسڕنەوە، ئەم دیدگایە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت زانستی مۆدێرن رێگە نادات بنەما سەرەکیەکانی بکەونە ژێر پرسیارەوە، ئەمەش لەو تێڕوانینە میتافیزیکیەوە سەرچاوەی گرتووە کە زانستی مۆدێرن هەیەتی و باوەڕی وایە حەقیقەتێکی جێگیر هەیە و میتۆدێکیش هەیە بۆ دەست پێراگەشتنی ئەو میتۆدەش تەنها عەقڵانیەتە دەخوات، واتا لێرەدا رێگەمان تەنها ئەقڵانیەتە.

نابێت ئەوە لە بەرچاو نەگرین لە پاش سەدەی نۆزدەوە سێ گۆڕانکاری ریشەیی هاتوونەتە ئاراوە کە کاریگەرییان لەسەر ئەم تێڕوانینە تۆتالیتاریانەی حەقیقەت هەبووە ئەوانیش؛

## یەک: لێکۆڵینەوە مێژووییەکان:

کۆمەڵناسی مەعریفە، کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە هەمو کەسێک لەهەناوی کۆمەڵگەکەی خۆیەوە لەدایکدەبێت، ئەمەش ئەو بنەمایە دەخاتەروو کە ئەوەی بیرمەندەکان دەیڵێن بەشێکی لە چوارچێوەی دراوە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانی ژینگەی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتووە.

## دوو: سنورداریەکانی زمان:

لەو رووەوە مانای هەر چەمکێک لە چوارچێوەی بەکاربردنیدا دەردەکەوێت، بەکاربردن

لەناو دۆخێکی فەرهەنگی و زمانیی تایبەتدا، زمان خۆی پێکهاتەیەکی کۆنتێکسچواڵیتیانەی هەیە (زەمینەی پشت بە قەرینە بەستوو)، چوارچێوە زمانیەکانی خۆیان بەسەر ماناکانی ناو زماندا دەسەپێنن، ئالێرەوە مانای وشەو رستە لەژێر کاریگەری سنورداری زماندایە، دواجاریش واتای رستە و وشەکان لەسەر بنەمای سنورداری زمان دەبن. کەواتە مانا سنوردار دەبێت، لەوێشەوە سەردەکێشێت بۆ سنورداربوونی حەقیقەت، لە بەرامبەریشدا حەقیقەتیش زمان بەرتەنگ دەکاتەوە.

**سێ: پەیدابوونی هێرمنۆتیکای فەلسەفی:**

روانگەی بنەڕەتی ئەم بابەتە بریتیە لەوەی مرۆڤەکان ناتوانن لە دەست تەفسیر رزگاریان ببێت، بەردەوام لەناو پرۆسەیەکی تەفسیریدان، نیتچە وتەنی ئەوەی هەیە تەئویلە، ئالێرەوە گەشتن بە حەقیقەتی پەتی و رووت نامومکینە و ئیدعا کردنیشی نادروستە.

**دووەم: تیۆریای سازگاری:**

دەتوانین بڵێین رکابەری کلاسیکی تیۆریای گونجاوی بریتیە لە تیۆریای سازگاری، ناوەڕۆکی ئەم تیۆریایە ئەگەر بە کورترین شێوە دەریببڕین دەڵێین؛ بریتیە لە گونجاوی بیروباوەڕێکی مرۆڤ لەگەڵ کۆی سیستمی بیروباوەڕەکانی دیکەیدا، هاتنەوە و تەبایی ئەو بیروباوەڕەیە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لەوانەیە لە هیچ پنتێکدا ئەم دیدە هێندەی فەرهەنگ نەتوانێت بە گونجاوی کار بکات.

تیۆریای گونجاوی رەهەندێکی قووڵی ئایدیالیزمی تێدایە کە باوەڕیان

**چوارچێوە زمانیەکان خۆیان بەسەر ماناکانی ناو زماندا دەسەپێنن،کەواتە مانا سنوردار دەبێت، لەوێشەوە سەردەکێشێت بۆ سنورداربوونی حەقیقەت، لە بەرامبەریشدا حەقیقەتیش زمان بەرتەنگ دەکاتەوە.**

بە یەکێتی زەین هەیە ، باوەڕیان وایە زەین کاتێک دەتوانێت مانا ببخەشێت جوگرافیایەکی هاوزەینی لەناویدا هەبێت.

بۆ نمونە؛ کاتێک دوو گوزارەی ( کاروان دەژی ) و ( کاروان مردوە) ناتوانن ئینسجام لە نێوان خۆیاندا دروستبکەن، چونکە دژەڕەوتن بۆیە ناتوانن لە هەمان کاتدا راست بن، بەڵام گوزارەی (دوو کۆ دوو دەکاتە چوار)، دەتوانرێت راست بێت، چونکە لەناو فۆرمولە جیاوازەکاندا هاومانایی دەداتە کۆی سیستمە زەینیەکە. بۆیە لانی کەم دەبێت دوو گوزارە بۆ ئەوەی راست بن نابێت دژیەک بن، بابەتی سازگاری تاکە بنەمای تیۆریای سازگاری نیە، بەڵکو پیویستمان بە ئیسلتزامی لۆجیکی (logical implication) هەیە، یان وەک لۆجیکزانە موسڵمانەکان دەڵێن دەلالەتی ناچارکردنی تێدا بێت، بۆ نمونە کاتێک دەڵێن (کاروان وڵاتی خۆی بەرەو ئەڵمانیا جێهێشت) ، دەلالەتێکی ئیلزامی تێدایە کە کاروان خۆی خەڵکی ئەڵمانیا نیە، کاتێک دوو بیرباوەڕ

## لە تیۆریای پراگماتیزمدا:نابێت بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی شتێك بگەڕێنەوە بۆ واقیعیەت بەڵکو دەبێت باس لەوە بکەین کە کام باوەڕ لە کاردا دەتوانێت زۆرترین سود ببەخشێت.

دەتوانین پێکەوە ئینسجامیان ببێت لەروی دەلالەتی ئیلزامیەوە جیاوازی قەبوڵ نەکەن.

### سێیەم: تیۆریای پراگماتیزم:

دەکرێت نوێترین تیۆر و گوزەر لەسەردەمی نوێدا لە بارەی حەقیقەتەوە دەرکەوتبێت گوزەری پراگماتیزم بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین کۆی تەوژمە پراگماتیستیەکان لەناو یەک تیرِوانیندا کورت بکەینەوە، چونکە جیاوازی زۆر لەو بوارەدا هەن، بەڵام دەتوانین دەرهاویشتەیەکی زۆر سەرەتایی و سادەی لێوەربگرین ئەویش ئەوەیە حەقیقەت کاتێک حەقیقەتە کە سوودی هەبێت، بەرژەوەندی تێدا بێت، یان ئەگەر لەوەش سادەتری بکیەنەوە حەقیەتی هەر شتێک لەو بیر باوەڕەماندایە کە پێمان وایە باشترینە بۆ ئێمە، بۆیە نابێت بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی شتێک بگەڕێنەوە بۆ واقیعیەت بەڵکو دەبێت باس لەوە بکەین کە کام باوەڕ لە کاردا دەتوانێت زۆرترین سود ببەخشێت.

بە وردبوونەوە لەم سێ تیۆرەی باسمان کردن، یەکەمیان پێی وایە حەقیقەت خودی ئەو بیروباوەڕانەیە کە لەگەڵ واقیعدا دێنەوە، بۆیە بابەتەکە زیاتر بابەتێکی ماتریاڵیە و دەشکرێت بڵێین لەناو مەنزومەی مەعریفەناسیدا لە دیدی ئیمپریسیستیەوە نزیکترە، لە بەرامبەردا دیدی ئینسجامگەرایی دیدێکی میسالی رەشناڵیستیانەیە لەناو جوگرافیای مەعریفەناسیدا، هەرچی دیدی سێیەمە دەکرێت دەرفەتێکی گەورە بداتە فرەیی فەرهەنگی و پێکەوەژیان، چونکە لە بری بە سەنتەرکردنی دەرەوەی مرۆڤ دەرفەتی بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی مرۆڤ وەک روانینی مەعریفەناسی دەخولقێنێت.

### فەرهەنگ چیە؟

یەکێک لە ئاستەنگە سەرەتاییەکانی بەردەم هەر نوسەرێک لە سەرەتای کاریەوە ئەو پرسیارەیە (من لە بارەی چیەوە دەنوسم؟)، واتە روونکردنەوە و پێناسەکردنی چەمکە بنەڕەتیەکانی ناو- نووسینەکەیەتی، چونکە بێ ئەوەی ئێمە بزانین لەبارەی چیەوە دەنووسین، پێناچێت بتوانین پەیامەکەمان بگەیەنین، ئالێرەوە بە وردی بابەتەکانی ناو زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئەم ئاستەنگە دەخولقێنن، بۆیە دروسترین رێگە پێدەچێت بریتی بێت لەوەی لە سەرەتاوە بەشێک لە کارەکە خودی ناساندنی چەمکەکە بێت، کەواتە پرسیاری بنەڕەتی ئێمە لێرەدا ئەوەیە (فەرهەنگ چیە؟)، تا بتوانین لێیەوە فرەیی ئەو بوارە قەبوڵ بکەین.

دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین چەمکی فەرهەنگ یەکێک لە چەمکە ئاڵۆز و فرە رەهەندەکانە، سەرەڕای ئەوەی لە جارنامەی

گەردونی مافی مرۆڤدا ئاماژە بەوە کراوە کە هەرکەسێک ئازادانە مافی ئەوەی هەیە بەشداری چالاکی فەرهەنگی ناو کۆمەڵگە بکات، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر ئەم چەمکە وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، ئەمەش وای کردووە هالینا نیک( ) باوەڕی وابێت یەکێک لە هۆکارەکانی ئاوڕلێنەدانەوەی ئەم چەمکە ئاڵۆزی و پێناسە نەکردنیەتی، لە مێژوی بەکاربردنی خۆیدا بۆ واتای جیاواز بەکاربراوە، وەک بەرامبەربوونەوە بە بابەتە مادیەکان، قەڵەمڕەوی بابەتە فیکری و مەعنەویەکان، بەها، باوەڕ، رەمز، نیشانە، تێز و سەربەخۆیی ئەم بابەتانە لە دەسەڵات و ژێرخانی ئابووری، بۆیە ناچارین دیدی هەندێک تیۆرسێنی ئەو بوارە بخەینەڕوو، تا بتوانین لێیەوە روئیایەکمان بۆ فەرهەنگ هەبێت.

بەبۆچوونی هەندێک لە تیۆرسێنەکان تا ئێستا گشتگیرترین پێناسەیەک بۆ فەرهەنگ کرابێت پێناسەکەی چارلس تایلەرە (Charles MargraveTaylor) کە دەڵێت: " فەرهەنگ بریتییە لە کۆمەڵێک ئاوێتە و پێچراوە و بە سیستمکراوە لە زانین، ناسین، هونەر، بیروباوەر، ماف، ئاداب، دابونەریت، سەرچاوەی بەها، چاکە و خراپە، کە مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەی خۆیەوە دەستی دەکەوێت." هەرچەندە دەبێت بشڵێین ئەم پێناسەیە هێندەی ئەو وەسفەی دەکرێت رەخنەشی لەسەرە.

کلاید کلاکهۆن(Clyde Kluckhohn) لە کتێبی ئاوێنەی مرۆڤدا کۆمەڵێک پێناسەی جیاوازی بۆ فەرهەنگ هێناوە، لەوانە؛ "رێگای گشتی بۆ ژیانی گەل، بۆماوەی کۆمەڵایەتی کە مرۆڤ لە رێگەی گروپەکەیەوە دەستی دەکەوێت، رێگای بیرکردنەوە و هەستکردن و بیروباوەر، کۆگای بیروباوەڕە هاوبەشەکان، ئامرازی رێکخستنی پێوەری هەڵسوکەوت." .....هتد.

فەرهەنگی هەر گەلێک بریتییە لە تەواوی ئەو شتانەی پێویستە لەسەر تاک بیانزانێت و ئەنجامیان بدات، تاوەکو بتوانێت بە شێوەیەکی قەبوڵکراو رەفتار بکات لەناو کۆمەڵگەدا، تەنانەت ئەم دیدەی بەشێک لە ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان بازنەی مومکینبوونی ژیانیش دەگوزەرێنێت بۆ پێدانی جەوهەر بە مرۆڤ و پێناسەکردنی.

لە پشت بەهاناسیەوە دەکرێت بڵێین؛ فەرهەنگ بونیادێکی مانابیە لەناو کۆمەڵگەدا، لەڕێگەی ئەو بونیادەوە مرۆڤەکان هەڵدەستن بە مانادان بە کرداری مرۆیی، لە دەروازەکانی ئەویشەوە دەتوانن ئاماژەکان بخولقێنن، تێگەشتن فەراهەم بکەن و لە چییەتی سوکایەتی بکۆڵنەوە و کرداری گونجاویش بگرنەبەر بۆ وەڵامدانەوەیان.

ئەگەر فەرهەنگ ئەو دونیابینیە بەرفراوانەیە مرۆڤ دەبێتە خاوەنی، بەدڵنیاییەوە دەبێت کۆمەڵێک تیۆر بوونیان هەبێت بۆ راڤەکردنی. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین نمونەی بەشێک لەو تیۆرانە بخەینەڕوو بۆ سەرنجراکیشانی خوێنەر بۆ ئەو دونیا بەرفراوانە؛

## یەکەم: فەرهەنگ سەرخانی پەیوەندیە ئابووریەکانە:

لە رووی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرهەنگدا کاری بنەڕەتی کارڵ مارکس دەتوانرێت کورت بکرێتەوە بۆ ئەو پۆلێنبەندیەی ناوبراو بۆ سەرخان و ژێرخانی کردبوو، بێگومان بۆ وردتر تێگەشتن لە مارک پێویستمان بە

تێگەشتن لە هیگڵ دەبێت لەو رووەوە تیۆرەکەی مارکس بەرکاریگەرە بە هیگڵ، بەڵام بە جیاوازی ئەوەی چ شتێک دەخاتە رەفەی سەرخانەوەو چ شتێکیش دەخاتە ژێر خانەوە؟

لە رەفەی ژێرخانەکەی مارکسدا؛ شێوەی بەرهەمهێنان، خاوەندارێتی تایبەت، ئامرازەکانی بەرهەم هێنان، سیستم، پەیوەندی بەرهەم هێنان و دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ ( سەید و کۆیلە، جوتیار و خاوەن زەوی، بۆرژوا و کرێکار) دانراون، فەرهەنگ، بەها، یاسا، رەمز و نیشانەکانی کۆمەڵگە دەرهاویشتەی ئەم ژێرخانەن و پرۆسەیەکی دووەمینن.

ئەگەر لە چاوی ئەم تیۆرییەوە بڕوانینە کۆمەڵگە، فەرهەنگ ( بەها و رەمز و نیشانە و ئەخلاقیات و یاسا کۆمەڵایەتیەکان) دەرهاویشتەی بیرکردنەوەی چینی براوەی ناو کۆمەڵگەن، هەر ئەو چینەش حوکمڕانی سیاسی کۆمەڵگەکە پێک دەهێنن، ئالێرەوە فەرهەنگ دەبێتە ئایدۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار و ئاوێنەی رەنگدانەوەی بەرژەوەندیەکانی دەستە براوەکەی نێو کۆمەڵگەیە، بۆ نمونە فەرهەنگی رۆژئاوایی لە دیدی مارکسیەکانەوە فەرهەنگێکی بۆرژوایانەیە، لە بەرژەوەندی سەرمایەدارەکاندایە، ئەگەر وردببینەوە لە میلی کاتژمێر، چۆن لە پشتەوەی کاتژمێرەکەوە (ژێرخان) بە وردی کۆنترۆڵ دەکرێت و دەجولێنرێت، بە هەمان شێوەش ئەخلاقیاتی کۆمەڵگە و تاک لەلایەن پەیوەندیە ئابووریەکانەوە بەرێوەدەبرێن، هەرچەندە ئەو لە دیدە شۆڕشگێڕانەکەیەوە هێرش دەکاتە سەر فەرهەنگی باوی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی، بە فەرهەنگی بۆرژوایانەی دەزانێت و پێی وایە ئاگاییەکی درۆیینە بەرهەم دەهێنێت و باس لە لەخۆنامۆبوون و بەکاڵابوون دەکات لە چوارچێوەی ئەم فەرهەنگەدا.

**دووەم : بیروباوەڕ و هەستەکانمان وەڵامدەرەوەی پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانمانن:**

دەکرێت ئەمیل دۆرکهایم بە دیارترین لایەنگری ئەم تێزە بزانین، هەر لێرەشەوەیە باوەڕی وایە پرۆسەی مۆدیرنەبوون لە گۆڕانکاری فەرهەنگیەوە سەرچاوەی گرتووە، جگە لەوەی جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگە خۆی خۆی دادەرێژێتەوە، خۆی یاسا بۆ خۆی دادەنێت و خۆی ئیرادەی هاوبەش و سایکۆلۆژیای هاوبەش بۆ خۆی بەرهەم دەهێنێت، ئەم خۆ دارێژانەوەی کۆمەڵگە لە پەیوەندیەکی بەردەوامدایە لەگەل سازمانی کۆمەڵایەتی، جیاوازی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا.

مرۆڤ هەم نیازی باوەڕی هەیە و هەمیش نیازی ئیحساسی، نیازەباوەڕی و هەستەکانی مرۆڤ وەڵامدەرەوەی نیازەکانی بونیادی کۆمەڵایەتین، لێرەوە دەکرێت بڵێین تاک دەبێت بەشێوەیەک رەفتار بکات کە بتوانێت هاوپەیوەستی کۆمەڵایەتی بەرهەم بێنێت.

گەورەبوونی ئاستی ئاڵۆزی دۆخی کۆمەڵایەتی و شارنشینی و کۆمەڵگەی پیشەسازی، بوونەتە هۆی گۆڕانکاری فەرهەنگی، هەموو بزاوتە فەرهەنگیە گەورەکانی سەردەمی مۆدێرنە لەوانە؛ ریفۆرمی ئایینی و سۆسیالیزم و رۆشنگەری لە پشتیانەوە گۆڕانکارییەکی جڤاتی گەورە بوونیان هەیە، دینەکانیش هەرچەندە خەسڵەتێکی

فەردانیان هەیە، بەشدار دەبن لە دروستکردنی هەستگەلی گشتی و کۆشوناسدا، بەمەش بەشدار دەبن لە خولقاندنی فەرهەنگدا.

**سێیەم: ڕەفتاری مرۆڤ بنەمایەکە بۆ فەرهەنگ:**

ماکس ڤیبەر دەڵێت: "فەرهەنگ کۆمەڵێک میتۆد و زەمینەی کاریگەرە کە تاکەکانی کۆمەڵگە پێکەوە دەبەستێتەوە لە ڕەفتار و کردار و لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیاندا رەنگدەداتەوە، مرۆڤە زیندەوەرێکە لەناو تۆڕێکی رەمزیدا هەڵواسراوە، خۆی بۆ خۆی چنیوە." گێرتز(Clifford James Geertz) باوەڕی وایە ئەو تۆڕەی ڤیبەر باسی دەکات بریتیە لە فەرهەنگ، تێگەیشتن لە فەرهەنگیش پێویستی بە زانستێکی ئەزموونی نیە، بەڵکو پێویستی بە هێرمنۆتیکایە، چونکە دەبێت بەدوای ماندا بگەڕێیت لەناو فەرهەنگدا.

مانابەخشین بە کرداری مرۆیی دەمانباتە دەرەوەی پرۆسێسی بە ئامێربوونەوە، ناتوانین کۆمەڵێک پرۆگرامی شیکەرەوەی بینراوی خاڵی بووەوە لە هەستی مرۆیی بەرهەم بهێنین و بتوانن وەک پێویست لە ڕەفتاری مرۆیی بگەن، پێدەچێت ئەمە جیاوازی بنەڕەتی بێت لە نێوان دوو تەوژمدا تەوژمێک دەیەوێت ڕەفتاری مرۆڤ وەک جوڵەی ئامێرێک شیکار بکات، تەوژمەکەی دیکەشیان پێمان دەڵێت نەخێر، مرۆڤ لە پشت جوڵەکانیەوە ئیحساسێک هەیە، بێ پەیبردن بەو ئیحساسە دەرککردنی کارێکی نەکردەیە و لە توانا بەدەرە. لەم ڕووەشەوە گیبریڵت رایڵ ( ) نمونەی دوو کوڕ دەهێنێتەوە، هەردوکیان چاوێکیان دادەگرن، یەکەمیان بەهۆی حاڵەتێکی

**بەڕوونی لای نالی جیاوازی کراوە لەنێوان (جووڵەیەکی ئیحساسی و خۆویستی، کە دەیەوێت دڵ بکاتە ئامانجی تیری چاو) و (جووڵەیەکی نا ئیحساسی)**

خۆنەویستانە چاوی وای لێهاتوە، بەڵام دووەمیان وەک نازکردنێک ئەمە بەکار دەهێنێت، لە ئەدەبیاتی کوردیشدا جیاوازی کراوە لەنێوان دوو چاودا، چاوێکی پڕ عیشوە و ناز و چاوێکی خوار قیچ، نالی لە باسی مەحبوبەدا دەڵێت:

پێم دەڵێن: مەحبوبە خێل و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا

خێل و قیچە، یان تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا

خێل و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو

مەیلی راست هاوێتنی موژگانی دڵ پەیکەر دەکا

بەڕوونی لای نالی جیاوازی کراوە لەنێوان (جووڵەیەکی ئیحساسی و خۆویستی، کە دەیەوێت دڵ بکاتە ئامانجی تیری چاو) و (جووڵەیەکی نا ئیحساسی)دا، ئەمەش ئەو نمونەیەیە کە دەکرێت راڤە جیاوازەکانی لای رایڵ بدۆزینەوە، جیاوازیکردنی ئەو دوو چاوە یان راستر بڵێین پێداهەڵدانی چاوی دووەم تەنها لای

# ئەگەر پێشەکیە وجودیەکە بکەینە دەستپێك، ئەوا ناچارین پەنا ببەینە بەر هێرمنۆتیکای وجودی بۆ راڤەکردنی ئەو بوونەی پەیوەستە بە مرۆڤەوە.

نالی نیە، بەڵکو شاعیرانی دیکەش لەبارەیەوە شیعریان هۆنیوەتەوە، بەشێکیان دووەمیان کردوەتە بابەتی پێداهەڵدان و چەندین شاعیر لەبارەیەوە شعریان هۆنیوەتەوە هەروەک لە غەزەلە هاوبەشەکەی (ناری و تایەر بەگ) دا هاتووە؛

بە غەمزەی چاوی مەخموری سیاهی مەستی
مەی کردین

بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی
مەزەی کردین

راستە لە رووی شەکڵیەوە ئەو دوو چاوە یەک کار دەکەن، بەڵام جیاوازییەکی روون هەیە لەنێوان (لەدەسدانی ئیرادە) و (نازکردن)دا، ئەوەی یەکەمیان یەک کار دەکات، بەڵام ئەوەی دووەمیان دوو کار؛ هەم پێڵوی دەجووڵێنێت وەک یەکەم، هەمیش پەیامێک دەگەیەنێت، ئەمە ئەو تۆڕە رەمزیەیە ڤیبەر ئاماژەی پێدەکات.

پۆلێنکردن و راڤەی یەک شکڵی جووڵاندنی چاو لێرەدا کۆتایی نایەت، بەڵکو دەتوانین دەیان سیناریۆی تر بدۆزینەوە بۆهەمان جوڵە، بۆ نمونە وا دابنێن کەسی سێیەمیش دێت لاسایی کەسی یەکەم و دووەم دەکاتەوە، بۆ گاڵتە پێکردن بە هەمانشێوەی کەسی یەکەم و دوەم پێڵوی دەجووڵێنێت، بەڵام ئەم سێ چاو جووڵاندنە یەک مانایان نیە ، ئالێرەشدا کۆدێکی دیکە دێتە ئاراوە، وا دابنێین ئەم کوڕە دەیەوێت لاسایی کوڕی یەکەم و دووەم بکاتەوە، بەڵام بۆ ئەو کارە بە تەنها لە بەردەم ئاوێنەکدا راهێنان دەکات، لێرەشدا مانایەکی تر دەخولقێنێت، کەواتە تا ئێرە کردارێک چوار تەفسیری هەیە ( لا ئیرادی، نازکردن، لاسایی کردنەوە، راهێنان)، ئالێرەوە ئێمە دەمانەوێت ئەو دەروازەیە بکەینەوە بە رووی خۆماندا کە موستەفا مەلەکیان باسی دەکات، ئەویش ئەوەیە؛ زۆر بابەت هەن لەگەڵ زیاتر لە تەفسیرێکدا گونجاون، دەمانەوێت لێرەوە بڵێین فرە تەفسیری بۆ مرۆڤ بوونێکی میتافیزیکی و وجودی هەیە، نەک مومکینە، بەڵکو بە ناچاری ئێمە لەناو فرە تەفسیریداین، ناتوانین لەناو تەفسیرێکدا بژین، بوونەوەرێکی فرە رەهەندین و لەناو ژیانێکی فرە رەهەندا گەورە بووین و دەژین و ناتوانین تاک رەهەندی بیربکەینەوە.

**مرۆڤ و مێژوو:**

مێژوویبوونی مرۆڤ پەیوەستە بەو چرکەساتەوە کە مرۆڤ فڕێدەدرێتە ناو بوونەوە، ئەگەر بوون ئەو پانتاییە بێت کە لە پێش مەعریفەی مرۆڤەوە بوونی هەبێت، ئەوا دەبێت سەراپای پرسیارەکانی مرۆڤ لەوەودوا دەستپێبکەن، ئەگەر پێشەکیە وجودیەکە بکەینە دەستپێک، ئەوا ناچارین پەنا ببەینە بەر هێرمنۆتیکای وجودی بۆ راڤەکردنی ئەو بوونەی پەیوەستە بە مرۆڤەوە، چ بوونێک دەبێتە پێشەکی مەعریفی بۆ مرۆڤ و پێشبونیادەکانی

فەهمی ئەو پێک دەهێنێت؟ ، بوون بۆ مرۆڤ بریتیە لە مێژوو، بریتیە لەو بوونەی پێشینە، مێژوو و فەرهەنگی هەیە، توانست و کاری دازاییین بەرمەبنای ئەو ئیمکانیاتە فەرهەنگیەیە کە بۆ نێو ئەو فڕێدراوین، ئەمەش دەکرێت بە واتای جیاواز دەربببڕدرێت لەوانە ( بوون لە ناو مێژودا )یان( پێشبونیادەکانی تێگەشتن).

بۆ ئەوەی ئەو بابەتە روونتر بێتەوە پێویستمان بەوەیە وردتر لەسەر ئەو خاڵە بووەستین (مێژوو یان بوون لەناو مێژوودا چی بە مرۆڤ دەبەخشێت؟ )، لەوانەیە ئەمە ئەو پرسیارە بنەڕەتیە بێت بتوانین لێیەوە هەم لە فرەیی فەرهەنگی بگەین و هەمیش دان بە جیاوازی مەعریفیشدا بنێین، لەو دیدگایەوە ئێمە خاوەنی مێژوویەکی هاوبەش نین، بەڵکو هەریەکەمان مێژوویەکی تایبەت بە خۆمان هەیە، هەرچەندە ئەم مێژووانە خاڵی هاوبەشیان هەیە، بۆیە هێندەی جیاوزی و فەردانیبوونیان تێگەشتن و دونیابینی جیاوازیشمان هەیە، بەهێندەی خاڵە هاوبەشەکانیشیان پێشبونیادی هاوبەشمان هەیە بۆ تێگەشتن.

پێشبونیادەکانی تێگەشتن بریتین لە شێوەی بینین، ئەڵبەتە لە کلاسیکدا بایەخ بە مێژوو دراوە، لەو روانگانەوە مێژوو کاریگەری هەیە لەسەر تێگەشتنمان، بەڵام پێدەچێت بتوانین ئەو مافە بە خۆمان بدەین بڵێین هەڵەی ئەوان لەوێدا نەبووە کە باوەڕیان بە گرنگی مێژوو هەبووە، هێندەی هەڵەکەیان بریتی بووە لەوەی باوەڕیان وابووە مێژوو چاویلکەیەکە و مرۆڤ دەتوانێت لای ببات، نەیانتوانیوە دەرکی ئەوە بکەن مێژوو خودی چاوەکەیە، واتە چاویلکەکە نیە تا بتوانرێت لا ببرێت، هەر ئەمەشە وا دەکات بڵێین شێوازی بینین لەناو فەرهەنگدا جێگیر بووە.

فەرهەنگ لە زەینی زۆربەماندا مەکۆیەکی کۆمەڵایەتیە، ئەو دیوە کۆمەڵایەتیەی فەرهەنگ هێندە زەق کراوەتەوە بەڕادەیەک دیوە فەردانیەکەی فەرهەنگمان فەرامۆش کردوە، لە کاتێکدا فەرهەنگ دیوێکی بەهێزی فەردانی هەیە، ئەمەش دەکرێت لەو دیوەوە بێت هەر یەکێک لە ئێمە بە تەنها دێینە ناو مێژووەوە، بۆیە هەر یەکەمان مێژوویەکی تایبەت بە خۆمان و داخوازی مێژووی تایبەتمان هەیە، بێگومان دەمەوێت بڵێم لە کەلتوری عیرفانی دینەکاندا جۆرێک لەم دیدە بوونی هەبووە، موستەفا مەلەکیان ئاماژە بە تەفسیری رازی دەکات بۆ ئایەتی (ولقد جئتمونا فرادى كما خلقناكم أول مرة)(الانعام: ٩٤)، لەو رووەوە لە پاشەرۆژیشدا چوونێکی فەردانیمان هەیە. هەر ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە لێرەش ژیانێکی فەردانیمان هەبێت، ئالێرەوە مێژووی مرۆڤە یان مرۆڤ لەناو مێژوودا بە هەردوو رەهەندەکەیەوە، رەهەندە فەردانی و رەهەندە جەماعیەکەی ئاسۆی خوێنەر یان بینەر پێکدەهێنن کە لە پرۆسەی راڤەکردندا ئەم ئاسۆیە بەشدار دەبێت لەگەڵ ئاسۆی رەمزە راڤەکراوەکەدا، بۆ ماناپێدانی هەر رەمزێک، جا ئەو رەمزە نوسینێک بێت یان ئەفسانەیەک یان ئاڵا و سیمبولێکی نەتەوەیی و ئایینی بێت.

ئەو بنەما فەلسەفیەی هێرمنۆتیکا لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا دەرهاویشتەی خۆی هەیە، کاریگەری هەیە لەسەر سنوور و رادەی تێگەشتنی ئێمە، کاریگەری هەیە لەسەر بونیاد و چیەتی تێگەشتنمان، بەشێوەیەک ئێمە توانای تێپەڕاندنی دواسنورەکانی مێژوومان نیە و ناتوانین

لە دەرەوەی ئەو ئاسۆ مێژوییەوە ڕێگەیەک بدۆزینەوە تا تێگەشتنمان بۆ فەراهەم بکات، بۆیە هەڵهاتن لە مێژوو کارێکی گریمانەکراو نیە و مرۆڤ ناتوانیت خۆی لە کۆت و بەندەکانی بابەتیبوونی مێژوویی ڕزگار بکات.

ئەگەر مرۆڤ بە تێکڕای وجودیەوە فڕێدرابێتە ناو مێژوویەکەوە و وجودێکی مێژوویی هەبێت، ئالێرەوە تێگەشتنی مرۆڤیش ڕووداوێکە ( چەشنی عەشق لای مەولانا، کەوتنە) کە لە مرۆڤدا ڕوو دەدات، ناتوانرێت گرەنتی ئەوە بکرێت دووبارە دەبێتەوە، ناتوانرێت وەک پێویست پێشبینی بکرێت و میتۆدی تایبەتی بە ناسینی نیە، ئالێرەوە بابەتی ڕزگاربوون لە پێشفەهم و پێشگریمانەکانە، کە لە دیکارتەوە دەست پێدەکات دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە تێگەشتن بەشێکە لەو مێژووەی پێش ئەوەی مێژوە ڕووبدات بەردەوامی هەیە و ئەم تێگەشتنە بەشێکە لە زنجیرەیەک کە دەستی پێکردووە و بەردەوام دەبێت.

کاتێک بەم جیهانبینییەوە مامەڵە لەگەڵ فەرهەنگدا دەکەین و باوەڕمان وایە هەم فەرهەنگ مێژووییە و هەمیش تێگەشتن لێی، لەناو مێژوودا و بە دوچاوی مێژووییەوە خەریکی بینینی وێنەیەکین نیگارکێشەکەی مێژوو بووە. دەرهاویشتەکەشی لەناو مێژوودا لەدایکدەبێت، کەرەستەکانیشی مێژوون. بۆیە مامەڵەکردن و تەفسیرکردنەوەی دەرەفەتی گۆڕانکاری گەورە دەهێنێتە ئاراوە، چونکە ئێمە لەناو مێژوودایـن و چوارچێوە و جیهانبینیی خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێت. ئەوەی دێتە ئاراوە بریتیە لە پێکهاتەیەکی مێژوویی و موفەسیر. تێگەشتن تێکەڵ کردنی ڕابردووە بە ئێستا و بەبێ ئەوەش هیچ تەفسیرێک بوونی نیە، ئەمە بەدەر لەوەی پرسیاری موفەسیریش بێڕۆڵ نیە لەو بوارەدا.

دەبێت ئەوەش بڵێین هەموو مێژوویەک کاریگەری لەسەر تێگەشتن نیە، تەنها بەشێک لە مێژوو ئەو کاریگەریە دەخولقێنێت، ئەویش مێژووی تێگەشتنە، بۆیە ئەو مێژووە هەمیشە وەک لایەنێکی گفتوگۆ حزوری هەیە لەگەڵ ڕاڤیاردا، ڕاڤیاریش لە دۆخی کرانەوەو گوێگرتندایە لەگەڵ مێژوودا، کاریگەری مێژوو لەسەر ئاگایی مرۆڤ و دەرککردنی ئەو ئاگاییە بەشێک دەبێت لە قووڵکردنەوەی قەبوڵکردنی ئەوانی دیکە. چونکە ئەو ئاگاییە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت ئەو واتایەی مرۆڤ دەیداتە دەق یان فەرهەنگ یان هەر تۆڕێکی دیکەی ڕەمزی دەرهاویشتەی پێگەی مێژوویی مرۆڤە، زیاتر دەرهاویشتەی ئەو بونیادەیە دوێنێی فەرهەنگی ئێمە بە کارلێک لەگەڵ ئەمڕۆ و ڕوانینی ئێمە بۆ داهاتوو بونیاتنراوە، چونکە ئێمە کوڕی دوێنێین هەروەک فۆکۆ وای وت.

ژیان لەناو مێژوودا ڕەنگدانەوەی قووڵی بەسەر مرۆڤەوە هەیە، وەک دواتریش زیاتر لەبارەیەوە دەنووسین، یەکێک لەو ڕەنگدانەوانە بریتیە لەوەی مرۆڤ زمان و بیرکردنەوەی ڕەنگی مێژوو دەگرێت، نەک هەر ئەوەندە مرۆڤ بوونەوەرێکی ناو مێژووە، بەو واتایەی مرۆڤی هیچ مێژوویەک لەوی دیکە ناچێت، لەو ڕووەشەوە مرۆڤەکانی مێژووە جیاوازەکان لە یەکتر ناچن، ئەگەر لەو پێناسە کلاسیکیەی مرۆڤەوە دەستپێبکەیین کەپێی وایە مرۆڤە بوونەوەرێکی عاقڵە، ئەوا خودی عەقڵ وەچەی مێژوو و ئەو قۆناغە مێژووییەیە کە مرۆڤ

لەناویدا لەدایکدەبێت، ئەمە جگە لەوەی مرۆڤ و زمان پەیوەندییەکی وجودیان هەیە و مرۆڤ ناتوانێت لە دەرەوەی زمانەوە بیر بکاتەوە، زمانیش ئاوێنەی مێژووە، لێرەوە تەواوی بیرکردنەوە و خەیاڵی مرۆڤ خەیاڵی مێژوویین و لە دەرەوەی هیچ مێژوویەکەوە مرۆڤ نەیتوانیوە خەیاڵی تایبەت بە خۆی هەبێت، بۆیە خودی عەقڵ وەک جەوهەری مرۆڤ لەناو مێژوودا فۆرمەڵە دەبێت، بۆیە مرۆڤ بە پێی مێژوو جەوهەریشی دەگۆڕێت و دروست دەبێت.

### فەرهەنگ و مێژوو:

بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندی نێوان فەرهەنگ و مێژوو، دەبێت سەرنجمان لەسەر هەردوو چەمکی مێژوو و فەرهەنگ بخەینەڕوو، لەو روانگەوە دوو چەمکی جیاوازن و راقەی جیاوازیشیان هەیە، لە بەشی پێشەوەدا بەسەر هەر دوو چەمکەکەدا گوزەرمان کرد، لێرەدا تەنها لە پێناسەیەکی فەرهەنگەوە کە (پەیوەستی نێوان فەرهەنگ و مێژوومان بۆ دەخولقێت) دەستپێدەکەین؛

فەرهەنگ دەکرێت لە بنەماوە وەک تەونێکی چنراو و پێکەوە سازگاری روانین و بەها و نەریت و کرداری پایەدار کە لەناو تۆڕێکی زەمەنی دیاریکراو لە چوارچێوەی شوناسێکی جەماعیدا پێکهاتووە پێناسە بکرێت. ئەڵبەتە زۆر گرنگە بە وردی لەم جیهانبینیەی ئەم پەیوەندیە فەرهەنگیە تێبگەین، تا بتوانین وەک پێویست لە جیاوازی فەرهەنگەکان تێبگەین، بێ رەچاوکردنی ئەم رەهەندە جیاوازانەی هەر فەرهەنگێک دەیخولقێنن، دەرککردنی فرەیی مومکین نیە، لەو روانگانەوە مرۆڤ پێویستی بەوەیە ببێتە خاوەنی چاو و شوێنی روانینی

**خودی عەقڵ وەك جەوهەری مرۆڤ لەناو مێژوودا فۆرمەڵە دەبێت، بۆیە مرۆڤ بە پێی مێژوو جەوهەریشی دەگۆڕێت و دروست دەبێت.**

ئەوانی دیکە، تا وێنەکە وەک ئەوان ببینێت، بۆنمونە پرسی خێزان، لە ناو دوو فەرهەنگی جیاوازدا دەبێت لە جیهانبینی و بەها و نەریت و کردارەوە لێی بڕوانین، ناکرێت بە تەنها لە رەهەندێکیانەوە تەماشای بکەین، زۆربەی قەیرانە فەرهەنگیەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن، مرۆڤەکان لە بابەتە جیاوازەکان لەناو سیاقی خۆیاندا دەرک ناکەن، بۆ نمونە؛ خوێندنەوەی رووداوێکی مێژوویی لە دەرەوەی سیاقی خۆیەوە کێشە دەخولقێنێت، ئەو کێشەیە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کردارێک لەناو تەونێکی جیهانبینی و بەهاو و نەریت و کرداردا دەگوازرێتەوە بۆ ناو جیهانبینییەکی جیاوازتر و بەهایەکی تر، بۆ نمونە؛ لە قۆناغێکی مێژوویدا مرۆڤەکان باوەڕیان وابوو پیاو ( رەگەزی نێرینە) رەسەنترە لە رەگەزی مێینە، تەنانەت باوەڕیان وابووە منداڵ تەنها هی باوکیەتی و منداڵدان وەک خانەیەکە لەناویدا دەژی، بۆیە هەموو تێکستێکی ئەو قۆناغە دەبێت لەناو ئەو جیهانبینیەدا بخوێنرێتەوە، دەبێت بزانرێت ئەو بەهایانە چی بوون لەو سەردەمەدا بوونیان هەبووە، کاتێک لەم

**رووداوێکی مێژوویی لە دەرەوەی سیاقی خۆیەوە کێشە دەخولقێنێت، ئەو کێشەیە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کردارێك لەناو تەونێکی جیهانبینی و بەهاو و نەریت و کرداردا دەگوازرێتەوە بۆ ناو جیهانبینییەکی جیاوازتر و بەهایەکی تر.**

چەشنە خوێندنەوانە بۆ بابەتە جیاوازەکان دەکرێت و دەگەڕێندرێنەوە بۆ تەونە فەرهەنگیەکانیان و لەوێوە وەک خۆیان دەرکیان دەکرێت، بۆیە قەیرانی نەخوێندنەوە یان تێنەگەشتن لەو بابەتانە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی دەیانەوێت ڕەمزێک لە تۆڕەکەی دابڕنن و بە تەنها مەحکەمەی بکەن، ڕێک بە چەشنی لێکۆڵینەوە لە پەڕجوی دینەکان لە دەرەوەی مەنزومەی دینیدا.

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەزانرێت لە کوێوە گۆڕانکاری بکرێت، چۆن گەشەپێدانی فەرهەنگی بهێنرێتە ئاراوە، لەم دیدەشەوەیە پێچەوانەی شۆڕشگێڕەکان دەبینەوە، لەوەدا دەیانەوێت گۆڕانکاری لە دەرەوەی ئەو تەونە چنراو و پێکەوە سازگارانەدا بکرێت کە کۆشوناسی کۆمەڵگەی لەسەر دامەزراوە.

هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان بەو دیدە کرد مرۆڤ فرێدراوەتە ناو مێژووەوە کە پێش ئەو بوونی هەبووە، بۆیە فەرهەنگ وەک دیارتیرین خولقاوی دەستی مێژوو، هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ بە بۆماوەیی بۆی ماونەتەوە، تەنها بە بوونی لەناو ئەو کۆمەڵگەدا (مێژوو) مرۆڤ دەبێتە خاوەنیان، واتە لەو مێژووەدا پێش هاتنی مرۆڤ بۆناوی گەڵاڵە بوون، مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەو ستانداردانە کە بۆی ماونەتەوە بڕیار دەدات، هیچ مرۆڤیک نیە سەراپای بڕواکانی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە، لە بنەڕەتیشەوە بەشێک لە بەهاو قیەمەکانی ئێمە زادەی کۆمەڵگەن و کۆمەڵگە بەهای پێداون نەک لە خۆیاندا هەڵگری بەها بن، بۆیە ناخرێنە ژێر پرسیارەوە، تەنها دەتوانین پراگماتیکیانە ڕەفتاریان لەگەڵ بکەین، ئایا باشن یان نا؟ هەر ئەمەشە وادەکات گادامێر(Hans-Georg Gadamer)باوەڕی وابێت مرۆڤ ناتوانێت رووپۆشی تەواوی فەرهەنگ بکات، ناتوانێت هەموو بابەتەکانی ناو فەرهەنگ وەک گریمانەیەک وەربگرێت و لیکۆڵینەوەیان لێبکات، بەشێکی زۆری باوەڕ و بۆچوونە بۆ ماوەییەکانمان تەحەکوم بە ئێمەوە دەکەن بێ ئەوەی ئێمە بتوانین تەحەکوم بەوانەوە بکەین، بگرە لەوەش زیاتر هەر بەشێک لە فەرهەنگ بۆ ئێمە دەبێتە پرسیار، لە ڕوانگەی بەهاکانی دیکەی ناو فەرهەنگەوە هەڵیدەسەنگێنین، واتە پێمان وایە لەگەڵ ئەو بەهایانەدا نایەنەوە کە فێریان بووین، بۆ نمونە؛ لە ناو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا خێزان بەهایەکی باڵای هەیە، بۆیە زۆر جار شەرەفپارێزی کارەساتی لێدەکەوێتەوە، کاتێک کارەساتەکانی شەرەفپارێزی دەبنە جێی پرسیار، ڕاستەوخۆ بەهاکانی پارێزگاری نەفس کە هەمان ئەوانیش لەناو هەمان فەرهەنگەوە هاتوون بەشدار دەبن لە ڕەخنەگرتنیدا، واتە پێمان وایە ناهاوسەنگیەک هاتووەتە ئاراوە، دژیەکیەک

خولقاوە، بۆیە بەرمەبنای بەهاکانی تری ناو فەرهەنگ لەم بەهایەش دەکۆڵینەوە، ئەمە جگە لەوەی فەرهەنگ بۆ خۆی گۆڕاوە، فەرهەنگی ئەمڕۆی ئێمە جیاوازە لەهی سەد ساڵی رابردوو، فرەیی فەرهەنگی و کارلێکیان خولقاوە بۆیە زووتر ئەو جیاوازیە دەرک دەکرێت بەهۆی دژیەکی دوو بەهای ناو فەرهەنگێکەوە کە دەردەکەون.

دیارە ناخوازم لێرەدا وا دەرببرم کە مرۆڤ دەستەوسانە لەبەرامبەر بتی فەرهەنگدا، نامەوێت وەک رۆسۆ بڵێم: "مرۆڤ زیندانە لەناو ئەو قەفەسە ئاسینەنەدا کە خۆی خولقاندویەتی."، بەو واتایەی لەبەردەم فەرهەنگدا دۆشداماو دەبێت و توانای دەسکاریکردنی نیە، بەڵکو دەمەوێت ئەو خاڵە بڵێم دواجار ترازووەکە لە بەرژەوەندی فەرهەنگدایە و هەموو ئەو هێزانەی بەدوای گۆڕانکاری خێراوەن جگە لەوەی بەشێک لە فەرهەنگەکەی خۆیان دەکەنەوە بە ستاندارد، لەناو ئەدەبیاتەکەی خۆیاندا کار دەکەن، (ئەڵبەتە ئەم دیدە دەکرێت ببێتە بابەتی لەسەروەستان، هەرچەندە لێرەدا دەرفەتمان نیە ، بۆ نمونە مالک بن نەبی پێی وایە تەنانەت لای مارکس کۆمەڵگەی شیوعیەتی دووەمی هەمان بەهەشتی کتێبی پیرۆزە) مەحکومیش دەبن بە شکست و لەو نێوەندەشدا قوربانییەکی بێهودە دەخولقێنن، ئالێرەوە مرۆڤ لەگەڵ ئەوەدا بەرکاریگەرە بە فەرهەنگ، بەڵام کۆیلەی فەرهەنگ نیە، بەڵکو مامەڵەی لەگەڵ دەکات، دیسان بەڵام ئەم پەیوەندیە هاوسەنگ نیە و لە بەرژەوەندی فەرهەنگدا لاسەنگە.

فەرهەنگ لە دوو رێگەی سەرەکیەوە دەست دەبات بۆ مرۆڤ و لە چوارچێوەی قاڵب و فۆرمی خۆیدا دایدەرێژێتەوە، ئەمەش لەو جیهانبینیە بنەڕەتیەوە دەستپێدەکات کە( ئەوە نەبێت مرۆڤ بوونەوەرێکی ناکامڵ بوویێت و پاشان فەرهەنگی بۆ زیاد کرابێت)، نەخێر، بەڵکو لەو دیدگایەوە (لە بونیادی مرۆڤدا فەرهەنگ بوونی هەیە، فەرهەنگیش بەشێکە لە بونیادی مرۆڤ)، بۆیە خولقاندنی مرۆڤ لە رێگەی فەرهەنگەوە لەو دوو رێگەوە دەستەبەر دەبێت، یەکەمیان تەرزاندن (التنميط)و دووەمیشان جڵەوکردن، یەکەم لە رێگەی رەمز و ماناوە و دووەمیش لە رێگەی فشاری فەرهەنگیەوە.

بە گەڕانەوە بۆ تێکست و فەرهەنگە کلاسیکیەکانیش دەتوانین هەنێک ئاماژە لە تارماییدا بدۆزینەوە کە ئاماژەن بۆ ئەوەی نەوتراوگەلێک بوونیان هەیە، پێمان دەڵێن مرۆڤ ئەو تێکەڵەیە لە فەرهەنگ و بایۆلۆجیا پێکهاتووە، بە خاڵیبوونەوە لە رەهەندی فەرهەنگی لە مرۆڤبوون دەکەوێت، بۆ نمونە لە فەرهەنگی جاویدا مرۆڤ ( مرۆڤی جاوی ) ئەو کەسەیە کە دەتوانێت هەڵگری سلوکی پێگەشتوو بێت، بۆیە منداڵەکان و شێتەکان و ئەوانەی بە ئاشکرا تاوان دەکەن و ئەحمەقەکان ناتوانرێت ببنە جاوی، ناتوانن مرۆڤی جاوی بن، لە قورئانی پیرۆزیشدا چەمکی ( كالانعام بل هم اضل سبيلا) دەکرێت لەو جۆرە زەمینەیەدا تەفسیر بکرێت، بەو واتایەی نەبوونەتە مرۆڤی فەرهەنگی لە خوار ئاستی مرۆڤی فەرهەنگیەوەن، تێکەڵەی بایۆلۆجیا و فەرهنگیان تێدا نەخولقاوە. ئەم دیدگایە کە مرۆڤبوون دەبەستێتەوە بەو پێناسەوە، فەرهەنگ قەبوڵی دەکات، دەمانباتەوە بۆ ئەو پێناسە ڤیبەریەی دەڵێت: "مرۆڤ

بوونەوەرێکی هەڵواسراوە لە ناو تۆڕێکی ڕەمزیدا." فەرهەنگیش ئەو تۆڕەیە لە ڕەمز، کەواتە مرۆڤ بوونەوەرێکە لەناو فەرهەنگدا.

### چۆن لە جیاوازیە فەرهەنگیەکان تێبگەین؟

فەرهەنگ لە بنەماوە ڕەهەندێکی ڕەمزی هەیە، ئەوەی ئێمە لە واقیعدا دەیبینین ئەگەر بە گێڕانەوەی نەبێت بۆ ڕەمز و شکاندنی شفرە ڕەمزیەکان نەبێت، جگە لە بێمانایی لە پشت جووڵەی مرۆڤەکان لە ناو فەرهەنگدا ناتوانین شتێکی دیکە ببینین، ئەمە بۆ ئایینیش وەک سیستمێکی فەرهەنگی دروستە، لە واقیعدا لە ناو ئایینەکاندا مامەڵەیەکی ڕەمزی بوونی هەیە، دەبێت بۆ تێگەشتن لەو ڕەمزە کۆی رستە ڕەمزی و زەمینە ڕەمزیەکان بدۆزینەوە، بۆ نمونە؛ کاتێک باوەڕدارێک ڕوودەکاتە قیبلە نوێژ دەکات، هەر ئەو ڕووکردنە قیبلەیە ڕەمزە، هەر نوێژ و جووڵەکانی ڕەمزن، بۆیە بێ دەرککردنی کۆی ڕەمزەکان لەناو جیهانبینی ئەو سیستمە فەرهەنگیەدا ناتوانین لە دۆخە فەرهەنگیەکە تێبگەین، پرسیارەکە لێرەوە سەرهەڵدەدات؛ چۆن بتوانین ئەو دۆخە فەرهەنگیە بخولقێنین تا بتوانین ئەو ڕەمزانە تێکبشکێنین/بکەینەوە کە لەناو جیاوازیەکاندا ڕێگرن لە تێگەشتن؟

پێدەچێت سەرەتاییترین دەروازە لێیەوە ئێمە بتوانین لە فەرهەنگ تێبگەیین هەستی هاوبەش بێت ( الحس المشترک )، ئەمە پڕاوپڕ پێچەوانەی ئەو دیدە پۆزەتیڤیستانەیە دەبێتەوە دەیەوێت لە دەرەوە لێکۆڵینەوە لە بابەتە مرۆییەکان بکات، هەروەها دۆخی ناوەکی هەستی مرۆڤەکانی بۆ تۆڕە ڕەمزیەکان بەلایەوە گرنگ نیە. ئەم دەرکە هاوبەشە گرنگە بۆ تێگەشتن لە کۆمەڵگەکان،

**فەرهەنگ لە بنەماوە ڕەهەندێکی ڕەمزی هەیە، ئەوەی ئێمە لە واقیعدا دەیبینین ئەگەر بە گێڕانەوەی نەبێت بۆ ڕەمز و شکاندنی شفرە ڕەمزیەکان نەبێت، جگە لە بێمانایی لە پشت جووڵەی مرۆڤەکان لە ناو فەرهەنگدا ناتوانین شتێکی دیکە ببینین، ئەمە بۆ ئایینیش وەك سیستمێکی فەرهەنگی دروستە، لە واقیعدا لە ناو ئایینەکاندا مامەڵەیەکی ڕەمزی بوونی هەیە، دەبێت بۆ تێگەشتن لەو ڕەمزە کۆی رستە ڕەمزی و زەمینە ڕەمزیەکان بدۆزینەوە.**

بۆ دەرککردنی ڕۆحیەت و تەیکردنیان، لێکۆڵینەوە لە وەسفە چڕەکان، لە یاریە قووڵەکان، لە تۆڕە ڕەمزیەکان، لە دەقەکان. چونکە هەموو ئەمانە زادەی ئەو هەستە هاوبەشەن مرۆڤەکان لەناو بازنە فەرهەنگیەکەدا هەیانە.

تێگەشتن لە فەرهەنگ کاتێک ڕوودەدات کە ئێمە بتوانین لە چاوی بکەرەکانیانەوە تەماشای (کردەی فەرهەنگی) بکەین، چونکە بەهای بابەتە فەرهەنگیەکان لە زاتی کردارەکاندا نیە، بەڵکو لەو بەهایانەدایە ئەوان بۆی دادەنێن، بۆ نمونە؛ تێکستێکی پیرۆزی وەک ڤیدا لەناو هیندۆسەکاندا بایەخێکی گەورەی هەیە، لە کاتێکدا لەناو کۆمەڵگەیەکی موسڵماندا ناسراویش نیە، بە پێچەوانەشەوە قورئان لای موسڵمانەکان پیرۆزە، کاتێک تۆ دەتەوێت لە نهێنی پێگەی قورئان تێبگەیت لای موسڵمانێک دروست نیە لە خودی قورئانەوە دەستپێبکەیت، بەڵکو دەبێت لە چاوی موسڵمانەکانەوە لەو بابەتە بڕوانیت، لەم دۆخەدا تۆ خەریکی پرۆسەیەکی هێرمنۆتیکیت، پرۆسەی تەئویلکردنی چاوی ئەوانی دیکە، ڕوانینی ئەوانی تر، ئەم پرۆسەیەش تەئویلێکی دووەمیە و تەئویلی یەکەمی تەنها وەچەی خودی فەرهەنگەکە پێی هەڵدەسن، واتە ڕوانینی مرۆڤی موسڵمان بۆ قورئان بریتی نیە لە خودی قورئان، بەڵکو بریتییە لە تێگەشتنی تاکی موسڵمان بۆ قورئان، بۆ نمونە؛ لە دۆخیکی فەرهەنگیدا ڕوانینی مرۆڤی باوەڕدار وابووە قورئان (دەمبەستی گورگ) دەکات و (شتی بزربوو) دەدۆزیتەوە، پێناچێت لە دۆخە فەرهەنگیەکانی دیکەدا ئەم دەرفەتە بوونی ببێت یان بمێنێت.

لە پرۆسەی تێگەشتن لە فەرهەنگدا، بایەخدان بە ڕۆحی جەماعی گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە، ڕۆحی جەماعی لای هەر گەلێک، بریتیە لە کەشی گشتی و ئەو تایبەتمەندیەی کە ژیانی مرۆڤەکان لەناو ئەو گەلەدا ئاسایی دەکاتەوە، بریتیە لە شێوازی ئەو گەلە لەو بوارەدا پەیوەستە بە ئەخلاق و جوانیناسی و مەزاجی گشتیەوە، لەوەش زیاتر هەڵوێستی بنەڕەتی ئەوانە لە هەمبەر خۆیان و جیهان هەروەک لە ژیانی خۆیاندا ڕەنگدەداتەوە، مامەڵەکردن لەگەڵ فەرهەنگدا و تێگەشتن لە جیاوازیەکانی دەبێت هێندە قووڵ ببنەوە ڕێگر بن لە بە ئامرازبوونی فەرهەنگ.

## فرەیی وەک زەمینەی خوێندنەوەی جیاوازیە فەرهەنگیەکان:

بابەتی پلۆراڵیزم وفرەیی ئایینی و فەرهەنگی، بە مانا فەلسەفی وئەخلاقیەکەی بابەتێکی نوێیەو زادەی بیرکردنەوە و جیهانبینی فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێیە، بەتایبەتی بەشێک لە فەیلەسوفە ئەنگلۆساکسۆنەکان، هەر بۆیە مێژووی پلۆراڵیزمی ئایینی و فەرهەنگی دەتوانین لەمێژووی ئایین و فەلسەفەدا بدۆزینەوە، دەکرێت هەندێک بنەمای لای ئیسلاحگەرا ئایینیەکان بوونی هەبوویێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە دوو سەدەی ڕابردودا زەقتر بووەتەوە، لە ڕەوڕەوەی گەشەی ئەم هزرەدا نابێت باس لە ڕۆڵی بەرژەوەندی مادی و پێکگەشتنی نێوان ئایین و فەرهەنگەجیاوازەکان نەکەین، چونکە پێش سەدەی نۆزدە ئایینە گەورەکانی جیهان و فەرهەنگە جیاوازەکان پێویستیان بەو پەیوەندیە بازرگانی و ژینگەیی و یاساییە

جیهانیە نەبووە، بەڵام پاش سەدەی نۆزدە و بەتایبەتیش لە سەدەی بیستدا پەیوەندیەکان بەهێزتردەبن و لێکگەشتن زیاتردەبێت و پێویستیە پەیوەندیەکانیش زیاتردەبن، بۆیە باسکردنی فرەیی ئایینی و فەرهەنگی و ئەخلاقی و لێبوردەیی و تۆلێرانس دێتە ئاراوە، ئەمەش هەمان ئەو دەروازەیەی دۆرکهایمە بۆ خوێندنەوەی دۆخەکە بەرمەبنای زەرورەتی کۆمەڵایەتی.

ئەڵبەتە هەموو ئایین و فەرهەنگەکان دەتوانن نمونە بۆ ئەوە بهێننەوە لەژێر قەڵەمڕەوی ئەواندا فەرهەنگ و ئایینی دیکە ژیاون و ئازاریشیان نەداون، نامانەوێت نکوڵی لەوە بکەین، بەڵام ئەوەی لەم خوێندنەوەیەی ئێمەدا کاری لەسەر دەکرێت پنتێکی دیکەی ئەو بابەتەیە، ئەو پنتەیە دەگوازرێتەوە لە بازنەی (ڕێگەپێدان)ەوە بۆ (مافبوون)، بگرە لەوێشەوە دەگوازرێتەوە بۆ (هەڵگرتنی حەقیقەت)، وادەزانم ئەم خوێندنەوەیە لە رابردوودا غائیب بووە لەناو خوێندنەوەکاندا، لە روانگە فەلسەفیەکانەوەکاریان لەسەرخولقاندنی بنەماو جیهانبینی بۆ ئەو پێکەوەژیانە نەکردووە بەو واتایەی تێکڕایان هەڵگری بەشێک لە حەقیقەتن. بەڵکو زیاتر وەك بابەتێکی فیقهی یان سیاسی ئەم گونجاندنە خولقاوە، بەڵام ئەوەی ئێستا ئێمە کاری لەسەر دەکەین لە پانتایی کاری فەلسەفیدایە و خولقاندن و دۆزینەوەی جیهانبینی پێکەوەژیان ژیانێکی ئارام و ئاسایشە.

دەبێت دان بەو راستیەشدابنێین فرەیی فەرهەنگی و تیۆریزەکردنی بابەتێکە خاڵی هاوبەش و فراوانی لەگەڵ فەلسەفەی ئاییندا هەیە، بگرە بەشێکە لە خودی فەلسەفەی ئایینیش، بۆیە لێرەوە هەم ئایین وەک سیستمێکی فەرهەنگی و هەمیش وەک ئایین دەردەکەوێت، لەو چرکەساتەوە ئایین دەبێتە پاشخانی سیستمی فەرهەنگی، لەوە بەدوا مامەڵەیەکی فەرهەنگی لەگەڵ دەکرێت، بۆیە ئایینە گەورەکانی دونیا تێکڕایان فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە، لەناو پرۆسێسی کۆمەڵایەتی و ژیاریدا لەدایکبوونەتەوە و خەسڵەتی فەرهەنگیان وەرگرتووە. پلۆراڵیزم لەبەرامبەر چاوچێوەگەرایی و ڕێگریکردن لەفرەیی فەرهەنگیەوە خۆی دەبینێتەوە، ئەو فرەییە ڕێگریکردن بێت لە فرەیی ئایینی وەک لە بەشێک لە دەوڵەتە پاشخان دینیەکاندا بونی هەیە، یان ڕێگریکردن بێت لە گەشەی فەرهەنگی ئەوانی دیکە وەک زمان و کەلتور و ئەخلاقیاتی ئەوانی دیکە، سنوردارگەراکان باوەڕیان وایە حەقیقەت و سەعادەت لە یەك ئایینداخۆیان دەبیننەوە، ئەمە لە رووە ئایینیەکەیەوە، لە رووە فەرهەنگیەکەشیەوە یەک جۆر پێناسەیان بۆ مرۆڤ قەبوڵە، ئەوەی لە پێشەوەدا ئاماژەمان پێدا، فەرهەنگ پێناسەی مرۆڤبوونیش دیاری دەکات، مانا دەداتە مرۆڤ، بۆیە پێیان وایە بەدەر لەو جۆرەی فەرهەنگ هەڵگرتنی هەر خەسڵەتێکی دیکە مرۆڤ لە مرۆڤبوون دەخات و شایستەی ڕێگەپێدان نیە، هەر ئەم دیدەش وای کردووە فەرامۆشکردنی ئەزمونی ئایینەکانی دیکە و کەم تەماشاکردنی تێز و تێڕوانینی گەلانی دیکە بێتە ئاراوە و لە تەرحە توندوتیژەکەیدا نانەوەی پشێوی و جەنگ و کوشتار نوێنەرایەتی پەیوەندی نێوان شارستانیەتەکانی کردووە، لە بەرامبەردا پلۆراڵەکان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن سەرەڕای جیاوازیە فەرهەنگیەکان دەکرێت مرۆڤەکان لە ڕێگە جیاوازەکانەوە بگەنە حەقیقەت،

دەشتوانرێت سەرەڕای باوەڕبوون بە جیاوازی ئەخلاقی و مەعریفی ژیان پیکەوە بگوزەرێت.

ئالێرەوە پلۆراڵیزم لەخۆیدا پۆلین بووە بۆ دوو ئاراستەی جیاواز، ئاراستەیەکی ئەخلاقی وئاراستەیەکی مەعریفی، ئاراستە ئەخلاقیەکانی پلۆراڵیزم پارێزگارترن، بەڵام لە دنیای جیهانبینی ئەخلاقیەوە باوەڕیان بەفرەیی هەیە. لایەنگرانی پلۆراڵیزمی ئەخلاقی لەو روئیایەوە کاردەکەن کە ئەخلاق بازنەیەکی فراوانترە لەئایین و فەرهەنگ، چونکە لە بنەڕەتدا ئەخلاق بەشێك نیە لەئایین، بەڵکو بازنەیەکی تەواو جیاوازە، خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو بازنەیەش لەوەدایە ئایین سووربوون بۆئایینداردروستدەکات لە پابەندبوون بە ئەخلاقەوە، ئایین ئیلتزامی ئەخلاقی بۆ ئاییندار دروستدەکات، لە بازنەیەکی فراوانتردا لایەنگرانی تەفسیری ئەخلاقی باوەڕیان بەو جیهانبینیە هەیە فەرمانە ئیلاهیەکان لە زاتی خۆیاندا ئەخلاقین، واتە پێش هاتنی ئایینەکان چاکە هەرچاك بووە و خراپەش هەر خراپ، ئیدی ئەم چەمکە بە شێوازی زۆر دەربڕاوە، یەکێك لە شێوازەکانی دەربڕینی بریتیە لەوەی دەڵێن ئەخلاق سکۆلارە واتە بێلایەنە، ئەم جیهانبینیە لە بەرامبەر جیهانبینیەکی دیکەوە دێت کە پێی وایە نەخێر، ئەمرە ئیلاهیەکان لەخودی خۆیاندا باش نین بەڵکو چونکە خودا فەرمانی پێکردوون بۆیە باش بوون، واتە لە بابەتدا باش دەبن نەك لە زاتدا، ئەوان پێیان وایە ئەوەی ئێستا باشە ئەگەر خوا فەرمان بکات خراپە ئیدی خراپ دەبێت.

ئالێرەوە جیهانبینی ئەخلاقسەنتەرەکانی تەفسیری ئایینی باوەڕیان بەوەیە هەموو پابەندی و تەفسیرە دینیەکان پێویستە دواجار لە مەحەکی

**ئەخلاقسەنتەرانی تەفسیری ئایینی باوەڕیان وایە هەموو پابەندی و تەفسیرە دینیەکان پێویستە دواجار لە مەحەکی بابەتە ئەخلاقیەکان بدرێنەوە، گەر پێچەوانەی ئەو بنەما ئەخلاقیانە هاتنەوە دەبێت دڵنیابین ئەو راڤانە هەڵەن و لەگەڵ رۆحی بابەتە ئایینیەکاندا نایەنەوە.**

بابەتە ئەخلاقیەکان بدرێنەوە، ئەگەر پێچەوانەی ئەو بنەما ئەخلاقیانە هاتنەوە دەبێت دڵنیابین ئەو تەفسیرانە هەڵەن و لەگەڵ رۆحی بابەتە ئایینیەکاندا نایەنەوە، هەر چۆنێك عەقڵانیەکان ئەم کارەدەکەن، واتە تەفسیرەکانیان پێچەوانەی دراوە عەقڵیەکان نابنەوە، هەورەها ئەگەر تەفسیرە ئایینیەکان هاوتای بابەتە ئەخلاقیەکان بوون ئەوە دەبێت وەك بەجێگەیاندنی ئەرکی ئەخلاقی پابەندیان بین، پلۆراڵە ئەخلاقیەکان، بۆ بابەتی فرەیی ئایینی چەمکە ئەخلاقیەکانی وەك؛ ئازادی،حەقیقەتخوازی، یەکسانی دەرفەت و هەل و ماف، بەرامبەربوون و عەدالەت دەکەنە بنەمای کارلەسەرکردن. لەو رووەوە کە ئایین بابەتێکی ناوچەییە واتەکاتێك کەسێك لە ناوچەیەکی موسڵماننشیندا لەدایکدەبێت دەبێتە موسڵمان ،کەسێکی دیکەش لە ناوچەیەکی مەسیحینشیندا لەدایکدەبێت دەبێتە مەسیحی، ئیدی بێئەوەی مرۆڤەکان هیچ دەسەڵاتێکیان تێیداهەبوویێت، نابێت نە پاداشت و نە سزاش، نە بەرژەوەندی نە مەترسی بەو هۆیەوە دیاری بکرێت، واتەکاتێك مرۆڤ ئازاد نەبووە لە دیاریکردنی ئایینی خۆیدا،

**کاتێك كەسێك لە ناوچەیەكی موسڵماننشیندا لەدایكدەبێت دەبێتە موسڵمان ،كەسێكی دیكەش لە ناوچەیەكی مەسیحینشیندا لەدایكدەبێت دەبێتە مەسیحی، ئیدی بێئەوەی مرۆڤەكان هیچ دەسەڵاتێكیان تێیداهەبووبێت، نابێت نە پاداشت و نە سزاش، نە بەرژەوەندی نە مەترسی بەو هۆیەوە دیاری بكرێت.**

بەڵكو جەبرێك ئایینێكی بۆدیاریكردووە، لەو رەوشەدا بەرپرسیاریش نیە ، واتە بەرپرسیارییێتی لە كاتێكدایەكە مرۆڤ ئازاد بوویێت ئازادانە بڕیاری دابێت، كە ئازاد نەبوویێت پاداشت وسزای چی؟ لەو روانگەیەوەكاتێك موسڵمانێك لە ناوچەیەكی موسڵماننشیندا لەدایكدەبێت بێئەوەی لەو پێناوەدا خۆی هیچ رەنجێكی كێشابێت رەوا نیە پاداشتێك وەربگرێت بەهۆیەوە.

لە لایەكی دیكەشەوە مرۆڤ بە خەسڵەت عەودالی حەقیقەتە، ئەمەش زۆرجار وەك غەریزەی زانین و زۆرجاریش وەك كونجكاوی (نهێنیزانی) و ئەزموونكردنی نەزانراوەكان باسی لێوەكراوە. بۆیە لێرەوە نابێت ئێمەگەڕان بەدوای ئەم ئەركە ئەخلاقیەدا لە هیچ كەس و مرۆڤێك حەرام بكەین، بۆیەش ئایینگۆڕین مافێكی مرۆڤە لەلایەكەوە ئاییندارێك ماف بەوە بدات ئاییندارێكی دیكە بێتەسەر ئایینەكەی ئەم و ئەو مافە بە شوێنكەوتووی ئایینەكەی خۆی نەدات بڕواتە سەرئایینێكی دیكە، ئەمە پێچەوانەی رۆحی حەقیقەتخوازی وعەدالەتە لە نێوان ئایینەكاندا.

بەناسینی ئەم سەبكەی پلۆراڵیزم دەتوانین ئاماژە بەوە بكەین كە خاڵێكی نزیكی لێبوردنی ئایینیە، بگرە بەشێك لە توێژەرەوەكان پێیان وایە پلۆراڵیزمی ئەخلاقی هەمان لێبوردەیی ئایینی و تۆلێرانسەكە وەك دوو چەمكی نوێ هاتونەئاراوە.

هەر چی پلۆراڵیزمی مەعریفیشە (Cognitive Pluralism) لە كۆمەڵێك جیهانبینیەوە هاتووەتە ئاراوە كە مەعریفە تێیدا سەنتەرە و دەركی مەعریفە و خودی مەعریفەش لەو نێوەندەدا رای جیاوازیان لەسەرە. لەوێوە حەقیقەت چییە؟ چۆن دەگەینە حەقیقەت، لەو بازنەوە حەقیقەت وەك ئەوەی هەیە تا ئەو ئاستەی حەقیقەت وەك ئەوەی ئێمە لێی تێدەگەین ئەمانە هەموو ئەو بازنانەن كە ئێمە دەتوانین دەیان وبگرە سەدان شێوازی قوتابخانە و ئاراستەی جیاواز و پۆلێنكردن بۆ فیكری پلۆراڵ بخەینە بەر باس ولێكۆڵینەوە.

## یەكیەتی حەقیقەت و فرەیی رێگا:

خاڵی بنەڕەتی و جیاكەرەوەی ئەم دیدگایە لەوێوە تەماشا دەكرێت باوەڕی وایە مرۆڤەكان لە رێگەی جیاوازەوە دەتوانن بگەنە یەك ئامانج، بۆیە جیاوازیە فەرهەنگی و ئایینیەكان بۆ ئامانجێكی دیاریكراون لە رێگەی جیاوازەوە، بە تایبەتی ئەم دیدە لەناو تەفسیرەكانی ئاییندا بە زەقی دەردەكەوێت، كە باوەڕیان وایە زیاتر لە رێگایەك هەیە بۆ گەشتنە حەقیقەت. رستە بەناوبانگەكەی عاریفان لەم نێوەندەدا گرنگیەكی گەورەی هەیە ( الطرق الی الله بعدد انفاس الخلائق). بۆیە ئەم دیدگایە پێی وایە ئایین و راڤە جیاوازەكان ڕێچكەی جیاوازی گەشتنە حەقیقەتن، نەك تاكە رێگا. بۆیە

ئایینەکانیش سێبەری حەقیقەتن، چەمکی ئیتحادی ئەنبیاش لەم بوارەدا بێڕۆڵ نابێت.

دەکرێت لەم بوارەدا مەعریفەناسی کانتی لە دابەشکردنی حەقیقەت بۆ (نۆمن) و (فینۆمن) سوودی هەبێت لەو ڕووەوە ئەوەی دەرکی دەکەین بریتیە لە (حەقیقەت وەک ئەوەی دەردەکەوێت).

لە بەنەڕەتەوە حەقیقەت پلۆراڵە و ئەگەر حەقیقەتێک هەبێت لە فرەییدایە، نەک لە یەکێتیدا، هیچ فەرهەنگێک نەیتوانیوە قۆرخی حەقیقەت بکات، بەڵکو حەقیقەت وەک دەوترێت جامێک بوو شکاو هەر پارچەیەکی کەوتە شوێنێکەوە. ئەمەش تێڕوانینێکی رادیکاڵترە لەوەی پێشوو بۆ حەقیقەت.

بەدەر لەوەی ئێمە بڕوامان بە هەرکام لەو دوو تەرزە هەبێت، ئایا پێمان وایە حەقیقەتێکی نەگۆر هەیە و لە یەکتاییدایە، یان حەقیقەت خۆشی پلۆراڵەو ئەگەر حەقیقەتێک بوونی هەبێت بریتیە لە فرەیی، ئەوا دەتوانین تێگەشتنمان لە پلۆراڵیزمی مەعریفی بۆ ئاستی جیاواز و ڕووگەی جیاواز پۆلێن بکەین.

**یەکەم: پلۆراڵیزمی مەعریفی تەوسیفی :**

دیدگای سەرەکی لەم تەوژمەدا بریتیە لە بەڵگاندن (ئیستدلال)، واتە ئێمە یەک جۆر بەڵگاندنمان نیە، وەک ئەوەی بەشێک لە مرۆڤەکان باوەڕیان وایە، بەڵکو بنەماکانی بەڵگاندن لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی دیکە جیاوازن، ناتوانین لە فەرهەنگە جیاوازەکاندا یەک جۆر ئارگیومێنتسازی بدۆزینەوە یان ناتوانین ناچاریان بکەین بە جۆرێک لە بەڵگاندن، ئەگەر خودی مەعریفەش بریتی بێت لە (باوەڕێکی راستی بەڵگەدار)، ئەوا ئێمە بۆ یەک جۆر مەعریفە بەڵگەوێژی کۆڕامان نیە، یان یەکجۆر حەقیقەتیشمان لەبەردەستدا نیە، ئالێرەوە فرەیی فەرهەنگی تەنها دیوێکی ئەخلاقی وەرناگرێت، بەڵکو دیوێکی مەعریفەناسیانەشی هەیە، تەرحە جیاوازەکانی شێوازی بەڵگاندن کامیان گونجاوترن بۆ بەڵگە وێژی؟

**دووەم : پلۆراڵیزمی مەعریفی هەنگاری :**

دەتوانین بڵێین خاڵی سەنتەری و بنەڕەتی ئەم دیدگایە بریتیە لە جەخت لەسەر هورم (ئیعتیبار)، بەو مانایەی هیچ فەرهەنگێک هەموو هورمەکانی رەچاو نەکردوە لە داڕێژانەوەی خۆی و بەهاکانیدا، بۆیە هەمیشە لەناو فەرهەنگەکاندا بۆشایی هورمی هەیە، ئەولەیەت و بەخشین هەیە، لەناو لۆجیکی کلاسیکدا چەمکی (التزاحم) دەتوانرێت تەوزیف بکرێت بۆ نزیکبوونەوەی فەهمی لەم بابەتە، لەو ڕووەوە هیچ فەرهەنگێک ناتوانێت هەموو ناچاریەکان کۆبکاتەوە، بۆ نمونە لە نێوان ئیعتباری خێزان و ئازادیدا دەکرێت دوو فەرهەنگ جیاواز بن، یەکەمیان ئیعتباری مانەوەی خێزان بەلایەوە گرنگتر بێت و ئەوی دیکەشیان ئازادی، بۆیە ناکرێت بتوانرێت لە فەرهەنگێکدا تێکڕای ئیعتبارەکان رەچاوبکرێن، لێرەوە هەر فەرهەنگێک بەشێک لە هورمی لای خۆی هەڵگرتووە، بۆیە تێکڕای فەرهەنگەکان دەتوانن بۆ گەشەی تێگەیشتن و ڕووگەی مرۆڤ دەربارەی ئیعتیبار بۆ فەرهەنگ دەرفەتێکی ئیپستمۆلۆجیانە بخولقێنن.

## سێیەم: پلۆراڵیزمی تەقیمی ( هەڵسەنگاندن):

تێڕوانینی بنەڕەتی ئەم تەرزە دەکرێت لەوێدا کورت بکرێتەوە؛ فەرهەنگە جیاوازەکان بەیەک ستایڵ و بەرمەبنای یەک ستاندارد هەڵسەنگاندن ناکەن، بەڵکو شێوازی جیاواز و بنەمای جیاواز بەکاردەبەن بۆ هەڵسەنگاندن، بۆیە ناتوانرێت پێوەرێکی گەردونی دابنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی تێکڕای فەرهەنگەکان بەمەش دەرفەتی فرەیی فەرهەنگی پایەدارتر دەکات.

تێکڕای ئەم تەوژم و جیهانبینیانە دەیانەوێت پێمان بڵێن مەعریفە بۆخۆی ڕێژەییە، دەخوازن دەستمان بگرن بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو بازنەی ڕەهایی و بە سەنتەرکردنی فەرهەنگێکەوە، سەنتراڵیزمی فەرهەنگی یەکێک دەبێت لەو بەڵایانەی لەسایەیدا چەوساندنەوە و فەرامۆشکردنی فەرهەنگی دێتە ئاراوە، هەر بۆیە لەمەڕ خودی مەعریفە و حەقیقەت و زمانەوە کە بەهۆیەوە لە مەعریفە و حەقیقەتدا پێشفەهم و جیهانبینی جیاواز هەیە، لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو جیهانبینیانە بخەینەروو کە لەسەرەوەوە کار لەسەر تێروانینە فەرهەنگیەکان دەکەن.

پێشفەهم و پێشگریمانەکانی ئێمە بۆحەقیقەت:

یەکێک لە قەیرانە فیکریەکان بریتیە لە پۆلێنبەندی، دواجار جیاوازیەکان دەخرێنە ناو سنورەکانە و پێناسەی سنوربەندیان پێدەدرێت، بەڵام ناچاریشین ئەم کارە بکەین، بۆیە هەوڵ دەدەین پۆلێنبەندی بکەین بۆ روانینەکان بۆ حەقیقەت هەرچەندە دەشزانین زۆر دروست نیە، بەڵام لانی کەم دەتوانین لەسێ پێشگریمانەداکورتیان بکەینەوە:

## یەک: روانگەی سنوورگەرایان:

لەدیدگای سنوورگەراییەوە هەر فەرهەنگ و گروپێك باوەڕی وایە تێکڕای حەقیقەتی لە هەمبانەکەی ناوە و هیچ شتێک لە حەقیقەت نەماوەتەوە بۆ ئەوانی دیکە. هەموو مرۆڤەکان هێندەی بەرخورداربوونیان بە تێڕوانینەکانیان ئەم پشکەیان لە حەقیقەت بەرکەوتووە، ئەگەرنا لە گومڕاییدان، ئەم دیدگایە بەربڵاوترین دیدگای فەرهەنگە دینیەکانە، یەهودیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەوان دەستەبژێری خودان و دەبێت هەموو ئەوانی دیکە نۆکەرایەتیان بکەن، لەبەرامبەردا مەسیحیەکانیش پێان وایە پیسترین ڕەگەز لەناو مرۆڤایەتیدا جوەکانن، موسڵمانانیش لە دیدی جوەکانەوە؛ لەو ڕووەوە پێغەمبەری ئیسلام لەنەوەکانی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم ناسراوە، ئیسماعیلیش کوڕی ئافرەتێکی کۆیلە بووە، بۆیە لە کتێبی پیرۆزدا بە ( کەری وەحشی ) وەک ئیدیۆمێک بۆ هەجین بوونی ڕەش و سپی، سەید و کۆیلە ناوی براوە، بەو واتایەیە لە سپیەتی ئیبراهیم و ڕەشیەتی هاجەر بەرخورددارە و نابێت خودا پێغەمبەران لەناو چینە نەویەکان هەڵبژێرێت، لەبەرامبەردا موسڵمانەکانیش پێیان وایە نەفرەتکردن لە جوو و کرستیان پاداشتی لەسەرە، ئەڵبەتە وەک وتمان ئەمە باسی زۆرینەیە نەک کەمینە، بۆیە لایەنگرانی ئەم دیدە پێیان وایە هەم توانیویانە حەقیەت لە خۆیاندا کۆبکەنەوە و هەمیش شایستەی سەعادەتن، چونکە کەسێک خاوەنی حەقیقەت و بەختەوەری نیە جگەلە ئەمان. ئەم روانگەیە بە سیستمی ئیلاهیاتی بەتلیمۆسیش ناودەبرێت، سیستمی بەتلیمۆسی ئەو روانگەیە بوو لە شەرحکردنی

گەردوندا پێیوابوو زەوی سەنتەری بوونە و خۆر و ئەستێرەکان بە دەوریدا دەسوڕێنەوە، لەم روانگەوە لایەنگرانی هەر فەرهەنگێک یان ئەگەر وردتری بکەینەوە هەر ئایینێک پێیوایە ئایینەکەی ئەو زەویە و خۆر (حەقیقەت) وئەستێرەکانیدیکەش (ئایینەکانی دیکە) بەدەوری ئەودا دەسوڕێنەوە.

### دوو: روانگەی شمولگەرایان :

ئەو تێڕوانیەی پێیوایە ئەوەی لای ئێمەیە هەموو حەقیقەت و بەختەوەریە(inclusivism)، دەکرێت خەڵکی دیکە حەقیقەت وبەختەوەری لا بێت، بەڵام ئەو حەقیقەت و بەختەوەریەی لای کەسان و فەرهەنگەکانی دیکە هەیە لەناو حەقیقەت و بەختەوەریەکەی ئێمەدا بوونی هەیە، بە وردی ئەدەبیاتی ئیسلامی ئێمە لە دۆخە کراوەکەشیدا لێوانلێوە لەم بیرکردنەوەیە، بەشێوەیەک ناتوانین لە خەیاڵی لایەنگرێکیدا دەریچەیەک بدۆزینەوە بۆ هەبوونی حەقیقەتێکی تر لە دەرەوەی ئەو مەنزومە حەقیقەتیەوە کە ئەو باوەڕی پێیەتی، ئێمە ئاگاداری بەرخورد و ئەدەبیاتی ئیسلامین بۆیە سەرنجمان لەسەر ئەوەیە، ئەگەر نا ئەدەبیاتی دینەکانی دیکەش لەم نمونەیەی زۆری تێدایە، لە نمونەی لایەنگرانی ئەم بۆچوونە دەتوانین ئاماژە بە بۆچوونەکانی کارڵ رانر(Karl Rahner) موتەکەلیمی مەسیحی بکەین کە باوەڕی وابوو کەسانێك هەن بە رووکار مەسیحی نین، بەڵام لە ناوەڕۆك و باتیندا مەسیحین، ئەوان هەڵگری هەمان ئەو حەقیقەتانەن کە مەسیحیەتی لەسەر بینا بووە، ئەم دیدگایە نەیتوانیوە بازنەی ئیلاهیاتی بەتلیمۆسی تێپەڕێنێت، بەڵکو لەناو هەندێک لە چوارچێوەکانیدا ماوەتەوە و بە

**لە بەنەڕەتەوە حەقیقەت پلۆراڵە و ئەگەر حەقیقەتێك هەبێت لە فرەییدایە، نەك لە یەکێتیدا، هیچ فەرهەنگێك نەیتوانیوە قۆرخی حەقیقەت بکاتن**

شێوەیەک لە شێوەکان داپۆشیون بۆیە ئەم روانگەیەش بە سیستمی ئیلاهیاتی (بەتڵیمۆسی پێچراوە) ناسراوە. سێ: روانگەی پلۆراڵ:

باوەڕی بنەڕەتی و جیاکەرەوەی ئەم دیدگایە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە حەقیقەت و بەختەوەری لای کەسانی دیکەش هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی وایە ئایینە کەی ئەم هەمووی لەناو حەقیقەتدا جێگای دەبێتەوە و مرۆڤیش بەرەو بەختەوەری دەبات، ئەم دیدگایە بازنەیەکی بەرفراوانتر دەداتە حەقیقەت و پێیوایە هەبوونی حەقیقەت لەدەرەوەی ئایین و ئیلتزاماتی ئایین بەو حەقیقەتەوە وایکردووە ئایین شەرعیەتی هەبێت و بشتوانرێت بسەلمێنرێت، تێڕوانینە ئەخلاقیەکان بۆ ئایین لەم بوارەدا کاریگەری گەورەیان هەیە، ئەوەی دان بنێیت بەوەدا پێش هاتنی ئایینەکان کۆمەڵێک حەقیقەت هەبوون و ستانداردی قەبوڵکردنی ئایینەکان بوون لای مرۆڤەکان دەچێتە ئەم بازنەیەوە. لەم رووەوە عاریفەکان بێرۆڵ نەبوون لە گەشەدان بەم تێزە هەر ئەوەی دەوترێت (حەقیقەت جامێك بوو کەوتەخوارەوە و شکا هەر بەشێکی کەوتەلای مرۆڤێکەوە)،

## تا چەندە تەفسیرەکان بتوانن مانا بدەنە ژیان و بەها گەردوونیە ئەخلاقیەکان بپارێزن، ئەوەندە فەرهەنگترن.

بەم پێیەش هەموو مرۆڤەکان حەقیقەتیان لایە و کەسیشیان هەموو حەقیقەتی لانیە، هەروەها دەوەترێت (هێندەی ژمارەی مرۆڤەکان رێگای گەشتنە خودا بوونی هەیە)، ئەم تێڕوانینە پلۆراڵیزم قەبوڵدەکات، ئەگەر دوو روانگەکەی پێشوو لەناو مەنزوومەی بەتڵیمۆسیدا بووبن، تێڕوانینیان بۆ فەرهەنگ و جیهانبینی خۆیان سەنتەری بووبێت و تێگەشتنیان بۆ حەقیقەت بە خزمەتگوزارکردنی سەنتەرە فەرهەنگیەکە بێت، ئەوا ئەم تێڕوانینە باوەڕی بە هەبوونی سەوابتی فیکری و حەقیقەت هەیە، باوەڕی بەوە هەیە لە دەرەوەی فەرهەنگەکانەوە جێگیرێک هەیە هێندەی بەرخورداربوونی هەر فەرهەنگێک لەو حەقیقەتە شیانی مانەوە و هەڵکردنی پێدەبەخشێت، بۆیە ئەم تێڕوانینە هاوئاست لەگەڵ گۆڕانکاری لە جیهانبینی بەتڵیمۆسیدا بۆ گەردوون و جێگیربوونی جیهانبینی کۆپەرنیکی دێتە ئاراوە، بۆیە چۆن لە گەردووناسیدا کۆپەرنیک شۆڕشێک بوو لە فیکریشدا، پلۆراڵیزم هەمان شۆڕشە هەر ئەوەش وایکردوە لە فیکردا بە ئیلاهیاتی کۆپەرنیکیش دەناسرێت، چونکە پێیوایە حەقیقەت لە فەرهەنگەکەی ئەم گەورەترە و سەراپای فەرهەنگەکان بەدەوری حەقیقەتدا دەسوڕێنەوە. پێدەچێت ئەم تێزە زۆرتر لەناو فەرهەنگە دینیەکاندا بتوانێت جیلوە بکات و نمایان بێت، بۆ؟ چونکە ئاییندار بە قووڵی گۆڕانکاری تێدا روودەدات و لە بەسەنتەرکردنی دینەکەیەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەو بیربۆچوونەی کە پێی وابێت ئایینەکەی ئەمیش (زەوی) ئەستێرەیەکە لەناو ئەستێرەکانی دیکەدا، ئایینێکە لەناو ئایینەکانی دیکەدا، ئەوەی هەیە لەناو مێژووەکەی ئەمەوە سەریهەڵداوە و پێشبونیادی بیرکردنەوەی ئەمە، ئەو پەنجەرە فەرهەنگیەیە لێیەوە دەڕوانێتە بەهاکان، چەندەش تەفسیرەکانی بتوانن مانا بدەنە ژیان و بەها گەردوونیە ئەخلاقیەکان بپارێزن ئەوەندە فەرهەنگترە.

### جیهانبینی مەعریفی:

ئێمە لەسەرەتای ئەم بابەتەوە ئاماژەمان بۆ دوو خاڵ کرد، یەکەم، ویستمان باسی حەقیقەت بکەین، دووەمیش، پێمان وابوو بەبێ هەبوونی دیدێکی ئیپستمۆلۆجیانەی فرەیی سەنتەر ناتوانین فرەیی بەرجەستە بکەین، لە پێشەوەدا ئاماژەمان بە جیهانبینیەکان بۆ فرەیی لە حەقیقەتدا کرد، سێ تەوژمی ( ئیکسکلوسیڤیزم، ئینکلوسیفیزم، پلۆراڵیزم) مان خستە بەر باس. پێمان وابوو نە لە سایەی ئۆتۆریتەی حەقیقەتدا دەتوانرێت دەرفەتی فرەیی بخولقێندرێت، نە لە سایەی شمولیەتی حەقیقەتدا، چونکە لەم دوو دیدەدا ستاندارد دەبێتە فەرهەنگ و تێڕوانینێک، فەرهەنگەکانی دیکە هێندەی یەکسان بوون و گونجانیان لەگەڵ ئەو ستانداردەدا بە فەرهەنگ دێنە هەژمار، لەوەدوا بە لادان دەزانرێن، دواجار

لە هەموو باڵادەستبوونێکیشدا فەرهەنگی زاڵ دەکرێتە شوناس و ئەوانی دیکە لە ژێر سایەی فشارەکانی ئەمدا دەتوێنەوە و زۆرترین ئاستی فشاری فەرهەنگیش پەیڕەو دەکرێت، بۆیە لە بنەڕەتەوە فرەیی کۆتایی دێت.

پرساری سەنتەری ئەم بەشەی ئێمە لێرەدا ئەوەیە؛ ئایا ئێمە مەعریفەی سەروەمرۆیی و بانمێژوویمان هەیە؟ بەو واتەیەی ئایا حەقیقەتی جێگیر و نەگۆڕ لە گۆڕێ هەن؟ بە درێژایی مێژوو گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتبێت و بە نەگۆڕی مابنەوە؟ یان نەخێر، مەعریفە لەگەڵ مرۆڤدا سەری هەڵداوە و مەحکومە بەو مێژوو و فەرهەنگەی لێیەوە خولقاوە، مرۆڤیش بەهۆی چوار سنوورداریەوە ناتوانێت بە تەواوەتی بگات بە مەعریفەی پەتی ( سنورداری مێژوویی، سنورداری جەستەیی، سنورداری زمانی و سنورداری کۆمەڵایەتی ) ئەم سنورانە مرۆڤیان تەوقداوە و سەراپای بیرکردنەوە وێناکردن و بەهاناسی و جوانیبینیان جڵەوکردووە.

ئەگەر نەڵێین سەدان وەڵام بۆ ئەو پرسیارەی سەرەوە هەن، ئەوا دەتوانین بڵێین لانی کەم دوو گۆشەنیگای دژ بەیەک لێرەدا بوونیان هەیە، گۆشەنیگایەکیان باوەڕی بە هەبوونی حەقیقەتێکی نەمر و گۆڕاو هەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی جیاوازەوە پەی پێببات، گۆشەنیگای دوەمیش باوەڕی بە زەمەنیبوونی سەراپای مەعریفەی مرۆیی هەیە.

ئەڵبەتە ئاراستەی یەکەم پێی وایە عەقڵی کوللی و شهود و ئایینەکان ..... هتد دەروازەیەکی گەورەن بۆ شکاندنی ئەو قەڵایانەی حەقیقەت حەشاردەدەن و نایەڵن مرۆڤ چنگی پێی بگات، لە بەرامبەردا ئاڕاستەی دووەم باوەڕی وایە هیچ مرۆڤێك نیە بتوانێت خۆی لە چوارچێوەی ئەو سنوورداریانە رزگاربکات کە لەبەردەمیدا هەن، ئەوەی ئێمەش لە پێشەوە وتمان زەمەن وەک یەکێک لە سنوورداریەکان چاویلکە نیە تا بتوانرێت لا ببرێت، بەڵکو خودی چاوەکەیە و ناتوانرێت بەرکار نەبرێت، هەرچی پەیوەست بێت بە ئایینەوە وەک یەکێک لە حەقیقەتە بان مێژووییەکان. تەوژمی دووم دەڵێن مەعریفەی ئایینیش خەرجکاری مەعریفەی مرۆییە و لەزەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دیکەدەگۆڕێت.

لەناو ئەم دوو ئاڕاستەی جیهانبینیەدا پلۆراڵیزم ناتوانێت لە سێبەری یەکەمدا بحەوێتەوە، چونکە لە بنەڕەتەوە باوەڕبوون بە مەعریفەی بانمێژوویی ڕێگە نادات گۆڕانکاری و نەیاری بکرێت، رەها و دەسەڵاتبەخشە، هەرکاتێکیش دیدی لەم چەشنە لە بازنەی بۆچوونی مرۆییدا جێگیر بوویێت بێگومان هەم توندوتیژی فەرهەنگی خولقاوە هەمیش پشێوی سیاسی. مارکسیزمی سۆڤێتی لە پەنای ئەم حەتمیەتەدا دۆزەخی لە فەرهەنگە جیاوازەکانی ناو یەکێتیەکەی تاودا، داعش و گروپە پەڕگیرە دینیەکان هەمان ئەم کارەیان کرد، بۆیە دەتوانین بڵێن ئاراستەی یەکەم باوەڕی بە پلۆراڵیزم لاوازە هەرچەندە دەکرێت باس لەوە بکرێت جۆرێکی دیکە لە فرەیی و قەبوڵکردن بوونی هەیە، ئەویش لەرێگای موداراکردنەوەیە، لەو روانگەوەیە دەوترێت مرۆڤەکان مافی هەڵە کردنیشیان هەیە، ئەمەش لە پەیوەندی جەدەلیانەی نێوان یەقین و توندوتیژیەوە سەرجاوە دەگرێت، لایەنگرانی ئەم میتۆدە باوەڕیان وایە

یەقین توندوتیژی بەرهەمهێنە، بەڵكو دەكرێت بە تەنیشت یەقینەوە پێكەوەژیان بوونی هەبێت، دەكرێت نەیاری یەكتربین و یەكتریش قەبوڵ بكەین. لیسانولغەیب(حافزی شیرازی )لە غەزەلی ژمارە (٥) دا دێڕە شیعرێكی زۆر نایابی هەیە و لەو دێڕە شیعرەدا پێی وایە ئارامی و هێمنی دوو جیهان لە ئەنجامی دوو كرداری سەرەكیەوەن یەكەمیان (مروەت) و دووەمیشیان (مودارا)، مروەت لەگەڵ ئەو كەسانەی كە هاوڕاین و مەداراش لەگەڵ ئەوكەسانەدا كە نەیاری یەكدین؛

آسایش دو گیتی تفسیر این دو حرف است
با دوستان مروت با دشمنان مدارا
در کوی نیک نامی ما را گذر ندادند
گر تو نمی‌پسندی تغییر کن قضا را
ان تلخ وش که صوفی ام الخبائثش خواند
اشهی لنا و احلی من قبله العذارا

## جیهانبینی زمانی:

تێگەیشتن لە دنیای نوێ بە بێ تێگەیشتن لە زمان نایەتە بوون، هەر ئەوەش وایكردووە بەشێك لە فەیلەسوفەكان پێیانوابێت جیاوازی دنیای نوێ لەگەڵ دنیای كۆندا بەهۆی گۆڕانی سێ شتەوە بووە ئەوانیش؛ (فەلسەفەی زانست ، فەلسەفەی مێژوو و فەلسەفەی زمان ) هەربۆیە بابەتی پێشگریمانە و پێشفەهمەكانی فەلسەفەی زمان گرنگیەكی ئەوتۆی دەبێت لە بڕیاردان و دروستكردنی تێگەیشتنە كانی ئێمەدا، هەر گۆڕانكارییەك لە تێڕوانینمان بۆ زماندا روو بدات، راستەوخۆ كاریگەریەكانی لەسەر پێكەوەژیان و لێبووردەیی دەردەكەون، ئێمە هاوشێوەی دیدەكانی پێشوو كە بۆ رێگریكردن لە پەرشبوونەی سەرووتوانا پەنامان بۆ دابەشكردنی دوانی دەبرد، كە پێشمان وابوو ئەم دابەشكردنانە ناتوانن دەرخەری كۆی بابەتەكە بن، بەڵام بە ناچاریەوە پەنامان بۆ دەبردن لێرەشدا لە پۆلێنبەندی دوانیەوە كارەكەمان دەكەین و دوو جیهانبینی وپێشفەهم بۆ زمان دەخەینەڕوو كە بەتەواوەتی جیاوازن لە یەكتری، دەشزانین ئەم پۆلێنبەندیە تیۆریە و لە واقیعدا مەرج نیە هەبن بەو پەتیە؛

## پێشگریمانەی یەكەم:

پێیوایە زمان لە توانایدایە هەموو حەقیقەتەكان بگوازێتەوە، ئەوەی دەمانەوێت بەهۆی زمانەوە دەتوانین بیگەیەنین، ئەگەر بمانەوێت نمونەی زەقی ئەم تێڕوانینە بدۆزینەوە ئەوا بێشك دەتوانین ئاماژە بە تێڕوانینی هەندێك زانای موسڵمان بكەین بۆ قورئان، كە باوەڕیان وایە زمانی قورئان بەتەواوەتی توانیویەتی هەڵگری كۆی ئەو حەقیقەتانە بێت قورئان ئاماژەی بۆ كردوون.

## پێشگریمانەی دووەم:

پێیوایە زمان بەهۆی سمبولیبوونیەوە سەركەوتوو نەبووە لە گەیاندنی ئەوەدا ویستویەتی، بۆیە ئێمە ناتوانین ئەوەی لێیمان دەوێت پێیبگەین. هەرچەندە ئەم بابەتە دەچێتە بواری فەلسەفەی زمانی ئایینەوە، بەڵام بابەتە دینیەكان پێكەوەییان هەیە و ناتوانرێت هیچ بوارێكی فەلسەفەی ئایین بەبێ بەشەكانی دیكەی ئەو فەلسەفەیە مافی تەواوەتی پێبدرێت، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە زمان ئەو كایەیەكەبوون لە ناویدا تەجەللا دەكات، ئێمە لە ناو جیهانی زماندایین وێناكردنمان لە رێگەی ئەوەوە دەبێت، ئەگەر لە پێشەوەدا لە پەیوەندی

نێوان فەرهەنگ و مێژوو، مرۆڤ و مێژوودا ئاماژەمان بە پێشبونیادەکانی تێگەشتنی مرۆیی کردووە و پێمان وابوو مێژوو حزورێکی قووڵی لەسەر ئێمە هەیە و ناتوانین تێی پەڕێنین ، ئەوا لێرەدا ناچارین باسی ئەوە بکەین مێژوو لە ڕێگەی زمانەوە گەشتۆتە ئێمە، ناوەندی هاوبەشی ئێمە و مێژوو زمانە و لە ڕێگەی ئەوەوە ئێمە دەتوانین دەرکی مێژووش بکەین.

لێرەوە ئەوانەی باوەڕیان وایە زمان دەتوانێت وێناکانی پشتی خۆی سەرکەوتووانە هەڵگرێت و بیانگەیەنێت، بێ ئەوەی ئێمە بکەوینە ناو ئاڵۆزییەوە ئەوا بەم چاوەڕوانیەمان لە زمان بەرەو کوشتنی فرەیی مل دەنێین بە ڕەچاوکردنی ئەو پرسیارەش (ئایا یەقین بەرهەمهێنەری توندو تیژیە یان نا؟) ، بەڵام ئەوانەی هەڵگری تێڕوانینی دووەمن، دەکرێت دەرفەتێکی فراوان ببەخشنە بوون و پایەداربوونی فرەیی ، بەو واتایەی لەماڵی تێگەشتنی سنوردارانەوە بۆ زمان دەکرێت کۆرپەی فرەیی گەشە بکات و گەورە ببێت. کاتێک دەڵێین زمان بێکۆتایە مەبەست لە زامنێکی دیاریکراو نیە، بەڵکو مەبەست لە قابیلیەتی زمان و پرۆسەی ماناپێدانە، هەر زمانێکی دیاریکراو راڤەیەک یان تێگەشتنێکە لەو جیهانە فراوانەی زمان لەناو مێژوویەکدا بەرجەستە بووە، هێندەی توانا و دەرکەوتەی مرۆڤ لە هەر مێژوویەکدا زمانێکی دیاریکراو دەردەکەوێت و نمایان دەبێت، ئەمەی سەرەوە لە چەمکی خودادا زۆر جوان نمایان دەبێت،چەمکی خودا هێندەی خۆی دەرناکەوێت بەڵکو هێندەی مێنتاڵێتی باوەڕدارانی نمایان دەبێت، بۆیە بێکۆتایی زمان و تێگەیشتنی مرۆڤ لە زمانیش هێندەی توانا زیهینیەکانی مرۆڤە، دەکرێت لێرەدا ئیپستمۆلۆجیا بە سود بێت بۆ ئەم پۆلێنبەندیەمان.

**ئەوانەی باوەڕیان وایە زمان دەتوانێت وێناکانی پشتی خۆی سەرکەوتووانە هەڵبگرێت و بیانگەیەنێت، بێ ئەوەی ئێمە بکەوینە ناو ئاڵۆزییەوە، ئەوا بەم چاوەڕوانیەمان لە زمان، بەرەو کوشتنی فرەیی مل دەنێین، بە ڕەچاوکردنی ئەو پرسیارەش (ئایا یەقین بەرهەمهێنەری توندو تیژیە یان نا؟) ، بەڵام ئەوانەی هەڵگری تێڕوانینی دووەمن، دەکرێت دەرفەتێکی فراوان ببەخشنە بوون و پایەداربوونی فرەیی، بەو واتایەی لە ماڵی تێگەشتنی سنوردارانەوە بۆ زمان دەکرێت کۆرپەی فرەیی گەشە بکات و گەورە ببێت.**



تەحسین حەمەغەریب

# گۆڕانکاری کلتوری
# پرۆژەیەک بۆ گۆڕانکاری

## پێشەکی

پرۆژەی گۆڕانکاری کلتوری (فەرهەنگ سەنتەری) پرۆژەیەکە هەروەک چۆن دەوترێت (عەقڵانیەتی ڕەخنەگرانە) پرۆژەیە. پرۆژەیەکە بە پشتبەستن پێی شتێک ئەنجام دەدرێت لە رووی کردەیی و تیۆریەوە. چونکە کۆمەڵێک ڕێسامان پێدەبەخشێت بە ڕەچاوکردنیان پێوەرمان دەست دەکەوێت.

گۆڕانکاری کلتوریش پرۆژەیە، پرۆژەیەکە کە کۆمەڵێک بنەمامان بۆ گۆڕانکاری پێدەبەخشێت کە بە هۆیانەوە گۆڕانکاری ئەنجام دەدرێت. دوای ئەوەی کۆمەڵێک پرۆژەش لەوانە پرۆژەی (سیاسەت سەنتەری و گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سیاسی (لە سەرەوە بۆ خوارەوە) ناکارایی خۆی پیشاندا.

پرۆژەیەکە کە هەم پێشگریمانە و هەمیش داخواز و دەرەنجامی خۆی هەیە، پێشگریمانەکانی ئەبستمۆلۆژی و گەردونی و ئەخلاقی و مرۆڤناسی و مێژوویین کە لەم بابەتەدا باسکراون. هەروەها وەرگرتنی ئەم پرۆژە و پێشگریمانەکانی چەندین داخوازی(اللوازم) هەیە کە دەبێت پەسەند بکرێن ئەوجا جێکەوتەکانی دەردەکەون.

پرۆژەیەکە بانگەشەی خۆی هەیە، بانگەشەی گۆڕانکاری لە ڕێگەی کلتورەوە، ئەویش کلتور بە مانایەکی تایبەت لە نێو مانا زۆرەکانیدا. ئەو چەمکە دەبێت شیتەڵ بکرێت بەو مانایەی پێشگریمانە و بەڵگە و داخوازەکانیشی پیشان بدرێن و هەلی ڕەخنەلێگرتنی بۆ بڕەخسێنرێت. وەک هەموو پرۆژەیەکی هزری و فەلسەفی.

پرۆژەیەکە مەعریفی و سەرچاوەی مەعریفی خۆی هەیە لە سەرچاوەکانی مەعریفە: ئەوانیش سەرچاوەی عەقڵ و ئەزموون و شهود و مێژوون، هەوڵ دراوە بە شێوەیەکی پۆلبەندی و ڕێکخراو بخرێتەڕوو. دەرەنجامی کار لەسەر کردنی چەند مانگێکی رابردوومانە و بە ئومێدی ئەوەی ڕۆڵی هەبێت لە دۆخی هەبووی

ناو كۆمەڵگەی كوردی و ژیانی مرۆڤایەتیدا.

**بەشی یەكەم: ناساندنی گۆڕانكاری كلتوری**

**بابەتی یەكەم: مرۆڤناسی**

**پارەی یەكەم: چی مرۆڤ جودا دەكاتەوە؟**

**یەكەم: مرۆڤ هەبوویەكی ئاگایە بە خۆی.**

(تا ئاگاتری روو زەردتری) مەولانا

(بەناوی سێوی ناوم باغەوان من بەهێ دەگرم)

مەحوی

**پرسیار: چی مرۆڤ لە مەخلوقاتی دیكە جودا دەكاتەوە؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وا پێشگریمانە دەكەم هەر دوو هێزی (ئاگایی) و (توانای هەڵبژاردن) پێكەوە دوو جوداكەرەوەی مرۆڤن لە هەر مەخلوقێكی دیكە!. بەڵام ئەی مەبەستمان لە هەر كام لە (ئاگایی) و (توانای هەڵبژاردن) چیە؟

**یەكەم،** (ئاگایی) مەبەستمان لێی تەنها توانای (زانین) نیە كە جۆرێك لە كاردانەوەی لە دەزگا ئۆرگانیەكانی ئێمە بەرامبەر بە زانراوەكە بخولقێنێت، كە وا دەردەكەوێت ئەم كاردانەوەیە بە ئەندازەی جیاواز لای مەخلوقاتی دیكە بوونی هەبێت. گیاندارانی دیكەش كاتێك كە(زانیان) ترسناكیەك رووبەڕوویان دەبێتەوە هەوڵی خۆ لێ لادانیان هەیە. بەگوتەی فەیلەسوفی ئەمریكایی بەناوبانگ (هاری فرانكفۆرت) مەیلی ئەوەیان هەیە كە خۆیان لەو ترسناكیە لابدەن. ئەم زانینە لای مرۆڤیش بوونی هەیە هەر ئەمەش وا دەكات بە شوێن پێویستیەكانیدا بڕوات و خۆی لە ترسناكیەكان لا بدات. هەر چەندە ئەمە وا دەكات لای مرۆڤ زۆر ئاڵۆزتر لە زۆربەی گیانداران بكەوێتەوە. بۆ نموونە كرمێك لە تاریكی ناو گڵی ژێر زەویدا لە كاتێكدا كە خەریكی خاك خواردنە پێویستی بە بینین نیە. لەكاتێكدا هەڵۆیەك بە ئاسمانەوە دەفڕێت پێویستی بە چاوی تیژە تا لەو ئاسمانەوە نێچیرەكانی لەسەر زەوی بدۆزێتەوە. ئیدی ئاژەڵەكان بە گوێرەی دۆخ و پێویستیان هەستەكانیان جیاوازە و وەرگرتنی زانیاریەكانیان بە گوێرەی پێداویستیەكانیانە و كاردانەوەكانیشیان هەر بەگوێرەی ئەو پێویستیانەیە. ئاژەڵێك توانای بزاوتی خێرا و تیژی هەیە و ئاژەڵێكی دیكە توانای فڕینی هەیە و یەكێكی تریش رەنگی خۆی دەگۆڕێت. هەموو ئەمەش بەگوێرەی هەستكردن و زانینیان ئەنجام دەدەن. بەڵام مرۆڤ تەنها ئەم ئاگاییە پلە یەكەی (first order) نیە. ئەمەش جوداكەرەوەی مرۆڤ نیە لە (هەبوو)ەكانی دیكە، بەڵكو بابەتی مرۆڤ لەوەدایە ئاگایی بەم زانینەی خۆی هەیە، واتە ئاگایی بە ئاگایی هەیە. هەر بۆیە ئەگەر زانینی یەكەم تەنیا كردەوەیەك بێت و بشێت بە كۆئەندامە دەرەكی و میكانیكەكانی وەك كۆئەندامی دەمار لێك بدرێتەوە. (ئەوەی هەندێك لە دەمارناسان دەیكەن) ئەوا هەتا هەنووكەش ئەو (ئاگاییە بە ئاگایی) ناتوانرێت بە میتۆدەكانی زانستی باو لێك بدرێتەوە. بەڵكو بابەتێكی هزریە و دەبێت بە میتۆدی (عەقڵی) هەوڵی شیكردنەوەی بدرێت.

بۆ نموونە پشیلەیەك تەنها دەمرێت (وەك نیچە دەڵێت) بەڵام مرۆڤ دەزانێت كە دەمرێت، مرۆڤ تەنها مەیلی نیە بەڵكو مەیلی بە مەیلی هەیە، ئەگەر كاری یەكەم بابەتێكی مادی و غەریزی بێت بەڵام مەیلی مەیل (ئاگابوون

بە ئاگایی) ناشێت فیزیکی بێت. بە گوتەی نیگڵی فەیلەسوف مرۆڤ خۆی بابەتی ئاگایی خۆیەتی (مرۆڤ دەتوانێت لە خۆی بڕوانێت).

مرۆڤ تەنها لە خۆی ناڕوانێت بەڵکو دەزانێت کە ئەوانی دیکەش لێی دەڕوانن، ئالێرەوە یە ئاگایی بۆ دروست دەبێت، ئەم ئاگاییە لە ڕەهەندی ئاسۆییدا نیە، بەڵکو لە ڕەهەندی قووڵیدایە، واتە تەنیا زانیاری کۆ ناکاتەوە بە ئاگایی پلە یەک، بەڵکو پێگەیشتنی قووڵی دەربارەی زانیاریەکانی دەستدەکەوێت. ئەو کەسەی بۆ چەند جارێک بابەتێک دەڵێتەوە زانیاریەکانی هەمان زانیارین، بەڵام تێگەیشتنی بەرامبەر ئەو زانیاریانە دەگۆڕێت، ئالێرەوە تێگەیشتن (فهم)هەموو جارێک لە زانیاری کۆکردنەوە (مەعریفە) جودا دەبێتەوە.

بە گوزارشتێکی دیکە شایستەبوون لە تێگەیشتندا بوونی هەیە بەڵام لە مەعریفەدا بوونی نیە، بۆ ئەوەی ئەمەش روون بکەینەوە نموونەیەک دەهێنینەوە کە فەیلەسوفی مەعریفەتناسی بەناوبانگ (سوسا) هێناویەتیەوە:

تۆ وا دابنێ دەچیتە کێبڕکێیەکی نیشانەشکێنیەوە، چەکی نیشانەشکێنیەکەت دەدەنە دەست، تۆش بۆ یەکەمجارە ئەو چەکە بگری بەدەستەوە. کە تیرەکە دەگریتە نیشانەکە وا ڕێدەکەوێت بە یەکەم نیشانە دەیپێکیت، ئەگەرچی هیچ ڕاهێنانێکیشت نەکردووە، ئەم پێکانە مانای وا نیە کە تۆ نیشانەشکێنیت. لەوانەیە هۆکارێکی دەرەکی بووبێتە هۆی پێکانەکەت، تۆ دەبێت ڕاهێنانت ئەنجام دابێت و چەند جاری دیش بیپێکیتەوە ئەوجا تۆ شایستەی ئەو پێکانەی و شایستەی ئەوەی پێت بوترێت نیشانەشکێن!.

کەواتە تێگەیشتن و شایستەبوون و قووڵبوونەوەیە لەکاتێکدا زانین مامەڵەیەکی دەرەکی و رووکەشە. لێرەوە ئاگاییش بابەتێکی قووڵی و زانین بابەتێکی رووکەشی و فیزیکیە.

ئیتر بابەتە مرۆییەکان ئەو بابەتانەی پێیان دەوترێت (دۆخی مرۆیی) وەک بابەتی تەنیایی، مەرگ، عیشق. بابەتی ئاگایین نەوەک زانین، هەر لێرەوە مرۆڤ دەچێتە ناو ئەو دۆخانەوە نەوەک بیانزانیت (مرۆڤ ئاگایی بە مەرگی خۆی دەبێت نەوەک زانیاری بەرامبەر بە مەرگ، مرۆڤ کاتێک عاشیق دەبێت ئاگایە نەوەک زانیاری بەرامبەر بە عیشق هەبێت و ... هتد،).

هەر لێرەوە چەمکی (مرۆڤی فەرهەنگی) لای کەسێکی وەک (نیگڵ) دەردەکەوێت، کە ئەو جیاوازی دەکات لە نێوان مرۆڤی فەرهەنگی و مرۆڤی سیاسی. مرۆڤی فەرهەنگی ئەو مرۆڤەیە کە تەنها کار ناکات بەڵکو دەشڕوانێت. لە کاتێکدا مرۆڤی سیاسی ئەو مرۆڤەیە تەنیا کاری فیزیکی و رووکەش ئەنجام دەدات هەر فەرمانێکی بەسەردا بکەن ئەو تەنها جێبەجێی دەکات ، واتا مەعریفەی هەیە بەوەی پێی

**مرۆڤ تەنها لە خۆی ناڕوانێت بەڵکو دەزانێت کە ئەوانی دیکەش لێی دەڕوانن، ئالێرەوە یە ئاگایی بۆ دروست دەبێت، ئەم ئاگاییە لە ڕەهەندی ئاسۆییدا نیە، بەڵکو لە ڕەهەندی قووڵیدایە.**

دەوترێت بەڵام تێگەیشتنی نیە بۆی. بە گوتەی عەلی شەریعەتی (دەیزانێت بەڵام نایناسێت).

بەگوتەی (ئۆنامۆنۆ) فەیلەسوفی بەناوبانگی ئیسپانیش ئەو وەک ئەو گیانداره مشەخۆره وایە کە تەنیا بەردەم خۆی دەبینێت، ئیتر ناتوانێت بۆ دوور بڕوانێت. بۆیە ئاگایی هەرگیز زانیاری کۆکردنەوە نیە بەڵکو تێڕامان و قووڵبوونەوەیە. بابەتی پلەیەک نیە کە بابەتێکی چەندێتی بێت و بە ئامێرێکی وەک کۆمپیوتەریش بزانرێت، بەڵکو بابەتێکی چۆنیەتی و جیاوازە و تەنها بە مرۆڤ ئەنجام دەدرێت.

## دووەم: ویست و هەڵبژاردن:

یەکێکی دیکە لە جوداکەرەوەکانی مرۆڤ لە مەخلوقاتی دیکە لەگەڵ ئاگاییدا بریتیە لە ویست و توانای هەڵبژاردن، مرۆڤ دەتوانێت لەنێوان ئەگەرە جیاوازەکاندا هەڵبژێرێت، ئێمە لەم بابەتەدا بابەتی دوورودرێژی (کە ئایا مرۆڤ خاوەن ویستە یاخود ناچارکراوە) کە جەدەلێکی دوورودرێژی فەلسەفیە خۆمان دەبوێرین. هەستی گشتی بە ئێمە دەڵێت مرۆڤ هەڵبژاردنی زۆر و جیاوازی لەبەردەمدایە. بۆ ئەوەی ئەمەش بە تەواوەتی روون بکەینەوە سیناریۆیەک پیشان دەدەین.

وا دابنێ تۆ رۆیشتووتەتە سەربانی تەلارێکی چەند نهۆمیەوە، هەنووکە هەڵبژاردنەکان لە بەردەمدا زۆرن و ئەگەرەکان بۆت کراوەن: دەتوانیت لەو سەربانەوە بمێنیتەوە، هەروەک دەتوانیت رابکشێیت یانیش پیاسە بکەیت، بە ئاسانسۆر (مصعد) دابەزیت یان بە قادرمە، یان هەر لەوێ واتە سەربانەکە بخەویت یان بنوسیت، یان هەر کارێکی تر کە شیمانەی ئەنجامدانی هەبێت.

ئێستا بهێنەرە بەرچاوی خۆت کە کەسێکت بە چەکەوە لێ پەیدا بووە و دەڵێت: یان لەم سەربانە خۆت دەخەیتە خوارەوە یان بەم چەکە دەتکوژم:

لەم دۆخەدا تۆ لە هەڵبژاردنی کراوەوە گواستۆتەوە بۆ دۆخێک تەنیا دوو دانە هەڵبژاردنت هەیە ئەم دۆخە پێی دەوترێت تۆبزکاری( الاكراه).

پاشان وا دابنێ چەند کەسێک لە هاوڕێیانی ئەو کابرایە پەیدا دەبن، کاتێک تۆ مل بۆ هیچ کام لە دوو هەڵبژاردنەکانی ئەو نادەیت ئەوان هەڵت دەگرن و لەسەر تەلارەکە هەڵتدەدەنە خوارەوە. ئالێرەدا (تۆبزکاری)ش نامێنێت بەڵکو دەچێتە قۆناغێکی نوێوە کە پێی دەوترێت ناچاری (اضطرار) تۆ ناچاریت بۆشایی بەرەو خوار ببڕیت و ناچاریت بکێشیت بە زەویدا.

ئیدی مرۆڤ لە دۆخی ئاساییدا هەڵبژاردنی زۆر و لە کاتی ناچاریشدا ئەنجامی نەویستراوی هەیە. مرۆڤ تەنیا یەک دیو نیە و لە پێشدا ئەنجامەکەی بۆ دیاریکراو بێت و هۆکارێکی دەرەکی بیبزوێنێت بەڵکو هۆکارێکی ناوەکیشی هەیە بۆ هەڵبژاردنەکان، ئەمەش بابەتەکە لە بابەتێکی دەرەکیەوە دەکاتە رووگەپێدانێکی ناوەکی. لێرەوە جیاوازی مرۆڤ لەگەڵ هەبووەکانی دیکەدا لەم دەرەوە و ناوەوەدایە کاتێک مەخلوقاتی دیکە بە یاسای )هۆ و دەرەنجام)ی دەرەکی دەبزوێن ئەوا مرۆڤ بەهۆی هەڵبژاردنێکی ناوەکیەوە لە قووڵایی خۆیدا کارەکانی هەڵدەبژێرێت کە پێی دەوترێت (باوەڕ) باوەڕ داننانە بە یەکێک لە ئەگەر و هەڵبژاردنەکاندا و فەزڵدانیەتی بەسەر ئەگەرێکی دیکەدا، واتە لە هەموو باوەڕێکدا

لانی کەم دەبێت دوو بژاردە بوونیان هەبێت کە ئەو کەسە یەکێکیانی هەڵبژاردبێت.

سێیەم: بەڵام ئەم دوو خەسڵەتە چی بە مرۆڤ دەبەخشن؟

بوونی هەر دوو خەسڵەتی (ئاگایی) و (هەڵبژاردن) کۆمەڵێک دەرەنجامیان لە سەر مرۆڤ هەیە، ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین لەوانە:

أ. نەبوونی چیەتی جێگیر لە مرۆڤدا:

لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئاگای لە بوون و ئاگا خۆیەتی، ئیدی دەتوانێت ئەو بوونەی خۆی بکاتە جێگای (تێڕامان) و لێکۆڵینەوە و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بزانێت، بگرە ئەو خاڵانەش دەست نیشان بکات کە توانای زانینیان نیە و راز و نهێنین.

هەروەک بە هۆی توانای هەڵبژاردنی خۆیەوە ئەو جۆرە بوونە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت کە دەیەوێت ئەمەش وا دەکات وەک هەندێک لە فەیلەسوفەکان دەڵێن چیەتیەکی جێگیر و پێشتر ئامادەکراوی نەبێت، بەڵکو ئەو چیەتیە هەڵبژێرێت کە خۆی هەڵی دەبژێرێت، بە گوتەی "ئامارتیا سین" (ئەو ژیانە بژی کە خۆی هەڵدەبژێرێت). ئیدی هەم ژیانی دووەم و هەمیش لە دایکبوونەوەی دووەمی دەست بکەوێت ئیدی بە وتەی "عەبدولکەریم سروش" ژیانی دروستکراوی (مصنوعی) لە پەنا ژیانی پێدراو و سروشتیدا (طبیعی) ببێت.

ب. خولقاندنی جیهانی دیکە:

بوونی هەر دوو خەسڵەتی ئاگایی و توانای هەڵبژاردن ئەو توانایە بە مرۆڤ دەبەخشن کە بتوانێت جیهانێکی ئیعتیباری لە پەنا جیهانی حەقیقیدا بخولقێنێت، جیهانێکی وا کە جێکەوتی لەسەر جیهانە واقیعیەکە هەیە. سەرچاوەی

**لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئاگای لە بوون و ئاگا بە خۆیەتی، ئیدی دەتوانێت ئەو بوونەی خۆی بکاتە جێگای (تێڕامان) و لێکۆڵینەوە و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بزانێت، بگرە ئەو خاڵانەش دەست نیشان بکات کە توانای زانینیان نیە و راز و نهێنین.**

ئەم جیهانە نەبینراو و ئیعتیباریە توانای چێکاری و دروستکردنی ناوەڕۆکی زمانی مرۆڤە کە لە فەلسەفەی زماندا باس دەکرێت. چونکە ئەرکی چێکاری یەکێک لەو پێنج ئەرکەیە کە (ئۆستین)ی فەیلەسوفی زمان دۆزیونیەتیەوە و لە رستەدا بوونیان هەیە، ئەوانیش:

١. ئەرکی هەواڵ گەیاندنی رستە.

٢. ئەرکی جوڵاندن و فرمانی رستە.

وەک رستەکانی (هەڵسە و دانیشە و وەرە و بڕۆ!) کە دواجار داوای گۆڕانکاریەک لە بووندا دەکەن.

٣. ئەرکی خۆنوێنی کە تەنها دەربڕینی ناخە و هیچ داوایەکی تێدا نیە، وەک ئەوەی تۆ سەرکەوتنێکت بەدەستهێناوە و منیش پێخۆشبوونی خۆم دەردەبڕم و دەڵێم (ئافەرین!) کە هیچ داوایەکی گۆڕانکاری تێدا نیە.

٤. ئەرکی (التزام) و خۆبەستنەوە.

ئەگەر لە جۆری رستەی فرمانی و جوڵاندندا داوای گۆڕانکاری لە دەرەوە دەکرێت. لێرەدا لەمجۆرەدا مرۆڤی بێژەر خۆی پابەند دەکات، وەک ئەوەی من سۆز و پەیمان بە

بە تۆ دەدەم کە سبەینێ بێم بۆ ماڵتان.

٥. کۆتا جۆری رستە ئەو رستانەن کە چێکار و خولقێنەرن واتە بابەتێک دەخولقێنن کە پێشتر بوونی نیە، بۆ نموونە کاتێک من منداڵەکەم ناودەنێم (هێمن)، پاش ئەم ناونانە خولقاندنێک روویدا، ئیدی منداڵەکەم بەو ناوە بانگ دەکرێت. ئەم جۆرە لە رستە هەموو گرێبەستەکان دەگرێتەوە. بۆ نموونە کاتێک پیاوێک کچەکەی لە کورێک مارە دەکات، پێش ئەو گرێبەستە هیچ ئەرکێک لەسەر ئەو دوو ژن و مێردە نەبوو بەڵام پاش گرێبەستەکە ئەرکیان بەرامبەر یەکتر بۆ دروست دەبێت.

دەوترێت مرۆڤ لەم جۆرەدایە کە رۆڵی خولقێنەر دەبینێت بە مەرجێک لە رێگای شیاوی خۆیەوە بێت بۆ نموونە دانانی کاغەزێک بە پارە دەبێت لایەنی فەرمی و دیاریکراو ئەو کارە ئەنجام بدات.

"سێرڵ"ی فەیلەسوف و خوێندکاری "ئۆستین"باسی ئەوە دەکات تەنها لەم جۆرەی رستەدایە کە خۆی ئیعتیباری و نەبووە بەڵام جێکەوتی لە گەردوون هەیە، هەروەک گرێبەستی هاوسەرگیری خۆی ئیعتیبارییە بەڵام لەو ئیعتیبارە بوونێکی حەقیقی وەک منداڵ دروست دەبێت. کەواتە ئەگەر بەهۆی هەردوو هێزی ئاگایی و توانای هەڵبژاردنەوە (ئیعتیبار) دروست بێت ئەوا بە هۆی ئیعتیبارییشەوە خولقان دروست دەبێت. ئیدی ئەو دیدە نەریتیە کۆتایی پێدێت کە ئێمە چارەنووس شتەکان بۆ ئێمە دیاری دەکات، بەڵکو ئەوە خۆمانین گۆڕانکاری دروست دەکەین.

## پارەی دووەم: مرۆڤ هەبوویەکی مێژوویی

یەکێک لەو پێشگریمانانەی کە وا دەکەن گۆڕانکاری لە مرۆڤدا پلە بە پلە و کلتوری بێت مێژوویی بوونی مرۆڤە، مێژوویی بوونیش بەو مانایەی کە هیچ کام لە شتەکانی مرۆڤ بێ بوونی کاتی پێشووتر و بێ بوونیان لەناو شوێندا روو نادەن. ئیدی بۆ گۆڕانیشیان دووبارە دەبێت رێگەی پلە بە پلە و زەمەنبڕ بگیرێتەبەر. ئەمەش دواجار مانای ئەوەیە گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەدا بکەیت، مامەڵە لەتەک مرۆڤدا دەکەیت بۆیە دەبێت ئەوەت لەبەرچاو بێت کە مرۆڤیش کائینێکی گۆشت و ئیسقاندارە و تواناکانی سنووردارن و توانای گۆڕانکاری تێیدا پابەندی کات و شوێنە ئەگەر بتەوێت ئەو ریتمە کات و شوێندارە بگۆڕێت تەنها ئازارەکانی زۆرتر دەکەیت.

ئەمە ئەو کارەیە کە زۆربەی ئایدۆلۆژیاکان ئەنجامی دەدەن کە بە بیانووی گۆڕانکاری پرۆژەیەکی ئامادەی بەسەردا دەسەپێنن. لەم کارەشیاندا بێجگە لەناوبردن و هاڕینی مرۆڤ هیچ دەرەنجامێکی نابێت. ئایدۆلۆژیای ئامادە پێشگریمانەی ئەوە نیە کە مامەڵەی ئەخلاقی بریتی بێت لە نەهێشتنی ئازارەکانی ئەو مرۆڤەی ئێستا کە خەریکە ئازار دەکێشێت، بەڵکو بریتیە لە وێناکردنی مرۆڤێک کە گونجاوە لەتەک ئایدۆلۆژیاکە و پاشان سەپاندنی ئەو وێنەیە بەسەر مرۆڤ و ئازار و چێژ و هەبووە مێژووییەکەیدا.

ئیدی مرۆڤ بەلای ئەو ئایدۆلۆژیانەوە

دەرکەوتەیەک نیە لەناو مێژوودا دەردەکەوێت، بەڵکو مەخلوقێکی زەینیە و لە چەمک و هزرەکانی بیرەوە دێتە دەرەوە. مەخلوقێکە کە نە ئازاری هەیە و نە چێژ، چونکە لەناو مێژوودا ناژی. ئەمەش داستانی دەرکەوتنی بابەتی مافی مرۆڤە لە سەردەمی نوێدا کە عاقڵەکانی سەردەمی نوێ گەیشتنە ئەو ئەنجامەی دەبێت ڕێک بکەون لەسەر پارێزگاری لە مرۆڤ و دابینکردنی مافەکانی ئەو مرۆڤەی گۆشت و ئێسکە و غەمی هەیە و ئازار دەچەژێت، نەوەک مرۆڤی فەلسەفی ناو کتێبان. ئالێرەوە مافەکانی مرۆڤ سەر بە هیچ قوتابخانە و ئایدۆلۆژیایەک نین. ئەگەرچی ڕۆڵیان هەیە لە چەسپاندنیاندا، نەوەک شەرعیەتی بوونیان لەوانەوە وەربگرن بۆیە ئەوە مافەکانی مرۆڤن پێوەرن بۆ دروستی مامەڵەی قوتابخانە و ئایدۆلۆژیاکان نەوەک بوونیان لەوانەوە وەربگرن.

**پارەی سێیەم: هیوای مەعقول.**

ڕۆڵی هیوا لای فەیلەسوفەکان جیاوازە هەندێک لەو فەیلەسوفانە باوەڕیان وایە ئومێد هیچ شتێک نیە و تەنها وەهمێکی سایکۆلۆژیە کە مرۆڤ بۆ خۆی دەیخولقێنێت بێ ئەوەی بنەمایەکی واقیعی هەبێت. بۆ نموونە (بوزا) باوەڕی وایە هیوا هیچ نیە تەنها دابڕان نەبێت لە ئێستادا، کە ژیانی ڕاستەقینەش تەنیا ژیانی ئێستایە ئەمە لەکاتێکدا لای هەندێکی دیکەیان حیکمەتی حەکیمەکان تەنها بە ئومێد دەپێورێت واتە مرۆڤ تا حەکیم تر بێت بە ئومێدترە.

بەهەر حاڵ ئومێد یەکێک لە ڕێسا هاندەرە قووڵەکانی مرۆڤە کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت وازی لێبهێنێت ئەگەر وازی لێ بهێنێت

**عاقڵەکانی سەردەمی نوێ گەیشتنە ئەو ئەنجامەی دەبێت ڕێکبکەون لەسەر پارێزگاری لە مرۆڤ و دابینکردنی مافەکانی ئەو مرۆڤەی گۆشت و ئێسکە و غەمی هەیە و ئازار دەچەژێت، نەوەك مرۆڤی فەلسەفی ناو کتێبان.**

ئەوا دەمرێت. ئەو کلتورەش دەتوانێت بمێنێتەوە کە کلتورێکی ئومێد خولقێن بێت و کەسێک کە بێ ئومێد بێت ئیدی پەروای حەقیقەتی نیە. چونکە لە مەیدانەکەدا نامێنێتەوە هەروەک شوێن حەقیقەت کەوتن و دۆزینەوەی ئەرکی دەوێت، دەبێت لە پێناویدا زەحمەت بکێشیت، لە پرۆسەی گەیشتن بە حەقیقەتدا گەڕان بە شوێن حەقیقەتدا لە خودی گەیشتن بە حەقیقەت گرنگترە، لەوانەیە هەندێک جار مرۆڤ بێ جوولە بگاتە هەندێک لە حەقیقەتەکان بەڵام حەقیقەتدۆزی ڕێگەیەکە کە مرۆڤ دەیگرێتەبەر شێلگیری و جیددی بوونی پێویستە، ئەگەر سەرەکیترین کاری قوتابخانەی شیکاری فەلسەفی بریتی بێت لە نەهێشتنی درۆ و دەرخستنی ڕاستی شتەکان ئەوا وەک (هاری فرانکفۆرت)کە یەکێکە لە فەیلەسوفەکانی ئەو قوتابخانەیە، دەڵێت: " گرنگی بوونی حەقیقەت و ڕاستی لە خودی حەقیقەتەکە گرنگترە" و گەورەترین کێشەی ئەم سەردەمەش بەلای ئەو فەیلەسوفەوە بریتیە لەوەی بەلای مرۆڤی ئەم سەردەمەوە گەڕان بە شوێن حەقیقەتدا گرنگ نیە ئەمەش بابەتی سەرەکی کتێبەکەی (بیمانا

وتـن)ە. تەنها مرۆڤێکیش دەتوانێت پەرواى حەقیقەتى بێت کە مرۆڤێکى بە ئومێد بێت. ئومێدیش کاتێک دەبێتە ئومێدێکى کۆمەڵایەتى کە ئومێدى چاککردنى بابەتە گشتیەکانى وەک (خۆشگوزرانى، ئاسایش، ئادى و عەدالەت) بێت.

بەڵام ئەوەى لێرەدا گرنگە دوو خاڵى سەرەکیە:

١. جوداکردنەوەى ئومێدى شایستە و ئومێدى ناشایستە، لە رووى سایکۆلۆژیەوە بابەتى ئومێد بابەتێکى قووڵى وجودى مرۆڤە بەڵام هەموو ئومێدێک مەعقول و شایستەى بە ئومێدبوون نیە. بۆ زێتر روونکردنەوەى ئەمەش ئەوە بهێنەرە بەرچاوى خۆت کە تۆ و هاورێکەت بڕیارە لە تاقیکردنەوەیەکدا بەشدارى بکەن، ئەوسا هاورێکەت بەتەواوەتى ئەرکەکانى جێبەجێ دەکات، بۆیە دواى خۆئامادەکردن ئومێدى دەرچوونى لە تاقیکردنەوەکەى هەیە. بەڵام تۆ هیچ ئامادەکاریەک ئەنجام نادەیت و بەڵام (ئومێد)ى دەرچوونت لە تاقیکردنەوەکەش هەیە. لێرەدا دەشێت بوترێت ئومێدى هاورێکەت ئومێدێکى شایستە و ئومێدەکەى تۆش ئومێدێکى ناماقوڵ و شایستە نیە، لە گۆڕانکارى کلتوریدا هەمیشە ئومێدى شایستەبوونى هەیە.

٢. خاڵى دووەم بریتیە لەوەى تۆ پشت بەکێ دەبەستێت کە ئومێدەکەت بهێنێتەدى، دەبێت ئەو کەسەش ئومێدى پێ دەبەستێت شایستەى ئەو پشت پێ بەستنە بێت، بابەتەکەش تەنها متمانە نیە (کە لە داهاتوودا کارى لەسەر دەکەین)، واتە بابەتەکە تەنها نیەتخراپى بەرامبەر نیە کە تۆ بە نیازەکانى دەزانیت، بگرە بابەتەکەش تەنها بابەتى مەعریفى وەک (نەزانین)نیە، کە نەزانینى شتە پلە یەکەکان و هەروەها (هەڵە)ش نیە کە نەزانینى پلە دووە کە نازانێت و ناشزانێت کە نازانێت، کە دەشێت ئەمەشى تێدا بێت، بەڵکو بابەتەکە نەتوانینە واتە ئەو کەسەى تۆ پشتى پێدەبەستیت ناتوانێت کارى لەو شێوەیە ئەنجام بدات و گۆڕانکارى لە تۆدا دروست بکات.

لە گۆڕانکارى کلتورسەنتەریدا نابێت ئومێدى گۆڕانکارى بە سیاسیەکان ببەستیت نە لەبەر ئەوەى کە هەڵە دەکەن و نەزانن بەڵکو لەبەر ئەوەى ناتوانن کارى لەو شێوەیە ئەنجام بدەن، چونکە پێشگریمانەکانیان هەڵەى لۆژیکى تێدایە، هەڵەیەک پێى دەوترێت هەڵەى بە (شت) کردن. واتە (بە (شت) کردنى شتێک کە خۆى نەبووە و (شت) نیە. بۆ نموونە بە شت کردنى (سیستمى سیاسى) و ئیتر بە کوشتدانى مرۆڤەکان لەپێناو ئەو نەبووەدا، لە کاتێکدا سیستمى سیاسى شتێکى جودا نیە لەو مرۆڤانەى بۆى بە کوشت دەدرێن.

## بەشى دووەم: (شیکارى کلتور سەنتەرى)

ئەگەر بەشى یەکەم تایبەت بوو بە (مرۆڤناسى) گۆڕانکارى کلتورى، وەک لە بابەتەکەدا دەردەکەوێت لە پێشگریمانە مرۆییەکانى ئەو گۆڕانەمان کۆڵیەوە. ئەوا لەم بەشەدا لە چەند پارەیەکدا لە چیەتى ئەو گۆڕانکاریە دەکۆڵینەوە:

### پارەى یەکەم: چیەتى گۆڕانکارى کلتورسەنتەرى.

### یەکەم: چیەتى کلتور لە کلتورسەنتەریدا.

مەبەست لە کلتور لەم گۆڕانکاریەدا بریتى نیە لە بابەتێک جودا لەو مرۆڤانەى کە هەڵگرى ئەو

کلتورەن. بێگومان کلتور لە زانستە مرۆییەکاندا بە مانای جیاواز لێکدراوەتەوە تاڕادەی ئەوەی نزیکەی (٣٠٠) پێناسە بۆ ئەو چەمکە کراوە بەڵام ئەوەی ئێمە لەم بابەتەدا مەبەستمانە تەنها هەندێک لەو مانایانەیە کە بەو چەمکە دراون:

أ. یەکێک لە ماناکانی کلتور بریتیە لە شتە دروستکراوەکانی مرۆڤ کە بەرامبەر بە شتە سروشتیەکان بەکار دێت، واتە هەر شتێک مرۆڤ خولقاندبێتی ئەوا بە کلتور ناوزەد دەکرێت و ئەوەش سروشتی بێت ئەوا کلتور نیە.

ب. لە شتە دروستکراوەکانی مرۆڤیش ئەو شتانەی کە رەمزی و نەبینراون وەک بابەتە زەینی و هونەریە نەبینراوەکان و بابەتە بەهاییەکان. بۆ نموونە بەهای پارەکان کە ئەگەرچی کاغەزەکەی بینراو و لەبەر چاوە بەڵام بەهاکەی نەبینراوە، ئیتر دیوە بینراوەکە دەچێتە بواری مەدەنیەت و دیوە نەبینراوەکەش کلتورە.

ج. بابەتە نەبینراوەکانیش هەندێکیان لە دەرەوەی مرۆڤ و هەندێکیشیان لەناو مرۆڤن، لێرەدا مەبەستمان لە کلتور و ئەو بەشەی ناوەوەی مرۆڤە نەوەک ئەوانەی دەرەوە. واتە ئەوەی لە جیهانی ناوەوەی مرۆڤەوە دەخێزێت لە بیروباوەڕەکانی و هەست و سۆزەکانی و ویست و ئیرادەی هەر ئەوەشە لە گوتە و کردارەکانیدا دەردەکەوێت. هەر ئەم بابەتانەی ناوەوەی تاکی مرۆڤیشە پێکەوە جێکەوتی گروپی دروست دەکەن. ئیدی (واتە باوەڕی هاوبەش و سۆزی هاوبەش و ویستی هاوبەش) بێ ئەوەی ئەم شتە هاوبەشانە بوونی جودا و سەربەخۆیان لە مرۆڤ و تاکەکان هەبێت.

ئەمە ئەو خاڵەیە کە فەیلەسوفەکانی (زەین)

**یەکێك لە ماناکانی کلتور بریتیە لە شتە دروستکراوەکانی مرۆڤ کە بەرامبەر  بە شتە سروشتیەکان بەکار دێت، واتە هەر شتێك مرۆڤ خولقاندبێتی ئەوا بە کلتور ناوزەد دەکرێت.**

پێی گەیشتوون کە بنەما بریتیە لە بابەتە خودیەکان نەوەک بابەتە دەرەکیەکان. هەر ئەمەیە ئەوان لە دەمارناسان جودا دەکاتەوە کە ئاگایی ئێمە تەنها کاردانەوەی کۆئەندامی دەمارمان نیە و هەر لایەنێکی فیزیکیش نیە. بەڵکو دواجار بەشێکی بۆ لایەنی نامادی و نەبینراو دەمێنێتەوە ئەمە ئەو بابەتە بوو کە فەیلەسوفی بەناوبانگی کلتور و زەین (تۆماس نیگڵ) لە وتارە بەناوبانگەکەیدا (چی دەبێت ئەگەر تۆ شەمشەمەکوێرە بیت؟) دەیویست پیشانی بدات.

بەوەی وتی چۆنە بەلاتەوە کە بەیانی لە خەو رابیت و هەست بکەیت کە بوویتەتە شەمشەمەکوێرە (کۆڵێک باڵی بێ تووک بە کۆڵتەوەیە و چاوەکانیشت نابینن و بە رادارەکەی مێشکت شتەکان جودا دەکەیتەوە و بە رۆژدا ناتوانیت بڕۆیتە دەرەوە، دەبێت بوەستیت تا شەو دادێ دەبێت بە قاچەکانت خۆت بە بن دیوارەوە گیر بکەیت و خۆت هەڵواسی و سەرت بۆ خوارەوە بێت). ئەگەر لە رووە مادیەکەوە سەیر بکەیت بە دڵنیاییەوە ئەمە شتێکی ئاساییە بەڵام ئەگەر لە رووە خودیەکەوە سەیری بکەیت هەست دەکەیت

هەڵەیەک لەم بابەتەدا هەیە، واتە بابەتەکە تەنها لایەنی مادی نیە. ئەمە ئیدی خاڵەکەیە کە بابەتەکە تەنها لایەنی دەرەکی نیە بەڵکو بنەما تێیدا بریتیە لە لایەنە خودیەکە بە بێ دەست راگەیشتن بەو لایەنە مرۆڤ ناگۆڕێت.

با دەکرێت مرۆڤ لە دەرەوە کاری پێبکرێت بزوێنرێت و تەنانەت بشگۆڕێت بەڵام ئەم گۆڕانکاریە بێ گۆڕانکاری ناوەکی (مانا)یەکی نابێت، هەر لێرەوە مرۆڤەکان لە رووی زەمەنەوە لە یەکدی جودا دەبنەوە ئەگەرچی لە یەک کاتیشدا بژین. وەک فەیلەسوفی بەناوبانگی مێژوو (تۆینبی) دەڵێت ئەگەرچی ئەو ئەمە لە ئاستی شارستانیەتەکاندا دەڵێت کە دەشێت دوو شارستانیەت لە یەک کاتدا بژین بەڵام زەمەنیان جیاواز بێت. هەر لێرەوەشەوە لە زۆربەی کایە مرۆییەکاندا بابەتی گەشەسەندنی بەردەوام( التنمیة المستدامة) سەری هەڵداوە، بۆ نموونە لە کایەکانی وەک ئابووری و سیاسەتدا.

جیاوازی ئابووری گەشەسەندوو لەتەک گەشەسەندنی ئابووری ئەوەیە کە دەکارێ ئابووری وڵاتێک گەشەی تێدا بێت و داهاتی تاکی زۆر بێت بەڵام نەتوانێت بەردەوام و درێژەی ببێت تا باوەڕ و ناوەوەی تاکەکان نەگۆڕدرێت وەک لە گوزارەی (گەشەسەندن بە مرۆڤ و بۆ مرۆڤدا) کە بەم دواییە بووەتە دروشمی زۆرێک و لە وڵاتان و رێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا دەردەکەوێت.

**دووەم: گۆڕانکاری کلتوری ئامادەیی مرۆڤ لە مەیداندا.**

بۆ روونکردنەوەی ئەوەی لە سەرەوە وتمان دەبێت هۆکارزانی (causnal and explanation) بکەین دوای ئەوەی لە چیەتی کلتورسەنتەریمان کۆڵیەوە ئیدی شیکارەکە تەواو نابێت ئەگەر لە هۆکارزانی (explanation) بابەتەکە نەکۆڵینەوە، کاتێک شیکاری بابەتێک دەکرێت دەبێت لە سەرەتادا باس لە چیەتی ئەو بابەتە بگرێت بەڵام بە تەواوەتی شیکارەکە مانای نابێت ئەگەر لە هۆکاری ئەو چیەتە نەپرسرێت!.

کەواتە ئەگەر چیەتی هەر شتێک بریتی بێت لە وەڵامی پرسیاری چیە؟ ئەوا هۆکارزانی بریتیە لە وەڵامی (بۆچی؟)یە. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی پرسیاری (بۆچی گۆڕانکاری کلتوری؟) بدەینەوە. وەڵامی ئەم پرسیارە بەگوێرەی (motive) و هاندەرەکە جیاواز دەبێت، بۆ نموونە دەکرێت بۆ ئەو بابەتە هۆکارزانی مەعریفی و ئەنتۆلۆژی و ئەخلاقی و ئایینی و سایکۆلۆژی بۆ بابەتەکە بکرێت.

بۆ روونتر بوونەوەی بابەتەکە بەلاتەوە لەم سیناریۆیە رابمێنە: ئێوە دوو هاوڕێن هاوڕێیەکی خۆتان دەبینن بۆ یەکەمجار خەریکی ئەنجامدانی وەرزش و راکردنە. لێرەدا یەکێکتان دەپرسێت (بۆچی رادەکات؟).

ئیدی وەڵامی ئەم پرسیارە بەپێی موتیڤەکە دەگۆڕێت بۆ نموونە لە رووی تەندروستیەوە دەشێت بووترێت: لەبەر ئەوەی قەڵەوە و دەیەوێت کێشی خۆی بهێنێتە خوارەوە!.

لە رووی ئایینیەوە دەشێت بووترێت، لەبەرئەوەی خوا فەرمانی پێداوە و ئەویش دەیەوێت رەزامەندی خوا بەدەست بهێنێت یان لە رووی ئەخلاقیەوە بووترێت: بە عەدالەتی دەزانێت جەستەی تەندروست بێت.

لە رووی وەزیفیشەوە، ئەگەر تەندروستی تەواو

نەبێت ناتوانێت کارەکانی جێبەجێ بکات. ئەوا ئێمەش لەم بابەتەدا چەند موتیڤێک بۆ وەڵامی بۆچی گۆڕانکاری کلتوری؟ هەڵدەبژێرین:

وەڵامی یەکەم: بە پێشگریمانەی مێژوویی و لۆژیکی و ئەخلاقی باشترین و تاکە هەڵبژاردنمانە، تاکە هەڵبژاردنمانە لەبەر ئەوەی هەموو هەوڵەکانی گۆڕانکاری دیکە سەرکەوتوو نەبوون بۆ ئەوەی ئەمەش بە تەواوەتی بۆت روون بێتەوە تۆ سەیری گۆڕانکاریەکانی دیکە بکە. ئەویش بەوەی گۆڕانکاری (مرۆڤ سەنتەر) هەنگاو بە هەنگاو و ئاشتیانە و بەویستانەیە. بێ ئەوەی کەس ڕێگەیان لێبگرێت، جا هەوڵنەدان بۆ گۆڕانکاری هێشتنەوەی ئەو دۆخە ستەمکارانەیە. هەڵە بەرامبەرەکانی ئەمەش بریتین لە گۆڕانکاری بە ویستانەو نائاشتیانە ، ئەوەی پێی دەوترێت (شۆڕشکردن)، دەبینین هەمیشە لە ڕێگەی شۆڕشگێڕانەدا ئەوانەی شۆڕشیان ئەنجامداوە دوای سەرکەوتن باشتر نەبوون لەوانەی شۆڕشیان بەسەردا کردوون.

لەوانەیە هەڵبژاردنی دیکە تەنها بریتی بێت لە گۆڕانکاری نەوبستانەو و هێشتنەوەی دۆخەکە هەتا خۆیبگۆڕێت، ئەمەشیان پێچەوانەی پێشگریمانەی مرۆڤناسی و ئەخلاقناسی و مەعریفەتانسییە، پێچەوانەی مرۆڤناسییە چونکە مرۆڤن اتوانێت دۆخێکی نەشیاوەکی خۆی بهێڵێتەوە. پێچەوانەی ئەخلاقناسییە لەبەرئەوەی ئەگەر ئەخلاق بە مانا سادەکەی بریتی بێت لەوەی کە هەرێمی ڕێگەپێدراوەکان بەرتەسکتر بێت لە هەرێم تواناکان ، واتە ئەوەی مرۆڤ ڕێگە بە خۆی دەدات ئەنجامی بدات زۆر بچووکتر بێت لەوەی کە دەتوانێت

**دەبینین هەمیشە لە ڕێگەی شۆڕشگێڕانەدا ئەوانەی شۆڕشیان ئەنجامداوە دوای سەرکەوتن باشتر نەبوون لەوانەی شۆڕشیان بەسەردا کردوون.**

ئەنجامی بدات ئەوا هەمودۆخێکی ستەمکارانەو نەشیاو ئەو دۆخەیە کە هەندێک سنوور بۆ ڕێگەپێدراوەکانیان نیە، واتە هەرچی بیانەوێت ئەنجامی بدەن ئەنجامی دەدەن بێ ئەوەی کەس ڕێیان لێ بگرێت، جا هەوڵنەدان بۆ گۆڕانکاری هێشتنەوەی ئەم دۆخە ستەمکارانەیە.

هەروەها پێچەوانەی پێشگریمانەی ئەبستۆلۆژیە، چونکە ئەگەر یەکێک لە بابەتەکانی مەعریفەتناسی بریتی بێت لە دابەشبوونی کایە مەعریفی و زانستیەکان ئەوا ئەگەر کلتور بەو مانایەی باسمان کرد نەبوو، ئەوا شیمانەی ناسینی ئەو بابەتە مەعریفیانەی نابێت کە تایبەتن بە مرۆڤەوە و ناشێت لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ و توانای زانینی مرۆڤ بکرێت مەگەر مرۆڤ بۆ هەبوویەکی دیکە وەرچەرخێت. واتە سەندنەوەی جوداکەرەوەکانی مرۆڤ لە هەبووەکانی دیکە کە مرۆڤ نین لە مرۆڤ، کە ئەوانیش ئاگایی و توانای هەڵبژاردنن.

بەمەش (شیکار) مانای نامێنێت چونکە شیکار لە مانا تایبەتەکەیدا بریتیە لە دۆزینەوەی پێشگریمانەی مەعریفی و دەرەنجام و

داخوازە لۆژیکیەکان. بۆ روونکردنەوەی بابەتەکە جارێکی دیکە نموونە دەهێنمەوە، کاتێک گۆڕانکاری کلتوری نابێت و پشت بە گۆڕانی ناوەکی مرۆڤ نابەسترێت بەڵکو بەسەریدا دەسەپێنرێت و ناچار بە گۆڕانکاری دەکرێت. ئەوا پێچەوانەی پێشگریمانەی هەر دوو تایبەتمەندیەکەی و ئاگایی مرۆڤ و ئاگاداربوونی مرۆڤ لە ئاگایی خۆیی و تێڕامان و وردبوونەوە دەبێت.

ئەمەش مانای وایە مرۆڤ هیچ دۆخێکی تایبەت بە خۆی نیە و وەک گیاندارانی دیکە وایە، هەروەها مانای وایە توانای هەڵبژاردن یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ نیە و ڕێگە نادرێت هەڵبژاردنی هەبێت، هەر لێرەوە مرۆڤ بۆ (شت) وەردەچەرخێت.

دەرەنجامی لۆژیکی ئەمەش بریتی دەبێت لەوەی کە ئەو بابەتە مرۆییانەی وەک مانای ژیان و ئازادی و عەدالەت مانایان نامێنێت، چونکە هەرکام لەم بابەتانە بەهۆی بوونی ئەو دوو تایبەتمەندیەی کە پێشتر باسمان کردن دروست دەبن. هەر بۆ نموونە ئەگەر ئاگایی مرۆڤ نەبێت کە ئاگایی بەرامبەر بە ئاگایی خۆی هەبێت ئیدی هەرگیز بە شوێن مانای ژیانی خۆیدا ناگەڕێت ژیان و بوونی خۆی نابێت بە پرسیار بۆ خۆی.

بۆ ئەوەی ئەمەش بە تەواوەتی روون بێتەوە پێویستە شیکارێکی ئەبستمۆلۆژیانە (مەعریفیانە) بۆ ئەم بابەتە بکەین:

ئەو بابەتانەی مرۆڤ دەتوانێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکات سێ جۆرن:

١. ئەو شتانەی لە دەرەوەی مرۆڤ بوونیان هەیە مرۆڤیش نەبێت ئەوان هەر بوونیان دەبێت وەک بابەتە سروشتیەکانی وەک خۆر و ئاسمان و هەور و ئەستێرە و دەریاکان و شاخەکان و ... هتد،.

٢. دووەم ئەو بابەتانەن کە بە هۆی بوونی مرۆڤەوە دروست دەبن وەک بیستن و خۆش بوون و خۆش نەبوونی تامەکان. بۆ نموونە میوەیەکی شیرین بێ مرۆڤیش لە دەرەوە بوونی هەیە، بەڵام کاتێک مرۆڤێک بوونی هەیە حەزی لە شیرینی نیە و حەزی لە شتی مزرە ئەو میوە شیرینە بەلای ئەمەوە ناخۆشە، چونکە ئەو مزری بەلاوە خۆشە، ئەو خۆشی و ناخۆشیە ئەگەر مرۆڤەکە نەبوایە ئەوا بوونی نەدەبوو، ئەمە لە هەموو ئەو شتانەدا ئێمە بەهایان پێدەبەخشین هەروایە، واتە بەهاکان بەشێک نین لە خەسڵەتی شتە دەرەکیەکان (properties) بەڵکو پەیوەندیان بەو شتانەوە هەیە بەهۆی مرۆڤەوە هەن .

٣. ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە ئیلتیزام و پابەندیەکانی مرۆڤەوە هەیە وەک ئەو پەیمانانەی من دەیانبەستم و یەکەی ئەمانەش بریتیە لە بوونی توانای هەڵبژاردن لای مرۆڤ.

ئیتر روون دەبێتەوە کە بابەتە مرۆییەکانی کە باسمان کردن پەیوەندیان بەم دوو بابەتەی دواوە هەیە (بەهاکان و پابەندیەکان) ئەمانەش تەنها بە بوونی پێشگریمانەکانی ئاگایی و هەڵبژاردنەوە دروست دەبن کە هەر دووکیشیان بابەتی ناوەکی و کلتور سەنتەرن.

### پارەی سێیەم:
### کلتور و حیکمەت و فەزیلەت و مرۆڤی ڕەسەن

مرۆڤی ڕەسەنی کلتور سەنتەر پشت بە مرۆڤناسیەکی دیاریکراو دەبەستێت و کۆمەڵێک چەمک دەکاتە سەنتەر کە پیشاندەری ئەو جۆرە مرۆڤناسیە بێت.

**١. کلتور و حیکمەت:** کاتێک مرۆڤ لە فەلسەفەی نوێ بە تایبەت لە فەلسەفەی سەدەی بیست رادەمێنێت ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە فەیلەسوفەکان لە قۆناغی ئەزموونی گەیشتووی خۆیاندا روو دەکەنە کایەیەکی فەلسەفی کە پێی دەوترێت (حیکمەت) ئەمە سەبارەت بە زۆربەی زانایانی زانستە ئەزموونەکانیش بە هەمان شیوەیە.

حیکمەتیش ئەو چەمکەیە کە بۆ بە دەستهێنانی تەنها زانیاری و کۆکردنەوەی داتا بەس نیە. لێرە لە حیکمەتدا لەبری کۆکردنەوەی زانیاری پشت بە گۆڕانکاری دەبەسترێت گۆڕانکاری ناوەکی. ئەمەش ئەو بابەتەیە کە کلتورسەنتەری و حیکمەت دەکاتەوە بە یەک. بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بە تەواوەتی روونتر بێتەوە سەیری ئەم نموونەیەی مەولانا جەلالەدینی رۆمی بکە کە باس لەوە دەکات!.

میوە بە کاڵی لە لقەکانی نابێتەوە تەنانەت ئەگەر بتەوێت بە زۆریش لێی بکەیتەوە لقەکەش لە تەک خۆیدا دەهێنێت، بەڵام لێی گەڕێ تا بگات ئەوسا دەبینی کە تەنانەت ئەگەر تۆش لێی نەکەیتەوە بۆ خۆی دەکەوێت یان دەوەرێت، چونکە دەگات و دەگۆڕێت، بۆیە ئەمە بابەتی حیکمەتە کە لە حیکمەتدا جەخت لە گۆڕانکاری و گەیشتن دەکرێتەوە واتە جوولە لە بواری درێژی و کۆکردنەوەی زانیاریدا نابێت، بەڵکو جەخت لەسەر گۆڕانکاری قووڵی ناوەکی دەکرێتەوە. مرۆڤ لە ناوەوە دەگات. هەر ئەمەشە یەکێک لە مەدلولەکانی مرۆڤ سەنتەری: ئەمەش لەبەر ئەوەی مرۆڤ تەنها کاری دەرەکی ناکات بەڵکو دەشرِوانێت و لە روانینیشدا لە قووڵیدا تێرامان دەکات.

**حیکمەت ئەو چەمکەیە کە بۆ بە دەستهێنانی تەنها زانیاری و کۆکردنەوەی داتا بەس نیە. بەڵکو پشت بە گۆڕانکاری دەبەستێت، گۆڕانکاری ناوەکی. ئەمەش ئەو بابەتەیە کە کلتورسەنتەری و حیکمەت دەکاتەوە بە یەك.**

هەر ئەمەشە نیگڵ دەڵێت: مرۆڤی کلتوری ئەو مرۆڤەیە کە دەشرِوانێت هەر بەو روانینەوەیە خۆی گۆڕانکاری لە خۆیدا دروست دەکات. ئەوەیە ڤیتگنشتاینی فەیلەسوفی بەناوبانگ سەرزەنشتی خۆی دەکات کە بۆچی خۆی مژوڵی شتی تر کردووە و مژوڵی حیکمەت نەبووە، تەنانەت خۆی بە (مەیمون) لەبەر ئەنجام نەدانی ئەو کارە ناو دەبات. لە راستیشدا کار لەسەر حیکمەت کردن هەوڵدانی دەوێت ئەگەر بە زمانێکی فیکری بڵێین ئەوە لە کاری حەکیمانەدایە مرۆڤ کارایە و خۆی لەو پرۆسیسەدا بەشدارە،

لەكاتێكدا لە وەرگرتنی زانیاریدا مرۆڤ بەركارە و تەنیا هەمبانەیەكی كۆكەرەوەی زانیارییە.

لە حیكمەتیشدا مرۆڤ لە ئامێرێك و رۆبۆتێكی وەك كۆمپیوتەر جودا دەبێتەوە. چونكە كۆمپیوتەر تەنها زانیاریەكان دەگوازێتەوە. لە حیكمەتیشدا مرۆڤ دەگاتە ئەزموونی رۆحی و كەشفی مانای ژیان و رزگاربوون لە پووچگەرایی كە ئەمەش لە رۆبۆتدا نیە.

**٢. كلتور و فەزیلەتی مەعریفی:**

بۆ ئەوەی رەهەندی قووڵی كلتور دەربكەوێت دەبێت لە فەزیلەتی مەعریفی بكۆڵینەوە، فەزیلەتی مەعریفی ئەو فەزیلەتەی بەم دواییە لە دونیای ئەبستمۆلۆژی جیاوازدا دەركەوتووە و چەندین فەیلەسوفی وەك (سوسا) و (زاگزبسكی) تێیدا كار دەكەن و سەلماندوویانە كە نابێت پەیوەندی نێوان مەعریفە و ئەخلاق لەوەدا كورت بكەینەوە كە دەبێت ئەخلاقیانە مامەڵە لەتەك فەزیلەتدا بكەین، بەڵكو دەبێت بابەتەكە وا تێبگەین كە مەعریفە و ئەخلاق یەك شتن، ئەم بابەتەش لە سەردەمی ئەرستۆوە بە فەزیلەتە مەعریفیەكان ناسراوە كە بۆ زەمەنێكی زۆر وازی لێهێنرا بوو و لە هەشتاكانی سەدەی رابردووەوە سەری هەڵداوەتەوە هەر بەمەش گرنگی قوتابخانەی فەزیلەتگەرایی و وەزیفەگەرایی كانتی دەركەوتەوە بۆ ئەوەی گرنگی ئەم بابەتە بۆ خوێنەر بگوازمەوە بەم شێوەی خوارەوە روونی دەكەمەوە:

وا دیارە كە مەعریفەی مرۆیی دوو جۆرە، مەعریفەیەكی ئاسۆیی و مەعریفەیەكی ستوونی كە لە باسی (حیكمەت)دا باسی مەعریفەی ستوونیمان كرد، ئەوا لێرەدا ئەوە زیاد دەكەین كە بابەتە (نەجاتبەخش)ەكان (قوتاركەرەكان) ئەو مەعریفانەن كە عروجی و ستوونین، بە زمانی دەروونزانان بابەتی فڕینن، لەبری ئەوەی بابەتەكانمان بۆ وردتر بكەنەوە، بەسەریاندا دەمانفڕێنن وەك ئەو مێرولەیەی باڵ دەگرێتەوە و لەسەرەوە سەیری هاوڕێ و شارە مێرۆلەكەی دەكات ئیدی شتانێك دەبینێت كە هیچ لە مێرووڵەكانی دیكە لە خوارەوە نایانبینن، ئەگەرچی هەركامیان لە خوارەوە خەریكی كاركردنن، بابەتەكە زۆر و كەمی زانیاریەكان نیە، بەڵكو جۆرێكی دیكە و لەسەرەوە تەماشاكردنیان، بۆیە فەیلەسوفەكانی ئەبستمۆلۆژیای فەزیلەت سەنتەر باوەڕیان وایە هەندێك لە بابەتە مەعریفییەكان بە شێوەیەكی زانیاری ئاسایی و ئاسۆییانە دەرناكەون تا بە شێوەیەكی ستوونیانە سەیریان نەكرێت، واتە ئەم بابەتانە شێوەی بینراو و درێژی و پانیان نیە بەڵكو شێوەی قووڵ و بان و خواریان هەیە. وەك بابەتی عیشق و هاوڕێیەتی و فەزیلەت و وتنەوەی وانەیەك بۆ ماوەی چەندین ساڵی لە دوای یەك لە لایەن هەمان مامۆستاوە كە زانیاریەكان هەمان زانیاری بن بەڵام ئەو مامۆستایە قووڵتر بۆتەوە تێیاندا. ئیدی لەم رێگەیەوە ئەم فەیلەسوفانە بە پێناسە نەریتیەكەی مەعریفە بریتیە لە (باوەڕێكی راستی بەڵگەدار) داچوونەتەوە، گەیشتوونەتە ئەوەی مەعریفەكە بریتیە لەوەی ئەم فەزیلەتە ئەخلاقیانەی تێدا بێت وەك بێلایەنی و وردەكاری و...هتد..

ئیدی بە وریایی و كۆتەوە مەعریفە بریتیە لە قووڵبوونەوەیەكی ناوەكی(subject) نەوەك تەنها حەقیقەتێكی دەرەكی كەشفكراو،

بۆیە بۆبەدەستهێنانی پێویست بە گۆڕانی باوەڕە ناوەکیەکان دەکات، ئەمەش هەر هەمان بابەتە کە کەسانێکی وەک نیگڵ لە کلتورسەنتەریدا کاری لەسەر دەکەن.

**بەشی سێیەم:**

**زەمینە و ڕێگریەکانی کلتورسەنتەری**

نابێت بابەتی گۆڕانکاری کلتوری تەنها لە بابەتە تاکی و سایکۆلۆژیەکاندا کورت بکەینەوە. هەر بۆ نموونە ئەو کارەی هەندێک لە دەروونناسان لە بابەتەکانی وەک شادی و هەستکردن بە بەختەوەری و بوونی ویست و ئیرادەی بەهێزدا کاری تێدا دەکەن بە گوتەی یەکێک لە فەیلەسوفەکانی دەروونناسی (لە ڕووی پارە و بازرگانیەوە بۆ ئەوان باشە کە وا بێت) بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم بابەتە ڕوویەکی دەرەکی دەستکاریکردنی زەمینە و کۆنتێکستی پێویستە دواتر ئەو کۆنتێکستەش ڕۆڵێکی مەعریفی گەورە دەبینێت وەک ئەوەی فەیلەسوفی ئێرانی "مستەفا مەلەکیان" لە بابەتی ریفۆرمدا بۆی دەچێت لە کتێبی (چارەنووسمان تەگبیرمان) ڕوونی دەکاتەوە و هەروەها دکتۆر عەبدولکەریم سروش لە کتێبی (گەورەتر لە ئایدۆلۆژیا)دا لێکۆڵینەوەی دەربارە دەکات، ئێمەش لەم باسەدا دەیخەینەبەر لێکۆڵینەوە و دیدی جیاوازی خۆمان لەوان پیشان دەدەین.

**پارەی یەکەم:**

**دیموکراسی وەک کۆنتێکستی گۆڕانکاری کلتوری.**

لەم بابەتەدا پێم باشە لە بابەتی ئەنتۆلۆژیا و کۆنتێکستەوە دەست پێبکەم، ئەویش بە دەستنیشانکردنی ئەوەی کامە کۆنتێکستە و کامەش ئەنتۆلۆژیایە، چونکە لێکۆڵەران لە هەر کایەیەکدا بابەتەکەی خۆیان بە بنەما و ئەنتۆلۆجیا و وجودیی ڕاستەقینە دەزانن و بابەتی کایەکانی دیکە بە زەمینە و کۆنتێکست. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە نموونەیەک دەهێنمەوە: بۆنموونە فیزیکزانەکان وا دادەنێن کە لەبەر ئەوەی هەموو بابەتەکان بۆ گەردیلە دەگەڕێتەوە ئیدی لەوانەیە فیزیکزانێک بانگەشەی ئەوە بکات کەواتە هەموو کایەکانی دیکە تەنیا کۆنتێکست و زەمینەن و تەنها بابەتە فیزیکیەکانیش بابەتی ڕاستەقینە و وجودین و دەبێت بۆ چارەسەری بابەتەکان بۆ فیزیک بگەڕێینەوە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سیاسیەکان (بۆ نموونە) ڕازین بەوەی واز لە کارەکانی خۆیان بهێنن بۆ فیزیکزانەکان یان ئەوانیش کاری خۆیان بە بنەماتر دەزانن؟

ئیدی پرسیارەکە ئەمەیە کە کامەیە بنەما وئەنتۆلۆجیا و کامەش کۆنتێکست؟

ئەوەی فەیلەسوفانی زانستە مرۆییەکان بۆی

> **نابێت بابەتی گۆڕانکاری کلتوری تەنها لە بابەتە تاکی و سایکۆلۆژیەکاندا کورت بکەینەوە، هەر بۆ نموونە ئەو کارەی هەندێك لە دەروونناسان لە بابەتەکانی وەك شادی و هەستکردن بە بەختەوەری و بوونی ویست و ئیرادەی بەهێزدا کاری تێدا دەکەن.**

دەچن ئەوەیە کە زەمینە و ئەصڵ (ئەنتۆلۆژیا) بەپێی دیدەکە دەگۆڕێت هەر بۆیە لە بابەتی گۆڕانکاریدا کەسێکی وەک "مستەفا مەلەکیان" لیبراڵ دیموکراسی بە بابەتێکی وجودی دادەنێت ئەویش بە پێشگریمانەی ئەبستمۆلۆژیەوە و هەر وەک پێش ئەویش "عەبدولکەریم سروش" لە ئازادی و دیموکراسیدا بۆ عەقڵ و نەکردنی بە ئایدۆلۆژیا بۆی دەچێت، ئەویش بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**یەکەم: مەلەکیان و لیبراڵ دیموکراسی دیدێکی مەعریفەتناسیانە،** مەلەکیان باوەڕی بە دیموکراسی و ئەویش دیموکراسی لیبراڵ هەیە بەپێشگریمانەیەکی مەعریفیەوە:

بەلای مەلەکیانەوە بابەتە مەعریفیەکان سیانن ئەوانیش:

**١. بابەتە حەقیقیە دەرەکیەکان (object).** هەبووە کردەکیەکان (بالفعل) وەک هەموو ئەو شتە دیارانەی لە دەرەوەی مرۆڤ بوونیان هەیە و دەشێت مرۆڤە پسپۆڕەکان لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکەن.

**٢. هەبووە دەرەکیە هێزەکیەکان (بالقوة)** ئەوانەی کە لە دەرەوەی مرۆڤ بوونیان هەیە و جێکەوتیشیان لەسەر مرۆڤ هەیە، بەڵام هێشتا تەنانەت مرۆڤە پسپۆڕەکانیش ناتوانن حەقیقەتیان دەرک بکەن وەک ئەستێرەیەک جێکەوتی لەسەر ژیانی ئێمە لەسەر گۆی زەوی هەیە بەڵام هێشتا زانایانی گەردوونناسی نازانن حەقیقەتی چیە؟

**٣. بابەتە بەهاییەکان:** ئەو بابەتانەی کە بە هاتنە ناوەوەی مرۆڤ مانا پەیدا دەکەن. بۆ نموونە؛ پاقلاوە وەک شتێکی شیرین بهێنەرە بەرچاوت، شیرین بوونی پاقلاوە بابەتێکی دەرەکی و بابەتیە. بەڵام کاتێک من حەزم لە شتی مزرە و تۆ حەزت لە شیرینیە من دەڵێم پاقلاوە شتێکی ناخۆشە و تۆش دەڵێیت خۆشە، ئەم (ناخۆشە و خۆشەیە) بابەتێکی بەهاییە بە بوونی ئێمەی مرۆڤ دروست دەبێت. واتە لە بابەتە بەهاییەکاندا من حەقیقەتێکم لە حەقیقەتێکی دیکە پێ باشتر دەبێت. هەر ئەو پێ باشتربوونەیە (بەها) دروست دەکات.

ئیتر ئەو باوەڕی وایە لە حەقیقەتە یەکەمینەکان (دەرەکیە هەبووە کردەکیەکان) پێویست بە گەڕانەوە بۆ رای خەڵک و دیموکراسی ناکات، بەڵکو ئەوە مرۆڤە پسپۆڕەکانن کە خەریکی لێکۆڵینەوەن لەو حەقیقەتانەدا. ئەمە لە کاتێکدا لە دوو جۆرە حەقیقەتەکانی دیکەدا دەبێت بۆ رای خەڵکی و دیموکراسی و دیموکراسی لیبراڵ بگەڕێینەوە. لە دووەمیاندا چونکە پسپۆڕەکانیش نایانزانن (حەقیقەتیان نازانن) و سێیەمیشیان پەیوەندی بە (پێباشتر)ەکانی مرۆڤەکانەوە هەیە، ئالێرەوە دیموکراسی لە یەکلایی کردنەوەی بابەتەکاندا لە رووی مەعریفیشەوە رۆڵی هەیە.

**دووەم: سروش و ئازادی و عەقڵ:**

بەلای سروشەوە پێویستبوونی دیموکراسی و ئازادی بەستراوە بەجۆری روانینی ئێمەوە بۆ عەقڵ وەک پێوەرێک بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی شتەکان. بەلای سروشەوە دوو دید هەیە بۆ عەقڵ.

١. دیدێک باوەڕی وایە عەقڵ گەوهەرێکی وەستاو و پێوەرێکی جێگیرە و کاری پێوانی شتەکانە و زیاد و کەم ناکات، ئەگەر عەقڵ ئاوا بابەتێک بێت ئیتر لە سیستمێکی دیکتاتۆریشدا کە ئازادی بوونی نیە دەتوانێت

ڕۆڵی خۆی ببینێت چونکە ئەو بابەتێکی تەواوە و ئازادی هیچ زیادەیەکی بۆ ناکات.

٢. عەقڵی بەردەوام دروست بوو: لەم دیدەدا بۆ عەقڵ، عەقڵ گەوهەرێکی وەستاو نیە، بەڵام بەردەوام لە ئانی گەورە بووندایە و خۆراکی بریتیە لە ئازادی، هەرچی ئازادی زیاتر بوو ئەوا عەقڵیش گەورەتر دەبێت. بۆیە دەبێت دیموکراسی و ئازادی بوونیان هەبێت بۆ ئەوەی عەقڵ هەم گەورە بێت و هەمیش بتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت. سروش خۆی ئەم دیدەی دووەمی دەربارەی عەقڵ هەیە بۆیە داوا دەکات هەم مامەڵەی ئایدۆلۆژی نەکرێت و هەمیش ئازادی و دیموکراسیش بوونی هەبێت، ڕوونە ئەمەش پێشگریمانەیەکی مەعریفیە تا عەقڵ بتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت.

**سێیەم: دیدی ئێمەدا لەم بابەتەدا.**

ئەگەر گۆڕانکاری کلتوری بکەینە سەنتەر ئەوا دەبێت بوترێت ڕوانینەکەی هەرکام لە مەلەکیان و سروشیش کورتهێنانی تێدایە کە دەکارێت لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکرێنەوە:

١. دەپرسین بابەتە دەرەکیەکان کامانەن کە تەنها پسپۆرەکان دەیانزانن، ئەگەر مەبەست ئەنتۆلۆژیا بێت و کۆنتێکست نەبێت، ئەوا هەرکام لە پسپۆریەکان بابەتی خۆی بە بابەتێکی جەوهەری و وجودی دەزانێت پسپۆری ئەوانی دی بە کۆنتێکست، بۆیە ناشێت تەنها یەک دانەیان بە حەقیقەتی کردەکی و دەرەکی ڕەها بزانرێت، چونکە دواجار هەرکامیان لای ئەوانی دیکە پەیوەندی بە کۆنتێکستەوە هەیە و ئیتر حەقیقەتێکی دەرەکی ڕەها نیە کە بە یەکێکیان جودا بێتەوە.

٢. لە دیاریکردنی بەهاکانیشدا کاتێک ڕۆڵی سەلاحیەت و میتۆد دێتە پێشەوە ئیدی جارێکی دی پسپۆری دێتە پێشەوە، ئیدی ناتوانرێت بەو ڕەهاییە بۆ ڕای گشتی بگەڕێینەوە تێیدا. بۆ نموونە دەشێت بابەتە بەهاییەکان یاسادانەران دیاریان بکەن، دیارە یاسادانانیش سەلاحیەتی هەموو کەس نیە و میتۆدی تایبەتی خۆی هەیە کە دەزگای تایبەت پێی هەڵدەستێت.

**عەقڵ گەوهەرێکی وەستاو نیە، بەڵکو بەردەوام لە ئانی گەورە بووندایە و خۆراکی بریتیە لە ئازادی، هەرچی ئازادی زیاتر بوو ئەوا عەقڵیش مەزنتر دەبێت.**

٣. هێنانە ناوی چەمکی سەیرکەری بێلایەن کە هەر لە سەردەمی هیۆمەوە و ئادەم سمیس لەناو ئابووریناسان باسیان لێوە کردووە، لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین یەک شت لە هەموو ڕەهەندەکانیەوە ببینین بۆیە پێویستە لە گۆشەی جودا و دوور و نزیکی جوداوە بۆی بڕوانین تا لایەنە جیاوازەکانی بزانین، هەروەها کۆی ڕوانینەکانی زیاد لە کەسێکیش کۆ بکەینەوە تا بە تەواوەتی حەقیقەتی شتەکانمان بۆ دەربکەوێت. ئەمەش بە میتۆدی تۆڕی (net) لە زانستەکاندا ناسراوە. ئیدی ئەمە مانای حەقیقەتی دەرەکی تاکە پسپۆڕی ناهێڵێت.

٤. چونکە حەقیقەتەکان لای مەلەکیان سیانن، حەقیقەتە دەرەکیەکان و بەهاکان و ئەرکەکان،

ئەو دووانەی پێشوویان باسمانکردن و ئەرکەکانیش ئەوانەن کە ئەرکی تاکە جێبەجێیان بکات و زۆربەی جار داوای گۆڕانکاری دۆخێکە.

ئیدی ئێمەی مرۆڤ کاتێک کەشفی حەقیقەتی هەرکام لەوانەش دەکەین ئەوا کاتێک دۆخەکە وەک خۆی مامەڵەی لەگەڵدا ناکەین ئەوە سێ هۆکاری هەیە: ئەوانیش بریتین لە (نەزانین و هەڵەکردن و نیاز خراپی) نەزانین کاتێک مەعریفەمان دەربارەی شتێک نابێت، کاتێکیش هەڵە دەکەین ئەو کاتەیە کە مەعریفەمان نیە دەربارەی ئەو بابەتە بەڵام وا دەزانین کە مەعریفەمان هەیە (نازانین بەڵام نازانین کە نازانین) یاخود بە نیازخراپی خۆمان حەقیقەت دەشارینەوە. بەڵام لە راستیدا بێجگە لەم سێ هۆکارە هۆکاری دیکەش بۆ ئەو کارە بوونی هەیە، بۆ نموونە بێ پەروایی واتە حەقیقەتت بەلاوە گرنگ نەبێت (ئەوەی هاری فرانکفۆرت لە کتێبی (بێمانا وتن)دا کاری لەسەرکرد. یاخود ئەو کاتەی مرۆڤ نەشیاوی دۆخی هەبوو هەست پێدەکات، بەڵام توانای گۆڕانکاری نیە (capability) نیە ئیتر ئێمە پێویستمان بە گەشەدان بە تواناکان هەیە و هۆکارەکەشی نە نەزانین و نە هەڵە و نە نیاز خراپیش نیە.

٥. ئەو روانینەی مەلەکیان و سروشیش دیدێکی ناوەوە کۆمەڵگەیە، واتە روانینە تەنها لەناو کۆمەڵگەوە بۆ بابەتەکەکان. کاتێک مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگە بڕیار دەدەن و حەقیقەتە دەرەکیەکان دەدەنە پسپۆڕیەکان و لە حەقیقەتەکانی دیکەدا بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێنەوە. ئەی کاتێک کۆمەڵگەکانی دیکە لەبارەی ئەو کۆمەڵگە بڕیار دەدەن و زۆرجار بڕیارەکانیان نە لە نەزانین و نە لە هەڵە و نە تەنانەت لەوانەیە لە نیاز خراپیشەوە نەبێت (وەک کۆمەڵگەی کوردی کاتێک دەوڵەتە دراوسێکان دەربارەی ئەو بڕیاریاندا لە ریفراندۆمدا).

تەنانەت رەنگە لە حاڵەتی نەبوونی نیەت خراپیشدا بێت، ئەویش ئەو دەمەی کە رێسا ئەخلاقیەکان هاودژیان لەنێواندا دروست دەبێت. واتە بۆ لایەنێکیان ئەخلاقی و لە دژی ئەوی دیان کە دژی بەرژەوەندیەکانیەتی. یاخود بڕیاردان دەربارەی ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە نەوەی داهاتووەوە هەیە، ئەو مرۆڤانەی کە هێشتا لە دایک نەبوون.

٦. بێ ئەوەش بابەتی حەقیقەتی دەرەکی شایستەبوونی گەیشتن بە حەقیقەت، گریمان دیموکراسی رۆڵی ئەبستمۆلۆژی و مەعریفی هەبوو و وای دەکرد بگەڕێینەوە بۆ رای خەڵک، بەڵام ئەی ئەگەر خەڵکی هێندە راهێنانی لەسەر مامەڵەکردن بە حەقیقەت نەکرد بوو، یاخود وەک ئەوەی لە نموونەکەدا وتمان (دەربارەی نیشانە شکاندنەکە) کە من بەبێ هیچ راهێنانێک بە یەکەمجار پێکام، ئایا ئەوە مانای وایە من نیشانە شکێنم؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر: ئەگەر من پێشتر راهێنانم نەکردبێت لەسەر پێکانی ئەوا ئەو پێکانە بەهۆی هۆکاری دەرەکی یاخود بە رێکەوت و قەدەر بووە.

واتە دەبێت خەڵک راهێنانی لەسەر دیموکراسی هەبێت. ئەگینا ئەو دیموکراسیە کورت دەبێتەوە لە پۆپۆلیزم و رای گشتیدا.

٧. سەبارەت بە راکەی سروشیش دەبێت

مەبەستمان لە عەقڵ روون بکەینەوە، ئەگینا مەبەستمان لە عەقڵ هەندێک زانست بێت ئەوا دەبێت ئەوە بزانین کە هەندێک زانست هەیە لەنێو کۆمەڵگە دیکتاتۆرەکانیشدا پێشدەکەوێت وەک لە یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا دەردەکەوێت، هەروەک هەندێک لە پیسکردنی ژینگە لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا زۆرترە تا کۆمەڵگە گشتگەرا و ستەمکارەکاندا، تەنانەت هەندێک گەشەسەندنی ئابووریش بێ حیساب کردن بۆ لایەنی مرۆیی مرۆڤ دێتە بوون وەک ئەوەی کە لە سەنگافورە روویدا.

٨. سەبارەت بە بەڵگەکەی دیکەی سروش لەوەی کە ئازادی میتۆدێکە بۆ حوکمداری، بەوەی کە دەڵێت تەنها دوو رێگە هەیە بۆ حوکمداریکردن یان حوکمداری لە رێگەی پیاوەکانی دەسەڵات یاخود رێگە بدرێت خەڵکەکە خۆیان قسەی دڵی خۆیان بکەن کە ئەم رێگەیان رێگەی دیموکراسیە. لەبەرئەوەش حوکمداری بەپێی تیۆریاکەی "فۆن هایک" بێ بوونی (مەعریفە) ناکرێت، دەسەڵات دەبێت زانیاری هەبێت دەربارەی ئەو خەڵکەی حوکمیان دەکات، ئەوکات دەتوانێت حوکمیان بکات، بۆیە کاتێک دەسەڵات ستەمکار دەبێت ناتوانێت حوکم بکات، چونکە هەواڵەکانی بەڕاستی پێناگات، چونکە هەواڵەکانی بە درۆ پێ دەگەن. کەواتە تەنها لە دیموکراسیدا بە راستی هەواڵەکانی پێدەگەن، چونکە خەڵکەکە ئەوەی لە دڵیاندایە بێ ترس دەیڵێن. بەڵام لە راستیدا تەنها بە دیموکراسی و دەربڕینی قسەی دڵ، بێ بوونی حوکمی ژیرانە(حکم الرشید) بابەتەکە مسۆگەر ناکات. تا مرۆڤەکانیش گۆڕانکاری ناوەکی فەرهەنگی نەکەن.

**دەسەڵات دەبێت زانیاری هەبێت دەربارەی ئەو خەڵکەی حوکمیان دەکات، ئەوکات دەتوانێت حوکمیان بکات، بۆیە کاتێك دەسەڵات ستەمکار دەبێت ناتوانێت حوکم بکات، چونکە هەواڵەکانی بەڕاستی پێناگات.**

٩. ئێمە ئەگەرچی باوەڕمان بە بنەمای سەرەکی فەرهەنگ سەنتەری هەیە بەڵام ئەوە هەرگیز بەو مانایە نیە کە خۆی تەنها لە سیستمی لیبراڵ دیموکراسیدا ببینێتەوە، تەنانەت ئەگەر لیبرالیزمان بە ماف سەنتەری لێکدایەوە و تەنانەت ئەگەر دیموکراسی و ئازادیشمان بەیەک زانی. چونکە ئەوە مانای ئەوەیە ئێمە ماف و ئازادیمان وەک مەرجی پێویست (الشرط اللازم) نەوەک وەک مەرجی تەواو (الشرط الكافی)داناوە.

چونکە فەرهەنگسەنتەری چەندین پێشگرمانەی دیکەی هەیە وەک پێشگریمانەی ئەوی دی سەنتەری و دوورکەوتنەوە لە ئیگۆیزمی ئەوپەڕگیر.

١٠. بابەتێکی دیکە بریتیە لە ئارگیۆمێنت و بەڵگەسەنتەری لە کلتورسەنتەریدا کە گەورەترین گرەنتی مامەڵەی میتۆدی لە گۆڕانکاری کلتوریدا بریتیە لە یەکسانی مامەڵەکردن و دادوەری کە بێ دابین بوونی ئەو یەکسانیە هەرگیز گۆڕانکاری باوەڕ و ناوەکی مسۆگەر نیە. ئەمەش بێ بوونی بەڵگە سەنتەری نایەتەدی. چونکە ئەوە بەڵگەکانن یەکسانی لەنێوان ئێمەدا دروست

دەکەن. کەواتە دەبێت بەڵگەی مرۆڤەکان پێگەی مرۆڤەکان بەهێز بکات. نەوەک لەبەر پێگەیان دان بە هێزی بەڵگەکانیاندا بنێین. کە ئەمەش لە دیموکراسی رووکەشدا هەرگیز نایەتەدی، بۆیە دەبینی لە دیموکراسی باودا زۆربەی جار کەسایەتیە ناودارەکان وەک دەوڵەمەندیان و ...هتد، دەیاتباتە پێشەوەو لە هەڵبژاردنەکاندا دەردەچن.

## پارەی دووەم

## گۆڕانکاری کلتوری و پراگماتیزم

کلتور سەنتەری پێویستی بە ژیان لە هەنووکەدا هەیە و ئەمەش بابەتی پراگماتیکی بوون و کردەیی بوون دەهێنێتە پێشەوە، بێگومان پراگماتیکی بوون بە مانایەکی تایبەت، ئەویش بە مانای بەجۆرێک مامەڵەکردن کە سەری مرۆڤ بە واقیعدا نەکێشێت.

بێگومان ئەم بابەتە هەم رووی مەعریفەتناسی و هەمیش رووی ئەخلاقی و سیاسی و ... هتد، هەیە، لە رووە مەعریفەتناسیەکەوە. هەم لە تیۆریاکانی راستی و هەمیش لە تیۆریاکانی بەڵگەداریدا کاری لەسەر کراوە، ئیتر ئەوە مەعریفە نیە کە تۆ لەگەڵ واقیعدا رووبەڕوو دەکاتەوە، ئەگەر باوەڕت پێی بێت ریاڵ و واقیع ناناسیت ئالێرەدا هەڵەی لۆژیکیت بۆ دروست دەبێت ئەو هەڵە لۆژیکیانەی دەشێت لەم بابەتەدا دروست ببن ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن.

**یەکەم: هەڵەی لۆژیکی بە شتکردن**، واتە نەبوویەک وەک شت پیشانیان دەدەیت، لە کاتێکدا خۆی بۆ خۆی شتێک نیە. نمونەی ئەمە لە مەعریفەتناسیدا لە هەندێک هاوکێشەی وەک ئەو هاوکێشەیەی کە دەرەنجامی لێدانی بەرزی و کێشی کەسێکە کە وا دەردەکەوێت شتێکی جودایە لە بەرزی و کێشی ئەو کەسە، لەکاتێکدا هەر هەمان بەرزی و کێشەکەیەتی و شتێکی دیکە نیە. ئەمە سەبارەت بە سیستمی سیاسیش بە هەمان شێوەیە. بۆ نموونە دەوڵەتی نەتەوەیی، دەوڵەت و سیستەم شتێک نیە بێجگە لە تاکەکانی پێکهێنەری ئەو دەوڵەتە، ئەمە لە کاتێکدایە سیاسیەکان تاک دەکەنە قوربانی سیستەم وەک ئەوەی سیستەم بوونی سەربەخۆی لە تاکەکانی ناو سیستەم ببێت. وتیان بە مۆسۆلۆنی سەرۆکی ئیتاڵیا: دۆخی خەڵکی ئیتالیا زۆر خراپە و خەڵکی زۆر هەژارن ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئاخر خۆ من سەرۆکی ئیتاڵیام نەوەک سەرۆکی خەڵکی ئیتاڵیا.

هەر لێرەوە بۆ سیستەمەکانی دیکەش بە هەمان شێوەیە، بۆ نموونە سیستەمی ئەخلاقی، سیستەمی ئەخلاقی جیاواز نیە لە هەمان بابەتی ئەخلاقی کە لەگەڵ مرۆڤە گۆشت و ئێسقاندارەکاندا مامەڵە دەکات. نەوەک بیەوێت مرۆڤێکی ئایدیای جیاواز لەو مرۆڤە گۆشت و ئێسقاندارە بخولقێنێت. ئەمەیە کێشەی ئایدۆلۆژیا یۆتۆپی و گشتگەراکان کە سیستەمی ئەخلاقی و سیاسیان بۆ هەمان مرۆڤی هەبوو و واقیعی نین. بەڵکو بۆ ئەو مرۆڤەی لە خەیاڵیاندا دەیانەوێت بیخولقێنن کە هەرگیز ناخولقێت، مرۆڤێک کە خودا ئاوا هەبوویەکی نەخولقاندووە و نەیویستووە بیخولقێنێت.

**دووەم: هەڵەی لۆژیکی دژهاتنەوەی رێسا زانستیەکان لەگەڵ ئیرادەی مرۆڤدا:**

بێ ئەوەی لێرەدا بمانەوێت بچینە ناو بابەتی

ویست و تۆپزی (الجبر و الاختیار) ئایا ئێمە خاوەن ویستین یاخود ناچارین بە کردنی ئەو کارانەی بەسەرماندا سەپێنراون کە ئەوە بەشێکی گەورەی کایەیەکی فەلسەفیە بەناونیشانی فەلسەفەی کردەوە (فلسفة العمل) (وەک پێشتر وتمان) بەڵکو ئێمە لێرەدا ئەوە بە پێشگریمانە وەردەگرین کە مرۆڤ خاوەن ویستە و توانای هەڵبژاردنی هەیە. بەڵام ئەمە پێچەوانە نایەتەوە لەگەڵ ئەوەی کە لە مامەڵە و رەفتارەکانی مرۆڤدا رێسا بوونی هەیە و دەکارێت بکرێتە زانست هەر ئەم رێسایەشە کۆمەڵێک زانستی دەربارەی مرۆڤ دروستکردووە بەناوی زانستە مرۆییەکان، بەڵام هەندێک وای بۆ رۆشتوون کە لەبەر ئەوەی مرۆڤ خاوەن ویستە و توانای هەڵبژاردنی هەیە ئیتر ناتوانین زانستی بۆ دابنێین چونکە ئەو کاتە رێساکانی ئەو زانستانە بکوژی ئەو ویستەن. دەتوانرێت بوترێت ئەمەش یەکێک لە هەڵە لۆژیکیەکانە، چونکە رێساکان مامەڵە لەگەڵ دەرەنجامدا دەکەن نەوەک پێشەکی، واتە نایەت لە سەرەتادا بڵێت دەبێت مرۆڤی خاوەن ویست ئاوا مامەڵە بکات، بەڵکو لە پاشاندا سەیری مرۆڤی خاوەن ویست دەکات کە ئاوا مامەڵەی کردووە. بۆ نموونە مرۆڤەکان بە ویستی خۆیان نان دەخۆن، بەڵام دەتوانرێت لە نانخواردنی مرۆڤەکانیش یاسا و رێسا دەربهێنرێت بۆ نموونە دیاریکردنی کاتی خواردن و ئامادەکردن و کۆکردنەوەی.

ئالێرەوە منێک دروست دەبێت کە ڤیتگنشتاین ناوی ناوە (منی پرۆسیسی) ئەو منەی هەر خۆی رێساکان دادەنێت و هەم خۆیشی جێبەجێیان دەکات، وەک ئەو روبارەی کە بەرد و خاک

**منێك دروست دەبێت كە ڤیتگنشتاین ناوی ناوە (منی پرۆسیسی)، ئەو منەی هەر خۆی رێساكان دادەنێت و هەم خۆیشی جێبەجێیان دەكات، وەك ئەو روبارەی كە بەرد و خاك لەتەك خۆی دەهێنێت دواتر بەسەریاندا دەڕوات.**

لەتەک خۆی دەهێنێت دواتر بەسەریاندا دەڕوات. ئەمە بە تایبەت لە زانستی مێژوودا دەردەکەوێت، کە مرۆڤەکان مێژوو دروست دەکەن و هەر خۆشیان رێسا لەو مێژووەوە دەردەهێنن. بوونی مرۆڤی خاوەن ویست لەناو مێژوودا مانای وا نیە مێژوو و زانست نیە و رێسای تێدا نیە.

### سێیەم: تێکەڵکردنی بەڵگە و هۆکار (التدلیل و التعلیل)

کاری ئەخلاقی کاتێک ئەخلاقیە کە بەڵگەی ئەخلاقی بێت و نابێت (هۆکار) لە جێگەی (بەڵگە) دابنرێت بۆیە دەشێت بابەتێک هەبێت بەڵگەی دروستبوونی ئەخلاقی بۆ نەبێت بەڵام هۆکارێکی بێت. وەک (درۆکردن) روونە کە درۆ بەڵگەی ئەخلاقی نیە، چونکە ئەگەر بەڵگەی هەبووایە ئەوا درۆ نەدەبوو، لەگەڵ ئەوەدا درۆ بەڵگەی نیە بەڵام کە مرۆڤی درۆزن کە درۆ دەکات بە دڵنیاییەوە لەبەر هۆکارێک ئەو درۆیەی ئەنجام داوە. ئیتر هەوڵی شاردنەوەی هۆکارەکە دەدات و دەست دەکات بە بەڵگەتاشین بۆ درۆکەی، واتە بەڵگە لە جێگەی

هۆکار دادەنێت مرۆڤی رەسەن و فەرهەنگی هەرگیز کاری لەو شێوەیە ئەنجام نادات.

**چوارەم: لەتکردنی ئەو چەمکانەی کە ناشێت لەت بکرێن.**

کۆمەڵێک چەمکمان هەن شیمانەی لەتکردنیان نیە، ئەگەر لەتکران ئیدی لە تەک خۆیان دژ دێنەوە، ئەمانەش لە زۆر کایەی وەک ئەبستمۆلۆژیا و فەلسەفەی یاسا و فەلسەفەی ئەخلاقیشدا بوونیان هەیە. وەک چەمکەکانی عەدالەت و ئاسایش بوون، هەر بۆیە ناشێت عەدالەت لەت بێت و هەندێک لە گروپەکانی کۆمەڵگە لە عەدالەتدا بژین و کۆمەڵێکی دیکە لە ناعەدالەتیدا چونکە ئەوە خودی ناعەدالەتی و نادادپەروەریە. هەر وەک بۆ ئاسایشیش بە هەمان شێوەیە ناشێت هەندێک لە ئەمنیەت و ئاسایشدا بژین و هەندێکی دیکە لە نەبوونی ئاسایشدا چونکە هەر ئەو نائاسایشیەی گروپی یەکەم یەخەی گروپی دووەم دەگرێت و ناهێڵێت لە ئاسایشدا بژین، ئەگەر گروپێک بیانەوێت ئاوا بژین لەگەڵ واقیع رووبەڕوو دەبنەوە.

**پارەی سێیەم: بێ بەڵگەیی وەک ستایلی ژیان و قەیران و داڕمانی کلتور.**

ئەگەر بەڵگەداری یەکێک لە ماناکانی عەقڵانیەت بێت هەروەها ئەگەر ئێمە دوو جۆر عەقڵانیەتی کردەیی و عەقڵانیەتی تیۆریمان هەبێت ئەوا وەک ڤینگشتاین دەڵێت دەتوانین عەقڵانیەتێک وەک جۆرێک لە ستایلی ژیان بۆ خۆمان دروست بکەین لە دروستکردنی گونجاندنێک (necessity) لەنێوان ئەو دوو جۆرە لە عەقڵانیانەتدا کە ژیانێکی بەڵگەدارانە بێت. ئەمەش وا دەکات ژیانێکی بەڵگەدارانەمان بێت کە لە هەمان کاتدا ژیانێکی ئەخلاقیشە، چونکە ئەوە دەلیلە دەبێتە هۆی دروستبوونی یەکسانی لە نێوانماندا کە هیچ کەسێک لە پێشتر نیە، بەڵکو بەڵگەی هەر کەسێکە ئەو دەخاتە پێشەوە، ژیانێک دروست دەبێت لەسەر بنەمای بەڵگە و عەقڵانیەت و گفتگۆ تێیدا سەنتەر دەبێت، مرۆڤەکان تەنها ئەکشن و کردەیان نابێت بەڵکو بیردەکەنەوە و دەڕوانن، تەنها ئەرک جێبەجێ ناکەن بەڵکو داوای مافیش دەکەن. هەر لادانێک لەو ستایلە ژیانە دەبێتە هۆی هەڵەی لۆژیکی، لێرەوە هەڵەی لۆژیکی یەکسان دەبێت بە مامەڵەی نائەخلاقی، هەر ئەو ژیانە نائەخلاقی و هەڵەی لۆژیکیە قەیران و پاشان داڕمان دروست دەکات.

**یەکەم: ژیانی نائەخلاقی هەڵەی لۆژیکی.**

بوونی ژیانی بەڵگەدارانە پێشگریمانەی یەکسانی هەلەکانی هەیە کە هیچ کەس تایبەتمەندی پێشترانەی نیە ئەوە بەڵگەکانیانە مرۆڤەکان دەخنە پێشەوە. پێچەوانەی ئەو گریمانەیەش هەم ژیانی نائەخلاقی هەمیش هەڵەی نائەقڵانی و لۆژیکیە و مەبەستیش لە هەڵەی نالۆژیکی ئەوەیە لە بەڵگەهێنانەوەدا هەرچەند پێشەکی بچنین ئەو پێشەکیانە نامانگەیەنن بە دەرەنجام، بە زمانی لۆژیکزانان بەرهەمهێن (منتج) نین. جا لەبەر ئەوەی لە رووی فۆرمەوە هەڵە هەیە یاخود لە رووی ناوەڕۆکەوە ئەمانەش کۆمەڵێک لەو هەڵانەن

کە لە هەمان کاتدا رێسای نائەخلاقین:

١. هەندێک جار لەبری هێنانی بەڵگە بانگەشەکە دوبارە دەکرێتەوە ئەوەی پێی دەوترێت باوەڕپێهێنان لە رێگەی ریکلامەوە، هەندێک لێکۆڵەر بۆ ئەوە رۆشتوون ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی سەردەمی نوێیە، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە ناتوانن تۆبزی بەکار بهێنن ئیتر ریکلام بەکاردەهێنن بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان.

٢. ئامرازی نالۆژیکی دووەم بریتیە لەوەی لەباتی بەڵگەهێنانەوە بۆ بانگەشە دەیبەستێتەوە بە کەسی خاوەن پێگەوە. ئەمەیە پێی دەوترێت رۆحیەی پەرستکارانە. بۆ نموونە دەوترێت ئاخر ئەمە رێگەی فلان سەرکردە یاخود گوتەی فلان دەقی ئایینیە بەڵام ئەمە لە عەقڵانیەتدا جێگای بەڵگە ناگرێتەوە.

٣. رێگەی سێیەمی نالۆژیکی بریتیە لەوەی دەوترێت ئەگەر بەم بانگەشەیە رازی نەبیت. ئایا دەزانی دەچیتە ناو کام گروپ و تاقمەوە، بۆ نموونە وەک بێدینان حسابت بۆ دەکرێت، بەو شێوەیە کەسەکە دەخەینە ناو ئەو گروپەی نایەوێت لەوێ دابنرێت.

٤. هەندێک جار دەوترێت دەزانی ئەو بیرە چەند ترسناکە ئەگەر باوەڕی پێبهێنیت. یاخود دەوترێت دەزانی ئەم جۆرە بیرانە کێ برەوی پێدەدات!.

٥. یاخود هەندێک جار مێژوو و جوگرافیا بۆ بیروباوەڕەکان دیاری دەکرێت. بۆ نموونە دەوترێت ئەمە بیری رۆژئاوایە یاخود ئەمە هی سەدەکانی ناوەڕاست و کۆنە. ئیدی ئەمە

**بوونی ژیانی بەڵگەدارانە پێشگریمانەی یەکسانی هەلەکانی هەیە کە هیچ کەس تایبەتمەندی پێشترانەی نیە ئەوە بەڵگەکانیانە مرۆڤەکان دەخەنە پێشەوە.**

دەبێت بە ستایلێک بۆ ژیان کە هەم ناعەقڵانی و هەمیش نائەخلاقی دەبێت کە جۆرێک لە کلتور دروست دەکات هەم قوربانی لێدەبێتەوە و هەمیش توندوتیژی کە دەرەنجامەکەی قەیران و پاشان داڕوخانی کلتور دەبێت.

### دووەم: قەیرانی کلتوری.

قەیران قۆناغی پێش داڕمانە کە دوو هۆکاری بنەڕەتی هەن کە هەردووکیان دەرەنجامی نەمانی ستایلی (stile of life)ی بەڵگەدارانەن. ئەنجامی نەمانی متمانە و دادوەرین.

**١. نەمانی متمانە:** دروستبوونی متمانە لەناو کۆمەڵگەدا ئەنجامی بە بنەماکردنی چەندین پێشگریمانەو چەندین ئەنجام و داخوازیشی هەیە. هەندێک لەو پێشگریمانانە ئەخلاقی و ئەنتۆلۆژی و وجودی و مرۆڤناسی و ئەخلاقی و سایکۆلۆژی و مەعریفەتناسین. لە پێشگریمانە سایکۆلۆژیەکانی متمانە بریتیە لە بوونی ئومێد لای مرۆڤ، مرۆڤ ناتوانێت بێهیوا بژی،+ جا هیوای عەقڵانی بە دۆخ و کەسێک

جێی ئەوەن ئومێدیان پێیان هەبێت، ئومێدی نائەقڵانیش کە مرۆڤ بە دۆخ و کەسانێک ئومێد دەبەخشێت کە ناشێت ئومێدیان پێ ببەسترێت. هەر لێرەوە مەلەکیان باوەڕی وایە کە لە گۆڕانکاری کلتوریدا نابێت ئومێد بە سیاسیەکان بێت چونکە ئومێدێکی ناعەقڵانیە.

هەروەها متمانە پێشگریمانەی ئەخلاقی هەیە ئەویش بریتیە لە شیمانەی(ئەوی تر سەنتەری ) لە ژیانی ئەخلاقیدا کە نەک مرۆڤ تەنها ئەوانی تری لەبیرە بەڵکو متمانەشیان پێدەکات. هەروەهاش چەندین دەرەنجامی هەیە کە ئاشتی کۆمەڵایەتی یەکێکیانە. هەروەها یەکێک لە داخوازی و ئەنجامەکانی ئەوی دی سەنتەری بریتیە لە شەرعی بوونی هاوکاری و بڕینی سامان و پارە بۆ یەکتر لەناو کۆمەڵگەدا و بەخشینی بەوانەش کە نەیانبووە و نیانە کە بەشدار بن (بەپارە) لە دروستکردنی دەزگاکاندا. بێ متمانە هەرگیز دەزگا حکومی و فەرمیەکان ناتوان کارەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن. هەروەها متمانە لە رووی مەعریفەتناسیەوە رۆڵێکی گرنگی هەیە وەک بە راست دانانی ئەو هەواڵانەی لەوانی دیکەوە دەگەن.

## ٢. رووگەی میتۆدی عادیلانە:

عەدالەت یەکێک لە چەمکە ئەخلاقیەکانە و لێکۆڵینەوەکان دەربارەی عەدالەت پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوە. لە گۆڕانکاری کلتوریدا پێشگریمانە ئەخلاقیەکەی بریتیە لەوەی عەدالەتێکی میتۆدی بێت و ئەخلاقی هەبوو لە عەدالەتدا ئەویش میتۆدی بێت. بەو مانایەی عەدالەت بوو بێتە میتۆدێک ئیدی ئەگەر بە تەواوەتی ئەنجامەکانی خۆشی نەگەیەنێت گرنگ ئەوەیە ڕێگەیەک بێت لە کۆمەڵگەدا بۆ دابینکردنی ژیانی عادیلانە ئەگەرچی جار جار و لە هەندێک بڕگەدا بە تەواوەتی ئەنجامی عادیلانەشی نەبێت. هەر لێرە دەبێت بە وتەی "جۆن راوڵز" مەعقول بێت نەوەک حەتمی. لە رووی مەعریفیەوە بەڵگەکەی بریتیی بێت لە (باشترین لێکدانەوە) نەوەک بەڵگەی یەقینی بۆ روونکردنەوەی ئەمە نموونەیەک دەهێنمەوە: تۆ وا دابنێ بەیانی لە خەو هەڵدەستیت دەچیتە دەرەوە دەبینی حەوشە و دارەکان تەڕن، بۆچی تەڕبوون؟ دەکرێت چەندین بەڵگەی بۆ بهێنیتەوە. لەوانە شارەوانی ئاوپڕژێنی هەموو شاری کردووە؟ هەروەها بە فڕۆکە ئاویان ڕژاندووە و هەروەها باران باریوە؟ باشترین روونکردنەوە ئەمەی کۆتاییانە هەر چەند یەقین نیە. دەبێت لە ناو کۆمەڵگەدا بۆ مامەڵەکردنی دەسەڵات و حکومەت ئەگەر بەڵگەکانی یەقینی نەبن، ئەوا لانی کەم دەبێت باشترین لێکدانەوە بوونی هەبێت.

قەیران کاتێک لەناو کۆمەڵگەدا دروست دەبێت کە هەم متمانە و هەمیش عەدالەتی میتۆدی لەناو کۆمەڵگەدا لەت دەبن. بۆ نەمانی عەدالەت و دادوەریش چەندین نیشانە هەن کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

### ١. بوونی ناڕوونی لە زانیاریەکانی دەزگا گشتیەکاندا.

کاتێک زانیاریەکانی دەزگاکان، واتە باری ئاسایی ئەوەیە کە زانیاریەکانی دەزگاکان بە شێوەیەک بن کە هاوڵاتی هەر کاتێک بیەوێت دەستی پێیان بگات و ئەگەروا نەبوو ئەوە مانای

ئەوەیە دۆخی نەویستراو و قەیران بوونی هەیە.

٢. کاتی هەبوونی گومانی (مەعقول) لای هەر هاوڵاتیەک دەربارەی هەر بابەتێکی گشتی دەبێت دەزگای پەیوەند بەو بابەتە وەڵامی هەبێت ئەگینا دووبارە مانای بوونی قەیرانە. جیاوازی ئەمەش لەتەک ئەوەی پێشوودا ئەوەیە لێرە هەر هێندە بەسە هاوڵاتی گومانی هەبێت و گومانەکەش ماقووڵ بێت ئیتر دەبێت دەزگای پەیوەست وەڵامگۆ بێت، بەڵام لەوەی پێشوودا دەبێت زانیاریەکان هەمیشە بەردەست بن.

**٣. بوونی گفتگۆ لەناو کۆمەڵگەدا:**

گفتگۆ لەناو کۆمەڵگەدا هەم بە مانای عەدالەت و هەمیش خودی عەدالەت وەک "هابرماس" دەڵێت هەروەک گفتگۆ تەنها ئامراز نیە، بەڵکو مانای مرۆڤبوونی تاکەکانە، کاتێک من تۆ بێدەنگ دەکەم تەنها بێدەنگم نەکردووی، بەڵگو مرۆڤبوونیشم لێوەرگرتوویتەوە. ئیدی نیشانەی ئەوەی کۆمەڵگەیەک نەکەوتۆتە قەیرانەوە بوونی گفتگۆیە لەو کۆمەڵگەیەدا. کۆمەڵگەیەکیش گفتگۆسەنتەر بێت دوو نیشانەی سەرەکی هەیە: ئەوانیش یەکەمیان نەبوونی (تابۆ) و (قەدەغەکراوی) پێش گفتگۆیە و دووەمیشیان نەبوونی (تەوتەم) پیرۆزی بێ بەڵگە و گفتگۆیە ئەگەر کۆمەڵگەش کەوتە قەیرانی میتۆدیەوە ئەویش بەهۆی نەمانی متمانە و دادپەروەریەوە ئەو دەمە قۆناعی دارمان دەست پێدەکات:

**سێیەم: دارمانی کلتوری.**

بابەتی دارمانی شارستانیەتەکان بابەتێکی گەورەی فەیلەسوفانی مێژووە لەوانەیە هیچ بابەتێک هێندەی ئەم بابەتە نەبووبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی فەیلەسوفەکانی ئەو بوارە. ئیتر لە ئیبن خەلدونەوە بیگرە هەتا فەیلەسوفەکانی سەدەی بیست وەک (تۆینبی و وێلدۆرانت) و دەکرێت بووترێت باسکردن لەو بابەتەش یەکێک لە دوو جۆرەکەی فەلسەفەی مێژووە، بەڵام دارمانی کلتوری ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە ئەوە نیە لە فەلسەفەی مێژوودا باس دەکرێت.

بابەتی دارمانی کلتوری یەکێک لەو بابەتە سەرەکیانەیە کە وایکردووە کایەیەک لە زانستە مرۆییەکاندا دروست ببێت بەناوی (فەلسەفەی فەرهەنگ) و فەرهەنگ ئەو رۆڵە گرنگەی بۆ پەیدا بێتەوە کە پێشتر پێی نەدەدرا، چونکە دەرکەوت لە کۆتاییدا کێشەسەرکیەکە هزریە، ئەگەرچی جێکەوتی بینراویشی هەبێت، ئیتر هەر لە تێکدانی سیستمی ژیان و پیسکردنی ژینگە و خەمۆکی و نەمانی مانای ژیانەوە تا دەستکاری کردنی جینەکانی مرۆڤ و ئاژەڵان و گەیشتن بەوەی کە زانستی نوێ نەیتوانیوە ئەم مەخلوقە وەحشیەی ناوی مرۆڤە بگۆڕێت بۆ مەخلوقێکی مەدەنی.

ئەمە هەر لەو بابەتە فەلسەفیانەیە کە کەسێکی وەک فەیلەسوفی بەناوبانگی زمان "ئۆستین" و خوێندکارەکەی فەیلەسوفی زمان و زەین "سێرڵ" باسی لێوە دەکەن کە یەکێک لە پێنج بەشەکەی ناوەڕۆکی گوتاری زمان و شیکاری فەلسەفیە لای مرۆڤ کە ئەویش ناوەڕۆکی چێکاریە و توانای دروستکردن (ایجاد) لای مرۆڤ کە بابەتێکی زەینی نەبینراوە و دەرەنجامی بینراوی دەبێت وەک

گرێبەستی هاوسەرگیری کە هەبوویەکی بینراوی وەک منالّی لێدروست دەبێت واتە ئەگەر بابەتە تیۆریەکان (مەسئەلە)یان هەیە ئەوا دەرەنجام ئەو بابەتە (مەسئەلە) تیۆریانە گرفتی کردەیی دروست دەکەن یاخود چارەسەر دەکەن.

هەر بۆیە ئەم مامەڵەیەی ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆیی و دەوروبەری دەیکات کە ڕەهەندی گرفتی واقیعی و بینراوی تێدایە لە بنەڕەتدا مەسئەلەیەکی تیۆریە. نیشانەکانی ئەم دارمانەش کە هەرگیز پێشینەی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا نیە ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم: داگەڕانی خودی فەلسەفە** وەک ڕێنمونیکاری کۆمەڵگەی مرۆیی بۆ تەنها دانی راو بۆچوون کە هەر فەیلەسوفێک بۆچوونی تایبەت بە خۆی هەیە و ئیتر بابەتی ڕێژەگەرایی بۆتە گەورەترین بابەتی تیۆری و کێشەی پراکتیکی مرۆڤی ئەمڕۆ.

**دووەم: داگەڕانی بابەتی پەروەردە** لە بابەتی فەزیلەتی قووڵەوە بۆ تەنها گواستنەوەی زانیاریەکان و وەرچەرخانی بابەتە چۆنیەتیەکان بۆ بابەتی چەندێتی.

**سێیەم: نەمانی مانای ژیان** بۆ مرۆڤەکان و بڵاوبوونەوەی پووچگەرایی لە ژیانی مرۆڤەکاندا و دەرکەوتنی چەمکی مەرگی خودا کە ئەمە گەورەترین پێشبینی بوو "نیچە" لە سەردەمی نوێدا کردی!.

**چوارەم: داگەڕانی هونەر** لە ستایلی ژیان و چەمکی رووگەپێدانی جوانی لە ژیانی مرۆڤدا. تەنانەت دەوترێت هزرێکی وەک ئەشعەری لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بەوە مایەوە جوانی و هونەری وەرچەرخان بۆ عیرفان. هەنووکە هونەر تەنها هاتۆتە رووکەش تا ئاستی هەستە دەرەکیەکان و چێژ کورت بۆتەوە!.

**بابەتی دارمانی کلتوری یەکێك لەو بابەتە سەرەکیانەیە کە وایکردووە کایەیەك لە زانستە مرۆییەکاندا دروست ببێت بەناوی (فەلسەفەی فەرهەنگ) و فەرهەنگ ئەو رۆڵە گرنگەی بۆ پەیدا ببێتەوە کە پێشتر پێی نەدەدرا، چونکە دەرکەوت لە کۆتاییدا کێشەسەرکیەکە هزریە، ئەگەرچی جێکەوتی بینرواویشی هەبێت، ئیتر هەر لە تێکدانی سیستمی ژیان و پیسکردنی ژینگە و خەمۆکی و نەمانی مانای ژیانەوە تا دەستکاری کردنی جینەکانی مرۆڤ و ئاژەڵان و گەیشتن بەوەی کە زانستی نوێ نەیتوانیوە ئەم مەخلوقە وەحشیەی ناوی مرۆڤە بگۆڕێت بۆ مەخلوقێکی مەدەنی.**



سەید حسەین نەصر- گۆران عبدالله

# بنەماکانی بیناسازی و دیزاینی شاری ئیسلامی و کێشەکانی شاری مۆدێرن

لەم سەردەمەدا هەندێک کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن گرفتەکانی شاری هاوچەرخ بەجۆرێک قوڵبوونەتەوە و تەشەنەیان کردووە چیتر پەیوەندیان بە بنەماکانی بیناسازی ئیسلامی تراديشنەڵ و دیزاینی شاری ئیسلامیەوە نەماوە، بەڵام ئەمە تێڕوانینێکی چارەنووس سازە کە نکوڵی بکات لەو بنەمایانەی کەبەندە لەسەر داهێنانی مرۆڤەکان و خودی ئازادی مرۆڤ وەک ئەوەی کە پەیوەستە بە دروستکردنی ژینگەی ژیانکردنەوە. شتێک کە پێویست ناکات ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە لە راستیدا من ئەو بۆچوونەی سەرەوەم پێ پەسەند نیە و بەتەواوی باوەڕم بەوە هەیە هێشتا پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان بیناسازی ئیسلامی و دیزاینی شاری ئیسلامیدا هەیە، هەروەها داخوازیەکانیان جێگەی گرنگی پێدانە بۆ پاراستنی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، زۆر بارودۆخی دەرەکی سەردەمەکانی رابردوو گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بەڵام لە ئێستادا کێشەی نوێی ماندووکەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆژی و ژینگەیی رووبەڕووی کومەڵگەی ئیسلامی دەبنەوە. ئەم کێشانەش تەنها بەرۆکی کۆمەڵگەی ئیسلامی نەگرتۆتەوە بەڵکو هەموو جیهان بەجۆریک لە جۆرەکان رووبەڕووی ئەو کێشانە بووەتەوە کاریگەری خۆشی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا داناوە. ئێمە لێرەدا تەنها پرسیاری رێژەی دانیشتوان

و گەشەی شارنشینی دەکەین و هەروەها بەراوردێک دەکەین لە نێوان ڕێژەی دانیشتوانی شارە ئیسلامیەکان و بەشێک لە شارە دیارەکانی ڕۆژئاوا لە رابردوو و ئێستادا.

لەساڵی ١٩٠٠ ژمارەی دانیشتوانی کاراچی (شارێکی مەزنی ئێستای پاکستان) ١٣٦هەزار کەس بووە و ژمارەی دانیشتوانی قاهیرە (پایتەختی میصر) ٦٠٠ هەزار کەس بووە، هەروەها تارانی پایتەختی ئێران تەنها ٢٠٠هەزار کەس تیایدا نیشتەجێبوون. بەڵام لەم سەردەمەدا، ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارانە بەڕێژەیەکی بەرچاو هەڵکشانیان بەخۆوە بینیوە و بەجۆرێک لە کاراچی ١٥ملیۆن و لە قاهیرە ١٣ملیۆن و لە تارانیش ١٢ملیۆن خەڵک دەژین. هەر لە ساڵی ١٩٠٠ز، ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی میصر ٨ میلیۆن بووە و ئێران ٧ میلیۆن و تورکیاش بەهەمان شێوەی ئێران ٧ میلیۆن هاوڵاتی ژیانی تێدا بەسەر بردووە. بەڵام بەهەمان شێوەی پایتەختەکانیان، ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە زۆر زیادی کردووە لە ئێستادا، هەر یەک لەو وڵاتانەش ژمارەی دانیشتوانیان لە ٧٠ میلیۆن زیاترە. بەرزبوونەوەی ئەو ڕێژە زۆرەی دانیشتوانیش لەو ماوەیەدا زۆر سەرسوڕهێنەرە، بەتایبەتیش کاتێک ئەو ڕێژەیە بەراورد دەکرێت لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا.

بۆ نموونە، لەساڵی ١٩٠٠ز، ژمارەی دانیشتوانی پاریس (پایتەختی فەرەنسا) ٣.٣میلیۆن بووە بەڵام لە ئێستادا ئەو ژمارەیە زیادیکردووە بۆ ١٠.٤میلیۆن. لەهەمان ساڵدا لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ٦.٥ خەڵک ژیانی لەو شارەدا بەسەربردووە، بەڵام لە ئێستادا ئەو ڕێژەیە بەرزبووەتەوە بۆ ١٢.٤ملیۆن کەس. لەسەر ئاستی دانیشتوانی وڵاتیش، لەساڵی ١٩٠٠ز، دانیشتوانی وڵاتی فەرەنسا نزیکەی ٣٨میلیۆن بووە، بەڵام لەم سەردەمەدا ڕێژەکە بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتە ئاسیایی و ئەفریقیەکان زیادی نەکردووە و تەنها بووە بە ٦٥میلیۆن. لەهەمان ساڵدا، ئەڵمانیا ڕێژەی دانیشتوانی ٥٦ میلیۆن بووە و لە ئێستادا ئەو ڕێژەیە بۆ ٨٢میلیۆن بەرزبووەتەوە. لە بەریتانیاش ڕێژەکە لە ساڵی ١٩٠٠زدا ٣٨میلیۆن بووە بەڵام لەم سەردەمەدا ژمارەی دانیشتوانی بۆ ٦٢میلیۆن بەرزبووەتەوە. جیاواز لە دەوڵەتە ئاسیایی و ئەفریقیەکان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش ژمارەی دانیشتوانیان لە نێوانی ساڵانی ١٩٠٠ز تاکو ئێستا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، لەساڵی ١٩٠٠ز ژمارەی دانیشتوانیان ٧٦میلیۆن بووە لەم سەردەمەدا ژمارەی دانیشتوان گەشتۆتە ٣١٠میلیۆن هاووڵاتی.

**موسڵمانان دەبێت خۆیان لە دۆزینەوەی چارەسەری ئیسلامی نەدزنەوە و شەرمیش نەکەن بە بنەماکانی بیناسازی رەسەنی ئیسلامی ئەو کێشانە چارەسەر بکەن، هەروەها خۆشیان بەدوور بگرن لە کۆپیکردن و چاولێکردنی مۆدێلی ڕۆژئاوایی هاوچەرخ.**

بەرزبونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لە جیهاندا لەساڵی ١٩٠٠ز بەبەراورد لەگەڵ ئەم سەردەمەدا، لەڕێژەی لەسەدا ١٤وە زیادیکردووە

و بەرزبووەتەوە بۆ لەسەدا ٥٠. هەر لەم سەردەمەشدا، ژمارەی دانیشتوانی شارنشین لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژئاوادا زیاترە لە ژمارەی دانیشتوانی شارنشینی ئەو شارانەی کە زۆرینە موسڵمانن و دەکەونە ئاسیا و ئەفریقاوە. بەڵام لە وولاتانی رۆژئاوادا، گەشتکردنی گوند نشینان لە لادێوە بۆ شار بەشێوەیەکی هێواش و پلە بە پلە بووە، نەک وەک دەوڵەتە زۆرینە موسڵمانەکان کە لە چەند دەیەی رابردوودا، لێشاوێکی زۆری بێ پلان لە لادێکانەوە دەستی پێکرد بۆ شارەکان و کاریگەری نەرێنی دروستکرد لەسەر پلان و بیناسازی شارەکان.

لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی ئەو ژمارە و زانیاریانەی سەرەوەش بۆ قسەلەسەرکردن نیە لەسەر هۆکاری سیاسی یان کلتوری ناوچەکان، بەڵکو بۆ پیشاندانی ئەو گیروگرفتانەیە کە لەم سەردەمەدا شارە ئیسلامیەکان رووبەڕوویان بوونەوتەوە. هەندێک کەس بەبێگومان پێیان وایە کە ئەم کێشانە بەتەنها تایبەت نین بە موسڵمانان و شارەکانیانەوە، بەڵکو تەنها ئەوەندە بەسە کە بەراوردێک بکرێت لە نێوان دانیشتوانی ئێستای شارە گەورەکانی وەک تۆکیۆ و دەلهی و ریۆ بەدانیشتوانی پێشوویان لە ساڵانی ١٩٠٠ز، ئەوکات دەردەکەوێت کە ئەوانیش دووچاری چ کێشەیەک بوونەتەوە. بەڵام پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە بزانرێت کە موسڵمانان خۆیان لە دۆزینەوەی چارەسەری ئیسلامی نەدزنەوە و شەرمیش نەکەن بە بنەماکانی بیناسازی رەسەنی ئیسلامی ئەو کێشانە چارەسەر بکەن و هەروەها خۆشیان بەدوور بگرن لە کۆپیکردن و چاولێکردنی مۆدێلی رۆژئاوایی هاوچەرخ. دووەم

**ئەو بنەمایانەش کە فەرمانڕەوایی هونەری ئیسلامی و بیناسازی ئیسلامی و پلانی شاری ئیسلامی دەکەن پەیوەندیدارن بە رۆح و وەحی ئاسمانیەوە، واتە خاوەنی رەهەندێکی عیرفانی قووڵن.**

شت ئەو شارانەی کە کەوتوونەتە دەرەوەی جیهانی رۆژئاوا و جیهانی ئیسلامیەوە بە هەمان شێوە دووچاری چەندین گرفت بوونەتەوە، بەڵام ئەمە نابێت وا لە موسڵمانان بکات شوێن ئەو شەپۆلە کێشەیە بکەون، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت زیاتر سووربن لەسەر دروستکردنی بینا و شارەکانیان لە سەر بنەمای شار و بیناسازی ئیسلامی رەسەن. ئەمەش ئەو شتەیە کە لە ئێستادا ئیسلامی ترادیشنەڵ دەبێت رووبەڕووی سەردەمی نوێ بێتەوە، ئەویش لەو خاڵەدا کە پێویستە شوێنێکی لەبار بۆ ژیانکردنی شوێنکەوتوانی بە بنەما سەرەکیەکانی شار و بیناسازی ئیسلامی بڕەخسێنێت.

هەموو ئەو بنەمایانەش کە فەرمانڕەوایی هونەری ئیسلامی و بیناسازی ئیسلامی و پلانی شاری ئیسلامی دەکەن پەیوەندیدارن بە رۆح و وەحی ئاسمانیەوە، واتە خاوەنی رەهەندێکی عیرفانی قوڵن. ئەو پەیوەندیەش لە دوو رێگەی جیاوازەوە دروست دەبێت؛ یەکەمیان رێگەیەکی راستەوخۆیە و دووەهەمیشیان رێگەیەکی ناڕاستەوخۆ. رێگە راستەوخۆکە ئەوەیە کە ئەو بنەمایانە، لە رەهەندی ناوەکی وەحی ئاسمانی

(قورئان) و ئـەو زانسـتە پیرۆزانـەی كـە تایبەتـن بـەو بـوارە وەرگیـراون. هەمـوو ئەمانـەش لـە نـاو شـارە ئیسـلامیە كۆنەكانـدا بەدەسـتهاتوون و وەرگیـراون لـە وشـە و وتنەكانـی "الهی" كـە لـە قورئانـدا خۆیـان نمایشـكردووە و هەروەهـا لەنـاو دڵـی موسـڵمانانی پیـاوان و ئافرەتانیشـدا دەنـگ دەدەنـەوە، ئەویـش لەچەنـد فۆرمێكـی جیـاوازدا. شـوێن و شـێوە (فۆرم)شـیان دەستنیشـانكراون كـە چـۆن بژیـن و ئەركیـان چـی بێـت. جگـە لـە قورئـان، بنەماكانـی بیناسازی و شـاری ئیسـلامی بەدەسـتهاتوون و وەرگیـراون لـە وەرگـری یەكەمـی وشـەكانی ئیلاهـی لەسـەر گـۆی زەویـدا كـە ئەویـش (محەمـەد)ە درودی خـودای لـێ بێـت. كەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو خاڵەی كە سەرچاوەی سـەرەكی وەرگرتنـی بنەماكانـی بیناسـازی و شـاری ئیسـلامی بریتیـە لـە قورئـان و سـوننە.

رێگـە ناڕاسـتەوخۆكەش بریتیـە لـەوەی كـە بیناسـازی ئیسـلامی و شـاری ئیسـلامی پەیوەندیان هەیە بە شەریعەتەوە (Divine Law)، ئـەو شـەریعەتەی كـە نەخشـەی ژیانـی رۆژانـەی موسـڵمانان دەكێشـێت و ڕۆڵیـان دیـاری دەكات لـە كۆمەڵگەكانـدا. خـودی ئـەو شـەریعەتەش سـەرچاوەكەی لـە سروشـی ئاسمانیەوە وەرگیـراوە. هەرچەنـدە ئـەو شـەریعەتە ڕاسـتەوخۆ نـە هونـەر دروست دەكات نە بیناسازی و نـە پلانـی شاریش دادەڕێژێـت، بەڵكـو لـە كۆمەڵگـەدا زەمینەیەكـی وا سـازدەكات كـە تاكەكانـی كۆمەڵگـە بتوانـن بـە ئاسـانی دەسـت و پەنجـە نـەرم بكـەن لەگـەڵ هەریـەک لە كایەكانی (هونەر، بیناسازی، پلانی شار)، و ئەوەشیان بۆ روون بكاتـەوە كـە بناغـەی ئـەو هونـەرە بناغەیەكـی پیـرۆزە و لـە ئاسمانەوەیە

نـەک زەوی. با لێرەدا ئێمـە خۆمـان سنوردار بكەیـن بـۆ تەنهـا هەریـەک لـە بیناسـازی ئیسـلامی و نەخشـەی شـاری ئیسـلامی بـەڵام لەسـەر فۆرمـە ترادیشـنەڵەكەی. هەریـەک لەوانـە (بیناسـازی و نەخشـەی شـاری ئیسـلامی) دروسـتكران و گەشـەیان سـەند لـە ژێـر كاریگـەری ئایینـی ئیسـلامدا ئەویـش لەچەند روویەكەوە لەوانە؛ بنەما ناوەكیـەكان، زمانی هێماكان و بنەما رۆشـنبیریەكانەوە.

بێگومـان رەنگـە بەگشـتی پرسـیار بكرێـت لـەو پەیوەسـتیەی كـە بیناسـازی و پلانسـازی شار هەیانە بە جیهانی هاوچەرخەوە لەگـەڵ ئـەو قەیرانانـەی كـە ئەمـڕۆ شارسـتانیەتی هاوچەرخ و بەهاوچەرخكراو لە هەر شوێنێكی ئـەم جیهانـەدا رووبـەڕووی دەبێتـەوە، ئەمـەش نـەک تەنهـا لـە جیهانـی رۆژئـاوادا كـە مۆدێرنیـزم تێیـدا سـەریهەڵداوە، بەڵكـو لـە هـەر شـوێنێک كـە نوێگەرێتـی بڵاوبووبێتـەوە دوچـاری كۆمەڵێـک كێشـە بووەتـەوە، ئەمـەش چ لـە ئاسیا بێت یاخود ئەفریقا و ئەمریـكای باشـوور یانیـش خـودی جیهانـی ئیسـلامی بێـت. دەكرێـت بەمجـۆرە وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بدرێتـەوە كـە موسـوڵمانەكان و زۆرێـک لـە شـارەكانی ئێسـتایان كـە تێیـدا ژیـان بەسـەر دەبـەن هەرگیـز بەشـێک نیـن لـە شـارە ئیسلامیە ترادشـناڵەكان. بۆ زاڵبوونیش بەسـەر كێشـە گـەورەكانی شارسـتانیەتدا كـە ئێسـتا موسـڵمانان رووبەڕوویـان ئەبنـەوە، دەتوانرێـت بگەڕێنـەوە بـۆ بەكارهێنانـی بنەماكانـی بیناسـازی و پلانسـازی شـارە كۆنەكانیـان. بەدڵنیایـەوە لەنـاو بنەماكانیشـدا

ئەوەندە هێز و توانا ماوە کە بتوانرێت بیناسازی و شارە ئیسلامیەکان بەشێوەیەکی رەسەن دروست بکرێنەوە، چونکە موسڵمانان هێشتا لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە شەریعەت تێیدا رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت و هەروەها ئیمانیش لە "دڵ"ی پیاوان و ئافرەتانیاندا جێگیرە.

هەروەها جێگەی خۆیەتی کە بپرسین ئەو بنەمایانە تاچەند گرنگن و چۆن دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بیناسازی و پلاسازی شار، ئەمەش نەک بەتەنها لە جیهانی ئیسلامیدا، بەڵکو لە وڵاتانی رۆژئاواشدا کە زۆرینەی دانیشتوانیان موسڵمان نین، چونکە لە هەندێک حاڵەتدا مۆدێلی بیناسازیەکەیان ناکۆک دێتەوە لەگەڵ فۆرمە ئایینیەکەیاندا. وەڵامی ئەمەش دەکرێت بەم جۆرە بێت، پێش هەموو شتێک پێویستە ئاماژە بەوە بکەین چەندین رەگەزی گەردوونی هاوبەشی پەیوەندیدار بە ژینگەی سروشت لەناو مرۆڤە جیاوازەکان بوونیان هەیە. ئەو رەگەزە هاوبەشانەش پێشەکیەکی باش دەچنن بەوەی کە ئەو بنەمایانە تایبەت نین بەتەنها بە ئایینێکەوە، بەڵکو گەردونین. دووەم شت، ئایینی سەرەکی رۆژئاوا کە ئایینی مەسیحیە و بوونی بەخشیووە بە شارستانیەتی ئەوروپا سەر بەهەمان خێزانی ئایینی ئیسلامە، واتە هەردووکیان ئایینی "ئیبراهیم"ین. ئەو بیرۆکە و نۆرم و بنەما دیاریکراوانەشی کە لە ئیسلامدا وەرگیراون و بوونیان هەیە، هەمان شتیش لە مێشک و رۆحی هەریەک لە ئەوروپیەکان و دانیشتوانی ئەمەریکای باکووردا بوونیان هەیە. بەڵام ئەو کلتوور و مێژووەشی کە ئەوروپا لەم سەدانەی

**ئەو بیرۆکە و نۆرم و بنەما دیاریکراوانەشی کە لە ئیسلامدا وەرگیراون و بوونیان هەیە، هەمان شتیش لە مێشك و رۆحی هەریەك لە ئەوروپیەکان و دانیشتوانی ئەمەریکای باکووردا بوونیان هەیە.**

رابردوودا چنیوویەتی و ئەزموونی کردووە پێچەوانە دێتەوە لەگەڵ هونەرە ئایینیە ترادیشنەڵەکەیدا.

سێیەم، ئیسلام واتە گەڕانەوە بۆ دینێکی سەرەتا لە "یەکتاپەرستی خودا" لە هەمان کاتدا خاوەنی پەیامێکی ئاسان و گەردوونیەکە ئەکرێت وەک بانگەوازێک بێت بۆ ئەو سروشتە سەرەتایەی کە تێیدا بووە، ئەمەش زۆرجار شاراوەیە لە دەوڵەتێکی پەنهاندا کە "دڵ"ە بەڵام لە ناوەرۆکدا لە هەموو مرۆڤێکدا بوونی بەدی دەکرێت. بنەما و فێرکردنەکانیش لەو ئایینەدا تەنانەت ئەگەر پەیوەست بن بە بوارەکانی بیناسازی و پلانسازی شار دەکرێت جێگەی گرنگی وبایەخ بن ئەگەرچی لە جیهانێکیشدا بن کە بیروباوەڕەکانی مومارەسە نەکرێن. لەبەر رۆشنایی ئەو دەستەواژانەشدا لەوانەیە شەن و کەوکردن و تاوتوێکردنی هەندێک لە بنەماکانی بیناسازی ئیسلامی کەڵکی هەبێت و پاشان ببینین کە چۆن ئەتوانین لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستادا سودی لێوەربگرین لە جیهاندا، جا چ لە رۆژئاوادا بێت یان جیهانی ئیسلامی یاخود هەرشوێنێکی دیکە بێت لەم گۆی زەویەدا.

وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا هاوشێوەی بەشەکانی دیکەی ئیسلام، لە بیناسازی ئیسلامی و پلانسازی شاری ئیسلامیشدا بنەمای توحید (Unity) گرنگترین شتە و هەروەها دەبێتە سەنتەر لە زانستی بیناسازی ئیسلامیدا. ئەم بنەمایەش لە هەر یەک لە کایەکانی میتافیزیک و ئاییندا ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت (یەکێتی بنەمای خودایی، پێکەوە بەستنی هەموو شتەکان، پێکەوەبەستنی چەندیەتی لەناو وەحدانیەتدا، پشتبەستنی بوون بە وەحدانیەت، تەرخانکردنی تەواوی تاکە کەسەکان بۆ ویستی وەحدانیەت). لە بیناسازی و پلانسازی شاری ئیسلامیشدا، وحدانیەت خۆی لەچەند شتێکدا دەبینێتەوە ئەوانیش (یەکخستنی رەگەزەکانی بیناسازی، پێکەوەبەستن و یەکخستنی وەزیفە و مەبەستی فضاء "Space"، ئامادەبوون و هەبوونی پیرۆزی لە هەموو جۆرە جیاوازەکانی بیناسازیدا). ئەمەش راستیەتی تەجەلابوونی پەروەردگارمان وەک تاقانەیەک بۆ دەردەخات لەو بیناسازیەدا کە دەستکردی مرۆڤەکانە و ئەویش بەهەمان رێگەی ئەو سروشتە پاکیزەیەیی کە تاکو تەنهایی پەروەردگار و پێکەوەبەستنی فۆرمە جیاوازەکان و سازگاری و هاوئاهەنگی خۆی رەنگی تێدا دەداتەوە. وشەی "توحید"یش لە زمانی عەرەبیدا بە دوو مان هاتووە ئەوانیش:

**١-تەنهایی یان تاقانە. Oneness**

**٢- کردن بە یەک. Making One**

بنەمای "توحید" لە بیناسازی ئیسلامی و شاری ئیسلامیدا بە مانای یەکەم دێت کە تاقانەیە، ئەمەش لە هەریەک لە فضاء و هێمنی و سازگاری بیناسازی ئیسلامیدا ڕەنگی داوەتەوە، وە کرداری کردن بەیەک پەیوەندی هەیە بەچەند شتێکی دیکەوە ئەوانیش وەزیفەی فەضای ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکان، دەستپێکردن لە تەلارێکەوە بۆ لادێیەک تاکو دەگاتە شارەکان، دروستکردنی پلەیەکی باڵای یەکیەتی بەجۆرێک ببێتە پێشەنگ بۆ الوحدانیە.

لەوانەیە کەسێک بڵێت هەروەک چۆن پەرتوکێکی عەرەبی لە شێوەی یەک رستەی درێژدایە وەک هێمایەک بۆ وحدانیەت، ئەتوانین ئەوەش بڵێین شار و شارۆچکەی ئیسلامیش هاوشێوەی قەڵایەکە کە هەموو بەشەکانی پێکەوە بەستراون پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. ئەگەرچی قەڵاکە لە چەندین نهۆم و ژوور و یەکەی جیاواز پێکهاتووە بەڵام دواجار هەموو جیاوازیەکان لەیەک جۆری بینادا کۆبوونەتەوە و بوونەتەوە بە یەک. شار و شارۆچکەی ئیسلامیش بە هەمان شێوەیە، واتە ئەگەرچی لە شاردا بینای جۆراوجۆری وەک (مزگەوت، خانووی نیشتەجێبوون، بازاڕ، قوتابخانە، حەمام و دیوان...هتد) بوونیان هەیە، دواجار هەموو ئەو جیاوازیانەش لە شوێنێکدا کۆبوونەتەوە و بوونەتەوە بەیەک ئەویش بە جۆرێک کە هەموویان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و پێکەوەش بەستراون. لەم حاڵەتەشدا یەکانەیی و یەکێتی زاڵ دەبێت بەسەر فرەیی و جۆراو جۆریدا.

ئەگەر زیاتر لەسەر جیهانی ئیسلامی بووەستین و وردتر ببینەوە، لەوەش دڵنیا دەبینەوە کە بنەمای وحدانیەت زیاتر دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت ئەویش لە پێکەوەبەستنی جۆرە جیاوازەکانی بیناسازی لەناو پلانسازی شاری ئیسلامیدا. لە جیهانی ئیسلامی پێش مۆدێرندا،

هەریەک لە بیناسازی ئایینی و نائایینی وەک دوو شتی جیاواز یاخود دژیەک دروست نەکراون، بەڵکو بیناسازی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی گەشەی کردووە لە مزگەوتەکانەوە واتە سەرەتا لە شار و شارۆچکەکاندا مزگەوتەکان دروستکراون و دواتر بیناکانی دیکە چ ئایینی بووبن یاخود نائایینی بەدەوری مزگەوتەکاندا دروستکراون وەک درێژکراوەی مزگەوتەکان. و هەر کردەوەیەک یان پەرستشێکی ئایینی کە لە مزگەوتەکاندا ئەنجام درابێت، توانراوە لە بینا جیاوازەکانی دەرەوەی مزگەوتەکانیش وەک (خانووی نیشتەجێبوون، بازاڕەکان) ئەنجام بدرێت. لەم حاڵەتەشدا ئەو فەزایەی کە لە بینا جۆراوجۆرەکاندا هەیە درێژکراوەی ئەو فەزایەیە کەلە مزگەوتەکاندا هەیە. هەندێک شتی قەشەنگی ناو قورئان و رۆحی پەیامبەر (د.خ) بڵاوبوونەتەوە بەسەر ئەو ژینگەیی کە شاری ئیسلامی تێدا دروستکراوە، بۆ نمونە ئەو "بانگ"ەی کەلە مزگەوتەکانەوە دەدرێت بەبێ جیاوازی بڵاودەبێتەوە بە سەر هەموو جۆرە جیاوازەکانی بیناکانی شاردا، یاخود ئەو بارانە بەبەزییەی کە لە ئاسمانەوە دەبارێتە سەر زەوی ئەویش بەبێ جیاوازی لەسەر بینای قوتابخانە، مزگەوت و خانووەکان بڵاودەبێتەوە. جگە لە منارە و میحراب کە تایبەتن بە مزگەوتەکان، هەمان ئەو تەکنیک و هێمای بیناسازی و روناکی و فەزا و فۆرمانەی کە لە مزگەوتەکاندا بەکاردەهێنرێن بە هەمان شێوەش لە بینا جۆراوجۆرەکانی دیکەدا بەدی دەکرێن و بەکاریش دەهێنرێن وەک کۆشک، بازاڕ و خانووەکان...هتد.

مزگەوت و کۆشک و بازاڕ و قوتابخانە

## مزگەوت و كۆشك و بازاڕ و قوتابخانە و خانووەكان هەموویان پێكەوە گرێدراو و پێكەوە بەستراون ئەویش لە رێگەیەكی بەرجەستەی دیاریكراوەوە كە پەیوەندی هەیە بە فەزای بیناسازیەوە.

و خانووەکان هەموویان پێکەوە گرێدراو و پێکەوە بەستراون ئەویش لە رێگەیەکی بەرجەستەی دیاریکراوەوە کە پەیوەندی هەیە بە فەزای بیناسازیەوە. بۆ نمونە، لە شارە ئیسلامیە کۆنەکانی وەک فاس لە مەغریب و ئەسفەهان لە ئێران، مزگەوتەکان تەنها شوێنی ئەنجامدانی پەرستشە ئایینیەکان نەبوون، بەڵکو شانبەشانی پەرتشە ئایینیەکان چەندین چالاکی دیکەیان تێدا ئەنجام دراوە لەوانە "چالاکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، بەڕێوبردن و کارگێڕی ناوچەکان....هتد". رووبەری هەموو ئەو چالاکیانەش پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و هەروەها بەشێوەیەکی ئەندامی تەواو پێک دێن. بەم شێوەیەش بیناسازی و پلانی شاری ئیسلامی رەنگدانەوەیەکی تەواویان دەبێت لەسەر یەکێتی و یەکگرتوویی ژیانی ئیسلامی ترادیشنەڵ، ئەمەش لەکاتێکدا خۆیان ئاسانکاری دەکەن بۆ ژیانێکی رێکخراو کە بەندە لەسەر پێکەوەبەستنی نێوان "ئایین، پەروەردە، کلتوور، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی" و لایەنەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤ.

هەروەها بنەمای وحدانیەت دەتوانرێت ببینرێت لەو پلەیەدا کە بیناسازی ئیسلامی مامەڵە دەکات لەگەڵ ئەم سێ شتەی خوارەوەدا ئەوانیش:

**١-ڕووخساری دەرەوەی بینا و تەلارەکان.**

**٢- ڕووبەری ناوەوەی بینا و تەلارەکان.**

**٣-سروشت و باخداری بینا و تەلارەکان.**

ئەم سێ تایبەتمەندیەش لە بیناسازی نوێدا جیاکراونەتەوە و لەلایەن کەسانی جیاواز لە پسپۆڕی جیاواز کاری بیناسازیان بۆ ئەنجام دەدرێت. بۆ نمونە لە زانستی بیناسازی نوێدا بەشی تایبەت هەیە بۆ بواری ناوەوەی بیناکان (Interior design)یاخود بەش هەیە تایبەتە بە دەرەوەی بیناکان، واتە ئەندازیاری نوێ ئەو کەسەی کە پسپۆڕیەکەی تایبەتە بە دەرەوەی بیناکان واز لە ناوەوە و نەخش و نیگاری ناوەوەی بیناکان دەهێنێت بۆ ئەو ئەندازیارانەی کە پسپۆڕیەکەیان تایبەتە بە دەرەوەی بیناکان. بەڵام لە بیناسازی ئیسلامیدا هەریەک لەو سێ رەگەزەی سەرەوە لە لایەن کەسێکی کارامە یان گروپێکەوە جێبەجێ دەکرێن. کاتێک کەسێک بیر لە حەوشەی شێرەکان دەکاتەوە لە کۆشکی حەمرا لە غەرناتە -ئیسپانیا یاخود باخی فین لە کاشان -ئێران یانیش باخی شالیمار لە لاهوور -پاکستان بۆت دەردەکەوێت هەموو ئەو یەکە بیناسازیانەی کە لێی پێکهاتوون چ رووبەری ناوەوەی بیناکان بێت یان دەرەوە و بەشی باخچەی بیناکان بێت یەک راستی لەخۆدەگرن و یەکێتیەکیش لە نێوانیاندا هەیە دەتوانێت پێکەوەیان ببەستێت بۆ نیشاندانی ئەزموونێک کە وەحدانیەت تێیدا سەنتەرە.

جیاواز لەو سێ رەگەزەی سەرەوە، دەتوانرێت بنەمای وەحدانیەت بەدی بکرێت لە وەزیفەی جۆراوجۆری رووبەری تەرخانکراو بۆ بیناسازی ئیسلامی ترادیشنەڵ بەتایبەتیش لە خانووی نیشتەجێبووندا. لە بیناسازی نوێدا، یەکەم شت کە گرنگە و ئەنجام دەدرێت بریتیە لە دیاریکردنی وەزیفەکان بۆ ڕووبەرە جیاوازەکان لە بیناکاندا، پاشان بیناکە دروست دەکرێت و بەوجۆرەش سەیری بیناکە دەکرێت کە هەموو پێکهاتە و بەشەکانی بەشێوەیەکی تەواو دروستکراون. بەڵام لە بیناسازی ئیسلامی ترادیشنەڵدا، ئەو یەکە بیناسازی و پێکهاتە جیاوازانەی کە دروست دەکرێن دێنەبوون لە پێکهاتەی بینایەک وەک گشتێک نەک جیا بە جیا، و مەجالێک و شیاویەک لە بەکارهێنانی یەکە جیاوازەکانی بیناکاندا هەیە بۆ وەزیفە جۆراوجۆرەکان. واتە لە بیناسازی ئیسلامیدا، ئەوەی کە زۆر گرنگە بریتیە لە کۆی گشتی پێکهاتەی بیناکان (دەرەوە، ناوەوە، سروشت)ی بیناکان نەک بەتەنها یەکەکانی ناوەوەیان. بۆ نمونە ژورێک لە خانوویەکی ئیسلامی کۆندا دەتوانێت لە رۆژێکدابۆ چەند ئەرکێکی جیاواز بەکار بهێنرێت لەوانە (ژووری نوستن، میوان، نانخواردن، ژووری ئەنجامدانی پەرستشەکان)، بەڵام لەسەردەمی نوێدا زۆری کەلوپەل و پێداویستیەکانی ناوماڵی وەک "تاقمی میوان، نوستن، نانخواردن و کەوانتەر" و چەندین پێداویستی دیکەی ناوماڵ وایانکردووە نەتوانرێت بەتەنها ژوورێک بۆ

چەند وەزیفەیەکی جیاواز بەکاربهێنرێت. لە سەردەمی پێش مۆدێرنەدا، زۆر بەزەحمەت دەتوانرا خانوویەکی نیشتەجێبوون بدۆزرێتەوە کە سێ بۆ چوار ژووری نووستنی لەخۆگرت بێت. ئەندازیاری بیناسازی ترادیشنەڵ بەجۆرێک بیناکانیان دروست دەکرد کەپانتاییەکی پێویستیان بۆ ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکان هەبێت و هەمیشە بەشێوەیەکیش گەشە بکەن کە گشتیەتی زاڵبێت بەسەر شوێنی نیشتەجێبوونی خێزانەکاندا. واتە پێکهاتەی گشتی شار و پلانی شار دەبێت هەموو بەشەکانی شار "خانوو، مزگەوت، قوتابخانە، نەخۆشخانە، حەمام، بازاڕ....هتد" لەژێر چەتری وەحدانیەتدا کۆبکاتەوە.

بەدڵنیاییەوە لەشارە ئیسلامیە کۆنەکاندا، پێکهاتەی بیناسازی جیاواز و رەگەزی بیناسازی جیاواز و تایبەتمەندی جیاواز لە خانوویەکەوە بۆ زۆرێک لە بینا جۆراوجۆرەکانی شار بەدی دەکرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە یەکێتی و وەحدانیەت هەمیشە زاڵبووە بەسەر جیاوازیەکاندا و نەهێڵراوە جوزئیات وەک گشتێکی راستەقینە یان سەربەخۆ خۆی نمایش بکات و دەربکەوێت. بەم شێوەیەش کاتێک کە سەیری شارێکی ئیسلامی تراديشنەڵ دەکەین وا دەرئەکەوێت کە ئەو شارە تەنها یەک سەقفی هەبێت چونکە هەمیشە یەکێتی و وەحدانیەت چ بەمانا میتافیزیکیەکەی بێت یاخود بەمانا بیناسازیەکەی بێت توانیویەتی لایەنە بەشەکیەکانی بیناسازی شار بخاتە ژێر

## ئیسلام لە چەندین شوێندا وەك نەبینراوێکی راستەقینە جەختیکردۆتەوە لەسەر چەمکی "جوانی".

چەتری خۆیەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە جوزئیات لە بیناسازی ئیسلامیدا نەبێت، نا، بەڵکو بەمەبەست ویستراوە کە لایەنە بەشەکیەکانی بیناسازی هاوئاواز و سازگار بن لەگەڵ بەشە گشتیەکاندا بەجۆرێک دواجار وەحدانیەت بابەتی دەرکەوتنی بابەتەکە بێت نەک شتی دیکە.

ئێستا لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو پەیوەندیە راستەوخۆیە بکەین کە لە نێوان بنەمای وەحدانیەت و هەر یەک لە کایەکانی "جوانی و وەزیفە و سود یان هەر بابەتێکی دیکەی هونەری ئیسلامی"دا هەیە بەتایبەتیش لە هەر یەک لە کایەکانی بیناسازی و پلانی شاردا. ئیسلام لە چەندین شوێندا وەک نەبینراوێکی راستەقینە جەختیکردۆتەوە لەسەر چەمکی "جوانی". بۆ نمونە لە یەکێک لە فەرموودەکانی پەیامبەردا هاتووە کە دەڵێت "إن الله جميل يحب الجمال" واتە "خودا جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت"، هەروەها لە فەرمودەیەکی دیکەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە "خودا رەمزی جوانی لەسەر هەموو شتەکان نەخشاندووە" پێویست بوونی مرۆڤ بۆ جوانی شتێکی زگماکیە و لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤەکاندا، ویستی جوانیش لەدایک دەبێت. ئەم ویستەش پێویستە لەگەڵ گەورە بوونی مرۆڤەکاندا

گەشە بکات، چونکە هەروەک چۆن مرۆڤ بەبێ هەوا ناتوانێت بژی، بەو چەشنەش ژیانی بەبێ جوانی ناژیان دەبێت، واتە جوانی پێویستیەکی سەرەکی و گرنگی مرۆڤایەتیە لەم ژیانەدا. لە روانگەی بیری ئیسلامیەوە، جوانی پێویستیەکی بنەڕەتی ژیانی مرۆڤەکانە کە مانا دەبەخشێت بە ژیانیان، ئەم روانینەش تاڕادەیەکی زۆر پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەیە کە بیریارانی هونەر لە سەردەمی نوێدا پێیان وایە "ئەو شتە جوانە کە بەسوودە" یاخود بۆ ئەوەی شتێک جوان بێت پێویستە بەسوود بێت. لەبەر ئەوە ئێمە لێرەدا ناتوانین ئەرک و سوود هاوشانی جوانی بکەین یان وەک جوانی هەژماریان بکەین، بەڵکو ئەو دوو چەمکە تەواوکەری جوانین نەک ئەوەی ببنە خودی جوانی.

بۆئەوەی وێنەیەکی گشتی مرۆڤمان هەبێت جارێک وەک "لاشە و نەفس و رۆح" جارێکیش وەک دروستکراوێک لەسەر ئەم گۆی زەویەدا و جارێکیش وەک زیندەوەرێکی نەمر لەو دنیادا، پێویستە دەرکی ئەوە بکرێت کە ناتوانرێت هیچ جۆرە جیاکاریەک لە نێوان "ئەرک و سوود و جوانی"دا بکرێت، واتە ناکرێت جوانی لە ئەرک و سوود جیابکەینەوە. و ناکرێت ئەوەشی کە ناشیرینە لەکۆتاییدا پێمان وابێت بێ کەڵک و بێ سوودە چونکە لە راستیدا ئەوەش دژی بەرژەوەندیە باڵاکانی مرۆڤە. بەڵام لەسەردەمی نوێدا و لەناویشیاندا موسڵمانانی سەردەمی نوێ وا بیرئەکەنەوە کە جوانی لەگەڵ راستیەتی و چاکەدا بناسرێتەوە و "ناشرین"یش وەک چەمکێکی بەرانبەر و دژ بە جوانی سەیردەکرێت کە ئەمەش شتێکی هەڵە و ناباشە. لەوانەیە کەسێک بڵێت مانای "الحق" کە یەکێکە لەناوەکانی پەروەردگار بریتیە لە (راستیەتی و واقیعی) کە دواجار ئەم مانایانەش شتێکی جوانن و لەبەرانبەریشدا "ناشرینی" بریتیە لە (ناراستیەتی و ناواقیعی) کە سەری لە ناشرینیەوە دەردەچێت.

گەربمانەوێت باس لە وەزیفەی بیناسازی بکەین وەک شتێکی جیاواز لە بابەتی جوانیەکەی (جوانی بیناسازی) کە ئەویش بەشێکە لە خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان، ئەوا پێویستە گرنگترین بنچینەی فێرکاری میتافیزیکی قورئان و فەرمووده لەبیربکەین یان فەرامۆشیان بکەین، چونکە ئەو فێرکاریە دواجار و دووبارە پێناسەی "جوانی"مان بە رەچاوکردنی سەرچاوە "واقیعی و راستی"ەکان بۆ دەکاتەوە.

هەروەها لە هونەری ئیسلامی و بیناسازی ئیسلامیدا، وەحدانیەتی جوانی و ئەرک (وەزیفە) پەیوەندیەکی پتەویان هەیە بە بنەمای "راستی خوازیەوە-Realism". لێرەدا مەبەست لە بەکارهێنانی چەمکی راستی خوازی ئەوە نیە کە لە فەلسەفەی نوێدا باسی لێوەکراوە و ناسێنراوە، بەڵکو مەبەست لە راستیەتی ئەوەیە کە شتەکان رەچاوبکرێن لە ئاستی خۆیاندا و وەک خۆیان ببینرێن و بەشێوازی خۆشیان بەکاربهێنرێن. واتە پشت ئەستوور و وەستابن لەسەر بناغەی "وەحی ئاسمانی و هێزی مەعریفەیەک" کە بتوانێت دەرک بکات و ببینێت. ئەو مەعریفەیەش ئەوەیە کە لە ئیسلامدا مرۆڤی پێ ناسێنراوە بەجۆرێک کە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ئیسلامی تردیشنەڵ بە سەرجەم بەشە جیاوازەکانیەوە.

لە هونەری ئیسلامیدا، راستیەتی بریتیە

لەوەی کە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ مادەکاندا بکرێت کە هەن، نەک وەک ئەوەی ئەو مادانە ببنە شتێکی دیکە یاخود بەشێوازێکی جیاواز لە مادە سەرەکیەکەی خۆیان دەربکەون و بەکاربهێنرێن. بۆ نمونە پێویستە مادەی خشت وەک خشت بەکاربهێنرێت و وەک خشتیش ئەزموون بکرێت، یاخوود بەرد وەک بەرد بەکاربهێنرێت و ئەزموونی بەردبوونیش وەک مادەیەک بکات نەک وەک مادەیەکی دیکە، بەهەمان شێوەش بۆ سەرجەم مادەکانی دیکەی وەک دار و قوڕ و قسڵ....هتد. تەنانەت ئەو هێزە فیزیایی و یاسایانەی کە فەرمانڕەوایی مادەکان دەکەن لە بیناسازیدا زۆر بەبایەخن و پێویستە بەو شێوەیەش مامەڵیان لەگەڵدا بکرێت کە ئەمانە تایبەتمەندی بەشێک لە دروستکراوەکانی پەروەردگار دەخەنەڕوو چونکە ئەو مادە بەشداربوانەی کە سازگاری و جوانی پێک دێنن خودی تایبەتمەندی دروستکراوەکانن.

لەبیناسازی ئیسلامیدا، ئەو شێوازە تێڕوانینە لە سروشتی مادەکان و شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا تەواوکراو مانادارکراوە بە جەختکردنەوە لەسەر زانستی ماتماتیک بەجۆرێک کە هەمیشە ئەو زانستە بایەخی داوە بە فۆرمی ئەندازەیی و نەخش و نیگارەکان. لە مێشک و بیرکردنەوەی موسڵمانانیشدا، فۆرمی ئەندازەیی و نەخش و نیگارەکان بەتەنها بریتی نین لە ژمارە و چەندیەتی، بەڵکو لەهەمان کاتدا بریتین لە رەنگدانەوەی جیهانی نەبینراو. ئەگەر بیناسازی ئیسلامی موقەدەس تایبەتمەندیەکی ئەندازەیی باڵای هەبێت لە هەریەک لە پێناساندنی فەزاو مامەڵەی رووکاری بیناکاندا، ئەوا بەهۆی

**بیناسازی ئیسلامی و پلانی شاری ئیسلامی هەمیشە جەختیان کردۆتەوە لەسەر یەکخستنی پەیوەندی نێوان سروشت و شار ئەویش بەگوێرەی تایبەتمەندی سەرەتایی وەحی ئاسمانی و بونیاتنانەوەی هارمۆنی لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا.**

جیهانی نەبینراوەوەیە کە تێڕوانینی ئیسلامی ترادیشنەڵ بنچینەی فۆرم و نەخش و نیگار وەک ریتمێکی ماتماتیکی دەناسێنێت و ئەمەش جگە لە جیهانی رۆحی و فریشتەیی هیچی دیکە نیە. لەو جیهانی رۆحەشدا، ئەو فەزا پیرۆزەی کە لە بیناسازیدا دروستکراوە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی خۆری وەحدانیەت کە زۆر بەجوانی دەدرەوشێتەوە، بەڵام هەموو ئەو درەوشانەوانەش کە لە فۆرمی ئەندازەیی و نەخش و نیگارەکاندا دروستکراون پێکهاتوون لە وەحدانیەت یاخود هێمان بۆ وەحدانیەتێک کە لە هەموو شوێنێکە و لەهەمان کاتیشدا لە هیچ شوێنێک نیە.

لە بیناسازی ئیسلامیدا، جەختکردنەوە لەسەر مامەڵەکردنی رووکاری بیناکان بەتایبەتیش بینای مزگەوتەکان و تەکیە و خانەقاکان کە زۆرجار نەخشێنراون بە (نووسین و نەخشونیگاری ئەندازەیی و ئەرەبێسک) نابێت بەهیچ شێوەیەک شڵەژان و تێکەڵی دروستبکەن لە دیکۆری بیناکاندا، یاخود بەمانا مۆدێرنەکەی نابێت بەتەنها مەبەست لێیان بۆ کاری جوانکاری بیناکان بێت، بەڵکو دەبێت زۆر بە وریاییەوە

مامەڵە لەگەڵ چەمکەکەدا بکرێت و دیوی ئاسمانی ئەو چەمکەش فەرامۆش نەکرێت کە دیووە بنەڕەتیەکەی هونەری ئیسلامیە. لەلایەکی دیکەشەوە هەرچەندە ڕووکار و روخساری بیناکان تاڕادەیەک سنوردارکراون، بەڵام جۆرە جیاوازەکانی بیناسازی ئیسلامی هاوشانی جیهانی مەعنەوی رەنگدانەوەی پێکهاتەیەکی قوڵی ئەم جیهانەشن (جیهانی مادده).

بیناسازی ئیسلامی و پلانی شاری ئیسلامی هەمیشە جەختیان کردۆتەوە لەسەر یەکخستنی پەیوەندی نێوان سروشت و شار ئەویش بەگوێرەی تایبەتمەندی سەرەتایی وەحی ئاسمانی و بونیاتنانەوەی هارمۆنی لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا. سروشتیش بەو مانایەی کە بەتەواوەتی بچێتە ناو شارەکانەوە و لەناو بیناکانیشدا خۆی نومایان بکات. لە راستیدا مزگەوت کە یەکێکە لە سەرەکیترین جۆرەکانی بیناسازی هیچ پیرۆزیەکی نابێت و نایمێنێت گەربێت و لە سروشت جیای بکەینەوە چونکە بینای مزگەوتەکان دروستکراوی مرۆڤەکانن و سروشتیش دروستکراوی خودایە، کاتێک کە دروستکراوێکی مرۆڤ بە نمونە (مزگەوت) کە لەناو دروستکراوێکی خودادا (سروشت) دێتەبوون ئەو کاتە بینای ئەو مزگەوتە رەهەندی میتافیزیکی و رۆحی لەخۆدەگرێت. هەموو جۆرەکانی بیناسازی ئیسلامیش بە جۆرێک دروستکراون کە هەوای سازگار و روناکی بەئاسانی بچێتە ناو بیناکانەوە و هەروەها باڵندەکانیش لە شاری ئیسلامیدا هەست بە ئارامی دەکەن و بە زۆری لە دەوری بینا ئایینیەکاندا کۆدەبوونەوە. دەشتەکان هەمیشە لە شارەکانەوە نزیک بوون و بیابان و شاخەکانیش بەناو شارەکاندا درێژبوونەتەوە. واتە بینا جۆراوجۆراکان لە شاری ئیسلامیدا هاوڕێ و هاوئاوازی سروشت بوون، نەک وەک زۆرێک لە بیناکانی سەردەمی نوێی شارە ئیسلامیەکان کە بوونەتە بار بەسەر سروشتەوە.

لە بیناسازی ئیسلامیدا، نەک هەر ئەوەی کە هیچ بەرهەڵستکاریەک بەدی ناکرێت لە نێوان هێزەکان و رەگەزەکانی سروشت و ژینگەی شاری کۆندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو هەوڵێک دەدرێت بۆ ئەوەی هەریەک لە هێزەکانی سروشت و روناکی و با و سێبەر...... هتد، بەجوانترین شێوە لە شاری ئیسلامیدا بەکاربهێنرێن و رەنگدانەوەی ئەرێنیان هەبێت لەسەر بینا جۆراوجۆرەکان. بەکورتی ئەوەی مەبەستە لێرەدا بوترێت ئەوەیە کە بیناسازی ئیسلامی بەهیچ جۆرێک دژ نایەتەوە لەگەڵ سازگاری سروشتدا. تەنانەت زۆرێک لەو مادانەی کە موسڵمانەکان لە بیناسازیدا بەکاریان هێناون وەک (قوڕ و خشت) لەناو جەرگەی سروشتەوە هەڵقوڵاون و بەشێکی راستەوخۆ لە سروشتبوون. شار و شارۆچکە ئیسلامیە ترادیشنەڵەکانیش بەو چەشنە مانەوە تا ئەو کاتەی مۆدێرنە هات و پلانی شاری مۆدێرن گۆڕانکاری بەسەردا هات بەجۆرێک بۆشایەکی گەورەی لە نێوان سازگاری سروشت و مرۆڤ و شاردا دروست کرد. موسڵمانە تردیشنەڵەکان هەروەکو مرۆڤە ترادیشنەڵەکانی دیکە خۆیان وەک پاسەوانی سروشت دەبینن ئەوانەی کە رێزی یاساکان و هارمۆنی سروشت دەگرن چ لە لادێکاندا بێت یاخود شار و شارۆچکەکاندا بێت.

موسڵمانان چ لە بیناسازی مۆنۆمێنتەکانیان لە شارەکاندا یاخود لە بیناسازی یەکە بچووکەکانی شارۆچکە و لادێکانیاندا هەرگیز جیاکاریان نەکردووە لە نێوان تەکنەلۆژیا و پیشەدا یاخود پیشە و هونەردا. واتە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، هونەر و پیشە و تەکنەلۆژیا یەک شت بوون هیچ جیاوازیەک نەکراوە لە نێوان ئەو سێ وشەیەدا، بەڵکو لە زمانی عەرەبیدا لەبەرانبەر ئەو سێ تێرمەدا یەک وشە بەکارهاتووە ئەویش بریتی بووە لە (صناعە). هەریەک لەو سێ تێرمەش کاتێک لە بینایەکدا کۆبوونەتەوە وایانکردووە کە ئەو بینایە جوانتر خۆی نمایش بکات و ئاسانتر لەگەڵ سروشتدا خۆی بگونجێنێت، واتە هەمیشە ئەو سێ وشەیە لێکئاڵاو بوون لە بیناسازی ئیسلامیدا. ئەو موسڵمانانەی کە لە بیناسازیدا کاریانکردووە زۆر پسپۆڕ و شارەزابوون لە تەکنەلۆژیای ئەو مادانەی کە بەکاریان هێناون بەتایبەتیش لە دروستکردنی کەرپوچ و خشتەکاندا. ئەو کەسەشی کە کاروباری تەکنەلۆژی جێبەجێ دەکرد لە بینایەکدا یاخود ئەو هونەرمەندەی کە کاری نەخش و نیگار و جوانکاری لە ئەستۆدا بوو یانیش ئەو ئەندازیارەی کە کاری ئەندازەگیری بیناکەی لەخۆگرتبوو هەموویان یەک ستاف بوون و ئاگاییەکی باشیشیان هەبووە لە پەیوەندی نێوان هەریەک لە (سروشت و مرۆڤ) (مرۆڤ و میتافیزیک) (کاریگەری بیناسازی لەسەر مرۆڤ).

لەئەنجامی ئەو پەیوەندیە گونجاوەی کە شارەزایانی بواری بیناسازی ئیسلامی ئەنجامیاندا لە بواری تەکنیکی هونەری و

**ئەو موسڵمانانەی کە لە بیناسازیدا کاریانکردووە زۆر پسپۆڕ و شارەزابوون لە تەکنەلۆژیای ئەو مادانەی کە بەکاریان هێناون بەتایبەتیش لە دروستکردنی کەرپوچ و خشتەکاندا.**

فێرکاری بیناسازیدا، ڕەهەندێکی گەورەتر بۆ ئەو بوارە هاتەکایەوە کە بریتی بوو لە ڕەهەندی ڕۆحی. ئەمەش وایکرد کە دروستکراوەکانی مرۆڤ لەسەر گۆی زەویدا بە وێرانکاری و تێکدانی سروشت هەژمار نەکرێن، بەڵکو ببنە بەشێکی ڕێک و گونجاو لەگەڵ سروشتدا. هەروەها جۆرێک لە یەکێتی (Unity) لە شێوە و ئەرکدا (Form and Function) هاتەبوون، ئەو یەکێتیەش بووە پێوەرێکی بنەڕەتی لە جیهانی ئیسلامیدا بەجۆرێک کاتێک سەیری بیناسازی ناوچە جیاوازەکان دەکەیت وا دەبینرێن کە ئەو هەموو بینایە لەلایەن یەک ئەندازیارەوە دروستکرابن. واتە پلانی بیناسازی و شاری ئیسلامی لەسەر کۆمەڵێک بنەما دادەڕێژرا کە ئارەزووی تاکە کەسی تێدا نەبووە، بەڵام بۆ ئارەزووی مرۆڤەکان بووە بەشێوەیەکی ڕێکخراو. هەرئەمەش وایکردبوو نەک هەر ئەوەی موسڵمانانی ناوچە جیاوازەکان لە شارە جیاوازەکاندا هەست بە غەریبی نەکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست بە ئارامی بکەن و ئاسوودە بن لە ناوچە جیاوازەکاندا.

بیناسازی ئیسلامی و پلانی شاری

ئیسلامی بەجۆرێک داڕێژران کە ئاسانکاری بکەن لە یەکخستن و پێکەوە گرێدانی کایە جۆراوجۆرەکانی ژیان وەک (ئیشکردن، پەرستشەکان، بەسەربردنی کاتەخۆشەکان و... هتد) ئەمەش بوویە هۆی ئەوەی کە روانینی مرۆڤەکان بۆ ژیان ڕێکبخرێت. وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا لە ژیانی ترادیشنەڵی ئیسلامیدا هەرگیز ئیش و کار شتێکی جیاواز نەبووە لە بەسەربردنی کاتێکی خۆش چونکە هونەر لێوان لێوکراوە لەگەڵ پیشەدا و پیشە جۆراوجۆرەکانیش بەشێک بوون لە هونەر و پەرستش و فێرکاری. بۆ نمونە لە بازاڕی شارە ئیسلامیە کۆنەکاندا، هەندێک جار تێبینی ئەوە دەکرێت کە خاوەن پیشەیەک دووریەکی زۆر ڕێ دەکات تا دەگاتە شوێنی کارەکەی، سەرەڕای ماوەی دووری و زۆری کاتی پیشەکەی بەڵام هیچ کات کابرای خاوەن پیشە هەستی بەبێزاری نەکردووە لە کاتی کارکردنیدا، چونکە کاتەکانی خۆی بەجۆرێک بەسەربردووە کە چێژیان لێوەربگرێت وەک (ئەنجامدانی پەرستشەکان لە مزگەوتێکی ناو بازاڕدا، دابینکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ حەوانەوە و نان خواردن، گفتوگۆ و قسەی خۆش لەگەڵ هاوڕێکانی)دا. ئەمەش وایکردبوو پیشەگەرێکی ترادیشنەڵ کاتێک کە ئێواران دەگەڕایەوە ماڵەوە کەمتر ماندوویەتی پێوە دیار بێت بەبەراورد لەگەڵ مرۆڤێکی سەردەمی نوێ کە کاتەکانی کارکردنی لە نوسینگەیەک یان کارگەیەکدا بەسەر دەبات لە شوێنێکی دوورە دەست لە هاوڕێ و شوێنە ئاینیەکان.

بناغەی بیناسازی ئیسلامی ترادیشنەڵ و پلانی شاری ئیسلامی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە یەکخستن و ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکانەوە، هەروەها بەجۆرێک داڕێژراون کە ژیانی مرۆڤەکان ئاسان بکەن لەناو شار و شارۆچکەکاندا. هەر یەک لەوانەش بەجۆرێک دروستکراون و پلانڕێژیان بۆکراوە کە فەزایەک دروست بکەن لە پێکەوەبەستن و نزیکی و بەکارهێنانی رووی جۆراوجۆر لەبیناسازیدا تاکو توانای زیاتر ببەخشێت بە مرۆڤ بۆ ئەزموونکردنی پیشە لەگەڵ خۆشیدا و خۆشیش لەگەڵ پیشەدا، ئەمەش وایکردبوو ژیان زیاتر ڕازاوەتر بێت و مێشک و ڕووحی مرۆڤەکانیش ئاسوودەتر بێت چ لە پیشەکانیاندا یانیش لە ئەنجامدانی پەرستشەکانیاندا. هەروەها پلانی شار و بیناسازی ئیسلامی رەنگدانەوەی یەکێتی و یەکخستنی ژیانن، ئەم دووانەش (یەکێتی و یەکخستن) پێکەوە هۆکارێکی سەرەکی و بەرپرسن لە تایبەتمەندیەکانی بیناسازی و پلانی شار لە جیهاندا کە لەلایەن موسڵمانەکانەوە هاتنەبوون.

بوونی داخوازی لەسەر بنەماکانی بیناسازی و پلانی شاری ئیسلامی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بیناسازی سەردەمی نوێ کە هەندێکیان پێشتر باسکران بەتەنها پەیوەست نیە بە سروشتی ئەو بنەمایانەوە، بەڵکو پەیوەندی بەو بارودۆخەوە هەیە کە زاڵبووە بەسەر جیهانی نوێدا. هەرچەندە بەشێک لەو کێشانەی کە لە ژینگەی شارستانی نوێدا دروستبوون وەک (زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، پیسبوونی ژینگە و ....هتد) هەموو جیهانی گرتۆتەوە، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستیە بزانرێت کە پێویست بوونی ئەو بنەمایانە لە جیهانی نوێی ئیسلامیدا جیاوازە وەک لە جیهانی ڕۆژئاوا یاخود هەر

شوێنێکی دیکە لەم سەردەمەدا. پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد زۆرێک لە شارە ئیسلامیە مۆدێرنەکان گیرۆدەی دەستی چەند شتێکن لەوانە "قەرەباڵغی زۆر، زۆربوونی نائاسایی رێژەی دانیشتوان، کۆپیکردنی ژیانی رۆژئاوایی. ئیشکردن لەسەر بیناسازی نەشیاو. دواجار ئەمەش وایکردووە جیهانی ئیسلامی دووچاری چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ببێتەوە کە زۆر بە قورسی کەوتووە هەم لەسەر کلتووریان هەمیش لەسەر ئایینەکەیان ئەوەش ئاکامی فەرامۆشکردنی ئەو دوو شتە گرنگەیە (ئایین و کلتور)ن. شارە ئیسلامیەکان دووچاری کێشەی زیاتربوونەتەوە ئەویش بەوەی زۆرێک لەو موسڵمانانەی کە ئێستا نیشتەجێی شارەکانن هیچ زانیاریان لەسەر "ژیانی ترادیشنەڵانە" نیە و بەهیچ شێوەیەکیش ئەزموونی ئەو جۆرە ژیانەیان نەکردووە.

لەم سەردەمەشدا، زۆرێک لە موسڵمانان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلامیدا پەیڕەوی شەریعەت دەکەن لە ژیانی رۆژانەیاندا، ئەگەر بێت و رەهەندە ناوەکیەکانی ئیسلامی ترادیشنەڵ ئیشی لەسەر بکرێت و لە ژیانی رۆژانەدا جێبەجێ بکرێن زیاتر لە دیووە سیاسیەکەی، ئەوا ئەو کاتە بنەماکانی هونەر و بیناسازی ئیسلامی زۆرتر دەتوانن خۆیان نمایش بکەن و هەروەها ببنە چارەسەرێکی باشیش بۆ ئەو کێشانەی کە شارە ئیسلامیەکان لەم سەردەمەدا رووبەڕوویان بوونەتەوە. ئەمەش ئەو چارەسەرەیە کە وڵاتانی جیهان لەودیو سنوری جیهانی ئیسلامیەوە بووەتە جێگەی گرنگی پێدانیان. بۆ نمونە دەکرێت شوێنی شار بەجۆرێک بێت کە "مزگەوت و قوتابخانە و بازاڕ و

## لە ژێر ناوی "پێویستی ئابووری کۆمەڵگە" ناشیرینیەکی زۆر بڵاوبووتەوە، سەرئەنجام "جوانی" لە شارەکاندا وەك خۆشیەکی کاتی دەردەکەوێت و جیاش دەکرێتەوە لە "سوود".

چالاکی کلتوری و خانووی نیشتەجێبوون و نەخۆشخانە و...هتد" پێکەوە ببەسترێن و بەجۆرێک کە خەڵکی شارەکان هەوڵبدەن کەمترین هۆکارەکانی هاتوچۆ بەکاربهێنن و بەپێ بتوانن سەردانی ئەو شوێنانە بکەن.

لە وڵاتانی رۆژئاوادا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە زۆر جیاوازە لە وڵاتانی زۆرینە موسڵمان بەتایبەتیش لەو رووەوەی کە بناغەی کۆمەڵگە لەسەر شەریعەت نەوەستاوە و خەڵکەکەشی پەیڕەوی شەریعەتی ئیسلامی ناکەن. لەسەردەمی نوێدا و لە رۆژئاوادا بەهای ئایینی و نائایینی تێکەڵ بەیەکترکراون و بەها نائایینیەکانیش زیاتر زاڵبوون بەسەر بەها ئایینیەکاندا. سیستمی بەهای خەڵکی رۆژئاوا دەتوانرێت دیاری بکرێت لەسەر دوو شت ئەوانیش "رەوشت و جوانی". سەرەڕای ئەمانەش، سروشتی مرۆڤ و هەروەها سروشتی گشتگیری پەیوەندی ناوەکی لە نێوان ئیسلام و مەسیحیەت و جولەکەدا و زۆری و بەهێزی قەیرانەکان وایکردووە کە بنەماکانی بیناسازی ئیسلامی و پلانی شاری ئیسلامی ببنە جێگەی تێڕامان،

ئەمەش نەک بەتەنها لای هەندێک لە موسڵمانە مۆدێرنەکان، بەڵکو لەلای ئەو ڕۆژئاوایانەش کە لە خەمی داهاتووی شار و شارۆچکەکانیاندا.

شارە ڕۆژئاواییە مۆدێرنەکان دووچاری هەمان ئەو کێشانە بوونەتەو کە زۆرێک لە شارە ئیسلامیەکان پێوەی دەناڵێنن، بگرە لەهەندێک حاڵەتدا زیاتر لە شارە ئیسلامیەکان دووچاری کێشە بوونەتەوە لەوانە تێکچوونی هاوسەنگی ژینگەی سروشتی، مومارەسەکردنی بواری ئابووری و ژینگەیی بەشێوەیەکی ناباش ئەویش بەتایبەتی لە بەکارهێنانی سەرچاوەی وزەدا. هەروەها لە ژێر ناوی "پێویستی ئابووری کۆمەڵگە" ناشیرینیەکی زۆر بڵاوبووتەوە و سەرئەنجام "جوانی" لە شارەکاندا وەک خۆشیەکی کاتی دەردەکەوێت و جیاش دەکرێتەوە لە "سوود". جەختکردنەوەی ئایینی ئیسلام لەسەر "یەکێتی" لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا ڕەنگیداوەتەوە لە فەزا جیاوازەکانی بیناسازیدا وەک (پێویست بوونی سازگاری لەنێوان مرۆڤ و ژینگەی سروشتیدا، هەبوونی پەیوەندی پتەو لەنێوان جوانی و سوود دا، بەهەمان شێوە بۆ بنەماکانی دیکەش). ئەمەش ئەو جیاوازیە ڕوونەیە کە لە نێوان شارە ئیسلامی و شارە ڕۆژئاوایەکان و شارە مۆدرێرنەکانی دیکەی دونیادا هەیە.

ئەگەرچی ئایینی ئیسلام بەبەراورد لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا دواتر دەرکەوتووە، بەڵام بناغەی فەلسەفەی بیناسازیەکەی وەستاوە لەسەر تێگەشتن لە "مرۆڤ بوون" ئەویش بە شێوازی هارمۆنی لەگەڵ جیهانی خەلقدا. ئەم جۆرە تێگەشتنەش لەم سەردەمە تاریکەی مێژووی مرۆڤایەتیدا

**ئەگەر بێت و ڕەهەندە ناوەکیەکانی ئیسلامی تراديشنەڵ ئیشی لەسەر بکرێت و لە ژیانی ڕۆژانەدا جێبەجێ بکرێن زیاتر لە دیووە سیاسیەکەی، ئەوا ئەو کاتە بنەماکانی هونەر و بیناسازی ئیسلامی زۆرتر دەتوانن خۆیان نمایش بکەن و هەروەها ببنە چارەسەرێکی باشیش بۆ ئەو کێشانەی کە شارە ئیسلامیەکان لەم سەردەمەدا ڕووبەڕوویان بوونەتەوە. ئەمەش ئەو چارەسەرەیە کە وڵاتانی جیهان لەودیو سنوری جیهانی ئیسلامیەوە بووەتە جێگەی گرنگی پێدانیان.**

# ئەخلاقی کرداری(*)

موستەفا مەلەکیان

و. ڕێبوار کوردستانی

ماوەی تەمەنمان دیاریکراوە. ئێمە بوارێکی زۆرمان بۆ تاقیکردنەوە و هەڵە نیە. ژیانی هەموو کەسێك وەکو پارچە سەهۆڵێکە کە بەردەوام لە حاڵەتی توانەوەدایە. ژیانی باش، واتە ژیانی ئەخلاقی. پێداویستی ژیانی ئەخلاقی فێربوونی بەڵگەنەویستەکانی ئەخلاقە. لێرەدا بەڵگە نەویستە ئەخلاقیەکان دەناسێنین کە بەکەڵکی باشترکردنی ژیان دێن. ئەم بەڵگەنەویستانە شتانی دیار و بینراون. دەبێت تێڕابمێنن بزانن لەگەڵ ویژدانتان گونجاون یان نا. پێش خستنەڕووی باسەکە، بیرخستنەوەی چەند خاڵێك پێویستە.

ئەم داخوازیانە جیاوازی لەگەڵ بیروباوەڕتان لەمەڕ بابەتە ئەودیو سروشتی یان بان سروشتیەکان نیە. ئێوە جیا لە هەر لایەنگریەك کە لەمەڕ سەروو سروشت هەتانە، دەتوانن کار بەم یاسا و ڕێسایانە بکەن.

ئەوەی دەیڵێم پەیوەندی بە قوتابخانە ئەخلاقیە جیاوازەکانەوە نیە. چ ئەخلاقی ڕێنوێنیکەر بێت و چ ئەخلاقی شیکاری و بان ئەخلاق. لەبەرئەوە بۆ هەموان سوودمەندە.

هەر جۆرە شێواز و جۆری و جیاوازی لایەنی دەروونیت هەبێت، لە شوێنکەوتنی ئەم ئەخلاقی کرداری کاریگەریەکی نیە.

کەسایەتی و رووگە هەر مرۆڤێك لە پێنج لایەن و ناوچە پێکهاتووە، سێ لایەنی یەکەم ناوی "لایەنە

ناوەکی و دەرونیەکان"یان لێدەنێین و دوو لایەنەکەی تر بە "لایەنی دەرەکیەکان ناویان دەبەین. ئێستا هەر یەك لە ئێمە لایەنێکی بێ هاوتا و بێ جێنشینمان هەیە و بە هۆی ئەوەوە ئێمە لەم پێنج لایەنەدا لەگەڵ یەکتردا جیاوازین. سێ لایەنی ناوەکی و دەروونی بریتین لە:

لایەنی بیروباوەڕ و باوەڕەکان: یەقینەکان، گومانەکان، رووداوەکان، قەبلاندنەکان، لێدانەوە و قەرساندنەکان، بەڵگەکان و ...هتد، هەموویان بواری یەکەمی مرۆڤ پیشاندەدەن.

لایەنی هەستەکان و سۆزەکان و هەڵچوونەکان: عیشقەکان، نەفرەتەکان، دۆستایەتیەکان، دوژمنایەتیەکان، ئارامی و ئارامش، تەشویش، دڵنیگەرانی و دڵەراوکێیەکان، ئومێدەکان، نائومێدییەکان، شادیەکان، غەمەکان، رازیبوونەکان، ترسەکان و بە کورتی هەر شتێك کە لە بوونی ئێمەدا لەگەڵ "مال" سەرووکاری هەیە، لەگەڵ "چێژ و ئازار"، واتە ئارامش لە لایەکەوە و ئازار لە لایەکی دیکەوە... لایەنە هەستیەکان، سۆزداریەکان، هەڵچوونیەکانی مرۆڤ لە لایەنی دووەمدا ئەو پیشان دەدەن.

لایەنی ئیرادە و ویستەکان: مەبەستەکان، ئامانجەکان، ئەنگێزە و پاڵنەرەگان، مەرام و داخوازیەکانی مرۆڤ، لایەنی سێیەمی دەروونی مرۆڤ پێکدەهێنن.

لایەنە دەرەکیەکانیش بریتین لە:

**١- گوفتار.**

**٢- کردار.**

لایەنە ناوەکیەکان تەنها بۆخودی تاك دیار و ئاشکران و هیچ کەس ئاگای لێیان نیە، مەگەر لە رێگەی دوو لایەنە دەرەکیەوە بتوانین بیانزانین.

بەڵام لایەن دەرەکیەکان، بۆ کەسانی بەربێژ و دەرەوە دیار و ئاشکران. لە هەموو ئاژەڵەکاندا لایەنە دەرەکی و ناوەکیەکان وەکو یەك و بەرامبەری یەکترن، مرۆڤ نەبێت کە تەنها ئاژەڵێکە دەتوانێت خۆی بە پێچەوانەوە بنوێنێت و خۆی نومایان بکات!

## بەڵگەنەویستەکانی بواری بیروباوەڕ

دەبێت ئێمە بەدووی ئەو بیروباوەڕانەدا بڕۆین کە فێربونیان لە ژیانماندا گۆڕانێکی ئەرێنی دروست دەکات، ژیانمان پێش فێربوون و پاش فێربوونیان جیاوازی لەگەڵ یەکدا هەبێت. "هەڵبەتە حیسابی زانست و بەتوانابوون لە پیشەیەکدا بۆ بەدەستهێنانی و پەیداکردنی بژێوی و درێژەدان بە ژیان جیاوازە. ئێمە دواجار بۆ تێپەڕاندنی ژیان پێویستە زنجیرەیەك زانیاری و توانامان هەبێت"، ئەو باوەڕانەی فێربوونیان لە ژیانماندا کاریگەرییەکی هەمیشەیی و هەرماوەییان دەبێت، بریتین لە:

**رەوشی یەکەم:** ئەو باوەڕانەی پەیوەست بە بوارەکانی بوونی مرۆڤن "باڵاترینی ناسینەکان، ناسینی خودە": ئەوەی کە بوارەکانی بوونی مرۆڤ کامانەن، چەندن، پلەبەندی و کامەیان لە پێشەوەیە و ریزبەندیان چۆنە، پێوەری کاریگەریان لەسەر یەکتر چەندە و تاکو چ رادەیەکە و ئەوەی ئایا باوەڕەکان بەشێکن لەو شتانەی من خاوەنیانم، یان بەشێکی جێگیری منن.

**رەوشی دووەم** سەرسوڕمان بوون بە خود، خورافەپەرستی، پێش داوەری، وەستان و دەمارگیری و هەڵنەکردنی بەدوادا دێت. بەڵام لە حاڵەتی یەکەمدا بە زەین و عەقڵێکی کراوەوە رەفتار دەکەین.

ئەو باوەڕانەی پەیوەستن بە فراوانبوون و

شتە سنووردارە بوون "وجودی"ەکانی مرۆڤەوە.

ئەو باوەڕانەی پەیوەستن بە فراوانبوون و شتە سنووردارەکانی من، بە ناونیشانی مرۆڤێکی تایبەت.

ئەو باوەڕانەی پەیوەستن بە شتە سنووردارە بوون "وجودی"ەکانی قوڵایی خۆمان.

١.خاڵێك: دەبێت ناوەندی سەرنجمان بێت، وێنای خود و روانینی ئێمە لە وێنای کۆمەڵایەتی لە خود بێت.

٢.ژیانی ئەزموون نەکراو بەهای ژیانکردنی نیە. ئەو بیروباوەڕ و باوەڕانە قبوڵ و پەسەند بکەین کە ئەزموون کرابن. تەنها باوەڕە بەڵگەدارەکان بەهای ژیانکردنیان هەیە. دەبێت باوەڕەکان بە واقیع تاقی بکەینەوە. لە کاتێکدا ئێمە لە ژیانماندا لە گەلێ لە شتەکاندا پەسەندکردن و رازیبوون یان رەتکردنەوەی باوەڕەکانمان، لەبەرئەوەی لەگەڵ باوەڕی دیکەدا گونجاوە، سەرنج دەدەین و سەیر دەکەین، لەم رووەشەوە ئایدیاڵین. لە ئەزموونکردنی باوەڕەکاندا نابێت بکەوینە نێو داوی گشتاندنی بەپەلە و خێرای نەرێنی یان ئەرێنیەوە.

لە لێتوێژینەوەی راستی و دروستی باوەڕەکان، دەبێت بیروباوەڕی راست، یان ئەو بیروباوەڕانەی کە شیمانەی راستیەتیان زیاترە، قبوڵ بکەین.

بیروباوەڕی هەڵە و نادروست یان ئەو بیروباوەڕانەی کە شیمانەی ناڕاستیان زیاترە، قبوڵ نەکەین.

لە کاتی دوو یان چەند بیروباوەڕێکدا ئەگەر نەتوانین بڕیارێکی سەرووتر و باشتر یەکێکیان بەسەر یەکێکی تریاندا بدەین، باشترە ئەوەیان قبوڵ بکەین کە ئومێد و شادی زیاتر دروست دەکات و دەهێنێت.

ئەو بەڵگەنەویستانەی پەیوەستن

**لە هەموو ئاژەڵەکاندا لایەنە دەرەکی و ناوەکیەکان وەکو یەك و بەرامبەری یەکترن، مرۆڤ نەبێت کە تەنها ئاژەڵێکە دەتوانێت خۆی بە پێچەوانەوە بنوێنێت و خۆی نومایان بکات!**

و دەرەوەکانی ئێوە باشتر و زیاتر دەدۆزنەوە.

تاکو زیاتر مرۆڤەکان ناچارکراوتر "مەجبور"، (شوێنکەوتەی داخوازیە دەروونی، جەستەیی، جوگرافیایی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی) لەوەی خودی خۆمان و ئەوانیتر دەیزانن، بزانین، سۆز و بەزەییمان لەمەڕ ئەوانیتر زیاتر دەبێت.

سەرنجدان و لاکردنەوە بەلای ناتەواوی و کەموکورتیەکانی خۆماندا، دەبێتە هۆی ئەوەی سۆز و بەزەییمان بەرامبەر بە ئەوانیتر زیاتر دەکات .

هەرچی زیاتر پەی بە تەنیایی تراژیدی خۆمان ببەین، سۆز و بەزەییمان بەرامبەر بە ئەوانیتر زۆرتر دەبێت.

دەرککردن و تێگەیشتن لەم واقیعیەتەی کە مرۆڤەکان کۆمەڵێك لە ململانێی دەروونین و هەندێک جار کۆمەلە کارێك دەکەن کە حەز ناکەن و پێیان خۆش نیە و هەندێک جار ئەو کارانەی کە خۆشیان دەوێن، ئەنجامیان نادەن، سۆزی و بەزەییمان بەرامبەر ئەوان زیاتر دەکات. دەرککردنی ئەو راستیەی کە هەندێجار بەشێك لە بوونمان بەسەر هەندێکی تر لە بوونمان زاڵ دەبێت و دەست بە کارێك دەکەین کە پێچەوانەی حەز و ئارەزوومانە، سۆزی

بە هەست و سۆزەوە بریتین لە:

عاشقی ئەم سێ ئامانجە ئەفلاتۆنیە بین: حەقیقەت (راستی)، خێر (چاکە) و جوانی (جمال). ئامانجەکانی تر بە جۆرێك لە جۆرەکان بەم سیانەوە پەیوەستن.

دەبیت سۆز و بەزەیی بەرامبەر مرۆڤەکان لە خۆماندا پەروەردە بکەین، بەزەیی و سۆز، واتە، چاك ویستی بێ حیساب و کیتاب، لەمەڕ ئەو کەسە تایبەتانەیە کە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە. بەزەیی و سۆز یان عیشق بەمانای چاکەویستی بێ حیساب و کیتاب، بەرامبەر بە هەموو مرۆڤەکان جیاوازی هەیە. نابێت هەست، هەڵچوون و سۆزی نەرێنی لە کەسانی تردا دروست بکەین، بەڵکو دەبێت هەست، هەڵچوون و سۆزی ئەرێنی لەوانی تردا دروست بکەین. دەبێت عیشق بەرهەم بهێنین و بەرهەمهێنی عیشق بین و لابەری رق و نەفرەت، شادی زیادکەربین و غەم لابەر. ئارامش دروستکەر و دوودڵی لابەر. دەبێت ئازارە جەستەییەکان و رەنجە دەروونیەکانی ئەوانیتر کەم بکەینەوە و ئاستانەی بەرگەگرتنیان بەرز بکەینەوە.

سۆز و بەزەیی شوێنکەوتەی ئەو زانیاریانەیە کە لەبارەی ئەوانیترەوە هەمانە.

سۆز و بەزەیی هاودڵی و هاودەردیە. هاودڵی، واتە من تاکو چ رادەیەك دەتوانم خۆم بخەمە جێگەی ئێوەوە و هاودەردی، واتە تاکو چ رادەیەك دەتوانم رەنج و ئازاری ئێوە لە خۆمدا هەست پێ بکەم و جێ بکەمەوە.

سۆز و بەزەیی شوێنکەوتەی جۆری و شێوازی دەروونی ئێوەیە، کەسی دەروونگەرا، لایەنی دەروونی و ناوەکی و کەسانی دەرەگەرا، لایەنە دەرەکی و بەزەییمان بەرامبەر ئەوان زیاتر دەکات.

دەتوانین هەم هەستی سۆز و بەزەییانەمان بۆ ئەویتر هەبێت و هەمیش دەتوانین لەبەر خاتری کرداری ئەخلاقی گوفتاری یان کرداری سزای بدەین. سۆز و بەزەیی لێرەدا بەمانای دوورکەتنەوەیە لەو کردارانەی بەهۆی خۆویستیەوە تورەیی دەهێنن. لێرەدا گرنگە چێژ لە کردارەکانی توندوتیژئامێز و تورەبوون و سزادان وەرنەگرین.

٣. نائومێدی فەزیلەتە. دەبێت ئومێد لە خۆماندا بکوژین. ئومێد، واتە بیستنی بۆنی خێر و چاکە لە کەسێك یان شتێك.

دەبێت ئومێدمان لە سێ شتدا نەبێت و ئومێد بنەبڕ بکەین.

الف: ئومێد بە گۆڕینی یاسا و رێساکانی سروشت لە لایەن هێزە بانسروشتیەکان بە سوودی کەسێك یان گروپێکی تایبەت. نابێت ئومێدمان بە دەستێوەردانی ناسروشتی لە یاسا و رێساکانی بووندا هەبێت.

ب: نابێت ئومێدمان بە ئەوانیتر هەبێت. "هەموو بێ ئارامیت بە هۆی داواکردنی ئارامیەوەیە"(١). لە پشت ئەم جێگیربوون و نەجوڵانە دەرەکی و دیارەوە کە لە رەفتاری ئەوانیتردا بەرامبەر بە خۆمان دەبینین، ناجێگیری و نەوەستانێکی قووڵ شاردراوەتەوە

## - بەڵگە نەویستەکانی لایەنی ویست و ئیرادە

دەبێت ئێستا بەسەر رابردوو و ئایندەدا بە لە پێشتر بزانین و بخەینە پێش ئەوان. هەروەك جەستەکان کە لە ئێستادا دەژی. جێگە و پێگەمان دەبێت ئێستا بێت. هەندێک جار بە

رادەی پێویست و لە سنوورێکی کورتدا بۆ رابردوو بگەڕێینەوە "ئەویش بۆ وانە و پەند وەرگرتن لە رابردوو بۆ ژیانکردن لە ئێستادا"، چونکە ژیان و ژیانکردن لە رابردوودا جگە لە پەشیمانی و حەسرەت و غەم و پەژارە شتێکی دیکەی بە دوادا نایەت. ژیانیش لە ئایندەدا رووەو پەرێشان بوون و سەرسوڕمان بوون بەرامبەر بە خەیاڵەکان و خەون پەرستی دەڕوات. دەبێت پێشینە بە پێوەری ژیان و کوڕی ئێستا (ابن الوقت) بوون بدەین و ئەمانە بخەینە پێشینەی کار و ژیانمانەوە.

-بە پێچەوانەی رێساکانی بوونەوە، داوای شتێك نەکەین.

لە گرنگترین رێساکانی بوون ئاماژە بە (٦) شەش شت دەکەین، ئەوانیش:

ناتوانین هەموو داخوازیە کۆمەڵایەتیە تاکیەکانی (زانست، ناوبانگ، سامان، دەسەڵات، پێگە و پایە)مان پێکەوە هەبێت. دەستکەوتن و بەهرەمەندبوونی یەك یان دوو داخوازی کۆمەڵایەتی تاکەکەسی، لە دەستدانی داخوازیە کۆمەڵایەتی تاکەکەسیەکانی ترە. داخوازیە کۆمەڵایەتیە تاکەکەسیەکان لە دوو توێی کۆمەڵگەدا دێنەدی، بەڵام بۆتاك. هەندێکیش بۆ ئەم رێسایە لەمەڕ داخوازیە کۆمەڵایەتیە گشتیەکان باوەڕیان بە شتانی وەکو، سیستەم، ئارامی و ئاسایش، عەدالەت، خۆشگوزەرانی و ئازادی هەیە.

رەنگاوڕەنگی جیهان قەبوڵ بکەن. چاوەڕوانی یەکسابوونتان نەبێت. هەرگیز نەتانەوێت هەمووان وەکو ئێوە، بیربکەنەوە و هەست بکەن و کردار و رەفتار ئەنجام بدەن.

هەرگیز ناتوانن چاوەڕوانی هەمووان بهێننەدی.

**گۆڕانکاری لەناکاو کە نەمر و پایەدار بێت، شتێکی مەحاڵە. چاوەڕوانی گۆڕانکاری لەناکاوی پایەدار لە خۆت و ئەوانیترت نەبێت. چونکە شتێکی لەم جۆرە بوونی نابێت، بەبڵکو دەبێت پلەپلە بێت تاکو بە پایەداری بمێنێتەوە.**

نابێت چاوەڕوانی ئەوەتان هەبێت، چاوەڕوانیەکانی هەموو خەڵکی بهێننەدی. چونکە لە هەر بارێکدا، کۆمەڵێك لێتان نارازی دەبن. یاخود لە سەر بنەمای رووگە "رەزامەندی دەروونی" خۆتان رەفتار بکەن و خۆتان مەکەنە قوربانی ئەوانیتر و یاخود لەسەر بنەمای چاوەڕوانی ئەوانیتر "شتانی گرنگتری خۆتان"، واتە لە نێو خەڵکیدا کۆمەڵێك هەڵبژێرن، لێرەدا کردار لەسەر بنەمای رووگەیە.

مرۆڤ ناتوانێت بە بێ هەڵە بژی. چونکە ژیان بە بێ هەڵە، پێویستی بە ناسین و زانستی تەواو هەیە و ئێمە ئەوەمان نیە. لەبەرئەوە هیچ کات داوای ژیانی بێ تاوان نەکەیت.

گۆڕانکاری لەناکاو کە نەمر و پایەدار بێت، شتێکی مەحاڵە. چاوەڕوانی گۆڕانکاری لەناکاوی پایەدار لە خۆت و ئەوانیترت نەبێت. چونکە شتێکی لەم جۆرە بوونی نابێت. گۆڕانکاری دەبێت پلەپلە بێت تاکو بە پایەداری بمێنێتەوە.

هەر کردارێك بەرهەم و بەرەنجامی نەخوازراوی هەیە کە نە دەبێت بە لایەنە ئەرێنیەکانی سەرکەش

بین و چاوەڕوانی ڕێزلێنان و پاداشت بین و نە دەبێت بەهۆی لایەنە نەرێنییەکانیەوە بەداخ بین و خۆمان بە شایەنی سەرزەنشتکردن و سزا بزانین.

## بەڵگەنەویستەکانی بواری قسە و وتار:

دەبێت بنەڕەت و بنەما لە ژیاندا لەسەر سکوت بێت. قسەکردن تێرامانمان لەناو دەبات و گەرد و غوبار دروست دەکات و ناهێڵێت بەردەمی خۆمان ببینین. سکوت لە شێوەی باڵای خۆیدا، ڕووبەڕووی ئاگایی گەردوونی و دەرککردنی هەموو بوونمان دەکاتەوە. سکوت لەم مانایەدا ئەگەرچی بۆ تاکی نموونەییە، بەڵام توندوتۆڵی و پتەوی ژیانی کۆمەڵایەتی لاواز دەکات. هەرچی زیاتر قسە بکەی، زیاتر دەتناسن، لەبەرئەوە توانای زاڵبوونی ئەوانیتر بەسەرتدا زیاتر دەبێت. سکوت لەسەرەتای ئاشنایی لەگەڵ ئەوانیتردا دەبێتە هۆی ئەوەی ناسینی بەرامبەرەکانت بۆ تۆ و ناسینی تۆ لە لایەن ئەوانەوە، لەسەر کرداری ئێوە ڕۆنرا بێت، لەم کاتەدا شیمانەی ڕاستگۆیی زیاتر دەبێت.

ئێستا ئەگەر بینا لەسەر گفتوگۆ بێت، باشترە لەگەڵ خۆمان گفتوگۆ بکەین. دواجار گفتوگۆی ئێوە لەگەڵ خۆتان باشترە دڵخوازانە و لە دەوری چەقێك و بابەتێکی دیاریکراودا بێت، نەك شوێنکەوتەی بزوێنەرە ژینگەییە نەخوازراوەکان.

خراپترین شێوەی گفتوگۆ ئەوەیە لە ناخ و دەرونی خۆمدا لەگەڵ ئێوەدا گفتوگۆ بکەم "مۆنۆلۆگی دیالیکتیکی".

ئەو ئەخلاقەی بە ناوەڕۆکی وتە و قسەوە پەیوەستە، بە پێی ئەو خولیا و ئامانجەی لە قسەکردن هەمانە، جیاوازە:

ئەگەر مەبەستی ئێوە لە قسە شتێکی هەواڵیە و پەیوەندی بە لایەنی ئاگاییەوە هەیە، ئەوەی واقیعیەتی هەیە، ڕوونی بکەنەوە و باسی بکەن. ڕەچاوی ئەخلاقی باوەڕ بکەن.

ئەگەر مەبەستتان ئاگادارکردنەوەی سۆزەکان، هەستەکان و هەڵچوونەکانە، ئازار و ڕەنج دروست نەکەن و نەبنە مایەی ئازار. "بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە بۆ ئەخلاقی هەست و سۆزەکان". ڕەچاوی ئەخلاقی هەست و سۆز بکەن.

ئەگەر مەبەستتان لە قسەکردن جووڵاندن و بزواندن یان ڕیگریکردنی کەسانی ترە بۆ ئەنجامدانی کارێك، ڕاستگۆییتان هەبێت. "بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە بۆ ئەخلاقی کردار"، ڕەچاوی ئەخلاقی کردار بکەن.

ئەگەر مەبەستتان لە قسەکردن پابەندبوونە بە ئەنجامدانی کارێك "بەڵێندان"، وەفاتان هەبێت بۆ بەڵێنەکەتان. "بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە بۆ ئەخلاقی کردار"، ڕەچاوی ئەخلاقی کردار بکەن.

ئەگەر مەبەستتان لە قسەکردن، دانان یان دروستکردنی شتێکە، وەك ناولێنان یان خوێندنەوەی وتاری گرێبەست، ئاگاتان لەوە بێت هەندێک جار ئەوەی دروست دەبێت و دادەنرێت، بە سادەیی و سانایی پوچەڵ نابێتەوە.

## بەڵگە نەویستەکانی بواری کردار

١-زۆربوونی چێژ و کەمکردنەوەی ئازار (Pain) و ڕەنج (Suffering) پێش بخەن و لە پێشینە بن. دواجار ئەوەتان لەبیر بێت زیادکردنی چێژ و کەمکردنەوەی ئازار و ڕەنجی خۆتان ئاسانترە لە کەسانی تر. چونکە ئێوە لەمەڕ خۆتان زێدەتر

ئاگایی و زانیاریتان هەیە تاکو کەسانی تر. سۆز و بەزەیی پێویستی بە ناسینە. "بۆزانیاری زیاتر بگەڕێرەوە بۆ ئەخلاقی هەست و سۆزەکان".

بۆ ئەوەی چێژی زیاتر وەربگرن و تووشی رەنج و ئازارێکی کەمتر ببن، دەبێت ئامادەگی چێژوەرگرتن لە خۆتاندا بەهێز بکەن. لە بیرتان بێت موڵکایەتی مەرجی پێویستی چێژوەرگرتن نیە. موڵکایەتی دوودڵی و دڵەڕاوکێ هێنەرە. ئێوە دەتوانن خاوەنی شتێك نەبن، بەڵام بە بەراورد بە خاوەنەکەی، چێژی زیاتر وەربگرن. چێژوەرگرتن لە شتەکان یان کەسەکان پەیوەندی بە خودی ئەوانەوە نیە، بەڵکو و پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە.

لە کرداری بەسۆزانە و بەبەزەییانەدا کەمکردنەوەی رەنج بخەنە پێش کەمکردنەوەی ئازار. چونکە ئازارەکان لایەنی جەستەییان هەیە، بە زۆری لە دیدگا و روانینی ئەوانیترەوەیە و دەکرێت رەخنەی لێ بگیرێت، بەڵام رەنجەکان لەبەرئەوەی لایەنی دەرەکی ئاشکرایان نیە، زامی قووڵتر دروست دەکەن.

بۆ کرداری بەبەزەییانە لەمەڕ ئەوانیتر و بۆ ئەوانیتر، پێویست ناکات زانیاری بەشەکیت و کەمت لەبارەیانەوە هەبێت، دەتوانیت لەسەر بنەمای ناسینی گشتی کە لە زانستە مرۆییەکانەوە لەبارەی مرۆڤ و هەروەها ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بە جۆر و تایپی دەروونی کەسەکانی ترەوە، بەدەست بهێنیت.

زۆرێك لە کاتەکان مەزنترین خزمەتێك بۆ بەرامبەر بریتیە لە گۆڕینی روانینی بۆ خودی خۆی، مرۆڤ و جیهان، تاکو چێژێکی زیاتر وەربگرێت و ئازار و رەنجی کەمتر ببێتەوە.

**موڵکایەتی مەرجی پێویستی چێژوەرگرتن نیە. موڵکایەتی دوودڵی و دڵەڕاوکێ هێنەرە. ئێوە دەتوانن خاوەنی شتێك نەبن، بەڵام بە بەراورد بە خاوەنەکەی، چێژی زیاتر وەربگرن.**

لە کرداری بەبەزەییانەدا لەگەڵ ئەوانیتردا، سەرنج لە شوێنگەی نیاز و پێویستیەکانیان لە ریزی قۆناغبەندی نیازەکانیان بدەن و کارێك ئەنجام بدەن، کە لەگەڵ پێگە و قۆناغی نیاز و پێداویستیەکانیان بێت.

تاکەکان لەڕووی جۆری داخوازیە کۆمەڵایەتیە دڵخوازەکانیان، چێژ لە شتانی جیاواز وەربگرن. ئەم داخوازیانەش سێ دەستە و تاقمن، ئەوانیش:

**أ- داخوازیە کۆمەڵایەتیە تاکەکسیەکان:** کە بەهۆی ژیان لە مەیدان و گۆڕەپانی ژیاندا گرنگیان پەیدا کردووە، بەڵام بەکارهێنانەکانیان تاکەکسیە. وەکو: دەسەڵات، سامان، جێگە و پێگە، ناوبانگ و خۆشەویستبوون.

**ب- داخوازیە کۆمەڵایەتیە گشتیەکان:** کە بە هۆی ژیان لە کۆمەڵگەدا گرنگیان پەیدا کردووە، بەڵام کاڵایەکی گشتین و هەمووان بەکاریان دەهێنن و لە کاتی هاتنەدییان، هەمووان لێیان بەهرەمەند دەبن، وەك، عەدالەت، ئازادی، سیستەم، ئاسایش و خۆشگوزەرانی.

**ج- ئەو داخوازیە تاکەکسیانەی کە لە ژێر**

**کاریگەری ژیان لە کۆمەڵگەدا کە درێژەی پێدەدەین:**
گرنگ نەبوون، بەڵکو و شوێنکەوتەی جۆر و شێوە و تایپی دەروونی ئێمەن، وەك، شادی، ئارامی.

٢-دەبێت ڕەچاوی ڕاستگۆیی لە کرداردا بکەن. واتە کردارتان هاوڕای گوفتارتان بێت و گوفتاریشتان هاوڕای ویستەکانتان، سۆز و ئاگاییەکانتان بێت. جگە لەم شێوە و ڕێگەیە کەسایەتی ژوور ژوور و خانە خانەتان دەبێت، کە بوارە جیاوازەکانی هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکدا نابێت.

- داوەرییەکانمان بەرامبەر بە یەك لەسەر بنەمای ناسینەکانمانە. نەبوونی هاوڕایی ڕەفتار لەگەل گوفتاردا، ڕەنج دەهێنێت و دەبێتە هۆی لەناوچوون.

- بۆ ئەوەی ڕەنجتان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەبوونی ڕاستگۆییدا کەم ببێتەوە، پێویستە بە دوورکەوتنەوەی لە خود، ناراستی و ناراستگۆییەکانی خۆتان ببینن. بینینی ناراستی و ڕاستگۆ نەبوونی خود، ڕێگە بۆ قەبوڵکردنی ناراستی کەسی تر و بەرامبەرەکەت و کەمبوونەوەی ڕەنج ئاسان دەکات.

- ئێمە بەهاکان و هەڵچوونی تایبەت، لە خۆماندا کردووە بە شتانێکی ناوەکی و دەروونی، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هاوڕایی بوارە دەروونیەکانمان لەسەر یەکتر و بەرامبەر بە یەك دژوار و سەخت بێت.

- ڕەچاوکردنی ڕێسای ڕاستگۆیی "صداقت" پیویستی بە گۆڕانکاری و کەمکردنەوەی هەندێك لە لایەنەکانی بوونتانە. لەم ڕووەوە چاوەڕوان مەمێننەوە، تاکو ئەوان بگۆڕێن و پاشان ڕاستگۆیی بکەنە پیشە. دەبێت ڕاستگۆیی لە هەموو کاتێکدا بوونی هەبێت.

-دەبێت لە نێوان ڕوونکردنەوەی هەقیقەت یان کەمکردنەوەی ئازاردا، لایەنی یەکەم بگرین، واتە، حەقیقەت پێش بخەین. پێچەوانەی ئەمەش لایەنگری زۆر هەیە.

٣-دەبێت لە کرداردا دڵنیاییمان هەبێت، دڵنیاییبوون هێواش بوونەوە یان کرداری ئارام و هێمنانە نیە، مەبەست لە دڵنیایی ئەوەیە لە کاتێکی دیاریکراودا تەنها کارێك ئەنجام بدەین. دڵنیایی، واتە ئەنجامدانی کار بە تەرکیز و ووردبینیەوە. پەلەکردن کە خاڵی بەرامبەری دڵنیایی، واتە لە یەك کاتدا چەند کارێك ئەنجام بدەین. پەلەکردن هەم زیان لە خۆم دەدات و هەمیش زیان بە بەرامبەرەکانم دەگەیەنێت.

سەرچاوە

- ——— -

*. سایتی فەرهەنگی نیلوفر. هەروەها دەرسگوتارەکانی (اخلاق کاربردی) نووسەر.

١). کۆپلەیەکی غەزەلێکی مەولانای ڕرۆمیە

**زۆرێك لە کاتەکان مەزنترین خزمەتێك بۆ بەرامبەر بریتیە لە گۆڕینی ڕوانینی بۆ خودی خۆی، بۆ مرۆڤ و جیهان، تاکو چێژێکی زیاتر وەربگرێت و ئازار و ڕەنجی کەمتر ببێتەوە.**



کارزان ئەحمەد

# هونەر و مەعنەویەت
# "هونەری ئیسلامی وەک نموونە"

'بەشی دووەم و کۆتایی'

"هونەری مەعنەوی، پەیژەی نێوان رۆح و پەروەردگارە!" یەهودا یەنمون

"لە گشت شتێکدا نیشانە و سیمبولێك هەیە، کە سەلمێنەری ئەوەیە ئەو یەکە!"

دەروازەیەك:

لە بەشی پێشوودا چەندین پێشگریمانەی نەوتراومان پێشنیاز کردبوو کە تانوپۆی بابەتەکەیان پێکدەهێنا، لەم بەشەدا دەمانەوێت بێجگە لە لەبەرچاوگرتنی چەند پێشگریمانەیەکی تر، ستراکچەرێکی گشتی هەردوو بابەتەکە لە چەند خاڵێکدا بخەمەڕوو کە بە بێ ئاماژە بۆکردنیان هیچ کاتێك وێنەیەکی دروستمان لە هەمبەر هونەری مەعنەوی ئیسلامی بەردیدە ناکەوێت. تیتۆس بوکهارت دەبێژێت: "هونەری مەعنەوی ئیسلامی لە مارەکردنی حیکمەت 'Wisdom' و هونەرو پیشەسازی 'Craftsmanship' هاتۆتە دەرەوە، بە بێ شارەزایی قووڵی ئەم دووانە ناتوانین تێگەیشتنێکی دروستمان ببێت"(١). باوەڕیشمان وایە سەیرکردنی هونەری مەعنەوی لە کلاورۆشنەی ئەم بنەمایانەوە نەبێت، ئەوا لەلایەکەوە تێگەیشتنێکی

کاڵ و پێنەگەیشتومان دەستدەکەوێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانین وەك پێوەرێك ئاماژەی بۆ بکەین کە هەر کاتێك هونەرێك ئەو بوونیادانەی نەبێت ئەوا بە هونەرێکی مەعنەوی ئیسلامی هەژمار نەکرێت. ئەو بنەمایانەش بریتین لە:

**١- 'عەقلانیبوون و مەعنەویبوون'،** هونەری ئیسلامی هەمیشە پشتێنەیەکی عەقلانی و رۆحانی هەبووە و هەر لەو رێگەیەشەوە ناسراوەتەوە. ئیبن عەرەبی دەفەرموێت: "مەعنەویەتی ئیسلامی ئەگەر باسی عیشقیش بوو بێت ئەوا پشتێنەیەکی ئەقڵی هەر هەبووە". بە گوێرەی حەدیسێکی سەحیح بێت، کاتێك خودا گەردونی ئەفراند یەکەم شتێك خەڵقیکرد ئەقڵ بوو، بەهەمان شێوە رۆحیشی ئەفراند کە هەردووکیان سەربە هەمان ریاڵەتین، ناکرێت جودابکرێنەوە کە عەقڵ و رۆح سەر بە جیهانی مەلەکوتن.

**٢- 'تەسلیمبوون'،** کە لە ریشەی وشەی ئیسلامەوە وەرگیراوە، بەمانای رادەستکردنی رۆح بە پەروەردگار دێت. ئەمەش هەروا سانا نیە، چونکە مرۆڤی نوێ خۆی بەداهێنەر دەناسێنێت بەتایبەت هونەرمەند بەشوێن شوناسی تاکانەی خودی خۆیەوەیەتی. لە هونەری ئیسلامیدا خاکیبوون جێگەی خۆبەزلزانی دەگرێتەوە، پێویستی بە پاکێتی و خاکەرای رۆح هەیە.

**٣- 'یەکێتی Unity'،**بوون هەموو هونەرێکی ئیسلامی پێویستە رەنگدانەوەی یەکێتی ئیلاهی بێت، کە سەلمێنەری وەحدانیەتی خوداییە. هونەرێك ئاراستەمان دەکات بەرەو سەنتەر بێجگە لەویش کەسی لێنەبێت. لەوەوە سەرچاوە دەگرێت و هەربەویش کۆتایی دێت (٢).

**٤- 'سیمبولیزم'** گشت بابەتە هونەری و مەعنەویەکان سیمبولیکن، کە پەیوەندی جیهانی خوارەوە بە جیهانی سەرەوە دەبەستێتەوە. بابەتە نەبینراو و نینۆکیەکانی جیهانی غەیب بەرجەستە دەبن لەنێو جیهانی ناسوتدا لە رێگەی سیمبولیکیەوە.

لەم بابەتەدا هەڵوێستە لەسەر چەند ژانەرێکی تری هونەری مەعنەوی ئیسلامی دەکەین بە گوێرەی توانا هەوڵی کەشفکردنی مانا شاراوەکانی پشتی هەر یەك لەو کایانە دەدەین کە تا رادەیەك بۆ زۆرێکمان نارۆوونە و پێشتر ئەگەرچی دەست وپەنجەمان لە گەڵ نەرمکردون بەڵام لەو گۆشەنیگایەوە لێمان نەڕوانیون کە لەم نووسینەدا لێی روانراوە، مەبەستمان دیدەنیگای عیرفانی و ئەخلاقیە. کە بەهەمان شێوەی بابەتەکانی تر هەمویان ستراکچەرێکی گەردونی گشتی ناوەکیان هەیە کە لە رۆحی مەعنەویەتی دینەوە سەرچاوەی گرتووە، لە هەمان کاتدا رێز لە لۆکاڵبوون و ناوچەیی کایەکانیش گیراوە.

لەم دەروازەیەدا شتێکی تر بە گرنگ ئەبینین ئەویش پاش باسکردنی ژانەرەکانی وەکو:

**١- میوزیك: سماع- بانگ- سونەتی.**

**٢- کەلوپەلی رۆژانە: فەرش- قاپ وقاچاغ- جلوبەرگ.**

**٣- هۆنراوە.**

**٤- سینەما: فیلم-دراما-ئەنیمەیشن.**

**٥- باسکردنی هونەری هاوچەرخی ئیسلامیە!.**

ئەگەرچی بەئاگاین لەو راستیەی

سینەما دیاردەیەکی تەواو مۆدێرنەیە.

لە راستیدا بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت باس لە هونەری هاوچەرخی ئیسلامی لە ئێستادا بکرێت، بە هەمان ئەو کۆنتێکستەی ئێمە لەم دوو بابەتەدا وەك پێشگریمانە وەرمانگرتووە. چونکە دەبێت خوێنەری ئەزیز لەوە تێبگات کە زەمەن و شوێنکات گۆڕاوە، بێگومان سیاقیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە راستیدا لە دوو پارادایمی مەعریفی تەواو جیاوازدا دەژین، بۆیە دیدگاکانیش لە هەمبەر هونەر گۆڕاون. لەمڕۆدا ئەگەرچی شارستانیەتی ئیسلامی پێگە گرنگەکەی خۆی لەدەستداوە و تووشی داڕمانی مەعریفی و مەعنەوی بووە، لە ئێستادا ئیسلام و بابەتە ئایینیەکانی وەك بابەتی لێکۆڵینەوە 'Subject matter' مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، نەوەك دەرهاویشتەی خودی خۆی بێت. بە ئاوایەکی دی گرنگی بەو کەسانە دەدرێت کە لە کلتوری دینیدا گەورە بوون و کاریگەری ئەو کلتورەیان لەسەرماوە، ئەگەرچی رەنگە ئێستا لەنێویدا نەژین.

لە دواییندا بەشدا هەوڵ دەدەین کە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئێستا بەگشتی لە جیهان و بەتایبەتی لە وڵاتانی ئیسلامی دەگوزەرێت چیە؟ ئایا دەتوانرێت ئەوەی هەیە وەك هونەری ئیسلامی سەیر بکرێت؟ یاخود نەخێر. ئەگەر وەڵامەکەمان ئەرێنی یان نەرێنی بێت ئەوا بەهەردوو بارەکەدا خۆمان خستۆتە گێژاوەوە، چونکە ئەگەر نەرێنی بێت، ئەوا رێگەمان لە داهێنان گرتووە و هونەری ئیسلامیمان لە هونەری پێش مۆدێرندا قەتیس کردووە ـ وەك ئەوەی سونەتگەراکان ئاماژەی بۆ دەکەن.

**هونەری ئیسلامی بەگشتی هزرێکی سیمبولیکییە، پەیوەندی نێوان جیهانی ناسوت و مەلەکوت رێکدەخات.**

ئەگەر وەڵامەکەشمان ئەرێنی بێت، دەبێت ئەو بنەما و ستراکچەرانە بدۆزینەوە کە بوونەتە بونیادی بەرهەمە هونەریەکان کە دەگمەنن، یاخود لە راستیدا هەر بوونیان نیە.

خاڵێکی تر پێمان وایە کە عەقڵانی نیە مێژووی هونەری ئیسلامی بە مێژووی هونەری ئەوروپایی بەراورد بکرێت، چونکە مێژوویەکی تەواو جیاوازە و لە دوو کۆنتێکستی جیاوازەوە هەڵقوڵاون. لەبەرئەوەشە میتۆد و ماتریاڵی خوێندنەوەیان سەر بە دوو جیهانی سەراپا جیاوازە.

### ژانرەکانی هونەری مەعنەوی ئیسلامی:

#### ١.میوزیك : " بانگ، 'سماع'، گۆرانی".

رەباب و چەنگ بەدەنگێکی بڵند دەبێژن، گوێچکەی هۆش،

وەك پەیامێك بدەنە ئەهلی راز و نهێنیەکان.

مەولانا (٣).

مەولانا و زۆرێك لە عاریفەکان دانیان بەوەداناوە کە چەندین شتی قووڵی ناوەکی

و مەعنەوی هەیە بەتەنها بە میوزیك دەوترێت، زمان بێتوانایە لە وتنیان و زمان توانای وتنی هەموو شتێکی نیە. هەر لەبەر ئەوەیە بەشێکیان جگە لە نووسینی چەندین تیۆریای میوزیك شارەزای چەند ئامێرێکی میوزیکی بوون و جۆرێك لە سەمای تایبەت بەخۆیانیان دامەزراندوە. ئەگێرنەوە کاتێك مەولانا لەگەڵ شوێنکەوتوەکانی دەچێتە بازار و بە کۆڵانی زەرنگرەکاندا تێپەر ئەبێت، گوێیان لە دەنگ و سەدای چەکوش و زرنگەی ئاڵتونسازەکان دەبێت، چەکوش و دەزگاکان ریتم و ئاوازێکی ناوازیان لێوە دێت، بەمەش حاڵ دەیانگرێت و دەستدەکەن بەسەما. کاتێك خاوەنکارەکە دەبیستێت مەولانا و هاوەڵەکانی کەوتونەتە سەما و زیکر بە دەنگ و ئاوازی کرێکارەکانی ئەو، پێیان دەڵێت بەردەوام بن مەوەستن بەردەوامبن لە کوتانی چەکوشەکان. ئەم دیمەنە سەرنجراکێشە چەندین جار دووبارە بۆتەوە و هیچ کەسیش گرفتی ئایینی و ئەخلاقی لەگەڵ نەبووە(٤).

لە شارستانیەتی ئیسلامیدا سەمای دەرویشان یاخود زیکری عاریفانە کە بە (سماع) ناسراوە، بەتایبەت سەمای مەولەویە. دەرویشەکانی مەولەوی بە هیواشی بە دەوری خۆیان و شێخەکەیان دەسورێنەوە، هەروەك چۆن زەوی بە دەوری خۆردا دەسورێتەوە و جوڵەیەکی بازنەیی دروست دەکەن، دەستی راستیان بە کراوی بەرەو ئاسمان بەرز دەکەنەوە بۆ ئەوەی خودا رەحمەتی خۆی برژێنێت بە سەریاندا و دەستی چەپیان شۆڕ دەکەنەوە بۆ خوارەوە تاوەکو مرۆڤەکانی تریش بێبەش نەبن لەو بەخششە. و هەروەها بۆ سوڕانەوەی جەستەیان قاچێکیان گیر دەکەن لە زەوی و قاچەکەی تریان دەخولێنەوە، وەکو دەوترێت ئێمە نەفسی خۆمان خستۆتە ژێر پێمان و بەر پرۆسەی پوختەبوون کەوتووین. "یونس ئیمرە" دەفەرموێت:' 'لەناو مندا خودی وجود هەیە"(٥)، واتە دەروێشەکان لەگەڵ گەردوندا بەتەنها هاوئاهەنگ نین، بەڵکو گەردونیان لە نیو دڵی خۆیان هەڵگرتووە زیکری پەروەدگاریان دەکەن.

لەڕاستیدا سەیرکردنی سەمای "سەماعی" مەولەوی چێژێکی زۆر جوان و کردەیەکی هونەری بەرز بەتایبەت کاتێك سوڕانەوە تا کۆتاکانیان لەگەڵ دەنگی نەی و دەف تیکەڵ دەبێت و پاش سکوتێکی کەم قاریئەکە بە ئایەتی "فاینما تولف ثم وجە اللە'(٦). بۆ هەر شوێنێك بسوڕێیت خودا لەوێیە، هەموو سەرمەست و مەدهۆش دەبن بە بیستنی ئەم ئایەتە.

میوزیکناسانی ئیسلامی هونەری مەعنەوی دابەش دەکەن بە سێ چەشنەوە:

جۆری یەکەمیان بۆ خەڵکی ئاساییە، خەڵکی بەگشتی گوێ دەگرن لە ریگەی تەبیعەتیانەوە ئەمیش جۆرێکە لە هەژاری.

چەشنێکیان بۆ هەڵبژاردەیەکە، ئەوانیش لە رێگەی دڵیانەوە گوێ دەگرن کە دەبێتە هۆکاری گەڕان.

چەشنەی سێیەم کەمینەن، کە هەڵبژاردەی نێو هەڵبژاردەکانن، ئەوانش ئەهلی رۆحن بە رۆح گوێ دەگرن کە ئەوەش دەستپێکی عیشقە!. لەبەر ئەوەیە میوزیکی دەستی عاریفەکان عیشقی لێدەبارێت، لە راستیدا لەم

بابەتەدا باس لە میوزیکی چەشنی سێیەم دەکەین کە بەرهەمهێنەری عیشقە. شکسپیر گوتەنی:"میوزیك خۆراکی عیشقە"(٧).

میوزیکی مەعنەوی کلیلی هەمەڕەنگی ئیلاهیە. زاناکان بوون بە چەند بەشێکەوە، هەندێکیان بە گوێرەی مەقامەکانیان گوێ دەگرن، هەندێکیان بە یارمەتی حاڵیان گوێ دەگرن. هەندێکیشیان بە گوێرەی کەشفەکانیان گوێ رادەدێرن، بەشێکیان بەیارمەتی بینینەکانیان 'مشاهدات'. ئەو بەشەیان بە کە گوێ رادەدێرن بە گوێرەی مەقامەکانیان لە حاڵەتی سەرزەنشتیدان. ئەوانەشیان بەیارمەتی حاڵەکانیان گوێ دەگرن لە حاڵەتی گەڕانەوەدان. هەندێکیشیان کاتێك گوێ دەگرن بەرمەبنای مەکاشەفەکانیان لە باری بەیەکگەیشتن 'ویساڵ'دان. ئەوانەیان گوێ رادەدێرن بە گوێرەی روئیایان ئەوا نقومبوون لە نێو جوانی ئیلاهیدا(٨).

ئارەشی نەراقی یەکێکە لە بیرپارە ئیسلامیەکان دەڵێت: شتانێک هەن بێدەنگن هەتا وەکو مرۆڤ بەدەنگیان نەهێنێت ئەوان خۆیان هیچ دەنگێکیان لێوەنایەت و هیچ ناڵێن، یەکێك لەو شتانە ئامێرە میوزیکیەکانن، هەتا وەکو کەسیك نەیان ژەنێت خۆیان لە سکوتدان و دەنگیان نیە(٩)!.

ئەم دارە ڕەقە بێرۆحە چیە ئەم هەموو ئاوازەی لێدەڕژێت کاتێک لە ئایینناسی ئیسلامی ورد دەبیتەوە ئایینناسیەکی بێدەنگە(silence -سکوت). بۆ ئەوەی لەو سکوتە تێبگەین پێویستە فێربین کە گوێمان ڕابهێنین بۆ دەنگی بێدەنگی پێویستە ببینە مرۆڤیکی باشتر، ئەم

**ئەم دارە ڕەقە بێرۆحە چیە ئەم هەموو ئاوازەی لێدەڕژێت؟!**
**میوزیکی سونەتی ئەگەرچی چەند ئامێرێکی سادەن بەڵام جیهانێك لە ئاوازی ناوازە دەخولقێنن و مرۆڤ سەرسام دەکەن.**

باشبوونەیش میوزیکە کە ئەوەمان بۆ دەکات کە چۆن وەکو مەولانا دەفەرمویت: (لەو هەموو دارە بێگیان و ریشاڵانە ئەم هەموو ئاوازە ئیلاهی و مەلەکوتیانە چیە دەبێژرێن). کاتێک لە ئامێرە میوزیکە سادانە رادەمێنین کە تەنها پارچەیەك تەختە و چەند ریشاڵێکن کە چی جیهانیکی نەوتراویان لە هەناوی خۆیاندا قەتیس کردووە کە مرۆڤ حەیران دەبێت، بە درێژایی ئەم بابەتە لەسەر هونەری ئیسلامی جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت هونەر یادخەرەوەی ئیلاهیات بێت و بیرمان بخاتەوە ئێمە لە کوێ بووین و ئێستا لە کوێین و دەبێت بۆ کوێ بگەڕێینەوە(١٠).

میوزیکی سونەتی ئەگەرچی چەند ئامێرێکی سادەن بەڵام جیهانێك لە ئاوازی ناوازە دەخولقێنن و مرۆڤ سەرسام دەکەن بە دەنگە خۆشەکانیان یاخود بەدەنگە غەمگینەکان و پڕ لە حەسرەتەکانیان. هەر لەبەر ئەوەیە کاتێك زۆرێك لە مرۆڤەکان لە وڵاتێکی تر و لە غەریبی ژیان دەگوزەرێنن، هەرکات هەست بە غوربەت دەکەن گوێ لە میوزیکی نەریتی وەڵاتەکەی خۆیان دەگرن، بۆئەوەی ئارامیان پێببەخشێت.

"سەیید حسێن نەسر" دەڵێت ئەمە بۆ بێ دینەکانیش راستە، ئەڵێت کاتێك کۆنسێرتی میوزیکی رۆحی و سونەتی رێکدەخرێت لە شارێکی وەکو 'فەیز' زۆربەی زۆری گوێگرەکان فەرەنسیە بێباوەرەکانن. کە بەو میوزیکە رۆحیە ئارامی بۆ رۆحیان دەهێنن(١١).

مەولانا لە مەسنەویدا ئامێری (نەی) ئەچوێنێت بە (رۆح)ی مرۆڤ. کە هاوشێوەی مرۆڤ لە زێدی خۆی هەڵکەنراوە و ئێستا لە دووریماڵی ڕاستەقینەی خۆی دەژی و بۆیە کاتێک دەنگی لێوە دێت باسی ئازاری جودایی و دابڕانیەتی لە بێشەڵان، ئاوازەکەی زۆر بە قوڵی خەمناك و حەسرەت ئامێزە، دەفەرموێت: "کاتێک خودا فووی کرد بە مرۆڤدا زیندووی کرد و رۆحی کرد بە بەریدا، ئەوە کاتێکە میوزیکزانێك فوودەکات بە 'نەی' دا ئەوە بەو فووە زیندوو دەبێتەوە و هەزارەها ئاواز دەچڕێت". دروستتر بڵێم هەر خودی رۆحی بە میوزیك خستە نێو جەستەوە ئەگینا رازی نەدەبو ئەو رۆحە پاك و بێگەردە، بچێتە ناو ئەو خاکە رەق و وشکەوە، (١٢).یان جۆرێکی بڵێین روح رازی نەبوو ئەم خاک وخۆڵی جەستەیە بێتە ناویەوە، ئاخر جەستە کراوە بەبەری رۆحدا نەک بە پێچەوانەوە.

هەروەك چۆن نەی ژەن پەنجەکانی لەسەر نەی دەجوڵێنێت بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو فراوانیەکدا ئاوازیکی خۆشتر و باشتر بێتە دەرەوە، عاریفەکان دەبێژن ئەوەهاش خودای میهرەبان پەنجەکانی لە سەرمان دەجوڵێنێت بۆ ئەوەی مرۆڤیکی باشتر و ئەخلاقی تر دەربچین.

هەندێك لە بیریاران و هونەردۆستان دەڵێن: (هونەر مەعریفە دەبەخشێت و پوختەی دەکات)، هەندێکی تریان دەڵێن: (میوزیك هیچ شتیك بۆ مرۆڤ زیاد ناکات بەڵکو خۆی چۆنە ئاوەها دەریدەخات). لەوانەیش (ئیمامی غەزالی)ە بڕوای وایە (بە گوێگرتن لە میوزیك مرۆڤ خۆی چۆنە بەو شێوەیە دەردەکەویت)، بەشێکی تریان دەڵێن: (بڵندی دەکات بۆ شوینی بەرزتر، هاوکاری دەبێت لە برینی مەقاماتی (رۆحی)دا، بۆیە یەکێك لە عاریفە رۆژئاواییەکان دەبێژێت: "میوزیك پەیژەیە لە نیوان رۆح و پەروەدگاردا"(١٣).

یەکێك لە هەرە هونەرە بەرز و ناوازەکانی ئیسلام هونەری بانگدان و بانگبێژیە، کە بە چەندین مەقام و شێوازی تایبەت ئەچرێت. زۆرێك لە بیریاران ئەڵێن بانگ بەخەبەرکردنەوەی مرۆڤە لە خەوی غەفڵەت و بە ئاگاهێنانەوەی لە بێخەبەری حەقیقەتی موتڵەقە. کاتێك موسڵمانەکان لە گفتوگۆی ئەوەدابوون کە چۆن شوناسی خۆیان لە دینەکانی دیکە جودابکەنەوە بە شێوازێکی جیاوازتر بانگی شوێنکەوتوەکانیان بکەن بۆ نوێژ، چەندین پێشنیاز خرایە روو، بە لێدانی زەنگ و بە هەڵکردنی ئالا وبە داگیرسانی ئاگر و...هتد، بەڵام کەسێك بە خەونێك ئەمەی بۆ موسڵمانەکان چارەسەرکرد، بە بانگدانی بانگ کە ناوی خودا و پێغەمبەرەکەی بهێنرێت. پێغەمبەریش خۆشترین دەنگی هەڵبژارد کە بیلال بوو.

ئەمەوێت بڵێم ئیسلام بە میوزیك خۆی لە ئایینەکانی تر جیاکردەوە! هەرلەبەر ئەوەیە پێویستە کە بانگدەر دەنگی زۆر خۆشبێت، بە

ئاوازێكی مەلەكوتیانە بانگبدات هەتاوەكو ئەم دووبارەكردنەوەیە بیرمان بخاتەوە كە ئێمە لە غەفڵەتدا نەژین. كاتێك پەیامنێری 'BBC' لە سەربانی مزگەوتی جەدە گوێبیستی بانگ دەبێت لە هەموو لایەكەوە كە لە رۆژی قیامەت ئەچێت، وەك ئەوەی لە بەهەشتەوە بانگ بكرێت، بانگدەرەكان پێشبركێ ئەكەن لە سەر بانگكردنی خەڵكی بۆ رێگەی سەربەرزی، لەبەر ئەوە دەستدەكات بەگریان ئەڵێت زۆر بزوانمی و ئەزموونێكی ناوازەم كرد پڕ بوو لە ئاشتی و ئارامیكە لە باس نایەت هەرئەبێت خۆت ئەزموونی بكەیت، لەراستیدا دەبێت بیچێژیت. بۆیە گرنگە لەوە تێبگەین كە بانگدان سونەتەكەی هەر لە بانگدانەدا نیە، بەڵكو لە خۆش بانگدانیشدایە! هەرلەبەر ئەوەبوو فەخری كائینات بە ئەبو عەبدوڵڵای ئەنساری فەرموو كە بانگەكە فێری بیلال بكە ئەو دەنگی خۆش و بڵندە. بەداخەوە لەوێ نەبووین گوێمان لە بانگی بیلال بێت، بەڵام ئەتوانم خەیاڵی ئەوە بكەم كە هەرچی ئازاری خۆی و هاوڕێكانی و ئەو هەموو ناخۆشی و نارەحەتیانەی بەسەریان هات لە بانگدانەكەیدا ببیستم(١٤).

دەگێرنەوە كچێكی مەسیحی كەوتبووە داوی خۆشەویستی كوڕێكی موسڵمان، زۆر شەیدای یەكدی بوون، بەڵێنی زەواجیان بەیەكدابوو بەڵام كاتێك باوكی كچە پێی دەزانێت رێگری دەكات. پاش بێنە و بەرەیەكی زۆر هەرچۆنێك بێت باوكی بەناچاری رازی دەبێت، بەڵام باوك بۆ هەلێك دەگرێت بۆ پەشیمان كردنەوەی. باوكی دەڵێت باشە ئەتدەم بەكورەكە بەڵام بەمەرجێك

## بانگی بیلال گێڕانەوەی چیرۆكی هەرچی ئازار و دەردەسەری بوو بۆ خەڵكی مەدینە.

لە كاتی بانگدا دەچینە ناو دێیەكەیانەوە، كە ئەگەنە نزیك دێ گوێیان لە بانگێك دەبێت كە لەلایەن بانگبێژێكی زۆر دەنگ ناخۆشەوە ئەدرێت، كچەكەش ئەپرسێت باوكە ئەو دەنگە ناخۆشە چیە؟ ئەویش ئەڵێت: " كچم ئەوان بەو دەنگە ناخۆشە بانگی موسڵمانان ئەكەن بۆ نوێژ، دەبێت هەڵسوكەوتیان چۆنێت لەگەڵ خەڵكی تردا! " بە كورتی باشترین شێوەی پیشاندانی دین لە رێگەی هونەر و ئەخلاقیاتی بەرزەوەیە.

### ٢.پێویستی ژیانی رۆژانە: "فەرش، قاپ و قاچاغ، جلوبەرگ".

لە شارستانیەتە مەعنەویەكاندا گرنگیەكی زۆر دراوە بە هونەری شتەكانی دەوروبەر و پێویستیەكانی ژیانی سادەی رۆژانە و ئەو بابەتانەی لە چواردەورماندا بەكاردەهێنرێن، بە تایبەت هونەری ئیسلامی كە لە خۆمان جیانابێتەوە و بەشێكی زۆری لە وجودمان داگیركردوە. بۆیە پێویست بووە كە لە سەروی سود و كەڵكخوازیەوە بیر لە بەهای بەرجەستەكردنیان بكرێتەوە. هەر لەبەر ئەوەیە لە هونەری ئیسلامیدا جوانی بەهایەكە بەرزتر لە

بە سودێتی، خەڵکی پێویستیان بە شتی بێکەڵکە بە ئەندازەی زیاتر لەوەی پێویستیان بە شتە بۆ بەکارهێنان. ئۆسکار وایەڵ دەبێژێت:" بەدڵنیایەوە هەمـوو هونـەرەکان بێکەڵکن"، لـە بـەر ئەوەیـە لـە هونـەری رۆحیـدا جوانـی بەهایەکـی لـە پێشـترە لـە بەسـودێتی.کەواتە سـودی عیشـق، جوانـی، بەندایەتـی لـە پێویسـتیە ناوەکیەکەیدایـە(١٥).

شـتەکانی دەوروبەرمـان بیرخـەرەوەی بابەتـە ئیلاهـی و مەعنەویەکانـن، بۆیـە لـە شارستانیەتی ئیسـلامیدا گرنگیەکـی ئێجگار زۆر دراوە بـەو شتانەی کە بەکاردەهێنرێن لەلایـەن موسـڵمانانەوە، لـە مزگـەوت و مـاڵ و کۆشـك و تەلارەکانـدا. لەبەرئـەوەی هەمیشـە لـە بەرچاوانـە و لـە گەڵیـدا ئەژیـن، ئەمـەش ئەزمونێکـی ئێستاتیکی جیـاواز وەك لـەوەی بچیـت بـۆ مۆزەخانـە و گەلەریـەکان، کاریگەریەکـی زۆر راسـتەوخۆی دەبێـت لـە سـەر دەرون و رۆحـی مرۆڤـەکان.

سـەرەتا لـە "فـەرش" چنینـەوە دەسـتپێدەکەین، کـە بـە زۆری لەلایـەن خانمانـەوە چنـراوە. فەرشـچنین وەکـو هەمـوو پیشـە نەریتیەکانـی تـر هەمیشـە دوو دیـوی هەبـووە، بەدیوێکدا پێویستی ژیانی رۆژانەی دابیـن کردووە و بە دیوەکەیتریشدا نەخـش و نیـگاری نـاو فەرشـەکان بیرخـەرەوەی جیهانـی مەلەکـوت بـووە، ئـەوە جگـە لـەوەی ئـەو وردەکاری و سـەلیقە جوانـەی لـە فەرشـەکاندا دەبینرێـت پەیوەسـتە بـە جیهانـی مەعنـەوی فەرشـچنەوە کـە وەك عیبـادەت و زیکـر لێیـان روانیـوە. یەکێك لە کۆنترین ئـەو شارستانیەتانەی کـە فەرشـی دروسـت کردبێـت، تەنانـەت لـە پێـش شارسـتانیەتی "هینـد و چیـن"ەوە شارسـتانیەتی ئیسـلامیە. چونکـە پەیوەنـدی بـە بابەتێکـی

میتافیزیکـی و ئاییناسـی موسـڵمانانەوە هەیـە، ئەویـش حەقیقەتـی نوێـژ و سـوجدەبردنە. لەبـەر ئـەوەی سـوجدەبردن بـۆ موسـڵمانان پیـرۆزە، چونکـە پیرۆزترن و بەرێزترین شوێنی مرۆڤ سـەریەتی کە ئەقڵی تێدایە، دەیخاتە سەر زەوی وەکو نیشانەی خـۆ بەکەمزانیـن و تەسـلیم بـوون لەبـەردەم بـاری تەعـالا. هـەر جێگەیـەك پەرستشـی تێـدا ئەنجام بدرێـت پیـرۆزە بۆیـە خـودا لـە کێـوی (طـور) بـە موسـای فەرمـوو پێلاوەکانـت دانێـو وەرە حـزور.

بابەتـی فەرشـەکان زۆرجار تێکەڵەیـەك بـووە لـە زەغرەفـەی هەندەسـی و سروشـتی کـە گێـرەرەوەی چیرۆکەکانـی بەهەشـت و خۆشگوزەرانی جیهانـی باڵا، زۆر بەشی چەند دێرە شعرێکی ناوازەی لـە سـەر نووسـراوە کـە لـە وەسـفی فەغـری کائیناتـدا بە سیمبول باسی کراوە یاخود وێنـەی بلبـول و گـوڵ کـە ئامـاژەن بـۆ پێغەمبـەری ئیسـلام.

مەعنەویەتـی ئیسـلامی زۆربـەی کات زۆر راسـتەوخۆ خـۆی نیشـانداوە لـە رێگـەی فۆرمـە جیاوازەکانی داهێنانەوە لە سەرووی هەمووشیانەوە هونـەر. لە هونـەری ئیشلامیشدا "جلوبـەرگ" کە فۆرمێکـی هونـەری بـووە هەمیشـە لـە موسـڵمان جیـا نەبۆتـەوە لەگەڵـی بـووە و بیرخـەرەوەی بابەتـە ناوەکیـەکان بـووە. لـە بەشـی یەکەمـدا حەدیسـێکمان ئامـاژە پێـدا کـە دەیفەرمـوو خـودا جوانـە و جـوان کـردار و جـوان رەفتـاری خـۆش ئەوێت، لێرەشدا ئەڵێین جوانپۆش و رێکپۆشیشی خـۆش ئەوێـت. چونکـە بـە باشـترین شـێوە ئێمـەی ئەفرانـدوە، وەك لـە قورئانـدا باسـکراوە.

بەرگـدرووەکان لـە جلوبـەرگـی نەریتیـدا رەچاوی مرۆڤبوونی ژن و پیاویـان لـە جیاوازی

رەگەزیاندا کردووە، بۆیە پێویست بووە جلوبەرگی خانمان تەواو ژنانە بێت، ناسنامەی کەسێتی و فیسیۆلۆژی ژنی پێوە دیاربێت، هەروەها بۆ پیاوانیش بە پێچەوانەوە. گرنگ بووە جلوبەرگی خانمان ژنانە بنوێنێت و لە پیاو نەچێت، جیاوازی دەرکی و یەکێتی ناوەکی، کە لە رووی ناوەوە یەکسانن تەواوکەری یەکترن نەك دژ و بەرزتر و نزمتر، چونکە خودا خۆی لە سورەتی نیسائدا ئەفەرمو ێت: (ولقد خلقناكم من نفس واحدة...). ئێوەمان لە تاکە نەفسێك دروستکرد لەو نەفسەش باوکە ئادەم و دایە حەوامان ئەفراند.

سونتگەراکان پێیان وایە پێویستە جلوبەرگ گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا و دەکارێت پێشاندەرەوەی دۆخی مرۆڤبوون بێت. لە دوو رووگەوە جلوبەرگی دینی پێویست بووە گونجاو بێت لەگەڵ دینداردا.

یەکەم: لەبەرئەوەی مرۆڤ رەنگدەرەوەی ناو کوالێتی ئیلاهیە، مرۆڤ خەلیفەی خودایە و جێنشینێتی لە سەر زەوی، لەبەر ئەوە هەردوو رەگەزەکە هەمان ئەرکیان هەیە.

دووەم: رەگەز 'جێندەر —ئەگەرچی ئەمرۆ زاراوەی جێندەر بۆ زیاتر لە رەگەزەك بەکاردەهێنرێت!'، وەکو تەواوکەری یەکتری، چۆن لە رووی ئێستاتیکیەوە جیاواز بوون، بەهەمان شێوە تەواوکەری یەکدیش بوون لە رووی سایکۆلۆژی و هونەریەوە(١٦).

## ٣.ئەدەبیات: 'شیعر، چیرۆك و رۆمان'.

"گەدایەکی وەکو مەحوی قەلەندەرێکی کورد

میسلی پادشاهی فورسە ساحێبی دیوانە". مەحوی (١٧).

"رۆمان ئینجیلی سەردەمی نوێیە".

لە راستیدا ئەدەبیات بە هەموو ژانەرەکانیەوە ئاسان نیە لە بابەتێکی وەها کورتدا شەن و کەو بکرێت، بەڵام هەوڵدەدین چەند شتێکی بنچینەی پەیوەست بە بابەتەکەوە بخەینەروو. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێش ئایینی ئیسلام لە زەمەنی ناسراو بە سەردەمی نەزانین' الجاهلیە' دەبینین عەرەبەکان هۆنراوەیان هەبووە بەناوی شیعری هەڵواسراوی حەوتی 'المعلقات السبعة'، واتا ئەو شیعرانەی هەڵدەواسران بە دیواری کەعبەی پیرۆزەوە. بابەتەکان بریتی بوون لە 'پیاهەڵدانی هۆزە عەرەبەکان و جەنگ و بە پیرۆز راگرتنی خوداوەنەکان و ... هتد'، بەکورتی هۆنراوەی عیرفانی نەبوون. هەرلەبەر ئەوەیە قورئان لە سورەتی 'شعراء' زەمیان ئەکات و پێغەمبەریش دژی بوو، چونکە زۆربەی ئەو تۆمەتانەی ئەدرانە پاڵی تۆمەتی شاعیر بوون بوو، جگە لەوەی شتی ناشیاو تێدابوو لە هەمانکاتیشدا هەرچیەکت بویستایە بە پارە بۆیان دەنووسیت، بە زاروەی سەید نەسر 'خەریکی فرۆشتنی قەڵەمەکانیان بوون'. بۆ عەرەبەکان زەمەنێکی زۆری ویست تاوەکو هۆنراوەکان بە ئیسلامی بکرێن، بەڵام بۆ میلەتێکی وەکو ئێمە هەر بە هۆنراوەی عیرفانی دەستمان پێکرد، چونکە بە موسڵمان بوونی کورد شیعری دینی دەرکەوت و ئەمەش تا سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستی خایاند.

لەبەر ئەوەیە باشترین ئەدەبیاتێك هەمان بێت ئەدەبی خواناسان و عاریفانی گەورەی

کوردن. ئەدەبیاتێك پڕە لە حیکمەت و فیکری جوان و فەلسەفەی بەبڕشت. تایبەتمەندیەکی ناوازە لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە جیاواز لە ئەدەبیاتی وڵاتانی دی، کە هەرئەوەش ئەو ئەدەبیاتی بە نەمری هێشتۆتەوە، ئەویش ئەوەیە حیکمەت و مەعریفەت لە ئەدەبیات جودا نیە، واتە ئەگەر بتەوێت حیکمەتی قووڵی نەتەوەی کورد کەشف بکەیت ئەوە لە هیچ شوێنێکی تر جگەلە ئەدەبیات دەست ناکەوێت.

شاعیرەکانی کورد ئەزموونی مەعنەوی و ئیمانی خۆیان لەنێو هۆنراوەکانیاندا بەیانکردوە و ئەزموونی رۆحی هەریەکەیان لەنێو شیعرەکاندا پیشاندەری فیکری خۆیان و سەردەمەکانیانن. بۆیە ئێمە دیوانی شیعری ناوازەمان هەیە و کتێبی فەلسەفیمان نیە! بەڵکو، کلتورێکی شیعر گەورەمان هەیە و شیعر سەنتەر بووە لەناو ئێمەدا، هەرچیەك هەمانبووە لە رێگەی هۆنراوەوە دەربڕاوە(١٨).

بۆ تێگەیشتن لە قوڵایی شیعرە عیرفانیەکان، بەتەنها زمان و زمانناسی بەس نیە، بەڵکو پێویستە شارەزای عیرفان و ئەزمونە عیرفانیەکان بێت و لە قوڵایی ئەزمونی رۆحی شاعیرەکان تێبگەیت. بۆ نموونە کاتێك شیعرەکانی مەولانا جەلالەدین ئەخوێنیتەوە بە تەنها بەس نیە لە دێڕەکان و زاراوە و وەزن و قافیەکان و شێوازی بەحرەکانی بگەیت، بەڵکو دەبێت بزانیت لە چ حاڵەتێکی رۆحی وتوویەتی و لە چ دۆخێکی مەعنەویدا بووە. زۆرێك لە مەولاناناسان دەبێژن زۆربەی شیعرەکانی لە کاتی سەمای 'سەمای مەولەویە' وتوونی، کە ئێمە ئەزانین ئەو جۆرە سەمایە زیکرە و لە حاڵەتی گەرم داهاتن و جەزبەی رۆحیە(١٩).

یاخود شاعیرەکانی کورد هەمیشە حاڵی خۆیان لە دەست ناچاری گیرۆدەبوون بە شیعرەوە دەربڕیوە، وەکو بڵێیت ئەوان نەیاندەویست شیعر بڵێن، بەڵکو ناچاربوون بەیانی حەقیقەت بە شیعر دەربڕن، چونکە شیعر سەنتەر بووە لەو دەمەدا نەك خۆیان هەڵیان بژاردبێت. مامۆستا تەحسین حەمەغەریب لە باسی مەحویدا دەڵێت: "مەحوی هەرگیز نەیویستوە شاعیر بێت، بەڵکو کاتێك ویستی ئەزموونە رۆحیەکەی بنووسێتەوە بوو بە شیعر". واتا ئەوەندە گەرمبوون بە عیشقی ئیلاهی هەرچیان لە دەم دەهاتەدەرێ دەبوویە شیعر.

بێگومان ئەگەر بگوازینەوە بۆ سەردەمی نوێ دەبینین رۆمان جێگەی شیعری گرتۆتەوە، چونکە دیندارەکان ئەزموونی دینی خۆیان بە چیرۆك و رۆمان دەردەبرن، گونجاوتر بڵێم بەیانی حەقیقەت لە رێگەی هونەری رۆمان دەردەبرن. لەبەرئەوەیە رۆمان زمانی سەردەمی نوێیە، پرخوێنەرتین ژانەرەکان رۆمانن لە ئێستادا. کە بە باوەری زۆرێك لە بیریاران رۆمان لە ئێستادا زۆر گونجاوە لەگەڵ عیرفان و مەعنەویەتدا، زۆر باش دەتوانێت ئەو ئەزموونە رۆحیە بگوازێتەوە بۆ خوێنەر. رۆمان نووسەرە گەورەکانی دونیا رۆمان بە کتێبی پیرۆزی سەردەمی نوێ هەژمار دەکەن، لە راستیشدا گەورە رۆمانووسانی جیهان ئەو نووسەرانەن کە توانیویانە قوڵایی دیوی ناوەی میلەتەکانیان لەناو نووسینەکانیاندا بەرجەستە بکەن.

## بە سەرنج لە سەردەمی

**نوێ، دەبینن رۆمان جێگەی شیعری گرتۆتەوە، چونکە دیندارەکان ئەزموونی دینی خۆیان بە چیرۆك و رۆمان دەردەبرن،**

### ٤.سینەما: 'فیلم -دراما -ئەنیمەیشن'.
### "وێنەیەک بە ئەندازەی هەزارەها وشە".
### " سینەما، ئەشکەوتی هاوچەرخ".

بۆ جیاوازی سەردەمی ئێمەو سەردەمی پێش ئێمە، دەکرێت سوود لە سەرەتاییترین تیۆریای فەلسەفی وەرگرین لە رێگەی ئەو رەوشەوە بە دونیای کۆن و نوێ ئاشنا دەبین. ئەم تیۆرییایەش ئەشکەوتەکەی پلاتۆیە "The Allegory of the Cave- Plato"، پلەیتۆ مرۆڤەکانی نیو ئەشکەوت ئاگادار دەکاتەوە لە نادروستی ناراستی وێنەکانی سەر دیواری ئەشکەوت، رێنوێنیان دەکات بۆ دەربازبوون لە سێبەرە وەهم ئامێزەکانی سەر دیوارەکان کە ئەوان لێی بێئاگان، پێویستە هۆشیار ببنەوە و حەقیقەت لە دەرەوە ببینن. زۆریك لە فەیلەسوفەکان جیهانی ئەمرۆی ئێمە دەچوێنن بە هەمان ئەشکەوتەکەی ئەفلاتون، لە رێگەی دەزگا ئەلکترۆنیەکانەوە لە جیهانی وێنە خەیاڵی و نا راستەقینەدا ئەژین و پێویستە زۆر هۆشمەندانە بەئاگاهاتنەوە لە وەهمی دونیای بینراوی سەرشاشەکان. ئ

الان بادیۆ "Alan Badieo"، دەڵێت: "هاوشێوەیەکی گونجاو هەیە لە نێوان سینەما و ئەشکەوتەکەی پلاتۆ". روونیشە ئەشکەوتەکە تاریکە و تاکە سەرچاوەی رووناکی ئاگرەکەیە

**گومانی تێدانیە لە سەردەمی نوێدا لەبەر ئەو هەیمەنە زۆرەی کە سینەما هەیەتی بەسەر ژانەرەکانی هونەری نوێ و هاوچەرخەوە، گشت ئایینەکان هەوڵدەدەن کە چیرۆکە دینیەکان بکرێن بە فیلم و دراما و بەرهەمی تەلەفیزیۆنی بۆ زیاتر پشتگیری و هاوسۆزی.**

لەپشتی مرۆڤەکانەوە ئەبێتە هۆی دروستکردنی سێبەرەکان "وێنەکان". لە سینەماشدا گڵۆپەکان ئەکوژێنرێتەوە و فلیمەکە لە پشتی بینەرەکانەوە لە شاشەکە "سەردیوار" ئەدات ئەمانیش وێنە جوڵاوەکان دەبینن. بەڵام جیاوازی ئەشکەوت و هۆڵی سینەما لە وەدایە کە مرۆڤەکانی سەردەمی نوێ بەئاگان لە وێنەکان و ئەزانن ئەم وێنانە راستەقینە نین و لە خەیاڵدانی دەرهێنەرەوە سەرچاوەیان گرتووە، بینەریش ئەتوانێت لە رێگەی ئەم وێنانەوە کەشفی نوێی پەیوەندی نێوان خۆی و ژیان بکات. ئامانجی ئەفلاتون دەربازبوون بوو لە رەهایەتی و دیکتاتوریەتی وێنەکان هەیان بوو، بەڵام سینەما"ئەشکەوتی هاوچەرخ" بەئاگاهینانەوەی بینەربوو لەو پەیوەندیەی کە بەواقیعیانەوە ئەبەستێتەوە. ٢٠

گومانی تێدانیە لە سەردەمی نوێدا لەبەر ئەو هەیمەنە زۆرەی کە سینەما هەیەتی بەسەر ژانەرەکانی هونەری نوێ و هاوچەرخەوە، گشت ئایینەکان هەوڵدەدەن کە چیرۆکە دینیەکان بکرێن بە فیلم و دراما و بەرهەمی تەلەفیزیۆنی بۆ زیاتر پشتگیری و هاوسۆزی لەگەڵیاندا. بەدیوێکی

تریشدا لەبەر هەیمەنەی خودی ئاینیش بە سەر کۆمەڵگەکانەوە کاریگەری و جێکەوتی بابەتە دینیەکان لەلایەن نادینیەکانیشەوە جێگەی لەسەر وەستانە، چ بە دیدگای ئەرێنی بێت یاخود لە گۆشەنیگای نەرێنی و رەخنەلێگرتنی بێت.

لە کۆمەڵگە دینیەکاندا، بەتایبەتیش کۆمەڵگەی ئیسلامی تارادەیەك جۆرێك لە سڵکردنەوە و تێنەگەیشتن لە هونەر و ژانەرەجیاوازەکانی بەدیدەکرێت، هەروەکو چۆن لە دینەکانی تریش هەبوو بەتایبەت دینی مەسیحی. بەڵام پاش بەرەو پێشچونی گۆمەڵگەو گۆرانکاریە کلتوریەکان وورده وەرد ئەم لێکتێنەگەیشتنە چووە پەراوێزەوەو کۆمەڵگەی دینی خۆی بۆ هونەر ئەوەڵاکرد و دیندارەکان لەوە تێگەیشتن بەبێ هونەر دینداریش مومکین نیە و هونەر دۆخی چەقبەستوی دینداری نەرمدەکاتەوە بەڵکو لە چەندین رەهەندەوە زۆریش هاوکاریەتی.

لە راستیدا ئەگەر سەیری ئاینی مەسیحی بکەین ئەبینین زۆر لێهاتووانە هەوڵیانداوە ژانەرە جیاوازەکانی هونەر بۆ سوود و قازانجی خۆیان بەکاربهێنن، ئەوە جگە لەوەی کە خودی ئاینەکە بۆ خۆی خاوەنی هونەرێکی مەعنەوی ناوازەیە. دەرهێنەرانی فیلمەکانی حەزرەتی عیسا و چیرۆکەکانی ئینجیل وەهایانکردوە کە دیوی ئاشتی و ئاشتی پارێزی دینی مەسیحی زیاتر هەیمەنە وەرگرێت و وەکو ئایینی بەخشندەیی و رۆحی دەرکەوێت، کە باوەرمان وایە وەهایە. بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەوەی کە سینەمای تایبەت بە خۆیان ببێت و لەمرۆدا شتێك نیە بەناوی سینەمای مەسیحی!

هەروەکو چۆن لەکۆندا هونەرێکی ئێجگار ناوازەیان هەیە بەناوی هونەری مەسیحی.

ئەمە بۆ کەیسی ئیسلامیش هەر دروستە، کە باوەڕمان وەهایە کە چەندین هۆکاری بنچینەیی هەیە، ئاماژەپێدانی هەندێکیان بە گرنگ دەبینن لێرەدا کە بریتین لە:

**١ - شەریعەت سەنتەری 'فیقە':**

بۆ خوێنەرانی هێژا روونە کە هەموو دینێك سێ بازنەی گشتی هەیە، هیچ دینێك ئاراوتە نیە لێی بۆ نموونە لە ئایینی ئیسلامدا بریتین لە بازنەی 'فیقە' کە ئەرکی رێکخستنی دیوی کرداری و ژیانی رۆژانەی موسڵمانانی لە ئەستۆ دایە، بازنەی دووەم بریتیە لە 'کەلام' کە بابەتە فیکری و فەلسەفیەکان تاوتوێ دەکات پەیوەندیدارە بە عەقیدەی ئیماندارانەوە، بازنەی سێهەم و چەقەکەیە بریتیە لە 'عیرفان و ئەخلاق' کە پەیوەندی دارە بە ئەزمونی ئەخلاقی و رۆحی تاکەکانەوە. ئەم سێ بازنەیەش هەمیشە پێویست بووە گونجاو هاوتەریب بن، هەر کاتێك یەکێك لەم سێ رەهەندە هەیمەنی کردبێت بەسەر دووانەکەی تردا ئەوا لەبری چارەسەر و رێنیشاندەر، گرفتی خولقاندوە و بۆتە بار بەسەر ئیمانداران و کۆمەڵگەشەوە. لێرەوە زۆربەی کات فیقە و فیقهباوەڕی هەژموون و هەیمەنی بەسەر کۆمەڵگەکاندا کردووە و تا رادەیەك دەستیگرتوون لە ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی زۆرێك لە کایە فیکری و هونەری و فەلسەفیەکان، بەئاوایەکی دی هەتاوەکو نەیگونجاندبێت لەگەڵ خۆیدا رێگەی نەداوە بێتە ژورەوە ئەماش زۆربەی کات بە زەرەر و دەرەنگ کەوتنی هونەر کۆتایی هاتووە،

بۆیە ئەبینین فلیمێکی ناوازەی وەکو 'ریساله' کەس پشتگیری 'عەقادی' دەرهێنەری نەکرد هەتاوەکو 'قەزافی' پشتگیری کرد، بێگومان لەبەر دژایەتی ئەوانیتر ئەمیش پشتگیری کرد!

**٢ - تێگەیشتن 'ئەم':** هەر لەبەر ئەوەیە تێگەیشتن گرنگە بۆ بابەتە کلتوریەکان کە هەوڵی جیدی بدرێت بۆ بە کلتورکردنی سینەما و ژانەرە هونەریەکان. لە راستیشدا هەتاوەکو کۆمەڵگە رووبەڕووی گرفتی گەورەی فیکری نەبێتەوە دەرك و تێگەیشتن بۆ بابەتە کلتوریەکان نایەتە پێشەوە. لەگەڵ هاورێیەکم سەیری فیلمی( ١٢ Strong) (داونزە بەهێزەکە)مان کرد، کە باسی جەنگی ئەمریکا و ئەفغانستانی دەکرد لە دەسپێکی فیلمەکەدا کۆمەڵە سەربازە ئەمریکیەکان سەیری دیمەنی بەردبارانکردنی ژنێکیان دەکرد بە دەستی تیرۆرستانی تاڵیبان. لەوەگەڕێ کە ئیسلامیان کورتکردبوویەوە لە گروپێکی وەك ئەواندا! ئەو هەموو ناڕەوایەتیەی کە دابوویانە پاڵ دینی ئیسلام. هاورێکەم وتی گرنگ نیە تۆ و هاورێکانت لە هەژان تاچەند ئەخلاقی و مەعنەوین و چۆن بیر لە دینداری دەکەنەوە، چۆن دەتانەوێت مەعنەویەت بکەنە سەنتەری کارکردن. گرنگ ئەوەیە چونکە ئەو سینەمای هەیە بەیەك وێنە هەموو ئەوەی ئێوە هەوڵی بۆ ئەدەن دەیخاتە کەنارەوە. بۆیە "ئیدوارد سەعید" دەڵێت ئەمجۆرە تێگەیشتنانە 'شەڕی نێوان شارستانیەتەکان' دوورمان دەخاتەوە لە گفتوگۆی شارستانیەکان لە راستیدا ئەم بۆچوونانە مانفێستی جەنگن.

**بەرجەستەکردنی وێنەی پێغەمبەران، وێنەیەکی نەگۆڕ و هاوشێوەمان پێدەبەخشن کە رێگر دەبێت لەبەرامبەر ئەزموونی تاکی ئیمانداران.**

وڵاتانی دونیا بە شانازیەوە باسی سینەمایان دەکەن، لێرەوەیە بیریارێکی ئەمریکی دەڵێت بۆیە ئەمریکا بەهێزە و بێ رکابەرە سێ شتی هەیە یەکێکیان 'هۆڵیودە'(٢١).

چەندین رەهەندی دیکە هەن دەکارێت هەڵوێستەیان لەسەر بکرێت وەکو دیوی تەکنیکی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو کە لە بەردەستدانین و تاڕادەیەك بێتوێشوێن لە بارەیانەوە.

لەبەر رۆشنایی ئەو بابەتانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێن کە ئێمە سینەمای ئیسلامیمان نیە بەڵکو لێرە و لەوێ فیلمی دینمان بەرچاو دەکەوێت کە باسی ژیانی پێغەمبەران و چیرۆکی نێو قورئان و ژیانی هاوەڵانی نێردراوانی خودای تێدا بەرجەستەکراوە، یاخود چەند درامایەك کە باسی ژیانی زانا و بیریاران و عاریفانی تێدا بەرجەستەکراون. بە نموونە: فیلمی 'ریسالە'، کە باسی ژیاننامە 'سیرە'ی پێغەمبەری خودای دەکرد، یەکێك بوو لە شاکارە ناوازەکان لە ساڵی ١٩٧٦ لەلایەن عەقادەوە دەرهێنانی بۆکرا، هونەرمەندی بەناوبانگ

'ئەنتۆنی کوین' دەوری حەمزەی مامی پێغەمبەری بینی، تائێستاش بە یەکێك لە هەرە فیلمە ژیاننامەیە باشەکان هەژمار دەکرێت لەسەر ئیسلام کە بە تەکنیك و ئیمکانیاتێکی کەم بەرهەمهاتووە. ئەم فیلمەش کارەکتەری پێغەمبەری خودای بەرجەستە نەکرد بوو لەبەر گرفتی فیقهی و ترسی رەخنەگرتن. لە راستیدا چەندین بۆچونی جیاواز هەیە لەسەر پیشاندان یاخود پیشاننەدانی کارەکتەری پێغەمبەران لە فیلم و دراماکاندا. بۆچونێکیان دەڵێت دەموچاوی پێغەمبەر کەسێکی نەفرەت لێکراوی وەك ئەبوجەهل بینێویەتی بۆ ئێمە نەیبینین، بۆیە گرفتێك نابینەوە لە بەرجەستەکردنی کاراکتەری پێغەمبەران.

هەندێکیشیان ئەڵێن پێویستە بەرجەستە نەکرێت چونکە دواجار وێنەیەکی نەگۆڕ و هاوشێوەمان پێدەبەخشێت ئەگەر بەرجەستە بکرێت بەوەش خەیاڵیمان سنووردار دەکرێت. بەشێکی زۆری رەخنەگرەکان دەبێژن دەکارێت بەرجەستە بکرێت وەك تێپەڕاندنی ئەو کۆت و بەربەستانەی کە بەسەر هونەرەوەن لە نێو ئایینەکاندا. لەراستیدا، ئەم گرفتە بەتەنها تایبەت نیە بە کارەکتەری ناو دینەکان بەڵکو زۆرێك لە رۆمان نووسە گەورەکانی دونیاش رێگە نادان رۆمانەکانیان بکرێت بە بەرهەمی سینەمایی، بۆ نموونە، گابریێل گارسیا مارکیز یەکێکە لەوانەی زۆر پێی خۆش نیە رۆمانەکانی بکرێن بە فیلم، ئەو دەڵێت کاتێك کەسێك رۆمانەکانم دەخوێنێتەوە ئەزموونێکی تاکی دروست دەکات کە جیاوازە لە کەسێکی تر، خۆی وێنەکان بەپێی زیهنیەتی خۆی دروستدەکات، بەڵام کاتێك دەرهێنەرێك دەیکاتە فیلم وێنەکانی ئەو دەبنە دوایین وێنە و چیدی ئێمە ناتوانین لە دەروەی گرتەکانی ئەو لە فیلمەکە بڕوانین.

پاشان درامای 'یارانی ئەشکەوت' کە لە سورەتی 'الکهف' ی قورئانی پیرۆز وەرگیرابوو، کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئیمانداران هەبوو.

یەکێکی تر لەو شاکارانە درامای 'حەزرەتی یوسف' بوو، گەرچی بۆ زۆرێك لە بینەرانی شاکارێکی سینەمایی گرنگ بوو، بەکارهێنان و تەوزیفکردنی عیشقێکی پاکی عیرفانی و سوودبینین لە شیعرەکانی مەولانا بۆ پیشاندانی دیوە ئەخلاقی و عیرفانیەکەی سورەتەکە. بەڵام بۆ من لەو کاتەوەی ئەو درامایەم بینیوە هەرکات گوێم لە "سورەتی یوسف" دەبێت ناتوانم ئەو درامایە و کارەکتەرەکانی لەبیرکەم، یوسفێك! یەعقوب گوتەنی ئاوێنەی جوانی خودا بوو، بوو بە یوسفێك کە پیاوێکی سیما جوانی شۆخ و شەنگە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە کارێکی نەمری سینەمای ئێرانی دەمێنێتەوە.

فیلمی 'محمد' پێغەمبەری خودا، لە دەرهێنانی 'مەجیدی مەجیدی' کە بەیەکێك بە گەورەترین سینەماکارە ئێرانیەکان دادەنرێت، وێنەگرتنی لە لایەن 'ڤیتۆرۆ ستۆرۆ' لە کاریگەرتین وێنەگرە سینەمایەکانی جیهانە. میوزیکی لە لایەن 'رەحمانی' میوزیسیانی هیندی بۆکراوە کە خاوەنی خەڵاتی ئۆسکاوە.

بە فیلمکردنی کەسایەتیەکی وەکو پێغەمبەری ئیسلام لەلایەکەوە بەراستی سەرکەشانەیە و لەلایەکی ترەوە چێژبەخشە، چونکە ژیانی کاریزمایەکی وەکو پێغەمبەری خودا ئاسان نیە بە چەند کاتژمێرێك بەرجەستەی بکەیت و جێگەی رەزامەندی ملیار و نیوێك زیاتری موسڵمانان بێت. لە دیوێکی ترەوە چیرۆکێکی ناوازەی وەکو ژیانی پێغەمبەر خۆی بۆخۆی شاکارە، وەك ئەوەی لە شاکار، شاکار بخولقێنێت.

ئەگەرچی فیلمەکە لە رووی تەکنیکی و وێنەگرتن و میوزیکەوە بەراستی لەوپەریدا بوو، بەڵام نەیتوانی بوو دیوی گەردونی پێغەمبەر پیشان بدات جێگەی رەزامەندی مسلمانان بێت، لە بری ئەوەی لە نێو ژیاننامەکەیدا ئەو ئەزموونە دینی و رۆحیە بگوازێتەوە کە تائێستاشی لەگەڵابێت زۆربەی فەیلەسوفانی جیهانی بۆخۆی کەمەندکێشکردووە، کاری لەسەر دیوی بە ئەفسانەکردنی رووداوەکانی مێژووی محەمەد 'د.خ' کردبوو. دەبوایە لە کەشفی جیهانی غەیبەوە بهاتایەتەوە و لە جیهانی شەهادەتدا نومایانی بکردایە. فیلمەکەی کورتنەکردبایەتەوە لە کێشمە کێشمی دوو بنەماڵە 'بەنی هاشم و بەنی ئومەیە'. ئەگەرچی گرتەکانی بێئەندازە ناوازەبوون لە رووی سینەماییەوە بێگومان میوزیکیش هاوکاربوون بۆ بەرجەستەکردنی وێنە ناوازە و ئەو چێژە ئێستاتیکیەی کە لە فیلمەکەدا هەبوون. وەکو ئەوترێت چاومانی تێرکرد بەڵام دڵمانی شکاند. لەگەڵ ئەوەی چەندین رەخنەی لێگیراوە بەڵام بە بڕوای من لە شاکار بوونی ناخات، بەهیوام بە فیلمکردنی بابەتە دینەکان ببێتە کلتور لە نێو فەرهەنگی هونەری و دینی ئێمەدا(٢٢).

## لە هونەری هاوچەرخدا تێگەیشتن سەنتەرە، کلیلی هزرە. هونەری هاوچەرخ بەتەنها یەك بابەت نیە، هەروەها هەموو شتێکیش نیە گشت هونەرمەندەکان بگرێتەوە.

### هونەری هاوچەرخی ئیسلامی:

" لە هونەری هاوچەرخدا کۆنتێکست هەموو شتێکە' هیقد ئێبەرت

بەرلەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە لە پێشەکی ئەم بابەتەدا ئاماژەمان بۆکرد کە ئایا شتێك هەیە پێی بوترێت هونەری هاوچەرخی ئیسلامی؟ پێویستە بەرچاوروونیەکمان هەبێت لە بارەی هونەری هاوچەرخ و پاشان ئەم هونەرەی ئەمرۆکە دەگوزرێت بەناوی هونەری ئیسلامی هاوچەرخ چیە؟ و شوێن و پێگەی لە نێو رەوتە گشتیەکە لە کوێدایە؟

هونەری هاوچەرخ بەتەنها یەك بابەت نیە، هەروەها هەموو شتێکیش نیە گشت هونەرمەندەکان بگرێتەوە. هونەری هاوچەرخ هونەرێکە هاوسەردەمە لەگەڵ چەندین شێوازی هونەری تر کە جیاوازن لەیەکتری. جیهانبینیەکە گرنگی بە لایەنی عەقڵی هونەر دەدات، واتە کۆنسێپتی کارە هونەریەکە گرنگترە لە هەر

شتێکی تر لە نێو کۆنتێکستی هاوچەرخدا. ڕەوتە هونەریە هاوچەرخەکان تێگەیشت (فهم) سەنتەرە، کلیلی تێگەیشتن هزرە. زۆربەی رووگە هونەریە هاوچەرخەکان پرسێك دەوروژێنن و لە ڕێگەی ئەو پرسەوە پەیام و ماناکانی خۆیان دەگەیەنن. ئینجا ئەو پرسانە، پرسی: 'ئەخلاقی، ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، ناسنامە، فیمنیزمی،...'.

لەم چەند دەیەی دواییدا پرسی هونەری ئیسلامی هاوچەرخ، کە لەلایەن هونەرمەندانێك کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستەوە هاتوون یاخود ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆی، بۆتە جێگەی مشتومری مێژووناسان و ڕەخنەگرانی هونەر. ئەو هونەرمەندانەی سروش لە کلتوری نەریتی و فەرهەنگی ئایینی خۆیان وەردەگرن، زۆر ئارەزوومەند نین کە هونەری ئیسلامی زیندوو بکەنەوە و لە پاشخانە مەعریفیەکەی ئیلهام وەرگرن، چونکە هەندێکیان دیندار نین بەڵام بەو شێوە کەسیەی کە خۆیان دەیانەوێت لە هەوڵی بەرجەستە کردنی بابەتەکاندان کە لینکێك دروستبکەن بگەڕێتەوە بۆ هونەری ئیسلامی.

بۆ نموونە زۆر بەیان جەخت لە خۆشنووسی ئیسلامی دەکەنەوە پیتە عەرەبیەکان بەکاردەهێنن، لە وانە 'عەلی عومەر' کە پیتەکان لە شێوەی نیگارکێشانی گەورە دەکێشێت، لە بری قامیش فلچەی گەورە بەکاردەهێنێت. یاخود بەکارهێنانی پیتەکانی سەرەتای چەند سورەتێکی قورئانی پیرۆز، کە گوایە ماناکانیان زۆر رون نیە و خودا قورئانی لێ پێکهێناوە. هەروەها 'شیرین نەشئەت' کۆمەڵێك شیعری شاعیران لە سەر فۆتۆی کەسایەتی خۆی دەنووسێت و بە تفەنگێك دەموچاری دەکات بە دوو بەشەوە وەك جیاوازی کلتوری تێڕوانین بۆ ئافرەتان، شیرین بە کارەکانی ڕەخنە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەگرێت لە بنینە نەرێنیەکانیان بۆ پرسی خانمان بەتایبەتیش لە ئێراندا. هەروەها خانمە هونەرمەندی مۆرۆکۆیی 'لەیلا ئەسەدی' ئیلهام لە تابلۆ موستەشرەقینکان وەردەگرێت و لە سەر کۆمپۆزشنی خۆی سەرلەنوێ بە خۆشنووسی عەرەبی لە سەریان دەنووسێت. یان 'ئەحمەد مەتەر'شەشپاڵوێکی رەش لە شێوەی کەعبە دادەنێت بە موگناتیس دەورەی دەگرێت، کە باس لە کاریگەری حەج دەکات کاتێك حاجیان دێنەوە دەڵێن کە ماڵی خودا هێزی راکێشانی هەبوو. چەندین هونەرمەندی تر کە بەکاریگەری کلتوری خۆیان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسە هونەریەکانیان دەوروژێنن و ڕەنگدانەوەیەکی باشی ئەو دۆخەن کە دەگوزەرێت(٢٣).

لە راستیدا ئەو هونەری کە ئێستا دەگوزەرێت سەر بە ئەوروپایە و پێگە فیکری مەعریفیەکی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کەم تازۆر خاوەنی یەکەمن. گەرچی باسی ئەوە دەکرێت هونەری هاوچەرخ سەنتەری نیە و لەیەککاتدا لەگشت جیهاندا دەکرێت، هیچ شوێنێك خاوەنی راستەقینەی نیە. بۆ ئەوەی ئێمە هونەری تایبەت بە خۆمان ببێت پێویستە پشتێنەیەکی مەعریفی پشتگیری دۆزەکەمان بکات، ریشەکەی لە نێو کلتوری خۆمانەو سەرچاوەی گرتبێت، روونیشە وەها شیمانەیەك لە ئێستادا لە گۆڕێ نیە.

ئەم بابەتە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە لێرەدا ئاماژەمان بۆکرد، خودایار بێت لە دەرفەتێکی تردا بۆی دەگەڕێینەوە. لە کۆتاییدا دەبێت گۆڕانێکی

ریشەی و فەرهەنگی لە نێو کۆمەڵگەی دیندا روو بدات، بەتایبەت کۆمەڵگە ئیسلامیەکان بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی سەردەمیانەمان هەبێت بەرامبەر بە هونەر و ژانەرە کلتوریەکانی تر کە کاریگەری و جێکەوتی گەورەیان لە سەر رەوشی دینداری ئێمە دەبێت. 'مستەفا مەلەکیان' گەورە بیریاری ئێرانی دەبێژێت: بۆ ئەوەی ئەو گۆرانکاریەش روو بدات لە هەریەك لە کایەکانی کۆمەڵگە و مەعریفەشدا دەبێت لە تاکەوە دەستپێبکەین، واتە دەبێت تاکە بە تاکەی کۆمەڵگە بگۆردرێن، نەك دامەزراوەکان. کە تاکەکانیش گۆران دەبێت فەرهەنگیان بگۆرن نەوەك شارستانیەتیان. واتا دەبێت ناوەوەیان بگۆرن نەك دەرەوەیان، ناوەوەشیان دەبێت سێ شت گۆرانی بەسەردا بێت ئەوانیش: "هەست و سۆزیان، بیر و باوەڕیان، داخوازیەکانیان". ئەو کاتە دەتوانین بە کۆمەڵگەیەکی مەعنەوی و فەرهەنگ سەنتەری خۆمان ناوزاند بکەین(٢٤).

"تەنها هەر ئەوە سەرچاوەی عیشق و مەعنەویەت، سەرکەوتنیش هەرلەوەوەیە!'

**شاعیرەکانی کورد ئەزموونی مەعنەوی و ئیمانی خۆیان لەنێو هۆنراوەکانیاندا بەیانکردوە و ئەزموونی رۆحی هەریەکەیان لەنێو شیعرەکاندا پیشاندەری فیکری خۆیان و سەردەمەکانیانن.**

**لە راستیدا ئەو هونەری کە ئێستا دەگوزەرێت سەر بە ئەوروپایە و پێگە فیکری مەعریفیەکەی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کەم تازۆر خاوەنی یەکەمن. گەرچی باسی ئەوە دەکرێت هونەری هاوچەرخ سەنتەری نیە و هاوکات لەگشت جیهاندا دەکرێت، هیچ شوێنێك خاوەنی راستەقینەی نیە. بۆ ئەوەی ئێمە هونەری تایبەت بە خۆمان هەبێت پێویسە پشتێنەیەکی مەعریفی پشتگیری دۆزەکەمان بکات، ریشەکەی لە نێو کلتوری خۆمانەو سەرچاوەی گرتبێت.**

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١). Titus Burckhardt، Art of Islam: Language and Meaning، ٢٠٠٩

٢). Seyyed Hossein Nasr، Islamic Art and Spirituality، ١٩٨٧

٣). عبدولکەریم سروش، شەوێك لەگەڵ خۆردا – راڤەی دیوانی شەمس، وەرگێرانی: موسعەب ئەدهەم.

٤). تەحسین حەمەغەریب، رۆحناسی، ٢٠١٠.

٥). Rumi، the wheeling of dervish، documentary.

٦). قورئانی پیرۆز، سورەتی البقرە، ئایەتی ١١٥.

٧). هەمان سەرچاوەی '٥'.

٨). Seyyed Hossein Nasr،. Islamic Spirituality and needs humanity today، ٢٠١٤

٩). تەحسین حەمەغەریب، فەلسەفەی هونەر ، ئەوانیش بریتین لە'ئامێری میوزیکی، کتێب، سروشت' بڵاونەکراوە.

١٠). Arash Naraqhi، Rumi's Religion of Love، ٢٠١١

١١). هەمان سەرچاوەی '٨'.

١٢). هەمان سەرچاوەی '١٠'.

١٣)- Seyyed Hossein Nasr، The Heart of Islam،

١٤). Call to Prayer BBC، documentary، ٢٠١٢.

١٥). Roger Scruton، Why Beauty Matters، ٢٠٠٩.

١٦). Seyyed Hossein Nasr، Islamic Spirituality and needs humanity today، ٢٠١٤

١٧). دیوانی مەحوی، مامۆستا مەلا عەبدولکریم مودەریس.

١٨). تەحسین حەمەغەریب، (ئەدەب وەک رزگارکەر، بابەتەگوتار).

١٩). سەرچاوەی ژمارە '٣'.

٢٠). Alan Baduo، Cinema and Philosophy.

٢١). 'سەرباز، بازرگانی، هۆلیود'.

٢٢). چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی سپێدە لەسەر فیلمی 'محەمەد، پێغەمبەری خودا، بە میوانداری م.تەحسین حەمەغەریب و کارزان احمد.

٢٣). Islamic Art Now، contemporary art of the middle east.

٢٤). مستەفا مەلەکیان، بە شوێن ئاوازی حەقیقەتدا، و: فەیسەڵ ئیبراهیم وەلی، بڵاونەکراوە.



ئارشی نەراقی- یاسین حەمەسەعید

# دیموکراسی و بابەتی مافە گروپییەکان*

ن: ئارەشی نەراقی

و: یاسین حەمەسەعید

(١)

گوتاری دیموکراسیخوازی و بەرگریکاری لە مافەکانی مرۆڤ زیتر لە روانگەی مافە تاکەسیەکانی هاولاتیانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە بووە. بەڵام ئەم گوتارە بەبێ باسکردن لەبارەی جۆرەکانی مافە گروپیەکانەوە بە ناتەواو دێتە بەرچاو. یەکێک لە گرنگترین هەبووە دەرەکیەکانی مافە گروپییەکانە لە جیهانی ئەمرۆدا، مافێکە لەبارەی گەل و نەتەوە جیاوازەکان کە لەگەڵ یەکتر لە ژینگەیەکی سیاسی و یاسایی یەکگرتوودا پێکەوە دەژین.

هەوڵی من لەم نووسینەدا بۆ ئەوەیە کە بابەتی مافە گروپیەکانی ئەم گەل و نەتەوانە لە چوارچێوەی گوتاری مەزنتر لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی بخەمە بەر لێکۆڵینەوە، و دواجاریش هەڵێنجاندن بکەم کە دیموکراسی دادپەروەرانە بەبێ دانان بە مافی گروپیەکان بە تایبەتی بۆ ئەو گەل و نەتەوانە نایەتەدی.

(٢)

گرنگترین پێشگریمانە سەرەتاییەکانم لێرەدا ئەوەیە کە (یەکەم)، سیستمە یاسایی و سیاسیەکان لە ئاستی نەتەوەیی و نێو نەتەوەیی لەکاتێدا خودان شەرعیەتن کە لە سەر بنەما ئەخلاقیە بەرگری لێراوەکان بونیات نرابن، و (دووەم)یش گرنگترین فەزیلەتی ژیانی پێکەوەیی و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان پەیوەستە بە

پابەندبوون بە بنەڕەتی دادپەروەریەوە. پێداویستی پێشگریمانەی دووەم ئەوەیە کە دامەزراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و یاساییەکان و ... هتد، کە لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا لەکاتێکدا شەرعیەتیان هەیە کە دادپەروەرانە بن، و ئامانجی سەرەکیان پاراستن و چەسپاندنی دادپەروەری بێت. کەواتە خودان شەرعیەتبوونی دەوڵەتەکان لە سەر ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا لە سەر بنەمای رادەی پابەندبوونی ئەوان بە پێداویستیەکانی بنەڕەتی دادپەروەریەوە دیاری دەکرێت.

بەڵام سیستمی مافی نێودەوڵەتی لە رۆژگاری ئێمەدا زۆرتر لەسەر بنەمای دابینکردن و چەسپاندنی ئاشتی رێکخراوە نەوەک هێنانەکایەی دادپەروەری. واتە ئامانجی سەرەکی ئەم سیستمە یاساییە هێنانەدی ئاشتی و ئارامی سەرچاوەگرتوو لەوەوەیە. لەم روانگەشەوەیە کە لە سیستمی مافی نێودەوڵەتیدا هەر دەوڵەتێک کە بتوانێت لە چوارچێوەی دەسەڵاتیدا دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت و هاونیشتمانیانی ناچار بە ملدان و ملکەچی بکات، و لەم رێگەشەوە رێکخستن و جێگیری رێژەیی لەو قەڵەمڕۆیەدا دابین بکات، ئیدی بە دەوڵەتی شەرعی دادەنرێت و دەوڵەتمەدارانیش ئەو مافەیان دەستدەکەوێت کە بە نوێنەرایەتی لە هاونیشتمانیان لە سەر شانۆی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا ببنە لایەنێک بۆ گرێدانی رێکەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان. بەواتایەکی تر لە چوارچێوەی سیستمی یاسایی ئەم رۆژگارەدا، شەرعیەتی دەوڵەتەکان بەگشتی لەسەر دەسەڵات پێناسە دەکرێت.

بەڵام لە مۆدیلی عەدالەت سەنتەردا، ئامانجی سیستمی یاسایی و سیاسی نێودەوڵەتی دابینکردن و چەسپاندنی دادپەروەریە. لەم مۆدیلەدا ئامانجی سەرەکی ئاشتی نیە، بەڵکو ئاشتی دادپەروەریانەیە. لە چوارچێوەی ئەم مۆدیلە، بە تەنیا توانینی سەپاندنی دەسەڵات و هێنانەدی ئارامی و جێگیری، شەرعیەت بە دەوڵەت نادات. لێرەدا، دەوڵەتی خودان شەرعیەت دەبێت بەلانی کەمەوە سێ مەرجی سەرەکی هەبێت:

**یەکەم:** ئەم دەوڵەتە دەبێت لە رێگەی جۆرێک لە سیستمی راوێژکاری پانۆرامایی و بەرژەوەندی گروپە جۆراجۆرەکان لە چوارچێوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا نوێنەرایەتی بکات. و بۆیە هێزی خۆی لەسەر بنەمای رێکەوتنی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی هاونیشتمانیان بە شێوازێکی ئەخلاقیانە بچەسپێنێت.

**دووەم:** ئەو ئاسایش و ئارامیەی کە دەیخولقێنن دەبێت دادپەروەرانە بێت، واتە لەناویدا، بەلانی کەم مافە سەرەکیەکانی هەموو هاونیشتمانیان رەچاو بکرێت و رێزی لێبگیرێت و هەلی سوودوەرگرتن لە ناوەڕۆکی ئەو مافانە بۆ هەموو هاونیشتمانیان بە یەکسانی دابین بکرێت و گەرەنتی کرا بێت.

**سێیەم:** لە سەر شانۆی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیش وەک دەوڵەتێکی هێرشکار نەناسێنرێت، واتە دەستدرێژی نەکاتە سەر مافی سەروەری سیاسی دەوڵەتە شەرعیەکانی تر. لە چوارچێوەی مۆدیلی عەدالەت سەنتەردا شەرعیەتی دەوڵەت سەرچاوەی لە هێز و دەسەڵاتەوە نەگرتووە. بەڵکو لە (اقتیدار)ەوە سەرچاوەی گرتووە. لە دەوڵەتی خودان شەرعیەتدا، دەوڵەت خاوەنی ئیقتیدارە نەوەک خاوەنی هێز و دەسەڵات.

کەواتە لە چوارچێوەی مۆدیلی عەدالەت

**یەکێك لە گرنگترین مافە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی مرۆڤەکان، مافی بەشداری کاریگەری ئەوانە لە بڕیار و سیاسەتکردن، کە لەسەر ژیانیان (بەتایبەتی لایەنی ئاسایش و بژێویان) کاریگەری تەواوی دەبێت.**

**هەوڵی من لەم نووسینەدا بۆ ئەوەیە کە بابەتی مافە گروپییەکانی ئەم گەل و نەتەوانە لە چوارچێوەی گوتاری مەزنتر لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی بخەمە بەر لێکۆڵینەوەوە.**

سەنتەریدا، سیستمی سیاسی و مافی دادپەروەرانە لەوانە پارێزەری مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤەکانی ژێر دەسەڵاتەکەی خۆیەتی. بەواتایەکی تر، دابینکردن و هێنانەکایەی مافەکانی مرۆڤ مەرجی پێویست و سەرەکیە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی. سیستمێک کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ بە شێوازێکی بەرفراوان و بە سیستەم پێشێل دەکرێت، نادادپەروەرانە و بۆیەش شەرعیەتی نابێت.

یەکێک لە گرنگترین مافە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی مرۆڤەکان، مافی بەشداری کاریگەری ئەوانە لە بڕیار و سیاسەتکردن، کە لەسەر ژیانیان (بەتایبەتی لایەنی ئاسایش و بژێویان) کاریگەری تەواوی دەبێت(١). لە ڕاستیدا "مافی بەشداریکردنی کاریگەر" دەبێت بە دڵی "مافی دیاریکردنی چارەنووس خود" بزانرێت. مرۆڤ ناتوانێت چارەنووسی خۆی دەست نیشان بکات گەرنا بتوانن لە پرۆسەی بڕیاردان و سیاسەتدانانداندا کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر ژیانیان دەبێت، بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەشداری بکەن.

(٣)

لەم سەردەمەی ئێمەدا دیموکراسی یەکێک لە گرنگترین و ویستراوترین شێوەکانی دابینکردنی و هێنانەکایەی "مافی بەشداریکردنی کاریگەر" یان "مافی دیاریکردنی چارەنووسی خود"ە. کەواتە، دیموکراسی خوازیاری خۆیی نیە، خوازیاریەکەی لەو ڕووەوەیە کە دەتوانێت بە بەراوردکردن لەگەڵ مۆدیلەکانی تری ئەلتەرناتیڤ بە شێوەیەکی کاریگەرتر مافە بنەڕەتیەکانی هاونیشتمانیان دابین بکات و بهێنێتەدی، و لەم ڕووەوە بۆ هاتنەکایەی دادپەروەری لە ناخی کۆمەڵگەدا هاوکار بێت. کەواتە، خوازیاری دیموکراسی لە ئەگەری بوونی خوازیاری دادپەروەریدایە.

بەڵام بۆ دیموکراسی بەلانی کەمەوە دوو جۆر خوێندنەوە و تێگەیشتن هەیە:

**خوێندنەوەی یەكەم** دەتوانرێت بە "خوێندنەوەی رۆتینی" ناوببرێت. لەم جۆرە لە تێگەیشتن و خوێندنەوەیە بۆ دیموكراسی، دیموكراسی زیاتر لەسەر بنەمای سیستمی هەڵبژاردن و سیستمی دەنگدان پێناسە دەكرێت. بە واتایەكی تر، بە گوێرەی ئەم تێڕوانینە، سیستمی دیموكراسی سیستمێكە كە تێیدا هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجام دەدرێت و دەنگی زۆرینە دەبێتە بنەمای بڕیاردان سیاسەت و دواجاریش دەبێتە داوەرێك بۆ چارەسەری كێشەگەلی گشتیش. بەڵام ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ دیموكراسی لە رووی ئەخلاقیەوە ناكرێت بەرگری لێبكرێت. دەنگی زۆرینە بە تەنیایی بەس نیە بۆ ئەوەی لە رووی ئەخلاقیەوە رەوایی بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری گشتی بدرێت. گەورەترین مەترسی لە مجۆرە خوێندنەوە لە دیموكراسی ئەوە كە هەندێك جار بە "دیكتاتۆری زۆرینە" ناوی دەبرێت.

**خوێندنەوەی دووەم** لە دیموكراسی هەوڵ دەدات بەسەر كەموكورتی و مەترسیەكانی خوێندنەوەی رۆتینیدا زاڵ ببێت. بە گوێرەی خوێندنەوەی دووەم، سیستمی دیموكراسی سیستمێكە كە بەلانی كەمەوە ئەم سێ مەرجەی خوارەوەی هەبێت.

**مەرجی یەكەم: سیستمی دیموكراسی سیستمێكە پێویستی بە لۆژیكی گفتگۆی عەقلانیە لە كاروباری گشتیدا.** بەواتایەكی تر، لە سیستمی دیموكراسیدا سیستمە ئەخلاقی و كۆمەڵایەتی و یاساییەكان بەجۆرێك رێكدەخرێن كە شیمانەی گفتگۆی عەقلانی لە بواری كاروباری گشتیدا تێدا هەبێت. لێرەدا وا دادەنرێت كە خواست و هزری گشتی لە چوارچێوەی گفتگۆیەكی عەقلانی گشتیدا بە باشترین شێوە دەردەكەون. كەواتە لە ناواخن و چوارچێوەی سیستمێكی دیموكراتیدا:

١). هەموو هاونیشتمانیان و گروپە كۆمەڵایەتیەكان خاوەنی دەنگن.

٢). هەموو دەنگەكان لە هەموو بوارە گشتیەكاندا دەبیسترێن.

٣). هەموو دەنگەكان دەتوانن كاریگەریان لەسەر چارەنووسی بواری گشتی هەبێت.

**مەرجی دووەم: پابەند بوونە بە رێسای زۆرینەوە.** لە چوارچێوەی راجیاوازیە بێكۆتاكانی بواری گشتی، پێداویستیە كرداریەكان وا پێویست دەكەن كە لە پلەی كرداردا، واتە لە پلەی بڕیاردان و سیاسەت دارشتندا و تەنانەت جێبەجێكردنیشدا، رێسایەكی یەكلاكەرەوە لە ئارادا بێت. لە سیستمی دیموكراتیدا ئەم رێسایە "رێسای زۆرینە"یە. هەڵبەت رێسای زۆرینە بە تەنیا یەكلاكەرەوەیە لە پلەی كردار و جێبەجێكردندا نەوەك لە پلەی رەخنە و تانەلێدان و لێكۆڵینەوەدا.

**مەرجی سێیەم: بەڵام رێسای زۆرینە دەبێت بە كۆتێك پابەند كرابێت:** ئەویش پاراستنی مافەكانی كەمینەیە. بە واتایەكی تر زۆرینە ناتوانێت/ نابێت یاساگەلێك لە بواری گشتی دابنێت كە مافە بنەڕەتیەكانی كەمینە (بۆ نموونە مافی ئەوان بۆ ئەوەی بتوانن ببنە زۆرینە) پێشێل بكات. چونكە بە گوێرەی مۆدیلی عەدالەتسەنتەر دەوڵەت بۆ دابینكردنی دادپەروەری دامەزراوە، و شەرعیبوونیشی لە جێبەجێكردنی پێداویستیەكانی دادپەروەریەوەیە، (لەوانە دابینكردن و چەسپاندنی مافە بنەڕەتیەكانی سەرجەم

**زۆرینە ناتوانن هیچ یاسا یان ڕێسایەك لە بواری گشتیدا بسەپێنێت کە دەرەنجامەکەی پێشێلکردنی مافە سەرەکیەکانی گروپێك لە هاونیشتمانیانی ئەو کۆمەڵگەیە بێت.**

هاونیشتمانیان)ە. کەواتە دەوڵەتێک کە بە هەر شێوازێک (لەوانە بە گوێرەی دەنگی زۆرینەی گەل) مافە بنەڕەتیەکانی هاونیشتمانیانی یا (گروپێک لە هاونیشتمانیان) پێشێل بکات، ئەوا لەسەر لق و پۆپی دارێک دانیشتووە و قەدەکەشی دەبڕێتەوە، واتە هۆکاری بوونی و بنەمای شەرعی بوونی خۆی پێشێل دەکات. کەواتە، دەنگی زۆرینە تەنیا لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ ئیعتیباری هەیە و بەڵگەدارە. زۆرینە ناتوانن هیچ یاسا یان ڕێسایەک لە بواری گشتیدا بسەپێنێت کە دەرەنجامەکەی پێشێلکردنی مافە سەرەکیەکانی گروپێک لە هاونیشتمانیانی ئەو کۆمەڵگەیە بێت.

بەڵام تەنانەت ئەم مۆدیلە لە دیموکراسیەش بەدەر لە کەموکورتی نیە. یەکێک لە گرنگترین گرفتەکانی مۆدیلی دووەم دیاردەیەکە کە دەتوانرێت بە "گرفتی کەمینە هەمیشەییەکان" ناو ببرێت. لە گەلێگ لە نموونەکاندا چەند کەمینەیەک بوونیان هەیە کە تاڕادەیەک روونە هەرگیز ناتوانن ببن بە زۆرینە، و کەواتە، ئەم کەمینانە هەرگیز لە رێی سیستمی دەنگدانەوە ناتوانن بگەن بە هەندێک لە خواستە سەرەکیەکانیان کە بۆ ئەوان گەلێک بەبایەخە. هەڵبەتە بە گوێرەی مۆدیلی دووەم، مافە بنەڕەتی و سەرەکیەکانی ئەم کەمینەیە ڕێزیان لێدەگیرێت و رەچاو دەکرێن، بەڵام دەتوانرێت شیمانەی ئەوە بکرێت کە لە سیستمی بەها باڵاکانیاندا هەندێک لە کاروبارەکان ئەگەرچی لە هەبووە دەرەکیەکانی مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ و شارۆمەندی نیە، بەڵام پاراستنیان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و بۆ نموونە، دەبێتە هۆی پاراستن و بەردەوامبوونی شوناسی کلتوری، ئایینی، یا سیاسی تایبەت بەمان کە وەک گروپێک دێنە هەژمار. ئایا لە هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا زۆرینە لە هەمبەر ئەم "کەمینە هەمیشەییە" بەرپرسیارێتی تایبەتی هەیە؟ بەڕای بەندەوە وەڵامەکە ئەرێنیە.

لە هەلومەرجێکدا کە بەشێک لە بەها سەرەکیەکانی کەمینەیەکی هەمیشەیی، بەهۆی کەمینەبوونەوە، بەردەوام لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدایە و هیچ گرەنتیەک نیە کە ئەو بەهایانە لەبەرامبەر هەڕەشە و مەترسیەکانی دەنگی زۆرینەوە پارێزراو بێت یان ڕێزی لێبگیرێت. زۆرینە ئەرکی سەرشانیەتی ڕێگاچارەیەک بگرنەبەر تا ئەو بەهایانە (بەلانی کەمەوە تا ئەو شوێنەی بە ژیانی ئەو کەمینەوەیە پەیوەستە) پارێزراو و ڕێزلێگیراو بێت. بۆ نموونە، دەگونجێت پێویست بێت کە لە دەقی یاسای گشتی وڵات و دەستوردا بەو کەمینانە چەند مافێکی تایبەت بدرێت تا بە هۆیەوە بتوانن بەشێک لە بەها بنەڕەتیەکانی خۆیان (کە مەرج نیە لە هەبووە درەکیەکانی

مافە سەرەکیەکانیان بێت) لە دەست پێگەشتنی مەترسی دەنگی زۆرینە بپارێزرێت. هەڵبەتە لێرەدا رادەی پێدانی ئەو مافانە، مافەکانی مرۆڤ دەستنیشانی دەکات، واتە تەنیا ئەو دەستە لە بەها بنەڕەتیەکانی کەمینە هەمیشەییەکان دەتوانن ئەم مافە تایبەتەیان هەبێت کە نەبنە هۆی پێشێلکردنی مافە سەرەکیەکانی مرۆڤەکانی تر.

بەواتایەکی تر، وا دێتە بەرچاو کە مۆدێلی دووەمی دیموکراسی، مافە تاکەکەسیەکانی هاونیشتمانیان وەکو سیفەتێکی تاکەکەسیان دابین بکات و بیسەلمێنێت، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە بەشێک لە مافە گروپیەکان هەستیاریەکی ئەوتۆ پیشان نەدات.

لێرەدا مەبەستی من لە "مافی گروپی" ئەو مافانەیە کە بەلانی کەمەوە یەکێک لەم سێ مەرجەی خوارەوەی هەبێت:

١). خاوەنەکەی تاک نەبێت بەڵکو گروپ بێت.

٢). میکانیزمی بە دەستهێنان یان لەکیسدانی ئەو مافانە تاکەکەسی نەبن، بەڵکو گروپی بن —واتە تاکەکەس بە سیفەتی تاک بوونی خۆی نەتوانێت داوای ئەو مافە بکات یان بیداتە کەسێکی تر، بەڵکو ئەم کارە بە تەنیا لە رووی گرووپەوە شیمانەی روودانی هەبێت، واتە گروپێک یان نوێنەرەکانی بن کە بتوانن هەڵگری مافە بێنە هەژمار.

٣). بنەمای بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەو مافە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تاکەکەسی نەبێت، بەڵکو بەرژەوەندی هەموو ئەندامان یان زۆرینەی گروپەکە بێت.

(٤)

یەکێک لە گرنگترین هەبووە دەرەکیەکانی ئەمجۆرە لە مافی گروپی، مافی تایبەت بە گەل و نەتەوانەن کە لە چوارچێوەی سنورێکی دیاریکراو و ژینگەیەکی یاسایی و سیاسیدا دەژین. لێرەدا مەبەستم لە "گەل" یان "نەتەوە" گروپێک لە مرۆڤەکانن کە خاوەنی زمان، دابونەریت، فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی هاوبەش و تایبەتی خۆیانن، و بەهاکانی خۆیان لە رێگەی ئەم چوارچێوانەوە دەخەنەڕوو و لەم رێگەشەوە بە ژیانی خۆیان شوناس و مانا دەبەخشن.

لە زۆربەی بارەکاندا ئەم گەل و نەتەوانە لە تەنیشت هاوبەشی و بەشداری کە لە کلتوری کۆمەڵگەی گەورەتر لە خۆیاندا هەیە، تایبەتمەندی کلتوری و شوناسی تایبەت خۆشیانیان هەیە. لە ئەدەبیاتی ماف سەنتەری هاوچەرخدا، یەکێک لە گرنگترین هەبووە دەرەکیەکانی مافی مرۆڤ بریتیە لە مافی گروپی ئەم گەل و نەتەوانە، بەڵام وەک سیفەتی تاکەکەسی ئەمان نا کە ئەندامێکە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، و نە بە سیفەتی نەتەوەیی ئەوانیش وەک ئەندامێک لە ستراکچەرێکی سیاسی و یاسایی یەکگرتوو، بەڵکو وەکو ئەندامێک لە "گەل"ێک یان "نەتەوە"یەک کە شوناسی خۆی بۆ نموونە لەسەر بنەمای تایبەتمەندی کلتوری تایبەت و دیاریکراوی بە خۆی پێناسە دەکات.

تاکی مرۆڤ بە سیفەتی تاکبوونی خۆی تاڕادەیەک لە ئازادی و خاوەن ئیرادە و خاوەنی مافە، و میلەتێکیش وەک یەکەیەکی سیاسی و مافێکی یەکگرتوو و لەتنەکراو لە مافی

**مافی پاراستنی شوناسی کلتوری و فەرهەنگی". پاراستنی شوناسی کلتوری و فەرهەنگی لە راستیدا بۆ نۆژەنکردنەوەی "خود گروپی" و درێژەپێدان و بەرز ڕاگرتنیەتی.**

دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لە سەر شانۆی نێودەوڵەتیدا هەیە. لەسەر ئەم لێکدانەوەیەش، وا دێتە بەرچاو کە گەل و نەتەوانەی کە لە سنوورێکی دیاریکراوی سیاسی و یاساییدا گەورەتردا دەژین، بە سیفەتی گروپ بوونی خۆیان دەبێت تاڕادەیەک دەبێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان خاوەنی ماف بن تا بتوانن شێوازی ژیانی خۆیان بەجۆرێک کە لەگەڵ کلتوری و فەرهەنگی لۆکاڵی خۆیان رێکبخەنەوە، و لە رێی فەرهەنگ و شوناسەوە جیاوازی خۆیان بپارێزن. کەواتە، یەکێک لە گرنگترین هەبووە دەرەکیەکانی مافی گروپ یا کەمینە لە جیهانی ئەمڕۆدا، مافی گەلانە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا.

لێرەدا چەمکی "خود -یان خۆ" دەتوانرێت لە دوو ئاستەوە تێگەیشتنمان بۆی هەبێت:

**لە ئاستی یەکەمدا**، "خود -یان خۆ" تێڕوانینێکە بۆ تاکەکانی ئەو گەلە لە رووی سیفەتی تاکەسیەوە. لەو روانگەوە کە مەبەست لە "خود" تاکەکان بە سیفەتی تاکی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پەیوەستبوونە گروپیەکانیان بێت، دیموکراسیەکی دادپەروەرانە و پشت ئەستوور بە بە مافەکانی مرۆڤ دەتوانێت مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

بەڵام **لە ئاستی دووەمدا**، ئەو چەمکە تێڕوانینێکە بۆ تاکەکانی ئەو گەلە لە رووی سیفەتی گروپیەوە. لەم روخسارەی دیموکراسی پشت ئەستوور بە مافەکانی مرۆڤ (لەو مانایەوە کە مەبەست لە مافەکانی مرۆڤ "تاکەکان"ی مرۆڤ بن)، بۆ دەستەبەرکردن و هێنانەدی مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەو چەمکە بەس نیە. لێرەدا، دادپەروەری ئەوەیە کە سیستمی دیموکراسی جگە لە رێزگرتن لە مافە تاکەکەسی هاونیشتمانیان، مافی گروپی ئەوانیش وەک گروپێک بە فەرمی بناسێنێت. کەواتە، "مافی چارەی خۆنووسین" بۆ گەل و نەتەوانەی کە لە قەڵەمڕەویەکی سیاسی و یاسایی یەکگرتوودا دەژین دەبێت لەسەر دوو ئاست پێناسە بکرێن:

**ئاستی تاکەکەسی**، کە لەم رووەوە هیچ جیاوازیەک لە نێوان هاونیشتمانیاندا کە هاوڵاتین نیە.

**ئاستی گروپی**، کە لەم رووەوە گەل و نەتەوەکان بە سیفەتی گروپ بوونیان دەبێت خاوەنی مافگەلێکی تایبەت بن کە پێویستە لە رێی دەستەبەرکردنی مافە تاکەکەسیەکانی ئەو گەلە وەک هاونیشتمانیەک نایەتەدی.

لە ئاستی گروپیدا، "مافی چارەی خۆنووسین"ی گەلێک پێویستی بە دوو مافی تریشە:

**مافی یەکەم**، "مافی پاراستنی شوناسی

كلتوری و فەرهەنگی". پاراستنی شوناسی کلتوری و فەرهەنگی لە راستیدا بۆ نۆژەنکردنەوەی "خود گروپی" و درێژەپێدان و بەرز ڕاگرتنیەتی. کلتوری گەل رۆڵی گرنگی کە پێکهێنانی شوناس و مانابەخشین بە ژیانی گروپی گەل هەیە. لەوانە ئەو دەرەنجامانەن کە لە بە فەرمی ناسینی ئەم مافەدا، مافی خوێندنی رۆڵەکانی گەلەکەیە بە زمانی دایک. هەڵبەتە هەر کلتورێکیش شایانی مانەوە و پارێزگاری لێکردن نیە. کلتورەکان تا ئەو ئاستە رێزلێنراون کە مافە سەرەکیەکانی مرۆڤەکان بپارێزن و بەلانی کەمەوە لەگەڵ پێوەر و بنەماکانی دادپەروەریدا بگونجێن.

**مافی دووەم،** "مافی خۆبەڕێوەبردن"ە. لە مافە سەرەکیەکانی "خود گروپی" ئەوەیە کە بتوانن بە شێوازێکی کاریگەر لە دیاریکردنی چارەنووس و بەڕێوەبردنی ئەو کارانەی کە لەسەر ژیانی رۆژانەیان کاریگەری جیدی هەیە رۆڵی کاریگەریان هەیە. "مافی خۆبەڕێتی"، بەو واتایەیە کە گەل بە سیفەتی گروپ بوونی دەتوانێت ئایندەی "خود گروپی" خۆی بە شێوازەی کە لەگەڵ هەلومەرج و بەها تایبەتانەی ئەوان گونجاوە بڕیاری لێبدات. مافی خۆبەڕێتیش تا ئەو شوێنە رێگەپێدراوە کە مافە مرۆڤایەتیەکانی تاکەکانی گەل رێز لێبنێت و ئەگەری چوونە دەرەوەی ئازادانەش لە گروپ بۆ ئەندامەکانی بوونی هەبێت.

پێم باشە لێرەدا ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ لە بارەی "مافی چارەی خۆنووسین"ەوە بکەم:

**خاڵی یەکەم:** دەبێت بە روونی لە نێوان "مافی چارەی خۆنووسین" و "مافی جیابوونەوە" جیاوازی بکرێت. لە زۆربەی نموونە و کاتەکاندا دەتوانرێت مافی چارەی خۆنووسین بەبێ جیابوونەوە بێتە ئاراوە. بە واتایەکی تر مافی چارەی خۆنووسین بە واتای مافی سەروەری سیاسی بەحت و دروستکردنی کیانێکی سیاسی و یاسایی سەربەخۆ نیە. بۆ نموونە، پێدەچێت کە دەستور یان حکومەتی ناوەندی ئەم مافە بۆ گەلەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان بە فەرمی بناسێنن کە لە چوارچێوەی تایبەت بە خۆیان زمانی گەلەکەیان وەک زمانێکی فەرمی بەکاربهێنن، یان نیشتمانەکەیان وەک هەرێم یان ویلایەتێک لە چوارچێوەی فیدراسیۆنێکدا بە فەرمی بناسێنێت، یان نوێنەرەکانیان سەبارەت بە گۆڕینی دەستوور و یاسای بنەڕەتی وڵات یان دانان و گۆڕینی هەندێک لە یاساکانی فیدراڵ مافی ڤیتۆیان هەبێت.

**خاڵی دووەم:** بە فەرمی ناساندنی "مافی چارەی خۆنووسین" لە هەمان کاتدا پێویستی بە "مافی پاراستنی شوناسی کلتوری و فەرهەنگی"، و ""مافی خۆبەڕێتی"ە، نابێت لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و زیهنیەتی سەرچاوەگرتوو لە جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی باوکسالاری هەژمار بکرێت. ناسیۆنالیزمی باوکسالارانە لەسەر رەگەزی گەل و نەژاد جەخت دەکاتەوە، و لە سەر بنەمای چەند وەهمێکی خۆ بە زلزانینی نەژادی خوازیاری سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمیە. ئەم جۆرە تێڕوانین و بیرکردنەوەیە تاڕادەیەکی زۆر لە کاردانەوەی بە نەتەوەپەرەستی باوکسارانەی دەوڵەتی مەرکەزی هاتۆتە ئاراوە کە ئەویش بە شێوازێکی نائاسایی و نەخۆشی ئامێز لەسەر باڵادەستی و بە زلزانینی

**ئەگەر دروستبوونی میللەت لەسەر بنەمای جۆرێك لە بەستنی پەیمان بزانین، لەوبارەدا دەبێت لە دەقی ئەو پەیماننامەیەدا بە شێوازێکی دادپەروەرانە هەلومەرجی هەڵوەشاندنەوەشی تێیدا جێگیر بکرێت.**

گەلی باڵادەست جەختی کردۆتەوە. ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەرستی هەر لە سەر بنەمای چەند ئەفسانەیەکی وەهم ئامێز دروست بوون و بەر لە هەموو شتێک ئاگری غرورە وەهمی و بەتاڵەکان گەرمتر دەکەن و بەر لەوەی ببێتە هۆی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و ڕێزگرتنی خەڵکی لە یەکتر، هێندەی تر لە یەکتریان دوورەدەکاتەوە و ڕادەی دوژمنایەتی فراوانتر دەکات.

لە پلەی دوبارە دارشتنەوەی بواری سیاسی دەبێت ئەمە بە گریمانە وەربگیرێت کە خەڵکی بە گوێرەی پەیمانێکی دادپەروەرانە (گریمانەیی یاخود راستەقینە) بڕیار بدەن کە لەگەڵ یەکتری یەکەیەکی گشتگیر پێکبهێنن. کەواتە، بنەڕەت و ئەساسی گەل و میلەت نابێت لەسەر بنەمای چیرۆکە ئەفسانەیەکان لەبارەی باوباپیرانەوە بێت. بنەمای میلەت پەیمانێکی کۆمەڵایەتی ژیرانە و دادپەروەرانە کە پشت ئەستوورە بە ڕێزگرتنی مافەکانی یەکتر و بۆ دەستەبەری سەرجەم بەژەوەندیەکانی هەموو هاوبەشەکانی ئەم نیشتمانە هاوبەشەیە. و لە چوارچێوەی ئەم گوتارە یاساییەدا عەدالەت سەنتەرەدایە کە گەل و نەتەوە جیاوازەکان دەتوانن بە ڕەوایەتی "مافی چارەی خۆنووسین" داوا بکەن.

(٥)

بەڵام ئەگەر دروستبوونی میلەت لەسەر بنەمای جۆرێک لە بەستنی پەیمان بزانین، لەوبارەدا دەبێت لە دەقی ئەو پەیمان نامەیەدا بە شێوازێکی دادپەروەرانە هەلومەرجی هەڵوەشاندنەوەشی تێیدا جێگیر بکرێت. یەکێک لە گرنگترین مەرجەکانی هاتنەکایەی هاوسەرگیری سیاسی بە فەرمی ناساندنی مافی جیابونەوە و تەڵاقی سیاسیشە. بە واتایەکی تر، لە کاتی بەستنی پەیمانەکەدا روون بکرێتەوە کە لە چ بارودۆخێکدا ئەم پەیمانە هەڵدەوەشێتەوە، یان یەکێک لە لایەنەکان مافی ئەوەی هەیە تاک لایەنە لێی بکشێتەوە.

بەڵام بە فەرمی ناساندنی ئەو هەلومەرجانەی کە پەیمانەکە ئەگەری هەڵوەشانەوەی هەیە بەو واتایە نیە کە گەلە جیاوازەکان کۆتایی بە بەشداری سیاسی خۆیان لە ستراکچەری سیاسی نەتەوەیی ئەو وڵاتەدا پێ بێنێت. بەڵکو بەو واتایە دێت کە لەمە بەدواوە دەتوانن کە بەشداری خۆیان لە پێکهاتە گشتیەکەی دەوڵەت –میلەتدا مەرجدار بە جێبەجێ کردنی دادپەروەری و ویژدان بکەن. بۆ بەرگرتن لە دروستبوونی هێزی یاخیبوو لە ناوەند لەبری رەتکردنەوەی ئەم مافە، دەبێت فراوانتربوونی دادپەروەری لە ستراکچەری گشتی میلەتدا جەختی لەسەر بکرێتەوە، و لەوانەش

**لە پلەی دوبارە دارشتنەوەی بواری سیاسی دەبێت ئەمە بە گریمانە وەربگیرێت کە خەڵگی بە گوێرەی پەیمانێکی دادپەروەرانە (گریمانەیی یاخود راستەقینە) بڕیار بدەن کە لەگەڵ یەکتری یەکەیەکی گشتگیر پێکبهێنن.**

مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەموو پێکهاتە و گەلە جیاوازەکان لە چوارچێوەی ستراکچەری گشتی دەوڵەتدا بە فەرمی بناسرێن.

بەڵام لەکام هەلومەرجەدایە کە مافی جیابوونەوە یان تەڵاقی سیاسی دێتەئاراوە؟

مافی جیابونەوە یان تەڵاقی سیاسی بە دوو شێواز ئەگەری هاتنەکایەی هەیە:

هەندێک جار جیابوونەوە و تەڵاقەکە تەواوفوقی و رێکەوتنی خودی لایەنەکانە، واتە لایەنەکانی پەیمانەکە دەگەنە ئەو دەرەنجامەی کە پێکەوەبوونی سیاسیان بە قازانجی هیچ لایەکیان نیە، بەو شێوازانەی کە بۆ چارەسەری کێشەکان هەن ناگەنە ئەنجامێک بۆ چارەسەریان، بۆیە هەر دوو لا بڕیار بۆ جیابوونەوە دەدەن.

هەندێک جاریش تەڵاقێکی تاک لایەنەیە. واتە یەکێک لە لایەنەکان دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەم پەیوەندیە سیاسیە بە زیانی ئەوە و بەرژەوەندیەکانی ناپارێزێت. و شێوازەکانی چارەسەری هەبووش بۆ چارەسەری کێشەکان بێ ئاکامە. وا دێتە بەرچاو تەڵاقی سیاسی پشتڕاستکردنەوەی تەڵاقی تەوافوقی هێندە دژوار نەبێت. لەمڕووەوە دەبێت باسەکە زیاتر لە سەر هەلومەرجی "تەڵاقی سیاسی تاک لایەنە" درێژە پێبدەم و جەختی لێ بکەمەوە.

لەکام هەلومەرجدا تەڵاقی سیاسی تاک لایەنە رێگەپێدراوە و گەلێک دەتوانێت بەبێ رەزامەندی دەوڵەتی مەرکەزی لە ستراکچەرە گشتیەکە جیا ببێتەوە؟

لە سیستمی ماف و یاسا نێودەوڵەتیەکاندا بە لانی کەمەوە سێ جۆر لە تەڵاقی سیاسی تاک لایەنە بە فەرمی ناسراوە:

**جۆری یەکەم:** پەیوەستە بەوە کە گەلێکی دیاریکراو و نیشتمانەکەی بە زەبری هێز و بە شێوازێکی داگیرکارانە خرابێتە سەر دەوڵەتە ناوەندیەکە، لەمبارەدا بە فەرمی ناساندنی تەڵاقی سیاسی تاک لایەنە وەک هەبوویەکی دەرەکی بۆ "دادپەروەری قەرەبووکردنەوە" دادەنرێت و هاتنەکایەی ئەو جۆرە لە دادپەروەریە.

**جۆری دووەم:** بە هەلومەرجێکەوە بەندە کە دەوڵەتی ناوەندی بەشێوەیەکی بەرفراوان و رێکخراو مافە بنەڕەتیەکانی گەلێکی تایبەت پێشێل بکات. لەمبارەدا بە فەرمی ناساندنی تەڵاقی سیاسی تاک لایەنە هاتنەکایەی "دادپەروەری دابەشکاریە".

**جۆری سێیەم:** بەندە بەو هەلومەرجەی کە دەوڵەتی ناوەندی لە چوارچێوەی رێکەوتنێکی دیاریکراودا بۆ گەلێکی تایبەت لە چوارچێوەی

فەرمانڕەوایی خۆیدا مافی خۆبەڕێتی پێداوە، و خۆی بە جێبەجێکردنی ئەو مافەوە پابەند کردووە.

هەڵبەتە دەبێت ئاماژە بەم خاڵە گرنگەش بدەین کە لە زۆربەی بارەکاندا مافی جیابوونەوە یان تەڵاقی سیاسی لە هەلومەرجێکدا ڕێگەی پێدراوە کە گەلی سەربەخۆخواز بانگەشەیەکی بەڵگەداری هەبێت بۆ ئەو ناوچانەی کە تێیدا دەژی هەبێت. ئەگەر مافی خاوەندارێتی ئەو گەلە بۆ ئەو ناوچانەی کە تێیدا ئەژین روون و ئاشکرا نەبێت، ئەوا جیابوونەوە زۆربەی جار بەڵگەدار و رێپێدراو نابێت.

لە ئاکامدا، لە چوارچێوەی سیستمێکی یاسایی عەدالەت سەنتەردا لە بواری نێودەڵەتیدا، و لە ناواخنی سیستمێکی دادپەروەرانە لە ئاستی نەتەوەییدا، خودان شەرعیەتی سیاسی لە چوارچێوەی دەستەبەر و دابینکردنی مافە تاکەکەسی و گروپیەکانی ئەو خەڵگەیە کە لە چوارچێوەی کیانێکی سیاسیدان. لەوانەش مافی گروپی گەل و نەتەوەکان لە چوارچێوەی ستراکچەری سیاسی و دیموکراسی دادپەروەرانەدا بە فەرمی ناساندنی مافی چارەی خۆنووسینە. و لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتدا کە دەوڵەتی ناوەندی ئەم مافە بە فەرمی ناناسێت کە مافی چارەی خۆنووسین دەتوانێت بنەمایەکی بەڵگەداری جۆرێک لە مافی جیابوونەوە و تەڵاقی سیاسی بێت. بەڵام جیابوونەوە زۆربەی کات دەبێتە پرۆسەیەکی زۆر تێچوو و خوێناوی بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی، و لەمڕووەوە باشترین شێواز و ڕێگەچارە بۆ دوورکەوتنەوە لە داخوازی جیابوونەوە و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزە یاخیبووەکان لە ناوەند ئەوەیە کە مافی بەشداری پێکردنی کاریگەری سەرجەم گەل و پێکهاتەکانە لە سەر ئاستی نەتەوەیی و ناوچەیی بە و مانای راستەقینە دەستەبەر و گەرەنتی بکرێت. دیموکراسی دادپەروەرانە بەبێ ڕێزگرتن لە مافە گروپیەکانی گەل و نەتەوەکان دەبێتە مەحاڵ و دەستەبەر نەبوو.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

---

*. نراقی، آرش، مدارا و مدنیت: مقالاتی در باب اخلاق اجتماعی، نگاه معاصر، تهران ۱۳۹۲.

۱. بۆ باسکردنی زیاتر لە بارەی (مافی بەشداریکردنی کاریگەر) و هۆکاری ئەوەی ئەم مافە کە یەکێکە لە مافە بنەڕەتی و سەرەکیەکانی مرۆڤ، بڕوانە بۆ:

آرش نراقی، آیا نان و امنیت بر آزادی مقدم است؟، در کتاب اخلاق حقوق بشر، انتشارات نگاه معاصر، چاپ اول، ۱۳۸۸، صص ۱۴۰ -۱۲۵.



سەلمان نادر

# چی گۆڕا و چیش دەبێت بگۆڕێت

## خوێندنەوەیەک بۆ باکگراوندە میزۆژینیەکان لە فیقهی رابردوودا

### پێشەکی

پرسی ژن بە یەکێک لە پرسە ئاڵۆزەکانی بەردەم فیکری ئیسلامی دەزانرێت، بە یەکێکیش لەو بابەتانە دەزانرێت کە (کەلامی ئیسلامی نوێی) بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، چونکە بە چەمکی باوەڕدارەکان بە یەکێک لەو گومانانە دەزانرێت لەسەر میصداقیەتی دین دروست دەکرێت، ئەم بارگرانیەش تەنها بۆ ئایینی ئیسلام راست نیە، بەڵکو سەرجەم ئایینەکانی دیکەش رووبەڕووی ئەم پرسیارە گرانە دەبنەوە، ئەم ئیحراجی و گومانەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت هەم زەمەنی لە دایکبوونی زۆربەی دینە گەورەکانی سەرزەوی و، هەمیش زۆربەی تەفسیرە موعتەبەرەکانی دینەکانی لە پێش سەردەمی نوێوەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەم بابەتە لە دینە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی جیاواز رەنگدانەوەی خۆی هەیە، بەڵام لە تەفسیری ئایینەکاندا زەقتر و بەرچاوتر دەردەکەویت.

ئەگەر بە گوتەی (ئالڤن تۆفلەر) قۆناغی مێژووی مرۆڤایەتی دوو قۆناغی بنەڕەتی بڕی بێت -قۆناغی کشتوکاڵی و پیشەسازی- و پێی نابێتە قۆناغی سێیەمەوە -قۆناغی دیجیتاڵی- وەك ئەوەی ناوی لێدەنێت ماڵی ئەلکترۆنی، ئەوا دەسەڵاتیش لە سێ رەگەزی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێت ئەوانیش هێزی جەستە و هێزی مادە و هێزی مەعریفەن، ئەوا زۆربەی بەها تەفسیری و تێگەشتنە دینیەکان رەنگدانەوەی بەهاکانی سەردەمی کشتوکاڵین کە تێیدا بەهۆی جیاوازی توانای جەستەییەوە ژنان کەمتر رۆڵیان هەبووە لە فەزای گشتیدا، ئەمە جگە لەوەی لە رووی فەلسەفیەوە تێڕوانینی گشتی بەرامبەر بە ئافرەت بە شێوەیەك بووە

به کەمتر لە مرۆڤیان زانیوە، ئەم بەکەم زانینەش لە رووی تێرمۆلۆژیاوە ئێمە بە میزوژینیای ناودەبەین، هەر بۆیە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە فیقهی ئیسلامیشدا رەنگدانەوەی هەبووە، بۆ ئەم بابەتەش ئێمە فیقهی خوێنباییمان وەرگرتوە.

ئەم پەیپەرە دابەش بووە بەسەر دوو بەشدا، بەشی یەکەمیان: بریتیە لە تێڕوانین بۆ چەمکی میزۆژینیا و رەنگدانەوەی لای فەیلەسوفەکان و بەرجەستەکردنی میزۆژینیاش بەسەر فیقهی خوێنبایی ئافرەتدا و، پاشانیش وەرگرتنی رای فەقیهە تازەکان بەشێوەیەك هەست بە گۆڕانکاریەکی جیدی لەو بوارەدا دەکرێت.

لە بەشی دووەمیشدا: ئاراستەکانی ناو فیکری ئیسلامیمان بۆ پرسی ژن و چەند ئاراستەیەکی جیاوازمان بۆ ئەم پرسە وەرگرتووە.

## بەشی یەکەم:

## میزۆژینیا و رەنگدانەوەی فەلسەفە میزۆرژینیەکان بەسەر خوێنباییەوە

### میزۆژینیا چیە؟

چەمکی میزۆژینیا وەك هەر چەمکێکی تری ناو بابەتە مرۆییەکان زیاتر لە پێناسەیەکی هەیە، بۆیە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی پێناسەیەکی (جامع و مانع) ئاسان نیە، لەم رووەشەوە ئێمە هەوڵمان نەداوە ئەم چەمکە زیاتر لە پێناسەیەکی بۆ وەربگرین، تەنها ئەوە نەبێت بە پێناسەیەك هەموو مەبەستەکە کورت هەڵێنین و ئەو خەسڵەتانە وەربگرین کە لە زۆربەی پێناسەکاندا جەختی لەسەر دەکرێتەوە.

میزۆژینیا: بریتیە لە رەتکردنەوە یان رق لێبوونەوەی ژن یان کچ، رقبوونەوە و بە کەم تەماشاکردنی رەگەزی مێینە لە زیاتر لە رێگەیەکەوە (مانفیست) دەردەکەوێت، وەك هەڵاواردنی رەگەزی سوکایەتی کردن و توندوتیژی دژ بە ژنان، ئەم بابەتە دەتوانرێت لە بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی رابردوو و تەنانەت دیدگای فەیلەسوفە ناودارەکانی جیهانیشەوە هەستی پێبکرێت.

## رەنگدانەوەی میزۆژینیا لە فەلسەفەی کۆندا:

بە وردبوونەوە لە فەلسەفەی کۆن و تێڕوانینەکانیان بۆ رەگەزی مێینە هەست بە جۆرێك لە ستەمکاری و نامرۆڤ سەیرکردنی ئافرەت دەکەیت، بە شێوەیەك گومانبردن بە مرۆڤبوونی ژن زیاتر لە فەیلەسوفێکەوە زەق دەبێتەوە، لە هەموو کلتور و جوگرافیا و تەفسیرە جیاوازەکاندا ئەم جۆرە تێڕوانینە زەق دەبێتەوە، بەشێوەیەك بۆ مرۆڤی توێژەر بە ئاسانی لەم رووەوە زۆنێك دروست دەبێت زۆنی جیاکردنەوەی دوو قۆناغی مێژوویی، قۆناغی ستەمکاری دژ بە ژنان و قۆناغی گێڕانەوەی ماف بۆ ژنان، ئەم دوو ئاراستەیە هێندە زەقە وەك (میری میگڵی) دەڵێت: "کاتێك فەلسەفەی فەیلەسوفە گەورەکان دەخوێنیتەوە هەست بە شەرم دەکەیت".

لەوانەیە زەقترین نمونە بۆ پرسی چەوساندنەوەی ژن لە فەلسەفەی کۆندا لە فەلسەفەی ئەرستۆدا بەرجەستە ببێت، ئەرستۆ لە رووی فەلسەفیەوە باوەڕی بە ریزبەندی هەرەمی (هیرارەکی) هەبووە، واتە مەخلوقە بچوکترەکان بۆ خزمەتی

مەخلوقە گەورەکان خولقاون، بۆ نمونە گژوگیا بۆ ئاژەڵەکان و ئاژەڵەکانیش بۆ مرۆڤ، جگە لەمەش باوەڕی تەواوی بەوە هەبووە سروشت هەڵە ناکات، هەموو ئەو شتانەی لە سروشتدا هەن هەر بەو شێوەیە مومکینە کە هەن، ئەم دوو بنەمایە لە پرسی ژنیشدا ڕەنگیان داوەتەوە.

ئەرستۆ باوەڕی وایە مرۆڤ بە هێزی مەنتیق و بەڵگەوێژی (ئیستدلال) لە گیانەوەرەکانی تر جیا دەبێتەوە، بۆیە باوەڕی وایە لە ناو مرۆڤەکانیشدا کۆمەڵێک مرۆڤی تر هەن دەبێت وەك ئامراز تەماشا بکرێن لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی مرۆڤدا؛ ئەوانیش کۆیلە و منداڵ و ژنن، تا مرۆڤەکان بتوانن بەهۆیانەوە بگەنە کامەرانی، ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە هەبوونی دەسەڵات بەڵگەی هەبوونی بەردەستەیە ناکرێت لە یەك جیا بکرێنەوە، بەهەمان شێوە هەبوونی خاوەن و کۆیلە، هەبوونی ژن و پیاویش، بۆیە هەبوونی ئاغا و کۆیلە لە بەرژەوەندی ئاغا و کۆیلەکەشدایە، هەبوونی دەسەڵاتی پیاویش بەسەر ژندا لە بەرژەوەندی پیاو و ژندایە، چونکە لە بنەڕەتدا یەکهاتنەوەیە لەگەڵ سروشتدا کە شێوەیەکی هەرەمی هەیە، ژن ڕەگەزی دووەمە و نزمترە لە پیاو.

لای ئەرستۆ وەزیفەی ژن جیاوازە لە بەندە بۆیە پلەیەك لە سەروو بەندەوەیە. ئەرکی بەندە ڕاپەراندنی پێدویستیەکانی مرۆڤە، بەڵام وەزیفەی ژن خستنەوەی وەچەیە، تەنانەت لە رووی پێکهاتەی زانستی کۆرپەلەزانیشەوە باوەڕی وایە تۆوی پیاو ڕەگەزی ڕۆح و تۆوی ژنیش ڕەگەزی جەستە لە منداڵدا دەخولقێنێت.

**ئەگەر لە فەلسەفەی کۆندا (ئەرستۆ) ڕەمزی میزۆرژینیەت بووبێت، ئەوا لە سەردەمی نوێدا (نیچە)ش هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت.**

ئەرستۆ، باوەڕی وابوو لە سروشتدا شەرارەتیک پەیدابووە، بووەتە هۆی لادانێك لە مرۆڤدا ئەویش دروستبوونی ژنە. بۆیە لای ئەرستۆ ژن مەخلوقێکی ناتەواو و کەمتوانایە.

کانت، یەکێکی دیکەیە لەو فەیلەسوفانەی لە بارەی ژنەوە بۆچوونی میزۆژینی هەیە، هەرچەندە (کانت) لە رووی زەمەنیەوە لە سەدەی هەژدەدا لەدایك بووە، لەو سەدەیەدا بارودۆخی ژن گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە تەنانەت هەندێك توێژەر باوەڕیان وایە ئەگەر بۆ ئەرستۆ پاساوێك هەبێت بۆ میزۆژینی بوونی ئەوا لای کانت هیچ پاساوێك نیە، چونکە مەعریفەی مرۆیی و گەشەکردنی فەلسەفی زۆر قۆناغی مێژوویی بڕیوە.

تێڕوانینەکانی کانت بۆ ژن هەرچەندە لەوانەی پێش خۆی باشترن بەڵام لە ئاست داخوازیەکانی ژناندا نین، کانت باوەڕی وایە ژنان تەنها دەتوانن وەك هاوشاری ناکارا (منفعل) لە کۆمەڵگەدا بن، مافی سیاسی وەك پیاویان نیە، هەرچەندە بە روونی ئاماژە بە هۆکاری ئەوە ناکات بۆچی

ژنان ناتوانن ببنە هاوشاری کارا. (کانت) هاوشاریە ناکاراکان لەم ریزبەندیەدا کۆدەکاتەوە: (شاگردەکان، بازرگانەکان، پیشەوەرەکان، خزمەتگوزارانێك کە بۆ دەوڵەت نین، ژنان). باوەڕی وایە بە حوکمی عەقڵ پیاوان دەتوانن خەسڵەتی نەجیبزادەیی خۆیان بۆ ژنەکانیان بگوزانەوە، بەڵام بە پیچەوانەوە ئەمکارە مومکین نیە.

لە باری سروشتی ژنەوە (کانت) باوەڕی وایە ژنان ئەسیری حەز و ئارەزووەکانی خۆیانن ئەوە پیاوەکانن بە عەقڵ کار دەکەن بۆیە دەڵیت ژنان دەبێت سەڵتەنەت بکەن و پیاوانیش حوکمەت، بۆچی؟ چونکە ئەوە هەواو هەوەسە سەڵتەنەت دەکات و عەقڵ و هۆشیش حوکمەت.

ئەگەر لە فەلسەفەی کۆندا (ئەرستۆ) رەمزی میزۆرژینیەت بوبێت ئەوا لە سەردەمی نوێدا (نیچە)ش هەمان رۆڵ دەگێڕێت، هەرچەندە (ویل دیورانت) کۆمەڵێك تەئویل و تەفسیر بۆ (نیچە) دەهێنێتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین (نیچە) نوێنەرایەتی بیروباوەڕی زاڵی سەردەمی خۆی کردووە کاتێک لە کتێبی (زەردەشت وەهای گوت)دا دەڵیت: " کاتێک رۆشتیت بۆ لای ژنان قامچیەکەت لەبیر نەچێت"، ئەم جۆرە تێڕوانینانە تەنها لای (نیچە) بوونیان نیە، بەڵکو لای (شوپنهاوەر)یش بەهەمان ئەندازە و بگرە زیاتریش بوونیان هەیە. (نیچە) باوەڕی وایە ژنان ناتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئەوەی هەیە بریتیە لەوەی ئەوان یان دونیا دەڕازێننەوە یان دونیا پیس دەکەن.

بەڕای (نیچە) وەزیفەی بنەڕەتی ژن خزمەتکردنی پیاوە، ئەگەر ژنان غەریزەی دووەمیان لەدەست بدەن ئەوا توانای خۆڕازاندنەوەشیان ون دەکەن، بۆیە لای ئەو پیاوان لە قولایی بووندان و ژنانیش لە ڕووکار.

لە سەدەی حەڤدەدا دیکارت بە فەلسەفەی عەقلی سەنتەری هەوڵی دا ژنان لە کۆمەڵگەی وشکی سەردەمی ئەسکۆلاستیکی رزگار بکات، پاش ئەویش فەیلەسوفەکانی سەردەمی رۆشنگەری لەوانە مۆنتیسکۆ و دیدرۆ و رۆسۆ باوەڕیان وابوو لە بوارە تایبەتەکاندا ژنان سەربەخۆییان هەبێت، بەڵام لە رووی بەشداری کردن لە فەزای گشتیدا هەمان رای کانتیان هەبوو ئەمەش وایکرد لە شۆڕشی فەرەنسیدا لە یەکەم جارنامەی مافی مرۆڤی ١٧٨٩ شدا مافی بەشداری سیاسی بە ژن نەدرا، لێرەوە رەنگدانەوەی دیوە فەلسەفیەکان لەسەر دیوە تەشریعیەکان بە روونی دەردەکەوێت.

ئەم تێڕوانینانە تایبەت نین بە شارستانیەتی رۆژئاوا بەڵکو لە شارستانیەتە جیاوازەکاندا بە رێژەی جیاواز بوونیان هەیە، (خواجە نەصیری توسی) باوەڕی وایە خودا ژنی بۆ خزمەتی پیاو دروست کردووە تەنانەت بۆچوونێکی هەیە نزیکە لە بۆچوونەکانی نیچەوە کاتێک دەڵێت پێویستە پیاوان خۆیان بە هەیبەت بنوێنن لەبەرچاوی ژنەکانیان تا نەتوانن یەك و دوو لە قسەکانیاندا بکەن، (مەلا صەدرا) لە (ئەسفار ئەربەعە)دا باسی ئەوە دەکات: "ژنان ئاژەڵن، خودای گەورە شێوەی مرۆڤی بەبەردا کردوون تا پیاوان ئارەزووی گفتوگۆ لەگەڵ کردن و هاوسەرگیریان هەبێت لەگەڵیان". ئەم جۆرە تێڕوانینە هێندە گەردوونی و بەدیهی بووە تەنانەت

صۆفیـە گەورەکانـی وەك (غـەزالـی و مەولانـا جەلالەدینـی رۆمی)شـی گرتووەتـەوە، ئیمامـی غـەزالیش بـاوەڕی وایـە نیـوەی سـوپای شـەیتان لـە ژنانـن، مـەولانـاش باسـی ئـەو پیـاوە دەکات کـە بەگوێـی ژنەکـەی کـردووە چـۆن لـە دونیـای مەعنەویـەت دابـڕیـوە. ئیدی لێرەوە تێڕوانینـی فـەقیهەکانیـش بۆخـۆی رەهەندێکـی گرنگـی ئـەم بـوارە پێکدەهێنێت و تێگەشـتنە فیقهیـەکان بەرکاریگـەر دەبـن بـەم تێڕوانیـن و وێناکردنانـەی بوونیان هەیـە، بەهەمـان شێوەی بەرکاریگـەر بوونی یاسـای فەرەنسـی پـاش شـۆڕش بـە وێناکردنـە فەلسـەفیەکانی سـەردەمی رۆشـنگەری.

**رەتکردنەوەی میزۆژینیا لە فەلسەفەی نوێدا:**

قسـەکردن لەسـەر پرسـی ژن بـە دیاریکـراوی بابەتێکـی ئاڵۆزە، چونکە لە بنەڕەتدا ئـەم بابەتـە بابەتێکی نوێیە و، نووسراو و کتێبەکانی ئەو بوارەش نوێـن، بۆیـە ئێمـە زیاتـر جەخت لەسـەر رۆژئـاوا دەکەینـەوە، چونکـە ئـەو کتێـب و نووسـراوانەی بـە شـێوەیەکی زەق میزۆژینیایـان رەتکردوەتـەوە لـە رۆژئاواوە سـەرچاوەیان گرتـووە، بۆیـە ئێمـە جەخت لەسـەر جینالۆژیـای رەتکردنـەوەی ئـەم بابەتـە لـە کلتـوری رۆژئـاواوە دەکەینـەوە. بەشـێک لـە توێژەرەکان باوەڕیـان وایـە کتێبـی (شـاری ژنـان) ی (کریسـتیان دۆبیـزان) (١٤٠٣) یەکـەم کتێبـە لـەو بـوارەدا نووسـراوە، پـاش ئـەم کتێبـە (مـاری دوکرانا) کتێبێکـی بەنـاوی (یەکسـانی نێـوان ژنـان و پیـاوان) لـە سـاڵی ١٦٢٢ دا نووسـی، پاشـان کتێبی (پێشنیارێکـی جیدی بـۆ ژنـان)ی مـاری ئەسـتیل لـە سـاڵی ١٦٩٤ بـە کتێبـە سـەرەتاییەکانی رەتکردنـەوەی رقبوونـەوە لـە ئافـرەت دەزانرێـن، ئـەم کتێبانـە ئاراسـتەیەکی رەخنەییـان هەیـە لـە بارودۆخـی ژنـان و باوەڕیـان وایـە بارودۆخـی ژنـان زادەی بـاری سۆسیۆئابووری ناوچەکەیـە و داخوازی ئەوەیان هەبـوو ژنـان لـە رووی پـەروەردە و رۆشـنبیری و فێرکردنەوە بارودۆخیان بگۆڕدرێت.

پـاش ئـەمـان (بـۆلان دولبـار) لـە کتێبـی (یەکسانی نێوان دوو رەگەزەکەدا) هەمـوو پاساوە سروشـتیەکانی هەبوونـی نایەکسـانی رەتکـردەوە، بەڵکـو جەختـی لەسـەر ئـەوە کـردەوە هەمـوو ئـەم پاسـاوانە پاسـاوی رۆشـنبیری و بەدەسـتهاتوون، هەروەهـا جەختـی تـەواوی لەسـەر یەکسـانی ژنـان و پیاوان کردەوە و بنەمـای فیکری و تێزی سـەرەکی دۆلبـار بریتیـە لـەوەی عـەقڵ رەگـەزی نیـە و، داکۆکـی لەسـەر توانـای ژنـان کردووەتـەوە. یەکـەم کاری کردەیـی و رەخنـەی عـەمەلـی رەخنەکـەی (ئۆلامـب دوکـۆج) بـوو لـە بنەماکانـی یەکـەم راگەیاندنـی مـافـی مرۆڤـی شۆڕشـی فەرەنسـی سـاڵی ١٧٨٩، ئـەم راگەیاندنـەی رەتکـردەوە و بۆخـۆی جارنامەیەکـی راگەیانـد بەناونیشـانی جاڕنامەی مـافی ئافرەت و هاوڵاتی بوون لە سـاڵی ١٧٩١، بەتایبەتی پاش ئەوەی جەمعیـەی گشـتی ژنانی هەڵاوارد لـە مـافی دەنگدانی گشـتی، ئەم خاتوونە رایگەیاند: یەکـەم جارنامـەی مـافـەکانی مـرۆڤ تایبەتـە بـە پیـاوان، پـاش ئەمانیـش کتێبە بەناوبانگەکەی (مـاری ویڵسـتۆن کرافت) داکۆکـی کـردن لـە مـافـی ئافـرەت بـە رێبەرانـی رەتکردنـەوەی میزۆژینـا دەزانرێت لـە ئەوروپادا.

## پرسی ژن و خەبات لە پێناو ژناندا زادەی مێژوویەکی دیاری کراوە و زەرورەت و پێداویستی هێناویەتیە ئاراوە. ئەمە جگە لەوەی پرسێکی ئەخلاقی و عەقڵانیشە.

### هۆکارە بابەتیەکانی رەتکردنەوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە:

پێش ئەوەی باس لە هەر تیۆریان تەفسیر و ئایینێک بکەین دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین هاتنەپێشەوەی پرسی ژن و خەبات لە پێناو ژناندا زادەی مێژوویەکی دیاری کراوە و زەرورەت و پێداویستی هێناویەتیە ئاراوە. ئەمە جگە لەوەی پرسێکی ئەخلاقی و عەقڵانیشە.

مەبەست لە زەرورەتی مێژوویی ئەو جەبرەیە کە واقیعێکی دیاریکراو بەسەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو یان چەند کۆمەڵگەیەکدا دەیسەپێنێت، بەدەرە لە بیرکردنەوە و تێڕامانی خۆیان و پێش تەنزیرە فەلسەفیەکانی سەردەمەکەی دەکەوێت.

زەرورەتی مێژوویی خەسڵەتێکی فیزیاییانە دەداتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە پاش هاتنە ئارای دیاردەکە تیۆری بۆ دادەنرێت و بگرە تیۆرەکان تەفسیری حاڵەتە هەبووەکە دەکەن، دەکرێت پرسی ژن و شۆڕشی هەندێک لە وڵاتان بۆ زەرورەتی مێژووی وەك نمونە وەربگیرێن.

هەر خوێندنەوەیەك بۆ پرسی ژن یان هەر هەڵوێست وەرگرتنێک لەو پرسە رەچاوی زەرورەتی مێژوویی تێدا نەکرێت ناتوانرێت خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ بکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم پرسە زادەی زەرورەتێکی مێژوویی و پاشانیش سیاسی و ئابووری بووە و بنەمای ئەخلاقی و عەقڵانیش لە پشتیانەوە بوونیان هەبووە.

### ١- سەرهەڵدانی رینیسانس:

لە رۆمانی کۆندا ژنان لە مافی کۆمەڵایەتی بێبەش بوون. پاش مردنی مێرد ژن بە میراتی دەبرا. هەرچەندە رۆمەکان لە رووی یاساییەوە گەشەیان کردبوو، بەڵام لەمەڕ مافی ژنان توندوتیژ و رەق بوون، لە دیموکراسیەتی ئەسینادا ژنان بەهەمان شێوەی بەندەکان مافی دەنگدان و خاوەندارێتیان نەبوو، لەگەڵ شکستی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا ژنان بە پێی رێنمونی مەسیحی ژیانیان گۆڕانکاری بەسەردا هات و لە کڵێسا و دێرەکاندا هێندەی پیاوان بەشیان هەبوو، تەنانەت هەندێک لە ژنان گەیشتنە سەرۆکایەتی هەندێک لە دێرەکان. لە راستیدا دەتوانین بڵێین مەسیحەت دیدگایەکی مرۆڤانەی هەبوو بۆ ژن، چونکە (مەریەمی کچی عیمران) پێگەیەکی مەزنی لە ئایینی مەسیحییەتدا هەبوو کە ژن بوو.

لە (سەدەی سیانزە و چواردەی) زایینیدا ئەو گۆڕانکاریە کەمەی سەبارەت بە مافی ژنان هاتبووە ئاراوە بەهۆی ئایینی مەسیحیەتەوە پاشەکشەی کرد، پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەشێوەیەك گۆڕانکاری بەسەردا هات کە بووە هۆی بەرتەسك کردنەوەی مافی

ژن و شکاندنی کەرامەتی ژن لەناو کۆمەڵگەدا. پاش ڕێنیسانسیش لە سەدەکانی (پانزە و شانزەدا) مافی مەدەنی ژنان خراپتر بوو، ژنان دەبوو هەر بەرهەمێکی هونەری و زانستیشیان هەبووایە بەناوی پیاوانەوە بڵاوی بکەنەوە، بۆ نمونە دۆزینەوەکانی (تێکۆ براهە) لە بواری ئەستێرەناسیدا لە راستیدا هی خوشکەکەی بوون. سەدەی (حەڤدە و هەژدەی زایینی) لە ئەوروپا سەردەمی سکۆلاربوونی بوارەکانی ئەخلاق و فەرهەنگ بوو. کۆبوونەوەی سەرمایە و گۆڕینەوەی بەندەکان و هەژاربوونی بەشێکی زۆر لە مرۆڤایەتی بوونە هۆی ئەوەی بەهای مرۆڤ یەکسان بکرێت بە بەهای کاڵا و دەستکەوتە مادیەکانی، لەم رووەشەوە بارودۆخی ژنان خراپتربوو لە هی پیاوان. گۆڕانکاریەکانی رینیسانس بوونەهۆی ئەوەی هزری جۆراوجۆری وەك: ئیلحادی مادی، مرۆڤ سەنتەری، تاکگەرایی، هومانیسم سەرهەڵبدات، لەم نێوەندەشدا ژنان لە هەوڵی بەدەستهێنانی کەرامەتی خۆیاندا بوون.

### ٢-پەیدابوونی کارخانە دەروازەیەك بۆ هێنانە دەرەوەی ژن لە ماڵەوە :

فشاری سەرمایەداری و پەیدابوونی کارخانەکان ژنی لە ماڵەوە بردە دەرەوە بۆ کارکردن. ئەگەر پێشتر فەزای گشتی لە لایەن پیاوانەوە قۆرخ کرابووبێت و ژن مافی ئەوەی نەبووبێت بچێتە فەزای گشتیەوە، تەنها لە فەزای تایبەتیدا کاری کردبێت، ئەوا فشاری سەرمایەداری ژنی بە فەزای گشتی ناساند. سێکوچکەی (خەونی سەرمایەدارەکان بۆ قازانجی زیاتر، پێدویستی کارخانەکان بە هێزی کاری زیاتر و، کەمبوونەوەی سەرچاوەی ژیان لە گوندەکان و کۆچ کردن بەرەو شاری گوندنشینان) بوونە هۆی ئەوەی ژنان رووبکەنە کارخانەکان بۆ پەیداکردنی بژێوی.

رووکردنە فەزای گشتی بۆ یەکەمجار لە لایەن ئەو ژنانەوە بوو کە لە چینەکانی خوارووی کۆمەڵگەوە بوون، ژنانی چینی مامناوەند ئەوکات کارکردنیان پێ شورەیی بوو.

(میری وڵستۆن کرافت) لەو سەردەمەدا ژنانی چینی مامناوەندی بە باڵندەی ناو قەفەس دەچواند، کە کاریان تەنها فەخرفرۆشی و خۆڕازاندنەوە بووە و سەلامەتی و ئازادی و فەزیلەتیان فرۆشتووە بەو توانا مادیەی بەهۆی هاوسەرگیریەوە دەستیان کەوتووە، ئەو پێی وابووە ئەم ژیانەیان سەلامەت نەبووە، چونکە ژنانی چینی مامناوەند لە ترسی ئەوەی پێستیان برۆنزی نەبێت نەدەهاتنە بەرخۆر و، ئازادیش نەبوون چونکە بڕیاریان بەدەستی خۆیان نیە و، فەزیلەتیش نین چونکە ئازاد نین.

### ٣-جەنگی جیهانی یەکەم و پێدویستی زیاتر بە هێزی کار:

ئەگەر کارخانەکان و پێدوایستیان بە هێزی کار ژنی بەرەو فەزای گشتی بردبێت، ئەوا جەنگی جیهانی یەکەم ئەو هەموو ماڵوێرانی و کوشتارەی بەسەر جیهانیدا هێنا ژنانی زیاتر بردە دەرەوە، تەنانەت لەناو بزوتنەوە فیمینیستیەکاندا قسەیەك هەیە دەڵێت: (ئەوەی ژنی کردە کۆیلە هەر ئەو شتەبوو کە رزگاری کرد) کە مەبەست لێی جەنگە، بەڕای بەشێک لە فیمینیستەکان یەکەم شکستی ژن لەبەرامبەر پیاودا بریتیە لە لاوازی جەستەیی ژن بۆ شەڕ و رووبەڕووبوونەوە، ئەمە

**ڕووکردنە فەزای گشتی بۆ یەکەمجار لە لایەن ئەو ژنانەوە بوو کە لە چینەکانی خوارووی کۆمەڵگەوە بوون، ژنانی چینی مامناوەند ئەوکات کارکردنیان پێ شورەیی بوو.**

وای کردووە پیاوان ژنان بکەنە کۆیلەی خۆیان.

بەڵام هەر ئەو شتەی لە مێژوودا ژنی داگیرکرد لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بووە هۆی ئازادبوونی ژنان، لە ماوەی جەنگدا ژمارەیەکی زۆری پیاو برانە بەرەکانی شەڕەوە و شوێنی خۆیان چۆڵکرد، بۆ ئەوەی کارخانەکان و بەڕێوەبردنی وڵات و قوتابخانە و نەخۆشخانەکانیش چۆڵ نەبن، جگە لەوەی قات و قڕیەکی یەکجار بڵاو بووبوویەوە ژنان ناچاربوون ژیانی خۆیان دابین بکەن، بۆیە ئەم شوێنانە بە ژنان پڕکرانەوە، پاش شەڕیش ژمارەیەکی ئێجگار لە پیاوانیان تێیدا کوژران وێرانیەکی گەورە رووی دابوو، بۆ ئاوەدانکردنەوەی پێویستیەکی لە رادەبەدەر بە هێزی کار هەبوو، جگە لەوەی ژنانی خاوەن ئەزموون پەیدا بووبوون نەدەکرا کارخانەکان دەستیان لێهەڵگرن، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ژنان رووبکەنە کاری دەرەوە.

**٤-سەرکەوتنی زانستی ئەزموونی بەسەر زانستی زەینیدا (مەعریفەی پلەیەك بەسەر مەعریفەی پلە دوودا)**

بە درێژایی مێژوو لە نێوان بابەتە زەینی و بابەتە ئەزموونیەکاندا ناکۆکی هەبووە، ئەم ناکۆکیەش بەو شێوەیە نمایش بووە کاتێک زانستە ئەزموونیەکان پاشەکشەیان کردبێت راستەوخۆ بابەتە زەینیەکان شوێنیان گرتوونەتەوە، جیهانی سەردەم و پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی و زانستیەکان زادەی زاڵبوونی بابەتە ئەزموونیەکانن بەسەر بابەتە زەینیەکاندا، بەشێوەك تا رادەیەك ئەم زاڵبوونە بەشێک لەو ئاستانەی داگیر کردووە کە دەبێت بۆ بابەتە زەینیەکان فەراهەم بکرێن. بۆ نمونە زانستی پزیشکی لە نێوان زانستی پزیشکی و حەکیمەکاندا، لەو روەوە بووە حەکیمەکان زیاتر پشتیان بە بابەتە زەینیەکان بەستووە واتە حەکیمێک لە ماڵەوە دانیشتووە بیری لە چارەسەری نەخۆشی کردوەتەوە، بەڵام زانستی ئەزموونی هەستاوە بە تاقیکردنەوەی چارەسەرەکان.

لێرەوە دەرکەوتنی بابەتە زانستیەکان کاریگەری لەسەر بابەتە فەلسەفیەکانیش هەبووە. کاتێک تیۆری پەرەسەندنی (داروین) کە بابەتێکی زانستیە کاریگەری لەسەر بابەتە ئیمانیەکان دەبێت کە بابەتی فەلسەفین. بەڵام کاتێک جینەتێکی نوێ رەخنە لە تیۆرەکەی (داروین) دەگرێت، بە هەمان شێوە (مەندلیزم)یش کاریگەری لەسەر بابەتە ئیمانیەکان بەجێدەهێڵێت لە کاتێکدا لە بنەڕەتدا ئەم بابەتانە بابەتی زانستین و دوور و نزیك پەیوەندیان بە فەلسەفەوە نیە. پرسی ژنیش لەنێوان ئەم دوو دنیابینیەدا گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە.

کاتێک لە رووی زەینیەوە لە جیهانی

رابردوودا، وا وێنای ژن دەکرا کە پێکهاتەیەکی جیاواز لە پیاوە و لە رووی جەستەیی و ئاوەزیەوە لە پیاو لاوازترە، ئەوا زانستی ئەزموونی هەموو ئەم تێڕوانینە نەگەتیڤانەی بۆ ژن کردە مێژوو، زانستی ئەزموونی پزیشکی دەرخەری ئەو راستیە بوو کە ژن و پیاو دەکرێت گۆڕانکاری لە جەستەیاندا بێتە ئاراوە. دەکرێت رێگری لە منداڵ بوون بکرێت، بە هەمان شێوەی ئەوەی دەتوانرێت کۆرپەلە لە پیاودا جێگیر بکرێت. هەموو ئەمانەش کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر ئەو بابەتە زەینیانە هەبوو کە بەرامبەر بە ژن بوونیان هەبوو. جگە لەوەی لە رووی واقیعیەوە کەرەستەکانی رێگری کردن لە سکپڕی توانیان دەرفەت بگێڕنەوە بۆ ژن تا بتوانێت دەرفەتی هەبێت بۆ سیاسەت و ئابووری و فێربوون و پێشەیی بوون بە وتەی (ئەنجیلا مێرکڵ).

**خوێنبایی لە فیقهی رابردوو و نوێدا**

**خوێنبایی (الدیە) چیە؟**

خوێنبایی ئەو ماڵەیە دەدرێت بە وەلی کوژراوێك لەبری کوژراوەکە، یان پێدانی ماڵی واجیبە لەسەر ئەنجامدانی جینایەت لەسەر نەفس، خۆ ئەگەر لەو تاوانەدا مەرگی تێدا نەبوو پێی دەوترێت (الأرش).

**خوێنبایی ئافرەت لە فیقهی ئیسلامیدا:**

بابەتی خوێنبایی ژن بەیەکێک لە بابەتە هەرە هەستیارەکانی سەردەمی نوێ دەزانرێت بۆ فیقهی ئیسلامی، چونکە رای باوی ناو فیقهی ئیسلامی پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی بوونی مرۆڤ و پێگەی ئافرەتیش دەبێت وەك گیان و کەسێتی، ئەم بۆچوونەی زانایانی پێشین لەبارەی خوێنبایی ئافرەتەوە لە کوشتنی نائەنقەستدا دەتوانرێت وەك بنەمایەکی میزۆژینی بەکاربهێنرێت، چونکە روانینێکی پلەدوویی و دونیانەی هەیە بۆ ئافرەت، راستە خوێنبایی قەرەبووی مرۆڤ نیە لە ئیسلامدا، بەڵام نیوە هەژمارکردنی خوێنبایی ئافرەت ئیلهامی نیوە مرۆڤ بوونی ئافرەتمان پێدەبەخشێت، هەرچەندە ئەم فەتوایە لە رووی بنەما دینیەکانەوە پشت ئەستور نیە بە دەقێکی ئایینی بە واتای سەرچاوە ئایینیەکانی شەریعەتی ئیسلامی (قورئان و سوننە)، وەك قەرزاوی ئاماژەی پێدەکات، تەنها دوو فەرموودە لەو بارەوە بوونیان هەیە هەردوکیان لاوازن بەڕای کۆی ئەهلی فەرموودە، ئاماژەش بە ئیجماع دەکرێت ئیجماعیش لەو بارەیەوە بوونی نیە، هەرچەندە لای خاوەنی ئەم پەیپەرە کۆمەڵێك بنەمای بەدیهیاتی مێژوویی هەن دەکرێت لە قوناغیکی مێژووییدا ئیجماعی لەسەر بێت و لە قۆناغی پاش ئەوەدا رەتبکرێتەوە .

**رای مەزهەبە فیقهیەکان**

بە پێی بۆچوونی زۆربەی مەزهەبە فیقهیەکان لەوانە (حەنەفی، شافیعی، مالیکی، حەنبەلی و ئیمامی، زاهیری، زەیدی و ئەبازیەکان) باوەڕیان وایە خوێنبایی ئافرەت لە کوشتنی ناقەستیدا نیوەی پیاوە.

لای مالیکیەکان خوێنبایی ژن نیوەی خوێنبایی پیاوە، (ئەبولبەرەکات شەیخ دەردیر) لە کتێبی (الشرح الصغیر)دا دەڵێت: "خوێنبایی

## لە سەرەتاکانی شارستانیەتی ئیسلامیدا جۆرێك لە هاوڕایی لەسەر نیوەبوونی خوێنبایی ئافرەت هەبووە، بەڵام لە دواتردا ئەم ئیجماعە خەرق دەکرێت لەلایەن (ئیبنو عەلیەی موعتەزیلی و ئەبوبەکری ئەصەمەوە)

مێینە نیوەیە، خوێنبایی ژنی ئازادی موسڵمان پەنجا حوشترە و...هتد، خوێنبایی پیاوی ئازادی موسوڵمان سەد حوشترە، ئەگەر ئەو ناوچەیە حوشتریان نەبوو ئەوە بەهاکەیەتی."

(شیخ محمد عەلی)ش لە کتێبی (شرح الجليل على مختصر العلالمه خليل)دا دەڵێت: "خوێنبایی مێینەی هەموو ئازادێکی موسوڵمان و ئەهلی کیتاب و ئاگرپەرست و هەڵگەڕاوە نیوەیە، واتە نیوەی خوێنباییەکەیەتی، خوێنبایی ئازادی موسڵمان پەنجا حوشترە، خوێنبایی ئازادی ئەهلی کیتاب بیست و پینج حوشترە". لای حەنەفیەکانیش (کاشانی) دەڵێت: "خوێنبایی ئافرەت نیوەی هی پیاوە کۆدەنگی هاوەڵانی لەسەرە"، لە (تنوير الابصار)یشدا جەخت لەسەر هەمان را کراوەتەوە، ئەم دوو سەرچاوەیە بە سەرچاوە گرنگەکانی فیقهی حەنەفی دەزانرێن.

(ئیمامی شافیعی) دەڵێت: "نەمبیستووە هیچ یەکێک لە ئەهلی زانست نە لە کۆن و نە لە نوێشدا دژی ئەوە بوبێت خوێنبایی ژن نیوەی پیاو بێت"، لە مەزهەبی حەنبەلیەکانیشدا (ئین قودامە) لە کتێبی (المغني)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە خوێنبایی ژنی موسڵمان نیوەی پیاوە، زانایانی حەنبەلی کۆدەنگن لەسەر نیوەبوونی خوێنبایی ژن بەرامبەر بە پیاو، هەروەها ئەم نیوەیەش پەیوەستە بە ئەفزەڵتربوونی پیاو بەسەر ژندا.

### ڕەتکردنەوەی ئەم حوکمە:

لە سەرەتاکانی شارستانیەتی ئیسلامیدا جۆرێك لە هاوڕایی لەسەر نیوەبوونی خوێنبایی ئافرەت هەبووە، تەنانەت چوار مەزهەبە سەرەکیەکەی (سوننە و ئیمامی و زەیدی و زاهیری و ئەبازیەکان)یش هەمان رایان هەیە، بەڵام لە دواتردا ئەم ئیجماعە خەرق دەکرێت لەلایەن (ئیبنو عەلیەی موعتەزیلی و ئەبوبەکری ئەصەمەوە) کە هەردووکیان موعتەزیلە بوون، پاشان لەلایەن زانایانی پاش خۆیانەوە بە شازبوون تۆمەتبار کراون. لە فەقیهە هاوچەرخەکانیشدا (سەیید سابق و عەبدولقادر عەودە)ش هەمان رای زۆرینەی زانایانی سوننەیان هەیە لەسەر نیوە بوونی خوێنبایی ژن، بەڵام (ئەبازەهرە و شیخ شەلتوت و یوسف قەرزاوی و محمد غەزالی)ش پشتگیری رای ئەم دوو زانا موعتەزیلەیە دەکەن لە خوێنباییدا.

بەشێک لە زاناکان پاساوی نیوەبوونی خوێنبایی ژنیان گێڕاوەتەوە بۆ چوار بنەمای سەرەکی یان راستر بڵێین بۆ چوار سەرچاوەی شەیعەت ئەوانیش:

**یەکەم:** پشتبەستن بە دوو فەرموودە کە لەو بارەیەوە هەن (دوو فەرمودەی پێغەمبەر د.خ لەسەر خوێنبایی ئافرەت).

**دووەم:** بۆ قەولی صەحابی

**سییەم :** بۆ ئیجماع

**چوارەم :** بۆ قیاس

لە بەرامبەردا ئەو زانایانەی ئەم حوکمەیان رەتکردووەتەوە رەخنەیان لە هەر چوار سەرچاوەکەی ئەم حوکمە هەیە.

**یەکەم : رەخنە لەو فەرموودانەی لەبارە خوێنبایی ئافرەتەوە بوونیان هەیە:**

لە سەرچاوەکانی فەرموودەدا ئاماژە بە دوو فەرموودە هاتوە ئەوانیش فەرمودەیەك مەعازی کوڕی جەبەل دەیگێڕێتەوە و دەڵێت (دیە المرأە علی نصف من الدیە الرجل) و فەرمودەیەکیش لە ئیبنوعەباسەوە هاتوە بەم شێوەیە (دیە المرأە نصف دیە الرجل)، ئەم دوو فەرموودەیە لە لای بەشێک لەو کەسانەی رایان وایە خوێنبایی ئافرەت نیوەی خوێنبایی پیاوە بە بەڵگە وەرگیراون.

(د.یوسف قەرزاوی) لە بارەی فەرموودەکانەوە دەڵێت: "تەنها دوو فەرموودە لەوبارەیەوە (لەبارەی خوێنبایی ئافرەتەوە) بوونیان هەیە ئەوانیش بە رای هەموو زانایانی ئەهلی فەرموودە لاوازن".

**دووەم: رەخنە لە بنەمای کۆدەنگی (اجماع):**

د.یوسف قەرزاوی لەبارەی ئەو کۆدەنگیەشەوە ئاماژەی پێدەکرێت لەبارەی خوێنباییەوە دەڵێت: کۆدەنگی لەسەر خوێنبایی ئافرەت لە فیقهی ئیسلامیدا بوونی نیە، ئاماژە بە رای (ئەبوبەکری ئەصەم و ئیبنو عەلیە) دەکات کە نیوەبوونی خوێنبایی ئافرەتیان رەتکردوەتەوە، سەبارەت بە کۆدەنگی سکوتی (ئیجماعی سکوتی ئەو ئیجماعەیە هەندێک لە موجتەهیدەکان ئاماژەیان پێکردبێت و موجتەهیدەکانی تر لێی بێدەنگ بوو بن پاش پێزانینی) (ئەبوزەهرە) پێی وایە ناتوانرێت کۆدەنگی سکوتی بە بەڵگە وەربگیرێت.

**سێیەم: رەخنە لە سەرچاوەی رای هاوەڵان.:**

بەشێکی دیکە لەو کەسانەی باوەڕیان وایە خوێنبایی ئافرەت نیوەی پیاوە ئاماژە بە رای هاوەڵان دەکەن، حەوت هاوەڵی پیغەمبەر د.خ ئاماژەیان بەوە داوە خوێنبایی ئافرەت نیوەی پیاوە لە بەرامبەردا ئەو زانایانەی ئەم رایە رەت دەکەن باوەڕیان وایە ناکرێت حوکمێکی براوەی لەو چەشنە لەسەر بۆچوونی هاوەڵان دابمەزرێت. ئەمە جگە لەوەی پرسیارێکی گرنگ هەیە و دەبێت وەڵامی بدرێتەوە ئەویش ئەوەیە کێ بە صەحابی دەزانرێت، ئایا لەسەر بنەمای پێوەرەکەی (ناصری سوبحانی) کە بۆ صەحابی بوونی داناوە بە صەحابی دەزانرێت یان بەو پێوەرە گشتیەی کە هەیە.

**چوارەم: رەخنە لە سەرچاوەی قیاس بۆ بابەتی خوێنبایی:**

لایەنگرانی رای باوی ناو فیقهی ئیسلامی پەنا دەبەنە بەر بنەمای قیاس لە بوونیاتنانی رای نیوەبوونی خوێنبایی ئافرەت، لەبەرامبەر ئەم قیاس کردنەشدا (قەرزاوی) رەخنە دەگرێت، پێی وایە قیاسکردنە سەر میرات و شایەتیدان هەڵەی زۆری تێدایە، چونکە بابەتی خوێنبایی و میرات و شایەتیدان جگە لەوەی بوارەکانیان زۆر دوورن لەیەکترەوە عیلەتی هاوبەشیشیان نیە، لەبابەتی میراتدا نیوەبردنی ئافرەت بۆ هەموو حاڵەتەکان راست نیە لە هەندێک باردا ئەو بنەمایە راست

## کلتوری فیقهی ئیسلامی سەدان زانای مەزنی تێدا هەڵکەوتووە، بەڵام بەهۆی جیاوازی تێڕوانینی کەلامییان بۆ ئافرەت ئەم لاوازیانەیان لەو حوکمانەدا نەدۆزیوەتەوە.

دەردەچێت، کەواتە قیاسکردنە سەر بەشێکی میرات و فەرامۆشکردنی بەشەکانی تر زۆر ورد نیە، هەروەها لەشایەتیدانیشدا ناکرێت وەك بنەمایەك بۆ خوێنبایی هەژمار بکرێت، چونکە هەندێک گروپ هەن لەبنەڕەتدا شایەتییان لێوەرناگیرێت، بۆ نمونە منداڵەکان، ئەوانەی نەخۆشی دەرونی درێژخایەنیان هەیە، ئەوانەی دەسەلمێت بوختانیان بۆ پاکداوێنەکان کردووە (والذین یرمون المحصنات ثم لم یأتوا بأربعە شهداء فاجلدوهم ثمانین جلده ولا تقبلوا لهم شهاده أبدا و أولئك هم الفاسقون إلا الذین تابوا من بعد ذلك وأصلحوا فإن الله غفور رحیم) هیچ زانایەکیش نەهاتووە بڵێت چونکە شایەتیان لێوەرناگیرێت خوێنباییان نیە. بەرای (قەرزاوی) ئەگەر قیاس رەوا بێت ئەوا دەبێت لەسەر کوشتنی قەستی بکرێت نەك شایەتی و میرات.

لێرەوە بۆچوونەکەی ئێمە لەم بنەمایەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو لاوازیانەی لەو فەتوایانەدا هەن کە لە رووی ئوصولیەوە (قەرزاوی و ئەبازەهرە) رەخنەیان لێگرتوون بۆچی زانایانی پێشوو بەو شێوەیە دەرکیان پێنەکردووە. ئایا زانایانی شارەزای ئوصولی گەورە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بوونیان نەبووە، بەدڵنیاییەوە کلتوری فیقهی ئیسلامی سەدان زانای مەزنی تێدا هەڵکەوتووە بەڵام بەهۆی جیاوازی تێڕوانینی کەلامییان بۆ ئافرەت ئەم لاوازیانەیان لەو حوکمانەدا نەدۆزیوەتەوە بەڵام ئەمرۆ بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لەو بنەما کەلامیانەدا هاتوونەتە ئاراوە زاناکان دەرکی ئەو بۆشاییانە دەکەن لەو فەتوایانەی پێشوودا بوونیان هەیە.

### بەشی دووەم: ئاڕاستە جیاوازەکانی چارەسەرکردنی پرسی ژن لە فیکری ئیسلامیدا:

لە بەشی پێشەوەدا جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە پێشگریمانە و جیهانبینی کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی دینی هەیە، پێشگریمانە فەلسەفیەکانیش لە بارەی ژنەوە کاریگەریان لە سەر فیقهی ژن هەبووە، ئاماژەشمان بەوە کرد لە سەردەمی نوێدا ئاراستەی جیاواز هەبوون بۆ چارەسەرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتەدا، لەم بەشەدا ئاماژە بە ئاراستە جیاوازەکانی ئەو مامەڵەکردنە دەکەین.

بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەکانی پرسی ژن دابەش دەکەین بەسەر کۆمەڵێك تەرز و ئاراستەی جیاوازدا، لەو هێزانەوە باوەڕیان بەوە نیە شتێک هەبێت بەناوی پرسی ژنەوە تا ئەو ئاراستەی داوای گۆڕانکاری قوڵ بکات

لە تێڕوانین و تێگەیشتن لە پرسی ژندا.

**ئاراستەی سەلەفیەکان:**

بە شێوەیەکی گشتی هێز و تەوژمە سەلەفیەکان باوەڕیان بە پرسێك نیە بەناوی پرسی ژنەوە، بەڵکو باوەڕیان وایە ئەم پرسە بە مەبەست لە لایەن کۆمەڵێك کەسەوە دەوروژێنرێت و مەبەستی دیکەیان هەیە لەو بابەتە.

لەم بابەتەدا پشتمان بە بابەتێک بەستووە کە رای زۆربەی کەسایەتیە ئایینیە فەرمیەکانی وڵاتی سعودیەی لەسەر کەیسی ئافرەت کۆکردۆتەوە، لەوانە (بن باز، ئال فریان...هتد) بەناونیشانی (معرکە تحریر المرأە السعودیە موثوق بالأدلە).

لە سەرەتای ئەم بابەتەدا ئاماژە بەوە کراوە ژنان چونکە توانای دیاریکردنی ئاراستەکانی خۆیانیان نیە خودای گەورە خستوونیەتە سایەی قەوامەی پیاوەوە، چونکە پیاوان هەڵگری خەسڵەتی پیاوانەن ڕێگە نادەن مەحرەمەکانیان بەرەو خراپە بڕۆن.

لەم نووسراوەدا کۆمەڵێك خاڵ دیاریکراوە کە ئاماژە بەوە دەکات بۆچی بابەتی ئافرەت دەوروژێنرێت:

هەوڵدان بۆ ڕۆژئاوازەدە کردن (التغریب)ی ئافرەتی موسوڵمان ئەم هەوڵە لە سەرەتای ماسۆنیەت و دامەزراوەی نیودەوڵەتیەوە سەری هەڵداوە.

لە دەرەوە ئەم کارە بەڕێوەدەبرێت و ئامانجی دەرەکی لە پشتە.

جگە لەوەی ئەوانەی داکۆکی لە مافی ئافرەت دەکەن بە مونافیق و لادەریان وەسف دەکات. ئاماژە بە فەتوایەکی (بن باز) کراوە کە جەخت لەسەر لەپێشبوونی ڕەگەزێك بەسەر ڕەگەزەکەی تردا دەکات.

(عەبدورەحمان ئال فریان)یش دەڵێت: پرسی ژن لەلایەن پیاوانەوە دەوروژێنرێت، ئەو پیاوانە یان مەبەستیانە غەریزەی خۆیان بەسەر ئەو ژنانەوە تێر بکەن کە لە ماڵ دێنە دەرەوە. یان دەیانەوێت ژنەکانیان نانیان بۆ پەیدا بکەن، چونکە خۆیان توانای دابینکردنی نەفەقەیان نیە.

سەلەفیەکان باوەڕیان بەوە نەبووە ژن مافی ئەوەی هەبێت بخوێنێت و تێیدا هاتووە؛ یەکەمجار زانایانی ئایینی ڕەتی ئەوەیانکردەوە کچان بخوێنن پاشان رازی بوون، بەڵام بەمەرجێك ئەو خوێندنە لە ژێر چاودێری زانایاندا بێت و یەکەم بەڕیوبەری خوێندنی کچانیش موفتی سعودیە بوو، بەڵام بە پێی زەمەن مەرجەکە شکێنرا و ئاسانکاری زۆرکرا. زانکۆکان و وەزارەتی تەندروستی و پەیمانگای بەڕیوەبردنی گشتی بەشی ژنانیان کردەوە و ژنانیش لەم بەشانەدا کێبەرکێی پسپۆری پیاوانیان دەکرد.

لەگەڵ سەردەمی نوێشدا کۆمەڵێك بەش کرانەوە وەك بیرکاری و زانستی کیمیا و فیزیا و زیندەوەرزانی و زمانی ئینگلیزی و دەروونناسی، ژنان لێیانەوە بڕوانامەیان وەرگرت کە لە بنەڕەتدا پێویست نەبوون.

زانایان باوەڕیان وایە بۆ ژنان تەنها خوێندنی تەوحید و تەهارە و نوێژ و ئەحکامی حەیز و نەفاس پێویستە و زیاتر پێویست نیە.

**محەمەد قوتب: پرسی ئازادی ژن:**

یەکێکی دیکە لەو کەسایەتیانەی باسی

## ئاراستەی تەبریری: بەشێك لەو نووسراو و ئەدەبیاتانە دەگرێتەوە کە داکۆکیەکی سەرسەخت لە رابردوو دەکەن، ئەوەی لە فیقهی ئیسلامیدا هەیە قەبوڵیانە.

پرسی ژنی کردووە، (دکتۆر محەمەد قوتب)ە، ناوبراو لە کتێبی (واقعنا المعاصر)دا بەشێکی دیاریکراوی بەناوی پرسی ژنەوە تایبەت کردووە، پاشانیش هەر ئەو بەشەی لە کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاوکردۆتەوە لەم بەشەدا ناوبراو دەڵێت : "ئافرەت سەرقاڵە لەماڵەوە، لە بنەڕەتدا کاری ئەو لە ماڵەوەیە بۆ پێویستی نەبێت ناچێتە دەرەوە، پیاویش لە دەرەوە کاری ماڵ بەڕێوەدەبات. ئەگەر تێکەڵبوون لە کاری ئەو دووانەدا رووبدات ناجێگیری و نائاساییبوون دێتە ئاراوە، ئەم ناجێگیریە کۆمەڵگەش دەگرێتەوە و پاشان ژیانیش.

هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات هیچ پاساو و تەفسیریك نیە بۆ وروژاندنی پرسی ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تا بەهای رێکخەری ئیسلامی هەبن بۆ بارودۆخی ژن. ئەگەر ژن لەکاری خۆی دووربخرێتەوە کۆمەڵگە بەرەو لەناوچوون دەچێت، ژنی ئێمە ناکرێت خەو بە ژیانی رۆژئاواییەکان بخوازێت.

(محەمەد قوتب)یش بەهەمان شێوەی سەلەفیەکان پرسی ژن بە رۆژئاوازەدەیی دەزانێت و داکۆکێکاران لە پرسی ژن بە (دعاة التغريب) ناو دەبات.

**داماڵینی داب و نەریت لە ئایین:**

دەتوانین لەم رێچکەیەدا ئاماژە بە چەندین ئاراستەی نووسین بکەین، کە خاڵی هاوبەشیان بریتیە لە گێڕانەوەی ستەم و ناعەدالەتیەکان بۆ نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام خاڵی جیاوازیشیان بریتیە لەوەی هەندێکیان تێگەیشتن و فیقهی ئیسلامی وەك بەشێک لە نەریت تەماشا دەکەن، ئێمە لەم چوارچێوەیەدا دوو ئاراستەی سەرەکی ئاماژە پێدەدەین:

**ئاراستەی پاساوی (تەبریری).**

**ئاراستەی رەخنەیی.**

ئاراستەی تەبریری: بەشێک لەو نووسراو و ئەدەبیاتانە دەگرێتەوە کە داکۆکیەکی سەرسەخت لە رابردوو دەکەن، ئەوەی لە فیقهی ئیسلامیدا هەیە قەبوڵیانە، میتۆدی کارکردنیان لە سەر دوو بنەمای سەرەکی داڕێژراوە:

**بنەمای یەکەمیان:** نەچوونە نیو وردەکاریە فیقهیەکانەوە و بە شێوەیەکی ئینتقائیانە مامەڵەکردنە لەگەڵ فەتوا و بەرجەستەکردنە فیقهیەکاندا

**بنەمای دووەمیشیان:** بریتیە لە بەراوردکردنی مێژوویی نێوان شارستانیەتە کۆنەکان و وەرگرتنی نمونەکان بە شێوەیەکی ئینتقائی

لە شارستانیەتە جیاوازەکاندا، کە ئەم میتۆدە نە میتۆدێکی زانستیە و نە دەشتوانێت سوودی بۆ ئەم سەردەمە هەبێت، نمونەی ئەم جۆرە کارانە دەتوانین بە کتێبەکەی (محمد السویسی) بەناوی (حقوق المرأه فی السنة النبویة) بهێنینەوە.

## ئاراستەی رەخنەیی:

ئەم ئاراستەیە کارکردنە لە سەر رەخنەگرتنی واقیع و هەڵسوکەوتی مامەڵەی موسڵمانان لەبەرامبەر ئافرەتدا، رەخنەگرتنی مێژوو و تێگەیشتنی موسوڵمانەکان لە بەرامبەر ئافرەتدا، دیارترین رێبەرانی ئەم تەرزە دەتوانین بە (شێخ محەمەد غەزالی) بزانین لە کتێبی (قضایا المرأه بین التقالید الراکده و الوافیده) دا کە رەخنە لە هەندێک تێگەیشتنی مێژوویی و هەنوکەیی سەردەمی خۆی دەگرێت و جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە پێویستە موسڵمانان وێنەی شێواوی ئافرەت راست بکەنەوە، باوەڕیشی وایە خراپ مامەڵە کردن لەگەڵ ئافرەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دارمان، (غەزالی) لەم کتێبەدا ئاماژە بە رێگریەکانی بەردەم خوێندنی ئافرەتان دەکات لە لایەن کۆمەڵێک زانای ئایینی سەردەمی خۆیەوە واش دەبینێت پاساوی ئەو هەموو حوکمە بریتیە لە مێژوو بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە مێژوو حوکمی لەسەر دەدرێت نەک حوکمی پێبدرێت.

## قەیرانی فیقهی:

بەشێکی دیکە لەو کەسانەی لەم بوارەدا کاریان کردووە پێیان وایە ئافرەت بەهۆی فیقهی ئیسلامیەوە ستەمی لێدەکرێت، ئەو نمونەیەی ئێمە لێرەدا ئاماژەی پی دەکەین هی نووسەری میسری (جەمال بەنا)یە لە کتێبی ( المرأه المسلمه بین تحریر القران و تقید الفقهاء )

جەمال بەنا باوەڕی وایە لە قورئاندا ژنان لە ئاستی باڵادا مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. لە سەردەمی پیغەمبەردا (د.خ) ژنان وەك مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و تەنانەت لە ئاستی هاوەڵانیشدا ژنان بەشداری سیاسیان هەبووە، نمونەی حەزرەتی (عائیشە)ش دەهێنێتەوە کە سەرکردایەتی سوپای کردووە، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لە قوناغی فیقهیدا قۆناغی پاشەکشەی رۆڵی ژنە، بەشی چوارەمی کتێبەکەی بەناونیشانی (الفقهاء و عهد القیود و السدود) باسی کۆمەڵێك فاکتەر دەکات کە بەهۆیانەوە فیقهی ژنان فیقهێکە کۆتوبەند بەسەر ژناندا دەچەسپێنێت بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە:

چەسپانی دابونەریتی جاهیلی لە ناخی مرۆڤەکاندا بۆ ئەمەش کۆمەڵێك نمونە دەهێنێتەوە.

کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگە لەلایەن دوو هێزەوە: مەلیکی ستەمکار و فەقیهەکان، فەقیهەکان لە بنەڕەتدا یاساییین، هەمیشە جیاوازی بوونی هەیە لە نێوان ئازادیخواز و یاساییدا. یاساییەکان زیاتر مەیلیان بەلای کۆتکردندا دەچێت تا ئازادکردن، لەم بەشەیدا (جەمال بەنا) هەستاوە بە دەرهێنانی کۆمەڵێك بۆچوونی فیقهی کە پێی وایە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە نە لەگەڵ رۆحی ئیسلامدا دێنەوە و نە گونجاویشن لەگەڵ پێگەی ئافرەتدا، بۆیە وادەبینێت دەبێت ئیصلاحی فیقهی بکرێت.

تەنانەت (جەمال بەنا) ئاماژە بەو فەتوایانە دەکات لە ئەزهەر لە پەنجاکاندا دراون

# هەر ئیجتهادێك بە ئامرازەکانی ئوصول فیقهی رابردوو بکرێت هەمان دەرئەنجامی ئەوەی پێشومان دەست دەکەوێتەوە.

سەبارەت بە مافی بەشداری سیاسی ژن.

**تەیرانی ئوصولی:**

بەشێکی دیکە لەو رەوتانەی باوەڕیان وایە پێویستمان بە چارەسەر کردنی پرسی ژن هەیە ئاماژە بەوە دەکەن لە چوارچێوەی ئصول فیقهی کۆندا ناتوانین قەیرانەکانی سەردەمی نوێ چارەسەر بکەین، لێرەوە ئەم بابەتە سەر دەکێشێت بۆ قسەکردن لەسەر بازنەی ئیجتهاد و سنورەکانی، کۆمەڵێك توێژەر باوەریان وایە پێویستە ئیجتهادی یەکەم لە ئصولدا بکرێت چونکە بە بێ گۆڕانکاری ئصولی چارەسەری کێشەکانی ئەمرۆ ناکرێت، هەر ئیجتهادێک بە ئامرازەکانی ئصول فیقهی رابردوو بکرێت هەمان دەرئەنجامی ئەوەی پێشومان دەست دەکەوێتەوە.

ئەم رایە رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر دەبێتەوە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، بەشێک لە فەقیهەکان باوەڕیان وایە قسەکردن لە سەر گۆرانکاری لە ئصولدا مومکن نیە، لەبەرامبەردا بەشێکی دیکە لە فەقیهەکان بە کارێکی ئاسایی دەزانن لەوانەش (دکتۆر یوسف قەرزاوی)، پێی وایە ئصول فیقهیش بەرهەمی مرۆییە و دەکرێت ئیجتهادی تێدا بکرێت.

(دکتۆر محەمەد شەحرور) یەکێکە لە دیارترین کەسەکانی ئەم رەوتە کتێبێکیشی بەو ناونیشانەوە نووسیوە (نحو اصول فقه جدید فقه المرأه نموذجا). ئەو باوەڕی وایە دەبێت کۆمەڵێك بنەما و شێوازی هەڵێنجاندن هەن گۆڕانکارییان تێدا بکرێت، (دکتۆر نەصر حامد ئەبوزەید)یش لە کتێبی (دوائر الخوف، قراءة فی خطاب المرأة) باوەڕی وایە پێویستمان بەوەیە کۆی سیاقی دابەزینی قورئان رەچاو بکەین، ئەبوزەید دەڵێت بۆچی ئەسبابی نزول لە یەکە یەکەی ئایەتەکانی قورئاندا رەچاو دەکەین تابتوانین تەفسیرێکی دروست بەدەستبهێنین، ئەوا دەبێت کۆی سیاقی زەمەنی دابەزینی قورئانیش رەچاو بکەین لە بارودۆخی ژندا تا بتوانن دیوە بانمێژوویەکەی قورئان بدۆزینەوە بە گشتی و لە بارودۆخی ئافرەتدا بە تایبەتیدا.

**تێڕوانینی هێرمنوتیکی**

(دکتۆر محەمەد موجتەهید شەبستەری)، پێی وایە بوونی پێشفەهمەکان کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتنی مرۆڤ هەیە، دەڵێت ناتوانین لە مەجهول موتڵەق پرسیار بکەین. (عەبدولکەریم سروش) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پیاو لەسەر بنەمای ئەو ناسین و وێناکردنە لەبارەی ژنەوە هەیان بووە مافیان بە ژن داوە.

ئەم گروپە باوەڕیان وایە ئایینەکان جیاوازن

# فیقهی ئیسلامی دەرکەوتەی قۆناغی کشتوکاڵیە و زۆرێنەی بەهاکانی لەو سەردەمەوە ئیلهامیان وەرگرتووە.

لە مێژوو، وێناکردنەکان لە دەرەوەی ئایینەکانەوە بەرهەمهاتوون، وێناکردنەکان مێژوویین و پەیوەندیان بە ئایینێکی دیاریکراوەوە نیە، بەڵکو پەیوەندییان بە مێژوویەکی دیاریکراوەوە هەیە و لە هەموو پرۆسەی گۆڕانی مێژوودا پێویستە ئەو وێناکردنانە بگۆڕین تاوەکو تەفسیرەکانیش بگۆڕێن، پیاوسالاری دیاردەیەکی مێژووییە و پەیوەندی بەئایینێکی دیاریکراوەوە نیە.

ئەم ئاراستە هێرمنوتیکیانە باوەڕیان وایە بە هۆی گۆڕانکاری لە پێشگریمانە و جیهانبینیەکاندا گۆڕانکاری لە فیقهی ژنانیشدا دێتە ئاراوە، بۆیە باوەڕیان وایە بنەمای ماف بنەمایەکی ناجێگیرە و ناتوانرێت لە هەموو زەمەنێکدا بە نەگۆڕی بمێنێتەوە.

دیارترین کەسایەتیەکانی ئەم رەوتە (ئامینە وەدود و هارون ناسیوتیون و رەفعەت حەسەن فەزل رەحمان)ن، باوەڕیان وایە لەسەر بنەمای قورئان دەبێت مافی ئافرەت رەچاو بکرێت، (ئامینە وەدود) کتێبێک بەناو نیشانی (ژن و قورئان) دەنووسێت.

**دەرئەنجام:**

بە خوێندنەوەی فیقهی ئیسلامی و تێگەشتنە ئیسلامیەکان بەتایبەت لە فیقهی ئافرەتدا بۆمان روون دەبێتەوە زۆربەی بوارەکانی ئەو فیقهە زادەی جیهانبینی و پێشگریمانەکانی دونیای رابردووە، سەردەمی نوێ سەردەمی گۆڕانکاریەکی قووڵی بوارە کەلامی و جیهانبینیەکانە بەرامبەر بە مرۆڤ، لەناویشیاندا بەرامبەر بە ئافرەت، بۆیە فیقهی ئیسلامی خوێندنەوەی جیاوازتر و دەرئەنجامی جیاوازتری دەبێت لە فیقهی رابردوو، بەتەنها بە خوێندنەوە و بەرهەمهاتنەوەی، وەك ئەو رایانەی لە کۆتاییدا لە زانا هاوچەرخەکاندا لە سەر خوێنبایی ئاماژەمان پێدا. بە تەنیشت ئەوانیشەوە ژمارەیەکی دیکەش لە زانایان هەمان رایان هەیە لە سەر خوێنبایی بەیەکسانی لە نێوان پیاو و ژندا، بەڵام بەهۆی جیاوازی سیاقی کارکردنی بابەتەکەی ئێمە کە بابەتێکی فیکریە نەچووینە ناو بابەتە فیقهی و بەڵگە فیقهیەکانیانەوە نەمانویست ئاماژە بە هەموو رایە نوێیەکان بکەین.

لە پێشەکی بابەتەکەماندا ئاماژەمان بەوە کردبوو فیقهی ئیسلامی دەرکەوتەی قۆناغی کشتوکاڵیە و، زۆرێنەی بەهاکانی لەو سەردەمەوە ئیلهامیان وەرگرتووە، ئێمە بۆ سەلماندنی ئەو رایەمان ئاماژە بە نمونەیەك دەکەین، (راشید غەنوشی) لە کتێبی (ئافرەت لە نێوان قورئان و واقیعی موسڵمانان‌دا) هێناویەتی، دەڵێت لە کۆمەڵگەی گوندنیشینیدا ئافرەت بەشدار بووە لە کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، کەسیش باسی حەرام بوون و حەلاڵ بوونی نەکردووە، پیاوانی

بێگانەشی بینیوە و پێکەوەش کاریان کردوە، بەڵام کاتێک لەناو شارەکاندا باسی فەرمانبەر بوون و کارکردنی ژنان دێتە ئاراوە باسی حەرام بوون و حەڵاڵ بوونی ئەم بابەتە زەق دەکرێتەوە، لەکاتێکدا هەمانکارن، بەڵام فەتوا لەسەریان جیاواز دەبێت، لێرەوە وای دەبینم هەمان بەهای کومەڵگەی کشتوکاڵیە وادەکات ئەم دیدگا جیاوازە لەسەر ئەم دوو دۆخە جیاوازەی یەك کار بێنە ئاراوە، هەرچەندە بەشێک لە رەخنەگرەکان باوەڕیان وایە بەکاربردنی پێوەرە کۆمەڵناسیەکانی رۆژئاوا بەسەر کۆمەڵگەی رۆژهەلاتیدا دروست نیە، چونکە ئەو پۆلێنکردنەی بۆ رۆژئاوا راستە بۆ کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و پیشەسازی بۆ رۆژهەلات راست نیە، بەڵکو جیاوازی ئەو فەتوایانە دەگەڕێتەوە بۆ کەلتوری شار لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، حەرەمسەراکان و پەچە و نیقاب کلتوری شار و ماڵە دەوڵەمەندەکانی شارە نەك خێزانە هەژار و جوتیارەکان.

بە کورتی فیقهی ئیسلامی بریتیە لە تێگەشتنی مرۆڤ لە دەقە رەسەنەکانی ئیسلام، ئەمەش بە پێی زەمەن و جیهانبینی و پێشگریمانەکانی سەردەمە جیاوازەکان دەگۆڕێت، بەپێی نەسەقی کۆمەڵیەتی و گەشەکردنی مەعریفەی مرۆیی و بەرزبونەوەی داخوازی و ماف دەگۆڕێت، چەوساندنەوە و کەم سەیرکردنی ژنانیش رەنگدانەوەی فیقهی و خەسڵەتە مرۆیی و مێژوییەکانی مرۆڤە بە سەر تەفسیرەکانی ئیسلامەوە بۆ ئەوەی لە پانتایی و لە چوارچێوەی گۆڕاوە مرۆییەکاندا ئایین گوێیەك بێت بۆ پەیامە مەعنەوی و ئەخلاقیەکانی پێویستە تەفسیری و فیقهی و ئەحکامیەکانیشی بەتایبەت لە پرسی ژندا بگۆڕین.

**سەرچاوەکان**


١). معرکه تحرير المرأة السعودية موثوق بالأدلة.

٢). احمد بن عبدالعزيز المبارك، دية المرأة المسلمة فى الفقة الأسلامى

٣). جمال بنا، المرأة المسلمه بين تحرير القران و تقيد الفقهاء

٤). د.محمد شەحرور ، نحو اصول فقه جديد فقه المرأه نموذجا.

٥). د.محمد مجتهد شبستەری، هرمنوتيک کتاب و سنت.

٦). داود صالح عبدالله سبعاوی، مقدار الدية المرأة و جراحاتها فى فقه الأسلامى.

٧). سوزان مولر ئاکين. زن از ديدگاه فلسفه سياسى غرب، ترجمه ن.نوريزاده

٨). فاطمه عشقی ، موقعيت زن در تفکر فلاسفه عصر روشنگری، فصلنامه علوم اجتماعی.

٩). محمد السويسى، حقوق المرأة فى السنه النبوية.

١٠). محمد غزالى، قضايا المرأة بين التقاليد الراكده و الوافيده.

١١). محمد قوتب، واقعنا المعاصر.

١٢). نصر حامد ابوزيد، دوائر الخوف، قراءة فى خطاب المرأة.

١٣). نوشين شاهنده، زن از نظرگاه نيشه، مجله فرهنگ ٤١-٤٢، بهار و تابستان ٨١، صص ٢٢٩-٢٦٦.

١٤). ئالظن توفلەر، تحول السلطه. ترجمة: لينى الريدى.



موستەفا مەلەکیان- موسعەب ئەدهەم

# ڕۆشنبیری، نوێنەری فەرهەنگی یان داوەری فەرهەنگی؟

وا پێدەچێت دەتوانرێت کۆی ئەو ڕوانینانەی لەمەڕ ڕۆشنبیری بوونیان هەیە لە ژێر دوو ناونیشانی گشتیدا پۆلبەندیان بکەین، ئەوانیش: ڕوانگەی سیاسی و ڕوانگەی فەرهەنگین. نووسەری ئەم دێڕانە کە خۆی بەرگریکاری ڕوانگەی فەرهەنگیە لە ڕۆشنبیری، بەراوردکردنی ئەم دوو ڕوانگەیە سوودبەخش و تەنانەت بە پێویست دەبینێت بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك لایەنی جیاوازی تیۆری و کرداری ڕۆشنبیران و هەروەها بۆ دۆزینەوەی ئاسۆیەکی ڕوونی هەندێك لەو بابەت و کێشانەی لەبەردەممانداں و ڕێگەی ئێمەیان بەرەو هەر جۆرە چالاکیەکی ئومێدبەخش و بەرهەمدار گرتووە.

گومانی تێدا نیە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەراوردکردنەوە شتێك فێربین، دەبێت کۆمەڵە شتانێکی وەڕاستگەڕاو "مصاديق" هەڵبژێرین کە لەگەڵ یەکتردا زۆرترین لێکدان و بەریەککەوتنیان هەبێت. لە هەمان کاتدا، ئاگاداری ئەوەین کە لە ڕاستیدا و لە پێگەی کرداردا، چ بگا بەوەی ئەم وەڕاستگەڕاوانە تاکو ئەو ڕادەیەی کە وێنایان دەکەین لەگەڵ یەکتردا ناسازگار و لە یەکتر دوور نەبن.

**أ- ئەو ڕۆشنبیرەی ڕوانگەی سیاسی لە خۆی هەیە،** گەورەترین کێشە یان هۆی هۆکارەکان یان تەنها کێشەی کۆمەڵگە، بەو سیستەمە سیاسیە دەزانێت کە لە کۆمەڵگەدا فەرمانڕەوایە، چونکە گومانی وایە ئەگەر سیستەمی سیاسی بگۆڕێت و چاکسازی تێدا بکرێت، هەموو یان بەشێکی بنەڕەتی کێشەکانی کۆمەڵگە نەماون. بەڵام لە ڕوانگەی فەرهەنگی بۆ ڕۆشنبیر، گەورەترین کێشە یان هۆی هۆکارەکان یان تەنها کێشەی کۆمەڵگە سیستەمی فەرهەنگیە، کە هاوڵاتیانی کۆمەڵگە پێوەی پەیوەستن و لە ڕووی تیۆری

## هەر جۆرە نیەتێکی خراپ، نەزانی و هەڵەیەك کە لە سیستەمی سیاسی کۆمەڵگەدا هەیە، وێنەدانەوە و دەرەنجامی ئەو گەندەڵیەیە کە لە فەرهەنگی گشتی خەڵکیدا بوونی هەیە.

و کرداریەوە خۆیان بە پابەند دەزانن پێیەوە. هەر جۆرە نیەتێکی خراپ، نەزانی و هەڵەیەك کە لە سیستەمی سیاسی کۆمەڵگەدا هەیە، وێنەدانەوە و دەرەنجامی ئەو گەندەڵیەیە کە لە فەرهەنگی گشتی خەڵکیدا بوونی هەیە. کەواتە، ئەوەی زیاتر و پێش هەر شتێك دەبێت گرنگی پێبدرێت، گۆڕانکاری و چاکسازی بەشەکان و بنەما خراپ و نادروستەکانی فەرهەنگی گشتیە. گۆمانی تێدا نیە لە روانگەی فەرهەنگیشدا هیچ جۆرە هەڵکردن و سازشکردنێك و ئاشتیەك لەگەڵ گەندەڵی سیستەمی سیاسیدا رێنوینی ناکرێت و رێگەی پێنادرێت. بەڵام لەگەڵ ئەم گەندەڵیەدا تەنها بەناونیشانی هۆکار یان دەرەنجامێك رووبەڕوو بونەوە روودەدات و رووبەڕوو بونەوەی سەرەکی لە مەیدانی فەرهەنگیدا ئەنجام دەدرێت.

**ب- ئەو کەسەی روانگەی رۆشنبیری سیاسی هەیە،** خۆی لە خۆیدا تەنها بە رەخنەگری سیستەمی سیاسی دەزانێت و بەرامبەریش بە خەڵکیش پێگەی قسەکەر و نوێنەری هەیە. بە دەستەواژەیەکی تر، خۆی بە نوێنەر و گوتەبێژی خەڵکی دەزانێت و هەر لەبەرئەم گوتەبێژی و نوێنەرایەتیەش، دەست بە رەخنەگرتن لە سیستەمی سیاسی دەکات. بەڵام لە روانگەی فەرهەنگیدا، رۆشنبیر لە پلەی یەکەمدا، رەخنەگری خەڵکیە و بە رەخنەگرتنی فەرهەنگی هاوڵاتیانی کۆمەڵگەکەی، ئاگاداریان دەکاتەوە کە دوژمن نەك تەنها ماڵی، بەڵکو چۆتە نێو ناخ و دەروونی تاکەتاکەیانەوە، لەوێ شوێنی بۆ نیشتەجێبوون هەڵبژاردووە و لەوێ سەرقاڵی دروستکردنی کێشەیە. ئەو رۆشنبیرەی روانگەی فەرهەنگی هەیە، خەڵکی ناگەیەنێتە عەرش و بەکۆی چاکەکانیان نازانێت و بە چاکەکانیان بێگوناه هەژماریان ناکات، کە تەنها بەهۆی رووداوێکی خراپەوە کەوتوونەتە دەستی گورگ، بەڵکو بەهۆی حەقیقەتخوازی و خێرویستی و چاکەویستیەوە، ئەوەیان پێ پیشاندەدات، ئەوەی لە راستیدا گورگە، لە ناخ و دەروونیاندا نیشتەجێ بووە و دانیشتووە و هەر ئەوەشە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەو هەموو ئازار و زیان و دەرد و رەنجە. بە پێی ئەم روانگە و روانینە، کاری ئێمە لەوەدا کورت نابێتەوە لە نێوان ئەوەی کە یان پشتگیری سیستەمی سیاسی بڵێین یان پشتگیری خەڵکی. دەتوانیت و دەبێت پشتگیری هیچ کەس نەبێت. دەتوانرێت و دەبێت رەخنەگر و داوەری هەردووکیان بێت. لەم رەخنەگرتن و داوەریکردنەشدا بە تایبەت رەخنە و داوەری خەڵکی دەکات و مژۆڵی خەڵکی دەبێت. دیارە نەگوتراوە خودی رۆشنبیریش یەکێکە لە چینی گشتی خەڵکی و، لە ئەنجامدا دەبێت شیمانەی ئەوە بدات، بەڵکو دەبێت یەقینی

هەبێت، کە خودی خۆیشی دەکرێت بکەوێتە نێو نەزانی و هەڵەوە و لەم رووەوە، دەبێت ئامادە بێت، بەڵکو چاوەڕوان و تاسەی ئەوە هەبێت بکەوێتە بەر رەخنە و داوەری ئەوانیترەوە، لەمەش گرنگتر خۆی لە رەخنە و کەشفکردنی هەڵەکان و خاڵە لاوازەکانی خۆی هەنگاو هەڵگرێت.

**ج- ئەو کەسەی روانگەی سیاسی بۆ رۆشنبیر هەیە،** بە تەواوی ئامادەگی ئەوەی تێدایە دوچاری پۆپۆلیزم و عەوام خەڵەتاندن ببێت، پۆپۆلیزم بەو مانایەی لەگەڵ فەرهەنگی گشتی خەڵکیدا بەرگەگرتنی هەبێت و هەڵبکات و شتە وەرگیراوەکان، بەڵگەنەویستەکان و تەنانەت گومانەکان، وەهمەکان و خەیاڵەکانیان بە شتانی بنەڕەتی وەربگرێت و پەسەندکراوی بن و، هەرگیز گومان لە خودی ئەمانە نەکات و دەست بە گفتگۆ و گومانکردن نەکات. عەوام خەڵەتاندنیش بەو مانایەی لە هەموو کار و کاردانەوە کۆمەڵایەتیەکان، پارێزەری ئایندەی خۆشی و ناخۆشیەکانی خەڵکی هەبێت و ئامانجی خۆی لە تەواوکردنی خۆشیەکان و رێگریکردن لە ناخۆشیەکان بزانێت. لە کاتێکدا لە روانگەی فەرهەنگی بۆ رۆشنبیردا:

**یەکەم:** دایکی هەموو کێشەکان هەر ئەم شتە بینراو و، شتە وەرگیراو، بەڵگە نەویست، گومان، وەهم و خەیاڵەکان و کاری رۆشنبیریش، لە بنەڕەتدا رەخنەگرتنە لەمانە. فەرزی عەینە لەسەر رۆشنبیر کە (سوکرات) ئاسا، بیروباوەڕی گشتی خەڵکی یەکالا و والا بکات و تاکو ئەو جێگەیەی کە دەتوانێت، شیکردنەوە و شرۆڤە بکات و هەق و ناهەق و موعتەبەر و ناموعتەبەر و راست و ناڕاستیان جارێکی دی بناسێتەوەو بە خەڵکیشیان بناسێنێت.

**دووەم:** ئەوەی پارێزگاریکردنی پێویستە، شتە چاکەکان و شتە خراپەکانی خەڵکییە، نەك خۆشی و ناخۆشیان، دەبێت ئامانجی کاری رۆشنبیر، نزیکردنەوەی خەڵکی بێت بۆچاکە بەرژەندییەکانیان و دوورخستنەوەیان لە خراپە و گەندەڵییەکان، هەڵبەتە جێگای گومان نییە و جەختکردنەوە لەسەر ئەم خاڵە بە مەبەست پێویستە، ئەویش ئەوەیە چاکە و خراپەی خەڵکی چیە؟ دەبێت تەنها بە یارمەتی بەڵگە و بە سوودوەرگرتن لە ئەزموون و بەڵگەهێنانەوە دەربکەوێت، نەك لەسەر بنەمای مەرجەعیەتە ئایدلۆژیەکان و وتە و بۆچوونی هەندێك کەس و بێ بەڵگە. ئەگەر ئەم یارمەتیە لە بەڵگە و سوود وەرگرتن لە ئەزموون و بەڵگەهێنانەوە، بە هەند وەربگیرێت -کە دەبێت وەربگیرێت- پلە پەلە و وردە وردە خۆشیەکان و ناخۆشیەکان خەڵکی بەرەو چاکی و باشی و خراپیەکان نزیك و نزیکتر دەبنەوە و ئەنجامی کاری رۆشنبیر، دەبێتە تەواوکردنی خۆشیەکانی خەڵك و رێگریکردن لە ناخۆشییەکانیان، چونکە ئەوەی لە نێوان چاکەکان و خراپەکان لە لایەك و خۆشی و ناخۆشییەکان لە لایەکی ترەوە جیایی و دووری دروست دەکات، نەزانینەکان و هەڵەکانە و ئەم نەزانین و هەڵانە لە پرۆسەی دەربڕین و خستنەڕووی بەڵگە و دەرخستنی ئەزموون و بەڵگەهێنانەوەدا و لە لایەکی ترەوە، رۆشنبیر، وردە وردە لەناو دەچن و نامێنن. بەڵام بە هەرحاڵ، ئامانج جیاوازە لە ئەنجام. دەبێت ئامانجی کاری رۆشنبیر دەبێت رووە و باشی و

**لە روانگەی فەرهەنگی بۆ رۆشنبیری، گوێگرانی واقیعی رۆشنبیر خەڵکیە و لەبەر ئەوە، زمان و زاراوەکانی دەبێت بە جۆرێك بن کە لێیان تێبگەن.**

چاکیەکانی خەڵکی بێت و ئەنجامی کارەکەی، لە دۆخێکی نموونەییدا، دەبێتە خۆشی خەڵکی و جگە لەم دۆخەش ئەوە روونادات. گەیشتن بەو دۆخە ئامانجداری و نموونەییەش لە نێو ئەمەدایە کە لە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ خەڵکیدا تەنها پشت بە بەڵگە و بەڵگەکاری ببەستێت.

**د- ئەو رۆشنبیرەی روانگەی سیاسی و روانینی سیاسیانەی بۆ خۆی هەیە،** لەبەرئەوەی خۆی بە وتەبێژ و نوێنەری خەڵکی و رەخنەگری سیستەمی سیاسی دەزانێت، خودی خۆی سوود لە زاراوە و وشە گەلێك وەردەگرێت کە پیاوانی سیاسی و دەسەڵاتداران و دەسەڵاتدارانی بواری سیاسەت تێبگەن، چونکە ئەوان گوێگرانی راستەقینەی ئەون و زۆر گرنگ نییە بەلایەوە کە خودی خەڵکیش لە قسەی تێ بگەن. بەڵام لە روانگەی فەرهەنگی بۆ رۆشنبیری، گوێگرانی واقیعی رۆشنبیر خەڵکیە و لەبەر ئەوە، زمان و زاراوەکانی دەبێت بە جۆرێك بن کە لێیان تێبگەن. زمانی پسپۆر و تایبەتی رۆشنبیرانە کە بۆ خەڵکی زمانێکی لێڵ و ناڕوونە و لێی تێناگەن، هەروەها وشەگەلی پێچاوپێچ و داخراو و پڕ لە بەرز و نزمی و وشەی فەزڵ فرۆشانەی قورس و سەخت، لە هەر شوێنێك بەکار بهێنرێن، لەوەوە دێن کە گوتەبێژ یان نووسەر، خەڵکی بە گوێگری خۆی نازانێت و ئەمەش ئەگەرچی لە بە بازنە ئەکادیمیەکاندا نەك تەنها کەموکوڕی و ناتەواوی و رەخنەی لەسەر نیە، بەڵکو پێویستە و راکردن لێی نیە، بەڵام لە بازنە رۆشنبیریدا، تەنها شایەتی ئەمەیە کە رۆشنبیر روانگە و روانینی فەرهەنگی بۆ کاری خۆی نیە.

رۆشنبیری فەرهەنگی تەنها پەیامی خۆی بە گۆڕانکاری و چاکسازی دۆخەکە و حاڵی فەرهەنگی خەڵکی دەزانێت و لەبەرئەوەی ئەم گۆڕانکاری و چاکسازیە بەمانای گۆڕانکاری و چاکسازی، بیروباوەڕ، هەستەکان و سۆزەکان، نیاز و ویستەکان و ئیرادەی خەڵکیە و ئەم کارەش لەسەر ئەوە وەستاوە کە بۆچوونەکان و بەڵگەکانی رۆشنبیر بچنە نێو حەرەمی ئاگایی خەڵکیەوە و بە پێی روانگەی فەرهەنگی بۆ رۆشنبیر، زمانی تایبەتی و پسپۆڕیتی، بە هەمان ئەو ئەندازەیەی لە بازنە ئەکادیمیەکاندا پێویست و سوودبەخشە، لە گوتار و نووسینی رۆشنبیرەکان، کە پێگەیەکی جیاوازیان لە ئەکادیمیەکان هەیە، زیادە و زیانبەخشە. دەبێت هەوڵبدرێت و زامنێك بدۆزرێتەوە کە تاکو رادەیەکی مومکین، لە لێڵی و نەزانراوی و ناڕوونی خاڵی بن و تیایدا زمانێکی روون و بێ گرێ و گۆڵ و بانگەشەکان لەیەکتر وهەروەها بەڵگەکانیش لە یەکتری جیا بکرێنەوە. وەسفکردن (توصیف) لە شیکردنەوە (تحلیل) و ئەم دووانەش لە روونکردنەوە (تبین) و ئەم

سیانەش لە رەخنە جارێکی دی بناسێننەوە و جیایان بکەنەوە و جگە لە بەڵگە و بەڵگەکاری بە هیچ شتێکی تر قسەکانی شتی تریان تێدا نەبێت. تەنها لەم حاڵەتەدایە کە یارمەتی خەڵکی دەدرێت کە ئاگاییان لە دۆخ و حاڵی فەرهەنگی خۆیان بن، لە خاڵی بەهێز و لاوازی فەرهەنگی خۆیان تێبگەن، دەست بە سەر لەنوێ روانین بۆ فەرهەنگ بکەن و هەوڵ بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی فەرهەنگی و ناوەکی "subjective" خۆیان بدەن. ئەم گۆڕان و چاکسازي فەرهەنگیە و ناوەکیە زەمینەساز و هۆکاری هەر گۆڕان و چاکسازیەکی کۆمەڵایەتی و دەرەکی "objective"، لە بوارە جیاوازەکانی خێزان، پەروەردە و فێرکردن، ماف، ئابووری و سیاسەت دەبێت.

**هـ- ئەو کەسەی روانگەی سیاسی بۆ رۆشنبیر هەیە:** تووشی جۆرێك لە ئاسانگیری و پەلە پەلە دەبێت، ئاسانگیرە، لەبەرئەوەی وادەزانێت چاکبوونی دۆخ و حاڵی کۆمەڵگە بە تەنها گۆڕین و گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی فەرمانڕەوای ئەو کۆمەڵگەیە مومکینە و شتێکە روودەدات. پەلە پەلەکەریشە، چونکە دەیەوێت ئەمکارە بە درێژایی و لەماوەی چەندین و چەندساڵێکدا بەئەنجام بگات و بەرهەمی هەبێت. بەڵام لە روانگەی فەرهەنگی بۆ رۆشنبیر، لە لایەکەوە باوەڕ لە سەر ئەوەیە ئەگەر دۆخ و حاڵی فەرهەنگی خەڵکی بە هەمان شێوە و شێوازەی کە هەبووە، بمێنێتەوە. تەنانەت بە گریمانەی سەدجار گۆڕینی سیستەمی سیاسیش، کەم نابێتەوە و پێشکەوتنی واقیعی و نەمر بەرهەم ناهێنێت و لە لایەکی دیکەوە، گریمانە لەسەر ئەوەیە کە گۆڕینی دۆخ و حاڵی فەرهەنگی زۆر دژوارتر (هوگوفن هوفمانستال)، شاعیر و شانۆنامەنووسی نەمساوی (١٩٢٩-١٩٧٤) وتوویەتی: " فەلسەفە دەبێت داوەر و رەخنەگری سەردەمی خۆی بێت و ئەگەر بە نوێنەر و گوتەبێژی رۆحی سەردەمی خۆی بگۆڕدرێت، دۆخەکە رووە و داڕوخان دەڕوات". دەتوانرێت بە سوودوەرگرتن لە جۆری روونکردنەوە و دەربڕینەکەی ئەو، بڵێین: "رۆشنبیر دەبێت داوەر و رەخنەگری فەرهەنگی خەڵکی خۆی بێت و، ئەگەر بە نوێنەر و قسەکەر و گوتەبێژی ئەم فەرهەنگە بگۆڕدرێت، دۆخەکە رووە و داڕوخان دەڕوات".

**رۆشنبیری فەرهەنگی تەنها پەیامی خۆی بە گۆڕانکاری و چاکسازی دۆخەکە و حاڵی فەرهەنگی خەڵکی دەزانێت و لەبەرئەوەی ئەم گۆڕانکاری و چاکسازیە بەمانای گۆڕانکاری و چاکسازی، بیروباوەڕ، هەستەکان و سۆزەکان، نیاز و ویستەکان و ئیرادەی خەڵکیە و ئەم کارەش لەسەر ئەوە وەستاوە کە بۆچوونەکان و بەڵگەکانی رۆشنبیر بچنە نێو حەرەمی ئاگایی خەڵکیەوە.**